# شەهیدی سەرکردە

# ئازاد مستەفا

## لە دووتوێی نووسینەکانیدا

ئازاد مستەفا

# شەهیدی سەرکردە
# ئازاد مستەفا
# لە دووتوێی نووسینەکانیدا


نووسەر: ئازاد مستەفا

کۆکردنەوەی: بێستون ئازاد مستەفا

دیزاینی بەرگ و ناوەرۆك: نزار نوری

چاپ: چاپخانەی روون

ژمارەی سپاردن: (١٢٢٦ )ی ساڵی ٢٠١٣ی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی پێدراوە



# ناوەرۆك


پێشەكی .......................................................... ٥
وەك سەرەتایەك .................................................. ٧
بیرەوەری چوونە شاخ .............................................. ١٣
ئێمەو بەعس ...................................................... ١٠٥
شۆڕشی كوردستان و رێكەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ........................ ١١٩
رۆڵی پاسـۆك ..................................................... ١٢٩
وڵاتچێتی داگیركەران .............................................. ١٦٢
هەنگاوێ لە سەرەڕێی بیركردنەوە لە داڕشتنی بینای "فیكری كوردی"دا ......... ١٧٠
خەباتی هاوبەش و ناوكۆیی ........................................... ١٧٨
هەستی نەتەوایەتی ................................................. ١٨٢
بڕیاری هەرەس و مەسئولییەتی ڕێبەرایەتی شۆڕش ........................ ١٩٧
نامەیەكی شەهید ئازاد مستەفا بۆ هاوبیرەكانی ............................ ٢١٠
وەسیەتی شەهید بۆ هاوسەرەكەی ....................................... ٢١١
وەسیەتی شەهید ئازاد مستەفا ......................................... ٢١٦
هەندێ یادگاری وێنەیی شەهید ئازاد مستەفا .............................. ٢١٨

# پێشەکی

خوێنەری هێژا...

(پاسۆك) ئەو پارتە نەتەوەییەیە بە فەبارە بچوكو بە ئیمکانیەت هیچو بە تەجروبەش سفر، بەلام لەگەڵ ئەو هەموو نەبوونیو کوێرەوەریو بێدەرەتانییەی کە لە ژیانی سیاسی خۆیدا تووشی هاتووە، توانی جێدەستی خۆی لە لە حەڤدە ساڵی کورتە تەمەنی خۆیدا دیارو بەرچاو بێتو، لەڕوی فکرییەوە لەسەر هێڵی راستو دروستی کوردایەتی بووەو، لەڕووی ناسینی دوژمنەکانیشییەوە لە هەموان بەرچاو روونتر بووە.

خوێنەری ئازیز... ئەوەی لە ئێستادا کۆمان کردووەتەوەو خستوومانەتە بەردەستتان هەندێکن لە ئەدەبیاتی ئەو تاقە پارتە نەتەوەییەی باشووری کوردستان، کە کۆی ئەو ئەدەبیاتە لەلایەن باوکی سەرکردەو شەهیدم (ئازاد مستەفا)وە نووسراوەو، بەو هیوایەی لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانن هەموو نووسراوو بەرهەمەکانی لە چاپ بدەین.

سوپاسی زۆر بێ پایانم بۆ دۆستی دێرینی باوکم کاك (عەبدولوەهاب عەلی) دەردەبڕم ئەگەر ئەو نەبوایە ئەم کتێبە دنیای رووناکی نەدەبینی.

بەناوی خۆمانو بنەماڵەکەشمانەوە زۆر سوپاسی هاوبیرو براو دڵسۆزی باوکم کاك (هەڵۆ بەرزنجی) دەکەین کە بیرۆکەو کۆکردنەوەو دووبارە لەچاپدانی کۆی بەرهەمەکانی باوکم هی ئەو پیاوە دڵسۆزو خۆنەویستەیە.

زۆر سوپاس بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم پەرتووکەیان گرتە ئەستۆ....دووبارە سوپاس.

هەر بژین بۆ کورد

بێستون ئازاد مستەفا

# وەك سەرەتايەك

**کوردستانێکی ئازاد... گەلێکی یەکسان**

خوێنەرانی بەڕێز... هاوبیرانی هێژا...

سڵاوی ئازادیو یەکسانی

ئەم نوسراوەی بەردەستتان، بەشێکە لە دەستنووسە بڵاونەکراوەکانی هاوبیری نەمرمان کاك ئازاد مستەفای سکرتێری (پاسۆك)، کەلە مانەوەیدا لە سوید لە کاتی نەخۆشییەکەیدا نووسیونی. ئەم دەستنووسانە بەسەریەکەوە بریتیین لە (٩١) لاپەڕەی قەوارە گەورە. باسەکان جۆراوجۆرو چڕوپڕنو بە ناوەرۆك زۆر بەهێزوپێزن. هەروەها پێویستە رەچاوی ئەوەش بکرێ کە ئەم نووسینانە لە ناخۆشترینو دژوارترین بارودۆخی تەندروستیی دوا رۆژەکانی ژیانی هاوبیر ئازادی کۆڵنەدەردا بەرهەم هاتوون. نووسینەکان زۆر روونو ئاشکرانو بەراشکاوی نووسراونو

دروست زادەی بیروباوەڕو ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی هاوبیر ئازادی نەمرن. هەربۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین لە سەرەتادا بەش بەش کوتومت وەکوو خۆیان بێ هیچ دەستکاری کردنێك بڵاویان بکەینەوەو چاوو دڵی هەموو هاوبیرانو دۆستانی هاوبیر ئازادی نەمریان پێ ڕۆشن بکەینەوە. پاشان لە دەرفەتێکدا بەپێی توانا هەموویان بەسەریەکەوە لە بەرگێکدا پێشکەش بە نامەخانەی کوردی بکەین. لێرەدا بەم بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانین کە داوا لە گشت ئەو هاوبیرو دۆستو لایەنانە بکەین کە هەر جۆرە نووسینو نامەیەکی هاوبیر ئازادی نەمریان لایە، تکایان لێدەکەین کە بفەرموون بۆمان بنێرن تا بتوانین بڵاویان بکەینەوە.

لەتەك ئەم دەستنووسانەدا هەوڵ دەدەین بە چەند ووشەیەك کورتە ژیاننامەی هاوبیری سەرکردەو سەربازی وونبووی کوردایەتی، کاك ئازاد ستەفای نەمرتان بۆ بکەینو ئاماژە بە هەندێ لە نووسراوەکانی بکەین.

(١٣) ساڵ لەمەوبەر، دڵی گەورەو پڕ لە هیواو ئاواتی یەکێ لە ڕێبوارە نەسرەوتو ماندوونەناسەکانی کاروانی پڕ شکۆی کوردایەتیو بیری نەتەوەیی کوردی، هاوبیر ئازاد مستەفای سکرتێری گشتیی (پاسۆك)، پاش بەربەرەکانیو ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجەدا، لە نەخۆشخانەی (کارۆلینسکا)ی ستۆکهۆڵم، لە لێدان کەوت. بێگومان مەرگی ناکامی هاوبیر ئازادی نەمر زەرەرو زیانێکی گەورە بوو کە لە سەرجەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانو پاسۆكو ڕێبازو فێرگەی پیرۆزی

کوردایەتی کەوت. چونکە هاوبێر ئازادی گیانپاکو نەمر یەکێ لە ئەستێرە هەرە گەشەکانی ئاسمانی کوردایەتیو بیری نەتەوەیی کوردی بووە.بیروباوەڕو پێنووسە بەبڕشتەکەی هاوبێر ئازادی تێکۆشەرو کۆڵنەدەر، چەکێکی بەکارو بڕندە بوو بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستانو دوژمنانی کوردو بیری کوردایەتی. بەرهەمی بیرو تێکۆشانی هاوبێر ئازادی نەمر، هەمیشە تێشووی کاروانی کوردایەتیی نەوەی نوێی کوردو هەموو هاوبێرانی پاسۆکو دڵسۆزانو تێکۆشەرانی کوردستان دەبێت. لە ڕاستیدا ووشە لەتوانایدا نییە پەسنی دڵسۆزیو تێکۆشانو بیروباوەڕی بەرزی هاوبێر ئازادی سەرکردەو پێشمەرگەی پاسۆکو سەربازی وونی کوردایەتی بکات. لێرەدا هەر هێندە دەتوانین بڵێین کە ناوی نەمری هاوبێر ئازادو بیروباوەڕی بەرزو پیرۆزی هاوبیری ئازادی هاوبیرە پاسۆك، هەمیشە ئەو ئەستێرە گەشەیە کە لە ئاسمانی کوردستانو مێژووی کوردایەتیدا بە بڵندی دەدرەوشێتەوە. هاوبێر ئازادی نەمر لە ساڵی ١٩٤٨ دا لە گوندی (بارزان) ی کوانووی ڕاپەرینو کوردایەتی، لە ئامێزی خێزانێکی هەژارو سەربڵندی کوردەواریدا چاوی بە ژیاندا هەڵهێناوە. هاوشانی هەژاریو نەداری، فێرگەکانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە شاری سلێمانی خوێندووەو پاشان پەیمانگەی پزیشکیی لە بەغدا تەواو کردووە. وەکو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی کوردو هاوبیرێکی چالاکی (کاژیك)، بەشداریی شۆرشی مەزتنی ئەیلوولی کردووەو پاش هەرەسی شۆرش،لەگەڵ چەند هاوبیرێکی دیکەی کاژیکدا، لە ١١-٩-١٩٧٥ دا

لــە شــارە کــەرکووك، یەکــەم کۆبوونــەوەی دامەزرانــدنی (پــارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆك) یان کردووە. لە ساڵی ١٩٧٧ دا بەهۆی چــالاکیی سیاســیو تێکۆشــانی کوردایــەتیو پاســۆکایەتییەوە، لەلایــەن ڕژێمــەوە دەســتگیر دەکرێــتو پــاش ئەشــکەنجەدانو خۆڕاگریو ئازاردانێکی زۆر، ١٠ ساڵ فــەرمانی بەنــدێتیی بەســەردا دەدرێتو لە ساڵی ١٩٧٩دا لــە لێبــوردنێکی گشــتیدا ئــازاد دەکرێــت. هەر دوا بە دوای ئازاد بوونی لە زیندان، ڕوو دەکاتە چیاو لــە نێــو هــاوبیرانی پاســۆك دا بــەردەوامییو تێکۆشــانی کوردایــەتی دەدات. بــەڵام مــەخابن لــەنێو کــۆری تێکۆشــانو ژیــانی فــرە ســەختی پێشمەرگەیەتیو پڕ لە هــەژاریو برســێتیی پاسۆکێتیدا، دووچــاری نەخۆشی (شێرپەنجە) دەبێتو لەسەر بڕیاری پاسۆكو بەناچــاری لــە ســاڵی ١٩٨٧ دا بــۆ چارەســەرکردن لەلایــەن هــاوبیرانی پاســۆكو دڵسۆزانی کوردایەتییــەوە دەگیەنرێتــە ســوید. شــایانی باســە لــەو مــاوە کەمــەی مانەوەیــدا لــو ســوید، توانیویــەتی ســێ کــۆری بەناوەڕۆكو سەرکەوتوو بۆ کوردەکانی دانیشتووی ســوید بگێــڕێو سەرباری هەژاریو نەداریو بــەدەم ئازاری نەخۆشی شــێرپەنجەوە لە تێکۆشانی کوردایەتی دانــەبڕاوەو ئــەوەی لــە توانایــدا بــووە بــۆ کــورد بــۆ پاســۆك درێخیــی نــەکردووەو بەئــەنجامی داوە. زۆر بەداخــەوە مــەرگی بێــوادە بــواری نــەدا کــە بیرەوەرییــەکانی تــەواو بکاتو تــەنها (٤٢) لاپــەڕەی بــۆ نووســراوەتەوەو لــە بــەیانیی ڕۆژی ١٩-٣-١٩٨٩ دا لە کاژێری ١٠:١٥ دا دڵە گەورەکەی لــە لێــدان کــەوتو بەخــەمو ناســۆرێکی زۆرەوە بــۆ یــەکجاری ماڵئــاوایی لێکــردین.

شـــایانی باســـه لـــه ســـویدو ئـــەڵمانیاو هۆڵەنـــدەو ئینگلســـتانو دانیمـــارك، لەلایـــەن هـــاوبیرانی پاســـۆكو زۆربـــەی كوردەكـــانی دانیشـــتووی ئـــەو وولاَتانـــە، بـــەرێزو شـــكۆیەكی زۆرەوە پرســـەو ماتـــەمینیی بـــۆ گـــیراوە. پاشـــان لەلایـــەن هـــاوبیرانی پاســـۆكەوە بـــە دڵسۆزیو هاوكاریی گەلیّ كوردی تیٚكۆشـەرو دڵسـۆز، تـەرمی پـیرۆزی بەوپـەڕی ڕیـٚزو شـكۆدارییەوە دەگەیەنرێتـەوە كوردسـتانو دایكـی نیشـتمان بـۆ هەمیشـە ئـامێزی ڕیـٚزو خۆشـەویستیو ئەمـەكی بـۆ ئـاوالاَ دەكاتـەوەو لـە گونـدی (زەڵـیّ) بـەخاك دەسـپێردرێت. پـاش راپەرینـــە جەماوەرییەكـــەی ١٩٩١ ی باشـــووری كوردســـتان، تـــەرمی پیرۆزی دەگوێزرێتەوە بۆ شاری سلێمانیو بـە ڕیـٚزو شـكۆدارییەكی زۆرو پێشوازییەكی بێوێنەی ئاپۆڕەی جەماوەری كوردسـتانەوە لـە گۆرستانی (شەهیدان) بەخاك دەسپێردرێتەوە.

ئەمانەی خوارەوە هەندیّ لە نووسینە بلاَوكراوەكـانی هـاوبیر ئازادی نەمرن:

ـ كورتە باسێكی بەرەی كوردستانی ـ پەڕتووك

نەتەوەو نەتەوایەتی ـ نامیلكە

ـ پاسۆك لە كلاَورۆژنەی دروشمەكانییەوە ـ نامیلكە

ـ دروشمی رمانی رژێمی بەعسو مەسەلەی كورد ـ نامیلكە

ـ كـوردو مەســەلەی نەتەوایــەتی لـە دیدەگـەی بەعســەوە ـــ نامیلكە

ـ بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدا ـ نامیلكە

ـ بەرنامەی (پاسۆك) دەربارەی بەرەی یەكگرتوو ـ نامیلكە

ـ با لـه ژێـر تیشـکی زێڕینـی فەلسـەفەی کوردایەتیـدا هـەنگاو هەڵێنین ـ نامیلکە

ـ لاکردنەوەیەکی کوردانە بەلای شۆڕشی ئەیلوولدا ـ نامیلکە

ـ مەڵۆیەك لە خەرمانی بیری پاسۆك ـ نامیلکە

ـ پاسۆك بناسە ـ ووتار

ـ پاسۆك لە چەند دێڕێکدا ـ نامیلکە

ـ چەند سواڵەیەك لە خەرمانی بیری پاسۆك ـ نامیلکە

ـ هەندێ لە باسەکانی بیری نەتەوایەتی کورد ـ ووتار

ـ جگە لەمانە، دەیان ووتارو بەیاننامـەی جۆراوجۆری دیکـەی لە گۆڤاری (ئاڵای سووری کوردایەتی )و (سـەربەخۆیی)و (روانگـەی ئازاد)ی پاسۆکدا نووسیوە.

ـ گـەلێ ووتـارو نووسـراوی دیکەشـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کوردی.

ـ هـەزاران تاجـە گوڵینـەی ڕێـزو ئەمەگـداری بـۆ سـەر گڵکـۆی پـیرۆزی هـاوبیر ئـازادی سـەرکردەی نـەمری (پاسـۆك)و سـەربازی وونبووی کوردایەتی.

ـ هەر شەکاوە بێ ئاڵای سووری کوردایەتی.

هاوبیری دڵسۆزتان

بەختیار شەمەیی

# بیرەوەری چوونە شاخ

## لە نووسینە بڵاونەکراوەکانی هاوبیر ئازاد مستەفا

**خۆزگە ژیان دەرفەتی دەدامێ بە دڵی خۆمو تا دوا دێڕی ئەم بابەتە چیرۆکەم تەواو دەکرد....خۆزگە!**

نە شارەزا کوێر کوێر لە شەوێکی تووشی ئەنگوستەچاوی شەستەباراندا خۆمان دابووە دەست قاچاخچیەك، کە بەرەبەیان شەکەتو سڕ بوو گەیاندینیە کەلاوەکانی وێرانە دێی (سونێ)، لە سەرمانا خەریك بوو ڕەق هەڵێم، گڕی ئاگرێكو غەڵبە غەڵبێ بێ ئیختیار جەزبیان کردم! زەلامێکی کەتەی سمێڵ فش لەسەر تەبارێك پاڵی دابۆوە بە بارێکەوە، چەند مەترێ لە دوریانەوە کزۆڵە شانم دا بە دیوارەکەوە، دەبێ هیلاکیو سەرمای لە سیمامدا خوێندبێتەوە بۆیە ماڵی ئاوا بێت کابرای کەتە وەکە ژەنەڕاڵی فەرمان دەرکات دەستێکی ڕاوەشاند:

..ئادەی جێگەی ئەو زەلامە بکەنەوە.

کەسیرە ببووم، لەگەڵ فەرمانی ژەنەڕاڵدا جێگەیەکی لەبەر

لاقیدا بۆیان چۆڵ کردبووم خۆم تێ ترنجاند، بەرە بەرە گەرماکە خەریك بوو دەیکردمەوە: رەحمەت لە بابی ئەوەی ئاگری دۆزیەوە بۆ من ئەو کاتە بەڕاست دەرچوو کە "ئاگر گەورەترین روداوێك‌و دۆزراوەیەکە لە ژیانی مرۆڤ دا" ژەنەڕاڵ لوتفێکی دیکەی لەگەڵ کردم، کە فەرمانی دا: ئا دەی چایەکی بۆ تێ کەن....لە دەوڵکەیەك دا چایەك‌و دووسێ کڵۆ شەکریان لە مست نام، مەگەر جێژنانەی منداڵیم هێندەی ئەو چاو شەکرە ختوکەی گیانی دابم... کەمێ هاتبوومەوە سەرخۆم کە ژەنەڕاڵ رووی لێ کردم:

- کاکە ئۆغر، بۆ کوێ دەچی؟

ووتم: دەچم بۆ بارەگای پاسۆك، بۆ لای ملازم محمد شەوقی!.

- ئێ دە کوڕی باش وا بڵێ، منیش پێشمەرگەی (پاسۆك)م!، ئەوەتا لە (خانەقین) ەوە چوار چەکم بە صەد سەیتەرەدا دەرباز کردووە، من دەساڵە (پاسۆك)م‌و ملازم شەوقیش مەسئولمە..!

چوار چەك لە (خانەقین)ەوەو بەو هەموو سەیتەرانەدا!؟ دە ساڵە (پاسۆك)ە!، ئاخر (پاسۆك) هەمووی پێنج ساڵە دروست بووە، دەبێ ژەنەڕاڵ پێنج ساڵ لە منداڵ دانی رۆژگاردا خەریکی (پاسۆك)ایەتی بوو بێت...هەقم چیە بەسەرەوە خوار دەکرد سەد ساڵ دەبوو (پاسۆك) بوو.

ووتی من ناوم (حەسەن عەرەب)ە ...ناوی منت نەبیستووە؟

- نەوەڵا برا بە خزمەت نەگەیشتووم.

باش بوو نقامەکەی لەسەر من لادا، منیش هەندێ کشامەوەو لەبەر تینی گڕی ئاگرەکە سەرم بە کۆشم دا کرد، وا خاو ببومەوە،

بەیانی خۆر لەدەم کەل دەرکەوتبوو، کە نازانم سیخورمە بوو نووکە شەق بوو، ڕاتەکاندن بوو چاوی پێ هەڵهێنام...دیم (حەسەن عەرەب) فرمان دەردەکاو قاچاخچی کەوتوونەتە خۆ، بارەکانی لە هێسترێ نابوو و خۆشی بەسەر هێسترێکی سپییەوە، دەستێکی لێ ڕاتەکاندم ووتی: ها نایەیت؟

ووتم: تۆ بفەرموو من دوایی وردە وردە لەگەڵ هاوەڵەکانمدا دێم، بەس زەحمەت نەبێت بە کاك شەوقی بڵێ: ڕەفیقە چاو شینەکەتو هاوڕێکەی لە ڕێن....

- بڵێم کێ؟! ناوت چی یە؟

ووتم: ئەوەندە بڵێ خۆی دەزانێ.

نازانم بۆ ناوی خۆم نە دەوتن یا ئیتمیئنان نەبووم! لە (حەسەن) بەدگومان بووم لەسەر ئەو فشانەی؟ بەڵام ئیتمیئنانو نائیتمیئنانی چی لەم شوێنە لەخەتەر دەرچووەو ئەرزە رزگار کراوە! یا ئەوەتە هێشتا هەر هەستی نهێنی کاری ناو شارو مارنگەستەیی زاڵە بەسەرم دا؟ ئەو ئۆغری کرد، بە پێکەنینەوە وەکی شتێکی عەنتیکەم دۆزیبێتەوە بەرەو لا ی کاك فەرهاد چووم، ووتم:

- کوڕە وەرە ئیمشەو یەك (پاسۆك)ی فشەکەرم بەفریا کەوت، دەیووت چوار تفەنگم لە خانەقینەوە بە صەد سەیتەرەدا لە ژێر لمەوە دەرکردووەو دەساڵە پێشمەرگەی پاسۆکم!....

پاڵتۆیەکی نیوکۆتی مل فەرووم لەبەرابوو، کە لە کۆنە بە غەڵەت کڕیبووم، پاڵتۆ قۆپچەی نازانم لای ڕاستە، چەپەو من ئەم

بەزمانە ئێستاش نازانم، گوایە ژنانەیە، ئەوەندە گەرم بووو چارەی پاڵتۆیەکی دیکەشم نەبوو بۆیە گوێم نەدا بوویە هەرچەندە لەبەر تەعلیقو تیزجارِ لە سلێمانی نەمدەکردە بەرم بەڵام لە هەولێر کەس حەقی بە کەسەوە نەدابوون ئەو چەند مانگەی زستان حەوان بوومیەوە، خۆ لەو شاخەش ئەو خەڵکە بە دوای مۆدێلو ژنانەو پیاوانەدا ناگەڕێن!!.. کۆڵێ دڵم پێی خۆش بووو ناوم نابوو خەرقە بۆرو تا دوو، سێ ساڵێ هەر مابووم....نیو سەعاتێ ڕۆیشتنی کە لە دوورەوە شەهید محمد شەوقیو یەك، دووی دیکە نەمدەناسین دەرکەوتن، هەر کە دەرکەوتین کاك محمد بە چەند هەنگاوێکی خێرا بە پیرمانەوە هات، لەسەر هێسترەکە خۆم هاویشتە عەردیو کەوتینە ئەملاولای یەکتر ماچ کردن، شتێکی (مفاجیء)و (نامتوقع) بوو بۆیان: وەك حەپەسان جگەرە کێشێ لەسەر بەردێ هەرسێکمان کاکە شەوقیو کاك فەرهادو من هەڵتروشکاینو ئەو یەك، دوو پێشمەرگەیەش بە دەورمانەوە،(حەسەن عەرەب) واقی وڕمابوو کە کاك محمد شەوقی بەو جۆرە اهتمامی دەداینێو تەقریبەن ئەویان فەرامۆش کردبوو. کە هەڵسانیش پێشمان نەکەوت، ئەوجا دەبێ حەسەن عەرەب تێ گەیشتبێ کە: نەکەی ئەم دوو ڕووتەیەشتن!..

لەبەرچاوی کاکە محمد سوپاسی (حەسەن عەرەب)و کردو ووتم: ماڵی ئەو برادەرە ئاوا بێت شەوێ جێ ی کردمەوە، کردمە سوعبەتو ووتم: واللە دەبێ ئەمەشی بە (خەبات) بۆ بنوسن لەبەرەو ڕێی بەرەو گوندی (شێنێ) کاك فەرهاد بە فسکە پێی ووتم: با یەکێ ناوێ لە خۆمان بنێینو بەو ناوەوە بانگمان بکەن، ووتم: باشە.

ووتی: به من بڵێن (کامەران) منیش ئەو لەحزەیە لە خۆوە ناوی (ئازاد)م بە بیردا هات ووتم: منیش ئازاد.....هەرچەندە ناوی حیزبیم (عەلی) بووو کۆڵێ دڵم بەو ناوە نهێنیە کە خۆش بوو، کە لەگەڵ تصوری زهنیم بۆ دوو (عەلی)ناودا چاك دەگونجا: ئیمامی عەلی کە بەلای منەوە گەورەترین شەخسیەتی مێژووە هەر شێتو شەیدای (سیرەت)و شەخسیەتیم تا ئیستاش تینو تاوی هەر بەسەرمەوەو کەس ئەوەندەی ئەو تەئسیری لێم نەکردووە، دووەمیان: خاڵە (عەلی)م بوو کە لەو شەخسە کلاسیکیانە بوو هەرچی سوارچاکیو غیرەتو شەهامەت وشەخسیەتێکی نموونەییو ستانداری کوردی هەبوو لەودا دەمدیتەوە....دەبێ هەڵبژاردنی، یا لەو لەحزەیەدا بەخەیاڵدا هاتنی ناوی (ئازاد) لە ژێر تینو تاوو (اعجاب) بە شەهید (ئازادی مەلا محمد) کە من بە پاڵەوانی موعجیزەی (هەیئەی کەرکوك) ی دەزانم، لە کاتی گرتن دا پێکەوە بووین، لەوێ لە ناخەوە حەسوودیم بە شەهامەتو مەردایەتی ئەو کورە قارەمانە دەبرد، سەد حەیف هەر ڕێنەکەوت جارێکی دیکە بیبینمەوە ئەگەر چی لە ساڵی ١٩٨١ دا کە ئەویش هاتبۆ دەرێ بە یەك دوو نامە یەکمان بەسەرکردەوە ئیتر ئەوە بووئەو شەهید بوو! هەزار چەپکە گوڵ بۆ یادگارو سەر گۆری.

کە گەیشتینە بەرەو کاك ملازم مونسوور لەسەر سەربانی مەقەڕ پیاسەی دەکرد، کە ئێمەی بینی دیار بوو باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد بە زەردەیەکی موناسەباتی واوە بەرەو پیری چووین: باوەشمان کرد بە یەك دا، ئەو حیرسی هەڵساو خۆی پێ ڕانەگیرا

دایە پڕمەی گریان، لە جێی خۆمەوە تەریقیی ئەوە دایگرتم کە ئەو چەند مانگە لەم کوڕە باشانە دواکەوتووم‌و دواجار کە داوایان لێ کردم بچمە دەرێ دەستم نا بە ڕوویانەوە! هەی گو بە هەموو دنیاو هەرچیە منی بەستبۆوە: ئاخر بێ پیاویی نەبێت ئەو هەموو کوڕە چاکانە ئاوا چاو لە من دەبڕن‌و منیش ئاوا چەند مانگێ بێ سەرپەرشتی- کە سەعات‌و ڕۆژیان دەژمارد کەی تەشریف دێنە دەرێ‌و شانێکیان بۆ دەدەمە بەر ئەو بارە کەوتووەمان!- لە چاوەڕوانی‌و نائومێدیدا بەقەدەریان بسپێرم....لە خۆمەوە هەستێکی پەستیی دایگرتبووم‌و جوێنم بە هەرچی سەرانی بری قەومی دەدا بە خۆشمەوە کە پیاویان تێدا نیە....هەر پیاوی قسەی زل‌و زمان درێژیی‌و فسکە فسکی، خەڵکی ماسی دەگرێ پشتێنەشی لە ئاو ناوە، ئەوان بەخشە دەچنە ڕاوی حوت‌و نەهەنگ کەچی ئامادە نین، قونیان نا قولە پێشی بۆ تەڕکەن.....

دیار بوو هەر ئەو ڕۆژە کاك کەریم‌و کاك ئاراس‌و شەهید بارزان (کە "کوردە"یان پێدەوت) بەرەو شارباژێر کەتبوونە ڕێ بۆ دێنی‌و پەیوەندی لەگەڵ یەك، دوو هاوبیری ناوشاردا، بۆیە بە پەلە پێشمەرگەیەکیان بە دوودا ناردن تا بیانگێڕنەوە، کە لای چێشتەنگاوێکی دەرنگ ئەوانیش گەڕانەوە: بەسەر چیدا چووین‌و چی ببینین؟! دوژمن لە ماڵت نا ئومێد بێت!، هەشت، نۆ پێشمەرگەی مێرد منالی ڕوتەڵەو ڕەنگ پەڕیوو، کە هەرچی ڕۆشنایی بێت لە سیمایاندا بە دیار نەبوو، هێشتا (صدمە)ی شەهید بوونی شەهید فەرهاد خەفاف بەری نەدابوون، شەهید فەرهاد بۆ

ئــەوان هــاوەڵو هــاوبیرو پــێش قــەدەم بــوو، بەشــی زۆریــان هــەر پەروەردەو دروسـتکراوی خـۆی بـوون، لـە هـەموو مەسـئولەکان پـتر تێکەڵاویان بووو لێیانەوە نێزیـك بـووو دەتـوانم بڵـێم هـەر ئـەویش لەو هەموو هەڵڵاو فەرتەنەی ناوخۆو بەزمو ڕەزمەی جەلالی حاجی حوسەینو بگرەو بەردەیەدا ڕایگرتبوون، ئەوان لە کۆمەڵێ هـەتیوی کۆسـت کەوتـەی بـاوك مـردوو دەچـوون، مەقەڕەکـەیان دوو ژوری بەرانبـەر یـەکی نیـوە ڕمـاوی باڵەخانەیـەك بـوو کـە هـەتا پێخـەفی تــەواویان نــەبوو، کــاك مەنسـورو خێزانەکـەی لــە مــاڵێکی ســەروو مەقەڕەوە، کە هەر بە ناو ماڵ بووو سەگی لێ بکەوتایە ددانی دەشکا دەژیان، لە دامێنی گوندەکـەش لـە ناوەڕاسـتی ڕێیـە بـۆ گونـدی سـێ چوار ماڵـەی (ئاشی پشـکاوێ) هۆدەیـەکی دیکـەیان هـەبوو بـە نـاوی مەقەڕی (اعلام)ەوە کـە چـوار پێشـمەرگەو دوو توتەڵـە سـەگی تێـدا دەژیان! بە پێشمەرگەکانی (اعلام) خۆیانو تایپێکی نیواشتو ڕۆنیۆ شــڕەیەکی دزراوی تێــدابوو، هــەموو چــەکی پارێزگاریشــیان دوو نارنجۆك بوو، پێشمەرگەکان (مام هەژار، جوتیار، مەشـخەڵو یادگـار) بوون، مەقەڕی سەرێش جگە لە کاك ئاراسو شەهید بارزان، شەهید بێستونو جوامێر (عومەر)و سێ پێشمەرگەی منداڵی دیکە بوون بە هەر هەموویان جگە لـەو چـوار چـەکەی ئـەو ڕۆژە حەسـەن عـەرەب هێنابوونی (کلاشینـکۆف)ێكو (ژ ــ ٣)یـەکی نیـوە ئەمانـەتی حیزبـی دیموکراتو دەمانچەکەی شەهید محمد شەوقی بـوو، باقیەکـەی کـاتێ کاك جـەلال لێیـان دەتـۆرێو دەڕوا هەرچـی چـەکێکی لێ دەبـێ هـەر وەك مــوڵکی بــابی بــێ (بــە چــەکەکەی شــەهید "دەروێــشو

عثمان"يشەوە) ساف لە سافی دەباو بڕێ پیاوی خۆی کە ناوی پێشمەرگەیان بەسەرەوە بوو وەکی عومەری مام تۆفیق‌و ژیلوانی مام تۆفیق‌و کەریمی عەبووش‌و کامەرانی وەستا بایزو دوو سێ لووسکەو منداڵی بەدناوی دیکە لەگەڵ خۆی دەیانبات‌و لە مەهاباد لە دیوەخانێك لێی ڕاکێشابوو شەوانە مەی گوساری بوو!

دیارە من ئەو کاتە کاك (جلال)م وەکو هەیە نەدەناسی‌و هەر لە ژێر تینی‌و تاوو سۆزی ئەو بووم کە ئەو دوو، سێ ساڵێ بە تاك باڵی ی‌و لەناو ئەو ئاژاوەو گەڕەلاوژێ یەدا خۆی گرتووە، نەیهێشتووە ئەو تروسکایی یە بکوژێتەوە. کە تەبعەن ئەم ڕووکەشی مەسەلەکە بووو ئەسڵەن وانەبووە بەڵام قەناعەتی ئەو رۆژەی من ئەوە بوو کە جەلال لەگەڵ هەموو شتێکی دا هیلاك بووە دەبێ حورمەتی ئەو هیلاکیەی بگیرێ‌و پێم وابوو هاوبیران بە تایبەتی کاك مەنسوورو کاك محمد شەوقی وەکو پێویست نەبوون، بۆیە هەرچیەکیان دەووت لەم بارەیەوە هەر لە مەسەلەی ئەخلاقی‌و نائیلتزامی‌و بەرەڵایی‌و عارەق خواردنەوەو ئەوە نەدەشیاو نەدەکرا من بە گوێم دا نەدەچووو هەرپێم وابوو کە دەکرا کارێ بکەن نەگاتە ئەو شوێنەو هەمیشە دوو قسەم زۆر بە ڕویاندا دووبارە دەکردەوە:

یەکەمیان: ئەوانەی ئەوان باسی دەکەن بەشی ئەوە ناکات دوو هاوەڵی سەرجادە بکات چ جای دوو هاوبیر....

دووەمیان: جەلالی حاجی حوسەین لەبەر ئەوەی تەنیا باڵ بووەو لە دوای گرتنی ئێمە جگە لە کاك شوان‌و شەهید فەرهاد

خەفافو مامۆستا سمکۆ کە خۆیان ئامادەگی ئـەوەیان دەربـڕی بچـنە دەرێ کەسی دیکە لەو رۆژانەدا ئەو ئامادەگیەی پیشان نەداوە، بۆیـە هەرچـی چـاکیو ئیجـابیێتێکی کردبـێ فەزڵەکـەی بـۆ خۆیـەتیو خـەراپو کـەمو کـوڕیو سـلبیاتی خاکـە بەشـە، بـە پێچـەوانەی دەستورێکی گشتی کە هەر کەسێ لە حیزبێك دا هەر کارێکی چاکەو ئیجابیاتێکی هەیبێ ئەرکی خۆیەتیو هیچی بۆ لێ حسێب ناکرێت، ئەمما کەمو کوڕیو سلبیاتی لێ ی بەرپرسیارە.....!

دواتـر کـە بـەرە بـەرە پـەردە لەسـەر شـتەکان هەڵدەکشـانو ڕەفتـاری دزێـوی سەرسـەریانەی جـەلالی بەرانبـەر کـاك شـێرکۆی هەژارو شەهید فـەرهاد خـەفافو ئـەمبازبوونی یەکدی لەگـەڵ کـاك مـلازم مەنسـوورو شـەهید محمـد شـەوقیو هـەتا تفـەنگ لێـك ڕاکێشانیان لەگـەڵ کـاك شـوان داو کـەین وبـەینی مەسـەلەکە (حمـە صالحی عەبەش) ی ڕەحمەتیو شەهیدان: دەروێشو عثمـانو دەیـان مەسەلەی دیکەو تەواو لـە نزێکەو لـە جلال گەیشتنیو زۆر شـتی دیکەو بۆ روون بوونەوە کـە نـاوە نـاوە دێمـە سەرباسـیان ئـەوجا تـێ گەیشـتم کـە تەقدیرەکـەم بەهەڵـە بـووە، خۆشـە بـە هەڵـەدا چـووم، بەڵام دیسانەوە لەبەر ئەو ڕەگی گولیەی عاتیفیو "مثالیات"بوونەم تاقی کردنەوەی سەرنەکەوتووی بەسەر خۆیدا شکاوەم لە سـاڵی١٩٨٣ دا لـەگـەڵ کـاك جلال دا دووبـارە کـردەوە کـە لـە هـەموو عـومرم دا تەنیا لەو کارە پەشێمانم!

بەهەرحاڵ، هـەر لـە نیـوەڕۆی ئـەو رۆژەوە بـۆ مـاوەی دوو، سـێ رۆژ لـە کاك فەرهادو ملازم مەنسوورو کـاك کـەریمو شـەهید محمـد

شەوقیو من، کەوتینە کۆبوونەوە ئەوان هەر یەکەیان: بەتایبەتی کاک مەنسوورو کاک محمد شەوقی سیرو پیازی هەموو مەسەلەو رووداوەکانو ئەوەی نیە لە رۆژای هاتنە دەرەوەیان بۆ باس کردین، کە بەشی هەرە زۆری گلەو گازندەو هاوار بوو لە دەست جەلالی حاجی حوسەین.....

من بە نۆبەی خۆمان (چونکە هەمیشە هەر من قسەکەرەکە بوومو کاک فەرهاد تەصدیق بوو...!) کەوتینە باسو خواسو بە کورتی ئەوەمان لەگەڵدا بڕاندنەوە:

- بەهەر نرخێ بێت دەبێ جەلالی حاجی حوسەین بگێڕنەوە، ئەوەش بخەنە سەر ئەستۆی ئێمەو، ئەوان دەبێ بەڵێنی ئەوەیان بدەنێ بەو گیانەوە بێنە پێشێ کە هەر وەکو هیچ ڕووی نەدابێ لە بەینداو لاپەڕەی سپیو نوێ بکەنەوەو وای دادەنێین لەو رۆژەوەی ئەو دەگێڕینەوە یەکترمان ناسیووەو ڕابردوو بە فەرامۆشی دەسپێرین.

- خەتەکانی ڕێکخستن دەبەستینەوەو گرنگی بەو کوڕە (مەلا شوان ناوە) بدەین، کە پێ دەچێ جێی شەهید فەرهادی گرتبێتەوەو هەموو چالاکیەکان هەر ئەوە.

- نامە بۆ کاک (عبدالله ئاگرین) دەنێرینەوەو داوای کاری جدی لێ دەکەین، پێم وایە ناوی زمناکۆ (مژدە) ش هاتە پێشەوە، هەروەها نامەیەکی دوورو درێژ بۆ مامۆستا هەردی دەنوسین کە یا ئەوەتا راستەوخۆ لەگەڵ ئێمەدا پەیوەندی بگرێ، یا لەگەڵ کاک (عبدالله ئاگرین) دا پێکەوە کار بکەنو ئاگامان لە یەکتر بێت، نا لە داهاتوودا

کاروبـاری ڕێکخسـتنەکە ڕێـك دەخـەین‌و (لـق) ێکیـان لێ دروسـت دەکـــەین کـــە ئـــەوان چ ڕاســـتەوخۆ یـــا دووراو دوور (چـــونکە موحافـەزاکاریی‌و دنیـا لـە خـۆ هێنانەوەیـەك‌و ئسـلوبی کیسـەڵ ڕەوانـەی کـاژیکی ئەوانـەمان لەبـەر چـاو گرتبـوو) سەرپەرشـتیاری بکەن. نامەیەکیش بۆ (جوامێر)- کاك شێخ حوسەینی محمدی شێخ عەزیز- دەنێرین کە بکەوێتە خۆی‌و ئەو خەڵکە پـەرش‌و بڵاوەمـان بۆ کۆبکاتەوەو سەرو دەری (لق) ێکیشمان بۆ بکات.

(هەموو نامەکانم نووسی‌و کاکە کەریم لەگەڵ خۆی دا بردنـی، بـەڵام ئێسـتاو ئەوسـاش بـە دەمـیش جـەوابی (کـاك عبـداللەو کـاك هەردی) مان پێ نەگەیشتەوە!)

- بەســـــەر پەیوەندیـــــەکانمان دا بچـــــینەوەو تـــــەنزیمی پەیوەندییـەکانی خۆمـان لەگـەڵ (حسـیك، یـەکێتی‌و الشـیوعین الثورین) دا بکەین، لە ژێراو ژێر بە نهێنـی سـەرێکیش لـە (پـارتی) هەڵێنین‌و ئەو (بـایکۆت)ەی پارتی بشـکێنین بـەڵام بـە جۆرێ بێت "یەکێتی" استفزاز نەکا چونکە ئێمە لە ناوچەکانی ئەوان دا لە ژێر ڕەحمەتی ئەوان داین‌و هەتا ئەو دە هەزار تمەنە (کە دواتـر کردیانـە مـانگی ٢٠ هـەزار تمـەن) ی کۆمـەکمان پـێ دەکـەن تاکـە سەرچـاوەی ڕزق‌و ڕۆژومانەو ناکرێ لەوە بـەلاوە تـر بچین. ئەگـەر چـی لەسـەر ئـەم خاڵـەیان هەنـدێ موناقەشـە کـرا، بـە تایبـەتی کـاك مـلازم مەنسوورو شەهید محمد شەوقی هەر تەواو نا بەدڵ بوون لە هـەموو نێزیکی سەرو دەرەیەك لەگەڵ (پارتی)دا، بە جۆرێ زۆربـەی جاران هـەمان تـەعبیری بـاوی (یـەکێتی)یان بـۆ (پـارتی) بـەکاردێناو هـەر

دەیـان ووت "قیـادەی مۆقەتـە!"، کـە مـن بـە تونـدی بەگـژ ئـەو نەفەسـەدا دەچوومەوە،چـونکە بـە ئاشـکرا سیمای ڕاو بیرکردنـەوەو بۆچوونی "یەکێتی" یان بەرانبەر "پـارتی" پێـوە دیـار بـوو، کـەڕێك پێچـەوانەکەی کـە بـە گومـانیو "ئـەنتی جـەلالی"و لـەگیان خـۆش هاتنی "پارتی"و بنەماڵەی (بارزانی) بە مـنو کـاك فـەرهادەوە دیـار بـوو، لـەم مەسـەلەیەدا بـە ئاشـکرا دوو ڕای جیـاواز دەبینـرا، هەرچـەندە تـای ڕاکـەی ئێمـە قورسـتر بـوو، هـەر لەبـەر ئـەوەی لـە بنەڕەتـەوەو لـە دروسـت بوونمانـەوە مـن ئـەو ڕەنگـی دۆسـتایەتی "پـارتی"و ڕێـزی "بـارزانی" یـەم لـە بەرنامـەو سیاسـەتی حیـزب دا ڕشتبووو هەم ئـەو کاتەشـم مـن بریـار دەرو ڕەنـگ ڕێـژی سیاسـەتی حیـزب بـووم‌و ئـەو هاوبیرانـە بـە نابـەدڵیش بووایـە هـەر تەماشـای دەمـی منیـان دەکـرد، جگـە لـە کـاك مـلازم مەنسـور کـە لـەو مەسـەلەیەدا هێنـدەی مـن (بـەس بـە پێچـەوانەکەی) خەسـتی کردبـۆوەو ئێسـتاو ئەوسـاش لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە نەگەیشـتینە یەك‌و ئەو متمسك بوو بە ڕای خۆیەوەو قسەی خۆشی هـەر دەکـرد بەڵام ئەوەی سەیر بوو باسی پەیوەندی ئێمەو  حیزبی شیوعی هـەر نەهاتە گۆڕێ! هەر وەك لەو دۆڵانەش دا نەبن بەسەری دا ڕابوردین، حەتمەن دەبێ ماکە گلاوەکەی "کاژیك" بـووبێ کـە هـەر لـە خـوێن‌و ڕەنگمان دا مابێتەوە، ئەگەر چی فەرقەکە لەوێدا بەدەردەکـەوێ کـە ئێمـە بەرانبـەر مارکسـیزم‌و کۆمـۆنیزم بـە گشـتی ئـەو تەنگەتیلـەو بەلەسە بووەی وەکو (کاژیـك) نـەبووین، بـە دەلیلـی ئـەوەی کـە زۆر ڕێـك بـووین لەگـەڵ "الشـیوعین الثـورین" دا، دیـارە ئـەوەش

دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە "الشـیوعین الثـورین" رایـان لەسـەر مەسـەلەی کـورد زۆر ڕوونو ئیجابیو بـەدڵی ئێمـە بووو هـەم تـازە کارو کاڵ بووین لـە سیاسەت دا چونکە ئێمە پێمان وابوو کە حیزبـی شیوعی هەر شـیوعیەکەی (١٩٥٨- ١٩٥٩)و ئەوەکـەی (٩٧٣- ٩٧٨)و هـەر بـەو گـرێو گـەزە دەمـان پێـواو ئـەوەمان لێـك نەدایـەوە کـە ئێسـتا، ئیمـرۆ حیزبـی شـیوعی لــە کوێدایـەو چـینو چـی نـین؟! دەورو ئەهمیەتی حیزبی شیوعی وەکو دۆسـتو مەترسـیو خەتـەری وەکـو ناحەز چی یە؟! ئەو رۆژە پتر عاتیفەو نەزەریاتو عەنتەربازیی زاڵ بـوو بەسـەر بیرکردنـەوەو لێکدانـەوەمان دا وەك لـە واقیـاتو واقیـع بینیو سیاسەتی عەمەلی.

- پەیوەنـدیی گـرتن لەگـەڵ (حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران)و (کۆمەڵـەی زەحەمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران)و دانـانی بەرنامەو پلانێکی هاوکاریی لەگەڵیاندا.

- پەیوەندی گرتن لەگەڵ (حزب الدعوە)و تەییارە ئیسلامی یـە عێراقیەکاەو لە ڕێی ئەوانیش پەیوەندی کردن بە نیهادە شۆرشگێڕە ئیسـلامیەکانی ئێـرانو حکومـەتی ئێرانـی شۆرشـەوە..(ئەو کاتـە شۆرشـی کوردسـتانی ئێـران لـە هورنـەو موزاکـەرەدا بـوون لەگـەڵ ئێرانیەکانـداو ئێمـە پێمـان وابـوو ئەگـەر بەنـەوعێ لـە نەوعـەکان لەگەڵیاندا ڕێك بکەون، کوردستانی ئێران دەبێتە مەڵبەنـدو "عمـق الستراتیجی" یەك بۆ کوردستانی عێراقو کوردستانی تورکیاش......)

- هەوڵدان بۆ چاپکردنەوەی پرۆگرامو پێڕەوی ناوخۆی حیـزب (کە جەلالی حاجی حوسەین لە خۆیەوەو لەسەر قسەی کـاك دکتـۆر

محمود كه گوايه پرۆگرامەكە "عملی" نی یە!و دەبێ لەگەڵ ئەو قۆناغـەدا بسازێندرێ (كـە ئەگـەر بوختـانم نـەكردبێ مـن بـەوەی تێدەگەم  كە دكتۆر مەحمود ويستويەتی بە جۆرێكی لێ بكرێت كە ئەگـەر مفاوەزاتەكـەی ١٩٧٩ يـان سـەری گرتبـا "پاسـۆك" ئـاوەكی نەبوايەو بكردايە وەكو هێزێكی ئاشكرا كيسە تووتنی بـەر پشتێنی مفاوەزەتكـەرەكان جێـی ببێتـەوەو مـەقبول بێـت!.... دەسـتكاريی كردبوو!!..هەروەها لە چاپدانەوەی بەرنامەی "بەرەی كوردستانی" يەكەی ١٩٧٦ داو بيركردنەوە لە دەركردنی ئۆرگانێكی بۆ حيزب....

كە دواتر لە مـانگی چواری ئـەو سـاڵەدا (١٩٨٠) نامەيـەكی (٣٩) سیو نۆ لاپـەڕەی خورشـيدی بـۆ كـاك جـەمال نەبـەز نووسـیو بـايی پێويست "صوره" تێكی سەر ساحەكەو واقعەكەم بۆ كێشابووو تكـای ئەوەشـم لێ كردبـوو كـە ئێمـە بـە تـەماين ئۆرگـانی بـۆ حيـزب دەربكـەين، لـەو بارەيـەوە ئـەو هـەم پێشـنيارو ڕێنوێنيـان بكـات بـۆ ناوەكـەیو هـەم بـە نووسـينیو ووتـار يارمـەتيان بدات...هـەر چاوە چاوی جەواب بووين، كە ئێستاو ئەوساش هەر ووشەيەكيش جـەوابی نەداينەوە!.بۆيە كە دواتـر (ئـاڵای سووری كوردايـەتی) مـان دەركـرد ناومـان نـا "ئۆرگـانی ناوەنـدی هێـزی پێشـمەرگەی پاسـۆك" نـەك (ئۆرگانی ناوەنديی پاسۆك) بەو نيازو تەمايەی مامۆستا نەبـەز لـەو بارەيـەوە لـوتفی بكـات، تـەنيا شـتێ لـەم بارەيـەوە بـە ئێمـە گەيشـتبێتەوە ئـەوە بـوو لەسەردا،سـەرەتای سـاڵی ١٩٨١ كـاك مـلازم مەنسـوور لـە بـەرلينو بيرخسـتنەوەی ئـەو مەسـەلەيە بـە دەمـی وتبـووی ئەگـەر نـاوی بنـێن (سـۆمای كوردايـەتی!) چاكە – تەبعـەن

ئێمه چەند ناوێکمان لەو نامه گۆرینـەدا بـۆ پێشـنیار کردبـوو وەکـو "ئالآی سووری کوردایەتی"، "دەنگی پاسۆك" "سۆشیالیست"و ئیدی کەبیرم نەماون- کە کـاك مەنسـوور ئـەوەی پـێ گەیاندینـەوە، مـن بـه جدی ناڕازیو ناڕەحەتیش بووم: ده وەره پـاش سـالێكو لـه وەلآمـی نامەیـەکی سـیو نـۆ لاپـەڕەیی خورشـیدی دا پێشـنیاری "سـۆمای کوردایـەتی" بـۆ بکـات، ووتم: بابـه ئێمـه دنیایـه ناحـەزمان هەیـەو خـــەلکی ســـلێمانی وەك گلـــی چاوئێشـــه بـــەدووی نـــاوو نـــاتۆرەو هەلگێڕانـــەوەو (فشـــقیات) دا دەگـــەڕێن، ئـــەوجا نـــۆرەی ئەوەمانـــه "سۆمای کوردایەتی" مان بۆ هەلگێڕنەوە بە "سەمای کوردایـەتی"و ببینه بنێشته خۆشەو قەشمەرجاڕی ئەو خەلکە. فیعلەن دەبێ لـەم بارەیەوە ئەم مەسەلانە بە نەزەر بگێرین.

بــه هــەرحال پــاش ئــەو کۆبوونەوانــه کاکــه کــەریم بەنامــەو ڕاسـپاردەو شـتەکانەوە کەوتـه ڕێ بـۆ شـارباژێرو ئێمـەش (شـەهید محمـد شـەوقیو کـاك فـەرهادو مـن) لەگـەل "جـوامێر-عومـەر"ی پێشـمەرگەدا کەوتینـه ڕێ بـۆ ئـەنجام دانـی کارەکانمـان، کـه قۆنـاغی یەکەممان دێنـی کـاك جـەلالو گێڕانـەوەی ئـەوجا سـەردانی حیزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردسـتانی ئێرانو لەولاوەترەوە (حزب الدعوە)و ئەوانی دیکە....

ئێمــه ڕۆژی ۱۹۸۰/۳/۲۱ گەشــتینه شــێنێو پــێم وایــه هــەروا سەرەتای مانگی مایسی ۱۹۸۰ بـوو کـه کەوتینـه ڕێ بـۆ مەهاباد....کـه عەسرێکی درەنـگ لـەو ڕۆژه کـه چـوار، پێـنج سـەعاتی لـه شـەبەقی بەیانی یەوە بەپێ کوتابوومان بـۆ سەردەشـتو لای نیوەڕۆکەشـی بـه

پاسێکی شەقو شڕ کە هەر رۆحی دەرکردین تا بە پێنج سەعاتان گەیاندینیە مەهاباد، هەر لە پاس دابەزینو بەرەو(ئوتێل) بەڕێکەوتین، بە رێکەوت لە ناوەندی بازاڕدا لووتمان تەقی بە لووتی کاك جەلالەوە کە لە (پەیکان) ێکدا بوو، هەر دوولامان یەکترمان بەدی کرد، سەیارەکەیان لادایە کەنارەوە، منو کاك فەرهاد بەپیریەوە چووینو ئەویش بەرو ڕوومان هات، حەتمەن بۆ ئەو (مفاجیء) یەکەیەکی نا (متصور) بوو، هەر حەپەسابوو چۆنیو چاکیان کردو کاکە محمد شەوقیو جوامێر لەبەری ئەوبەری شەقامەکەوە وەستابوون تەبعەن ئەوان جەلالیان نە دەدواندو ئەویش ئەوانی نەدەدواند، ئەوە ئەو لەحزەیە موشکیلە نەبوو بەلامانەوە، ئێمە ڕوخسەتمان لە کاك محمد شەوقی وەرگرت کە لەگەڵ (جەلال)دا برۆینو سبەی لە (ئوتێل)ەکە یەکتر دەبینینەوە، ئێمە زۆر پەلەمان بوو کە هەرچی زووترە دەستمان لە (جەلال) گیربێو لەحیمی کەینەوە.........

لەگەڵ کاك (جەلال)دا چووینەوە ماڵێ، ماڵی پۆشتەو پەرداخ، خانوویەکی گەورەی دوو دەستەیی، کە خۆیو پیاوەکانی لە دەستەیەك دا بوون: پیاوەکانی: عومەری مام تۆفیق، ژیلوانی مام تۆفیق، کامەرانی وەستا بایز، کەریمی عەبووشو یەك، دوویەکی دیکە پێکەوە بوونو خۆشی لە باڵەخانەکەدا بوو. خێرا بە تەعبیری خاڵە حاجی سفرەی ئیحترام ڕاخرا یەکێ سفرەی ڕادەخست، یەکێ نانی دێنا، یەکێ ئاوی گێڕا....لەسەر ئەو هیلاکیو برسیتیە رێزێکی لێمان دەنرا هیلاکی دەرکردین!.....

پاش شێوو ئیسراحەت، مـن پەلـەی ئـەوم بـوو هەرچی زووتـرە بچـینە نـاو باسـێکەوە لەگـەڵ کـاک جەلالـدا کـە ئەسـڵی مەقسـەدی سەفەرەکەمان بوو، بۆیە سێ بە سێ (منو کاك فەرهادو کاك جەلال) چـووینە سـەر بـۆ باڵەخانەکـەی (جـەلال)، مـن دەرگـای باسـەکەم کردەوەو پێم ووت: ئەوە ئێمە هاتووینو خۆمان وەکو دوو سـەربازی گـــوم نـــاوو دووپێشـــمەرگە دەخەینـــە ئیختیـــاری حیزبـــەوە، دوورکەوتنـەوەی کەسـێکی وەکـو تـۆ بـۆ ئێمـە دڵسـاردیو نائومێـدی یەکە، ئێمە دەبێ بەسەر هەموو شـتەکاندا بچینەوە، لاپـەڕەی تـازەو نـوێ هەڵبدەینـەوە، ئـەوەی بـوو هـەر لـە (سـوء الفهـم) ولێـك نەگەیشـتنەوە تـا عـاجز بـوونو دوورکەوتنـەوەو یـەکتری نارەحـەت کردنیش سەرنجامی زەغتـی زروفەکـەو هیلاکـی هـەموو لایـەك بـووە ئێمە لـەگەڵ ئەو برادەرانـەدا ئـەو مەسـەلانەمان بڕاندۆتـەوەو (جۆ) ەکە بە نیسبەت ئەوانەوە زۆر لە بارەو هیچ لەبەین دا نەماوە، تۆش کەسێکی لـەم مەسـیرەدا هـیلاك بوویـتو هـەقت بەسـەر حیزبەکـەوە هەیەو حیزبیش هـەقی بەسـەرتەوەیە. ئێمـە هـەموانمان هەرچـیمان هەبێت بەفەزڵی ئەو حیزبەوەیە شکۆو ناوناوبانگێکی هەمانبێو لە داهاتووشدا بمانبێ دەگەڕێتەوە بۆ بوونمان لەو مەسیرەیەداو قـەرزار باری ئەو حیزبەین، هەروەها ئیلتزاممان بـە حیـزبو بـەردەوامیمان وەفاداریمانــە بــۆ گیــانی ئــەو هــاوبیرە شــەهیدانەی ئێمــە لەگڵــەو گازندەی لەو هاوبیرانەمان، بیستووە، وەکی بەوانیشمان ووتوە هیچـی بەشـی ئـەوە ناکـەنو هـاوەڵ سـەرجادە لێـك بکـات چ جـای چـەند هاوبیرێـكو چـەند هـاوبیرێکی خـاوەن مەسـئولیەت وەکـو ئێمـەمانان

دا...ئێمە بە لاپەڕەی تازەو نوێوە هاتووینەتە لای تۆ، تکای خۆشمان دەکەینە سەر باری ئەوەی کە تۆش‌و بێ (مرونەت) پیشان بدەیت‌و ئەوەی بووە بە نەبو دەبێ حسێبی بکەیت، هەرچەندە بەلای ئێمەوە لە دڵ ساردیەکی ئاسایی ڕۆژانە تێ ناپەڕێ‌و نەگەیشتۆتە شوێنی یەك نەگرتنەوە، چ تۆ لای ئەو هاوبیرانەو لەڕاو هەڵوێستیانە لای پێشمەرگەو دەرەوە هەر کاك جەلالەکەی جارانی‌و چ لای تۆ حیزبەکە هەر حیزبە ماڵ باوکەکەی جارانتەو کارێکت نەکردووە نە دۆست پێ ی نیگەران بێ‌و نەدوژمن پێ ی خۆش بێت، ئمەش لەهەردوولاوە نموونەیەکی ئەخلاقی بەرزەو سابقەیەکی دڵ خۆشکەر. قسە لە کورتی ببڕینەوە ئێمە بۆ ئەوە هاتووین کە بێ تۆ نەگەڕێتەوە، ئەوسا هەموو هاوبیرانی دیکە دوورو نێزیکیان بە کاك شێرکۆو کاك فەرهادی عبدالحمیدو کاك فەتاح‌و هەرچی هەیەو نیمانە بەسەر دەکەینەوەو دەبێ هەمووان لە دەوری کورە گەرمەکەی پاسۆك خڕ بینەوە، بەغەیرەز ئەوە هیچ ناکرێ‌و هەمووشمان لەبەردەم مێژووو میللەتەکەمان‌و خوێنی ئەو شەهیدانەماندا بەرپرسیار دەبین، کاك فەرهاد شتێکی ئیزافە نەکردو بە سەرلەقاندن‌و (وایە) پشتگیریی لە ڕاو قسەکانم کرد. ئەوجا نۆرەی کاك جەلال هات:

کەوتە گێڕانەوەی وورد ووردو بە ترش‌و خوێوەی چیرۆکی خوێ لەو ڕۆژەوە لە مانگی مایسی ١٩٧٧ کە لێك جیابووینەوەو ناوی ئەو بۆ گرتن دەرچوو بووو ناچارانە هەڵاتبۆ شاخ: هەر لە تەقینەوەی بەشەهید ستاری سەعی خەڵەفەوە تا گێرمەو کێشەی

لەگەڵ شەریف خاڵو تەعقیب کردنو ڕاونانی لەلایەن (یەکێتی) یەوەو ژیانی قەندیلو مەسەلەی تەشکیلی هەرێمی دوویان لەگەڵ بزووتنەوەداو ئەوجا جیابوونەوەی بزوتنەوە لە (یەکێتی)و هەموو ملابات و سەرودەرەی وانە پاڵ جیابوونەوە خوازەکانی ئێمەو دەست بڕانمان لەو مەسەلەیەداو لەحیم کردنەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ (یەکێتی) دا تا هەراو بگری ناوخۆو تێک چوونی لەگەڵ ئەو هاوبیرانەداو گیرسانەوەی لە (مەهاباد).. کە شوێنی باس بوو وردە ووردە ڕونیان دەکەمەوە بەڕاستی من تەواو حەپەسابووم، ئەمە ئەو (جەلال)ە نیە ئێمە جێمان هێشتبوو، جەلالێکی دیکەیەو سەد فەرسەخی بەم دووساڵ، دوو ساڵو نیوە بڕیوەو دەردی دەڵێن ژیان چەکبەردە چەکبەردەی ئەو رۆژە هەر سەختانەی ٩٧٧-٩٧٩ بە تەواوی قاڵی کردووە ئاوی داوەتەوە، هەرچەندە لە گێڕانەوەی داستانە ئەفسانە ئاساییەکانی خۆی دا بە ئاشکرا بەسەرەوەنانی زۆری تێدا هەست پێ دەکرا، بەڵام سەد یەکی ئەوەش ڕاست بوا هەر جێگەی تەقدیرو رێزلێنان بوو، دیاریشە بەعادەت کەس بەدۆی خۆی نالێ ترشەو جارێ کۆمەڵگەی کوردیو ئینسانی کوردی، بەتایبەتی ئەوە سیاسەت بکات ە بشکەوێتە مەوقفێکی واوە کە بەرگری لەخۆ کردن بخوازێ سەراحەتو ڕەشو سپی دەرخستی زۆر ئاسان بە هەموو ئەمانەشەوە هەردەم لە بری قسەکردنو "تحلیلات"و بۆچوونەکانی، ئەگەر چیمن مۆرکی قسەو دەمو و دووی (مام جەلال)و (دکتۆر مەحمود) زۆر پێوە دەویت،دیسانەوە هەڵگرتنەوەی ئەو قسانەو بەو جۆرە هەزم کردنی داڕشتنەوەی بۆ

کەسێکە وەکو کاك جەلال کە من لە شاردا ناسیبووم‌و ئەوەندە "اختصاص"و مەسەلەو بابەتە سیاسی یەکان دا کۆڵ بوو کە ئەتڵەس‌و قاموس‌و ئەوانەی بۆ پەیدا کردبوو تا سەرەتا بنەڕەتیەکانی زانستی گشتی‌و زانیاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و هەتا رۆشنبیری گشتی لێ شارەزا کەم‌و ئێستاکە کە دەبینم‌و باس لە (سۆسیالیزم)و (دیموکراسیەت)و ئەمانە دەکاو تا ڕادەیەك ئەوەی باسی لێ دەکا، هەر نەبێ لە ڕووی ئسلوب‌و دەربڕینەوە لە هاوبیرەکانی دیکەمان- جگە لە شەهید محمد شەوقی – بەرتر دێتە بەر چاوو زیهنەوە....بەهەرحاڵ ئەو شەوە هەر فریای نیوەی ئەو داستانە کە سەرەتاکەی پتر دەرخستنی کەم‌و کوڕی‌و ناتەواویی ئەو هاوبیرانە بووە- بەتایبەتی کاکە مەنسوورو شێخ حوسەین‌و عثمان‌و هاوبیرانی دیکە- لە دوای گرتنەکەمان‌و هەڵوێستی "بەقسەی خۆ مەردانەی ئەو- کە دەڵێم بە قسەی خۆی چونکە بەرانبەرەکەی پێچەوانەی ئەوە دەگێڕنەوەو دواتر بەرە بەرە دەرکەوت بۆمان کە زۆر شتی کاك جەلال لە سنفی "راد یکملهاو عماها" بووە...

بۆ سبەی بەیانیش تا نێزیکی عەسرەکەی هەر قسە لە دەمی ئەودا بوو. بەهەحاڵ ئەو حاڵەتێکی نەفسی‌و زهنیی وای داینێ کەبە مەغدووری بزانن‌و من بەش بە حاڵی خۆم تا ڕادەیەك "معجب" بووم پێوەی‌و هیوای زۆر گەورەم لێ دەکرد، بۆیە پێم وابوو بەهەر نرخێ بێت دەبێ بگێڕینەوە، ئەگەر ئەو نەیەتەوە کارەکانمان ناڕوات!!!.. ئیدی سەیرە لە کۆیە "تەناف گوریس بێ‌و وەستا عەزیز بێ ئەو کارە هەروا حیز دەبێ" شانامە خوێنەرەو جەلال‌و

گـوێگر پیـاوێکی عـاتفی وەکـو مـن بـێو کـار کـاری پاسـۆك بـێ یـا حافیزاللە چۆن دەرچێ!.

بـــەڵام دوای هـــەموو ئەوانـــە بـــە ئوســـلوبە زۆر (مـــاکر)و میکاڤیللیانەکـەی خـۆی گوایـە لەبـەر مـنو سـوودو بەرژەوەنـدی پاسۆكو بۆ ئـەوەی کـار لـەو هاوبیرانەشـی تێـك نەچـێ، ئـەوا شـوکر ئێمە هاتوینەتە دەرێو ئەم ئەرکی خـۆی وەکـو "جنـدی المجهـول"ێ بینیـوە، ئیـدی وا بـە سـەلاح دەبینـێ خـۆی دوور ڕاگـرێ، بـەڵام هـەر وەکو دۆستێكو یاریدەدەرێك هەر پێویستو کارێکمـان بـە ئـەو بـوو درێغی ناکاو ئامادەی هەموو شتێکە.

لـــەم خاڵـــەدا مـــن زۆر موناقەشـــەم کـــردو هـــەموو دەرگـــاو بەهانـەکانم لێ گـرت، بـەڵام ئـەو سـوور بـوونو پێداچـەقاندنێکی سەیری پیشان دەدا، من ئەو کاتە بەخۆ قورس ڕاگرتنو جۆرە نازێك تێدەگەیشـتمو هەقیشـم دەدایـە کـە بـەو جـۆرە دڵ ڕەنجانـدن دڵدانـەوەی زیـاتری دەوێ، بـەس دواتـر لـە زنجـیرەی ئـەو هەشـت مانگەی دواییەدا من دڵنیا بووم کە ئەو تازە بڕیاری قـەتعی داوە کـە ژیانی پێشمەرگایەتیو شاخ بەجێبێڵێو سوورە لەسـەر نەهاتنـەوەی کۆڕێ....ئـەوجا دەکـرێ ئـەوە بەچـەند شـێوەیەك تەفسـیر بکرێـت، خۆزیـا ئـەو هـەر لـە سـەرەتاوەو ڕەپو ڕاسـت بیوتایـە: براینـە مـن تەواوو ئیتر ممکن نیە بگەڕێمەوە، نەك بەو جۆرەی کە کردی....

من زۆرم دەوتو ئـەو کـەمی دەبیست، دواجـار هێنـدەم تـین بـۆ هات لە بەرابەر گیرو خـۆ قـورس ڕاگرتنـەی ئـەو پـەنام بـردە تکـای شەخسیو هەستام پێڵاوەکانی کەدانرا بوو لەبەرچاوی ماچـم کـردو

ووتم لەبەر خاتری هیچ نا لەبەر خاتری ئێمە!!!....

ئەوجا نەرم بووو ووتی: باشە.

ووتمان کاکە حمە (مەبەست محمد شەوقی ڕەحمەتیە) لێرەیە، سبەی دەچینە لایو دەبێ دەست بکەنە ملی یەکو هەروا چەند ڕۆژێکی ترەو کاکە کەریم دەگەڕێتەوەو ئەوە هەموان دەگەڕێینەوە (مەقەڕ)و لەوێ هەموو شتەکان بەلادا دەخەین. باشە؟ ئیتر بکەوە کەیفو حاڵی خۆتەوە. ئەو شەوەش هەر لای ئەو ماینەوەو کەوتینە پەتی کۆلارە شل کردن بۆ خەیاڵو خەونی سەوزو سووری داهاتوو، کە چ دەکەینو چ ناکەین...ئەو هەر بە تەواوی بەهاری بۆ هێنابووینە چۆکان: هەر بە ڕاستی من بەش بە حاڵی خۆم بەو قسانەی ئەو (زۆج) بوو بووم! ئەمن چوزانم خەڵك هەیە تا ئەم شوێنە لە زێدە ڕەویو درۆو بەسەرەوەنانو خۆ هەڵدانەوە تێ ڕۆدەچێو لە هیچ ناپرسێتەوە؟؟! من لە عومرمدا پێم وابوو کەسێ زۆر نەیدابتە لایەنی بێ عارییو زۆر زۆری بۆ نەهێنابێ درۆیان ناکات، کە کردیشی هی شاخدار ناکات تەبعەن من لەو ڕووەوە بێ تەجرەبە بووم، دواتر بۆم دەرکەوت کە یەك لە خەسڵەتەکانی ئەم شۆرشە نوێ یەمان بەخێرێ درۆو کەڵەکو چاوبەستنو ئەوجا چاڵ هەڵکەندن، دەستی چەور بەمو بەو سووینەو لەوەش دا هونەری وا بەخەرج دەدرێت کە مرۆڤ لە ئاستی دا شاخ دەربکات. تەجرەبەی من لەگەڵ کاك جەلال دا بە درێژایی ئەو ماوەیە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٥و سەرەتای ١٩٨٦ کە تەواو تەواو لە مۆخو دەمارو ئێسکی گەیشتم بریتی بوو لە سادەو ساویلکەییو دڵ سافیو "میثالیات"

له منەوە، ئەپەڕی "مربائیات"و فرتو فێڵو کەڵەکو بەوئەمەکی لەلایەن ئەوەوە بێ ئەوەی هیچ هۆو (دافع) ێکیش لە گۆڕێدا بووبێ کە ئەو بەو جۆرە وەڵامی چاکەو نیەتی سافو چاکی ئێمە بداتەوە؟! جگە لەوەی (بە تەفسیری خۆم) کە ئەو برادەرە لەهەندێ مەسائیل دا تووشی ئیلتزاماتو گرێو گۆڵی وا بووە کە خۆ دەرباز کردن لێیان مەحاڵ بووە، نەیتوانیوە قەت قەت لەگەڵماندا ڕاست بێت، بۆیە تەنیا ڕای کاکە لەسەری کە لەسەرەتای سەرەتاوە ڕای ئەوە بووە کە (جەلال) ڕۆیشتووەو تازە کائینات نایگێڕێتەوە، ئەو هەر لەو کاتەوە دڵی لێ ی پیس بوو کە لێ ی ئاشکرا بوو کە (ئەحمەدی کاکی) کاغەزی لای (عەدنان حەمدانی)یەوە بۆ هێناوەو ئەم دەنگی نەکردووە، دواتر جەل دەیویست ئەو توومەتی پەیوەندییەی خۆیو کاکیو عەدنان حەمدانی بەوە بڕەوێنێتەوە کە گوایە: عەدنان حەمدانی کاتێ خۆی کە زابیت ئیستخبارات بووە لە سلێمانی دۆستایەتی شەخسی لەگەڵ ئەحمەدا کردووە!! گوایەش ئەم عەدنان حەمدانیە، کەدوای بووە ئامر لیوای حەرەس جمهوری قەسری جمهوریو ماوەیەک (نازانم ڕاست یان درۆ) دورخراوەتەوە دواتر بە قائید فرقەییو مەسئولی قەسری جمهوری گێڕاندویانەتەوە "یەساریی" سەر بە سوریایەو ئەحمەدو لە ڕێی جەلالەوە حەلقەی وەصڵی لە نێوان عەدنان حەمدانیو ئەو زابتە بەعسیانەی سەر بە سوریاو "حازم کبیسە"و "قیادة قطر العراق"ی حیزبی بەعسی، ئەمەش کە (حازم) وای بۆ دەکاو جێی لە سوریا وا خۆشە!!... بەڕاستی ئەم قسانە بە هیچ

عەقلێك دا ناچن، وە مەسئولم بەرانبەر ئەوەی کە دەبوایە نەك موو ئەو گوریسەم لەو ماستەدا  بدیتایە نەك هەروا لێم بخورپایەو وەکو لەگەڵ خۆمدا دەمووت: دیارە کە چیرۆکێکی هەڵبەست بەڵام تەبیعەتەن هەموو کەس ئازایەتی ووتنی هەموو شتێکی نیە، ئەم تازە لەگەڵ حازمو ئەو من براتو بەعسیانەدا تووش بووە، حەزیش دەکا رزگار بێ (جا نازانم فیعلەن حەزی دەکرد یان نا، یا حەزی دەکردو نەیدەتوانی لە ژێر بارەکەدا دەرچێ!) ئێ! گرنگ رزگار کردنیەتی، با ئەو دڵی خۆی بە چیرۆکی وا هەر بداتەوە، هەمان قسەو ڕاشم لەگەڵ هاوبیراندا هەر باس کردووە، بەڵام کاکە شوان تاسەر هەر سوور بوو لەسەر بەدگومانی خۆی...دیارە سەرئەنجامەکەی دەری خست هەر ئەو ڕاستە من نامەوێ ئەو ڕاستیو دەرچوونەی کاکە شوان کەم بکەمەوە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بەدگومان بەرانبەر هەموو شتو هەموو کەسێ بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم ڕا سلبی یەکانی ئەو هەموو مافە لە قۆڵڵایە بە پەسەند وەناگرم، چونکە دیارە تۆ بەدگومان بی لە هەموو هەموو کەس حەتمەن چەندانێکی هەر ڕاست دەردەچن! ئەی ئەوانەی کەوا نەبن چی؟! من پێم وایە (بەدگومان) دەبێ بێکەو بەڵگەی ماددی هەبێ تا خۆی بە پێوە ڕابگرێو قابیلی سەلماندن بێت، ئەگینا دەبێت ڕمڵ هەڵدان، بەڵام ئیجابیو تەقیمی ئیجابی لای وایە بەڵگە مەنتیقیو عەقڵیو کاری زیهنی کاریی بەسە،هەتا ئەگەر واش دەرنەچێت....

بەهەر حاڵ بێمەوە سەرباسەکەم: سبەی زوو مـن‌و کـاك فـەرهاد چــووینەوە بــۆ ئوتێلەکــەو ســەر لەبــەری چــیرۆکەکەو ئامــادەگی گەڕانەوەی کاك (جەلال)مان بۆ باس کرد، کاکە محمد شـەوقی زۆری پێ خۆش بووو مـن دڵنیـام ئـەو لـەو لەحزەیـەدا هەرچـی هـەبووەو نەبووە بەرانبەر جەلال لە چاڵی ناوە....درەنگانێ کـاك جـەلال هـات بـۆ ئوتێلەکـە، هـەر کـە دەرکـەوت هەرسـێکمان بەپیریـەوە چـووین، بەلالووتێك بەحاڵ دەستی گەیانە کاکـە محمـد شـەوقی نەیگەیانـدێ، ئەو بە ڕووی پێکەنین‌و باوەشی کراوە بەرەو ڕووی چـوو...! مـن لـە جـێی خۆمـدا هــەر ووشــك بــووم، تاسـام، هەرچـی هیـواو خۆشـی بینیـەکی هـەبوو، بـووە دەریایـەکی ڕەشـی نائومێـدی‌و بـەدبینی... جەوەکـە بەتـەواوی گـرژ ببـوو ئەوەنـدەی نـەمابوو شـەهید محمـد شەوقی‌و جەلال بەیەکدا بتەقنەوە، بەتایبەتی کە کاك محمد شەوقی زۆر لــە جــەلال پــڕ بــووو بەڕاســتیش جــەلالی بــەپیاو نــەدەزانی، دەمـدیت کاکـە حەمـە شـەوقی هـەر خـۆی دەخواتـەوە، یـەك ووشـەو یەك بێ نەزاکەتی دیکـە لای جەلالـەوە بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی محمـد شـەوقی بیخاتـەوە حـەجمی خـۆی، دیـارە جـەلالیش پیـاوی خـۆی‌و جێی خۆی دەناسێ بۆیە بە مۆنێکەوە فسی دابۆوە،.. من بـۆ ئـەوەی شـتەکە ئاسـایی تـر کەمـەوە بـە نیـوە زویـری‌و نیـوە تووڕەییەکـەوە ووتم: برا کەی ئەمە ڕەفتاری ئینسانە لەگەڵ ئینساندا، لەبـەر هـیچ نا لەبـەر حورمـەتی ئێمـە کـە نیـوە میوانێـك‌و چـەند ڕۆژە دەسـت‌و دامانتـان دەبـین! ئینجـا توخـوا چـۆن لـەم جـەوەداو بـەو حاڵـە کـار دەکرێت؟ برا وەڵڵا ئێمە (هەمیشە بەناوی کاك فەرهادیشـەوە قسـانم

دەكردو قەت نەبوو اعتراض بگرێ، یا كارێ بكا ئەوەی لێ بفامەوە كە ئەو شتێكی تربێت، ئەو سێبەرێكی كاڵەوە بووم بوو، دەشزانێ ئەمەی بۆیە دەكرد كە شانی ئارداوی نەبێتو هەمیشە من شڕەی بەر تۆپەكەو كەوا سووری بەر لەشكر بم، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان مەسئولیەتی هیچ هەڵنەگرتووە...تا لەم دواییەدا بۆ بەهانە دەگەڕاو دەیویست دەرباز بێ لەو حاڵەو تێی تەقێنێو هەڵێت!، كەوتە بڕو بیانوو....)بەو جۆرە نە كارمان پێ دەكرێو نەهیچمان پێ دەكرێ بۆیە ئێمەش خۆمان دوور ڕادەگرین...غەدر لە جەلال نەكەن، بەلام ئێستا ئەو حاڵە دێنمەوە بەرچاوی خۆمو دەزانم ئەو قسانە چەند بەگیانی خۆش بوو، چەند حەزی دەكرد ئێمەش لێ ی دەرچین، ئەوسا ئەو هاوبیرانەی دیكە كارەكانیان پێ بەڕێوە نەدەچوو، بە جۆرێ لە جۆرەكان تێك دەچووو گەنم كردو جۆ بلاو، ئەوسا دەردەكەوێ كە هەر جەلالە توانیویەتی مەسەلەكە ڕابگرێ (وەك چەند ساڵێك ڕایگرتبوو! بەلامو ئەمما چ ڕگرتنێ شاالله هەر نەبوایە)و خۆی یا هەرزان فرۆشی دەكرد یا دەهاتەوە سەر دوكانە سیاسیو هەمیشەش دەیتوانی شەش حەوتێكی وەكو عومەری مام تۆفیقو ژیلوانی مام توفیقو مەلا چۆلەكەو لەو گەجەرو گوجەرانە لەخۆی كۆكاتەوە...ئێ جەلالیش ئەوەندەی بەسە!...چونكە دواتر كە ئێمە بە نووسراوێك ئاگاداری هاوبیرانو كاك جەلالیشمان كردەوە كە: ئێمە تا لەگەڵ یەكتردا پێك نەیەنەوەو جەلال نەگەڕێتەوەو جێگەی تەبیعی خۆی ئامادە نین كار لە حیزب دا بكەین، ئەو مەوزوعەش نیقاش هەڵناگرێت!....دوای ئەمە جەلال بە جۆرێكی وا

کەپیاوە خۆشی تێدا بێتو ئێمەش لەسەر ئەو بڕیارە دڵ گەرمو سوور بکات پێی ووتین: کە ئەو پارەو پولێکی هەیەو بەتەمایە چاپخانەیەك لەو دوو چاپخانەی مەهاباد بکڕێ، جاکێ لەوە چاکتر کە ئێمەی لەسەر بینو دەیخاتە ئیختیارمانەوە. بەڵام ئێمە بەتەمای ئەوە نەبووین بچینە رێگای کەریمی عەبوشو پیاوەکانی دیکەیەوە یا خۆ بەوەوە چەمەلغ کەین، چونکە لە دڵو ویژدانی من برادەرەکانی دیکەم پێ لەسەر هەق بوو، بەڵام دەشێ ئەو پێ داگرتنەی ئێمە لە سەر ئەو (مستحیل)ە جۆرێ بوو بێت لە بەهانەو بیانگ بۆ نەچوونە ئەو ژێر دارە قرچۆکە من بەڵێنم داوە لەم پاداشتانەدا ئەوەی ڕاستی یە، هەتا بەختورەو ختووکەکانی نێو قولایی دەروونیشمەوە، بەقاوکردن قاو لە خۆشم داخەم. ئەوەی ڕاست بێت چونکە دەمەوێ ئەم ووشانە تەواوی چیرۆکی ئەو حیزبە بێت. لە باری سەرنجو لێکدانەوە ئەوەندەی من ئاگاداریم، ئەوەش ببێتە دەرسێ بۆ هاوبیرانمو بەرۆگرانی ئەم ڕێبازە بۆیە دەست لە هیچ ناگێڕمەوە مەگەر حورمەتی شەهیدەکان هەندێ لای ئەوان دەست هەڵگرم یا لە (تقیم)و شتەکانی کاکە کەریمو کاکە شوان کەمێ ئەملاولایان تێدا بکەم،بەڵام ئەوەی کاری خۆم بێت، هەتا چەندیش عەیبەم بەسەر بێنێ ڕەپو ڕاست دەیاننووسمەوە، من بەتەمای هیچ نیم! لە ژیاندا چەند بەتەمای شت بووم، لە دوای مردنیش هەر ئەوەندە، من ئەوەندەم بەسە کە بە هەموو دڵسۆزیو لەخۆبڕانو لەخۆ بوردنێکەوە ئەوەی لەتاقەتو توانام دا بووبێت هەتا لەسەر حسابی کەرامەتو غیرەتو نەفسو نەفسیەتی خۆم دا

بووبێت درێغم نەکردووە.و هەموو ژیانم بێ ئاوڕدانەوەو هیچ حیسابێ بۆ خۆم بە مەسەلەکەم داوە. من وژدانم تەواو ئارامەو دەزانم‌و هەر خۆم دەزانم چ بووم‌و چیم بۆ حیزبەکەم‌و هاوبیرانم کردووە من بازرگانیم نەکردووە حسابی قازانج‌و زەرەر لێک بدەمەوە، ئەوەی کردوومە وەکو (فی سبیل الله) یێک‌و ئەرکێکی ئەخلاقی‌و بە ئەپەڕی خۆشی‌و شادیشەوە کردوومە، من دوای مایسی ١٩٨٠ بە دواوە هەموو دنیاو ژیان‌و شەرافەت‌و هەرچی هەیەو نیە لە "پاسۆك" دیتوە، بۆیە پێم وابووە دەبێ ئەوەی عەقڵیش تێی بڕ نەکات بۆی بکەم....من هەمیشە لەگەڵ ئەو برادەرانەم دا لەسەر شتێ ڕێك نەکەوتین، ئەویش ئەوە بووە، کە من دەمووت کەسێ لە مەوقعی مەسئولیەتی وەکو ئێمەدا بێت‌و چارەنووسی حیزب‌و بیروباوەڕێکی بە دەست بێ دەبێ بەشەرەف‌و کەرامەت‌و هەرچی هەیەونیەتی بەرژەوەندی‌و سەرکەوتنی ئەو حیزب‌و بیروباوەڕە پێك بێنێ، ئەگەر هەر چار نەبوو زۆر ئاسایی یە دەبێ مرۆڤ کەرامەت خۆشی بۆ پێ بدات ...ئەوان هەمیشەو هەردەم دەیان ووت: والله ئێمە بۆیە کوردایەتی‌و حیزبایەتی دەکەین کەرامەتمان پارێزراوە بێت، وا نەبێت نایکەین من ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕایەی خۆمم کە پیاو دەبێ لەشەرەفی شەخسی یەوە تا ژیانی و تا هەرچی یەکی هەیەتی لە پێناوی بیروباوەڕەکەی دا بە خەرجیان دا.

بەهەر حاڵ، ئێمە ئەو ڕاپۆرتە یا نووسراوەمان نووسی‌و نوسخەیەکمان دایە شەهید محمد شەوقی‌و نوسخەیەکیش بە کاک جەلال. کاکە محمد شەوقی زۆر تەنگاو ببوو، دنیای لێ هاتبۆوە یەك،

ئەو لە سەرێکەوە بە هاتنی ئێمە وەکو هەموو هاوبیرانی دیکە هیوای گەورەی تێ زابووو پێیان وابوو ئیدی ڕۆژانی میحنەتو بێ کەسیان تەواو، لە سەرێکی دیکەوە ئەو لەگەڵماندا بۆ کار چارکردنو کار مەیسەر کردن هاتووە کەچی بەو جۆرە بشکێتەوە! بۆیە زۆر ناڕەحەت بووو هەوڵی دنیایە لەگەڵماندا کە لەو بڕیارە بگەڕێنمەوە یا موناقەشەی بکەین، ئێمە پێمان داگرتبوو کە ئەو مەسەلەیە ئەسڵەن قابیلی موناقەشە نیەو ئامادە نین باسی بکەین: بچن جەلال ئاشت بکەنەوە، پێك بێنەوە ئەوجا باس لە باسی گەڕانەوە لەو بڕیارە دەکەین.و ئێمە لە بەهانە بووینو بیانگمان دەگرت تا لە ژێری دەرچین. بۆیە کاکە محمد شەوقی بەو هەموو نەزاکەتو حورمەتەش کە ناسرابوو، وا گەیشتە تینی کە پێمان بڵێ: والله بەعسیش بڕیاری وا "محجف" وبێ ویژدان نادات!. ڕاستیشی دەکرد، پیاو کە لەبەهانە بوو کەی قسەو ڕاستی دەتوانێ پێستی ببڕێ چ جای لە ناهەق ناڕەوایشی بگێڕێتەوە؟!

منو کاك فەرهاد هەر ئەو ڕۆژە بۆ عەسرەکەی بلیتمان بڕی بۆ تاران، تا بچینە لای کاك (خالیە اغا)ی دۆستی کاك فەرهاد تا بەهۆی ئەوەوە بتوانین لە شوێنێ بگیرسێینەوەو دواجار تێی تەقێنین بۆ ئەوروپا، بە کوردی یەکەی لەو وەزعە ڕاکەین. من نە پولێ، نەپارەم پێ بووو نە کەسیشم دەناسی، باش بوو کاك فەرهاد هەم پارەی هەبووو هەم ئەو دۆستەی دەناسی کە زۆر نێزیکی ماڵی (بارزانی) ڕەحمەتی بووو هەموو شتێکی پێ دەکراو بۆ دەکرا.. بە دڵ گرانی کاکە (محمد شەوقی) مان جێ هێشتنو بێ ئاوڕدانەوە بۆ پاشەوە

هەر وەك بۆ سەر داوەت داوەت كرابين بەرەو تاران بەڕێكەوتين: هەموو ناونيشانێكی كاك فەرهاد دەيزانی ئەوەندە بوو كە ماڵيان لە (كەرەج)ە لە عظيميە و ناوەكەی كاك (خاليد ئاغا)يە...رۆژی دوايی بەرە بەيان گەيشتينە تاران، پاش يەك، دوو سەعاتێ پرسو پرس كاری ماڵەكەمان دۆزيەوە.... بەڕاستی تاخوا حەز بكات كاك خاليد ئاغا پياوێكی چاكو ميوان دۆستو بەشەهامەت دەرچوو لەگەڵمان دا، بێ ئەوەی هيچ پرسيارێكمان لێ بكاتو فزوڵێ پيشان بدات دەرگای ماڵو دڵو دەروونی خۆی بۆ ئاواڵە كردينەوە. كاكە فەرهاد باسی گرتنو ڕاكردنو هاتنە دەرەوەمانی بۆ كردو بەرنامەی ئەوە دواشمان ئەوەيە كە دەمانەوێ ئەو يارمەتيمان بدات بە هۆی كاك (ئيدريسی) ڕەحمەتی كاری چوونە ئەورووپامان بۆ مەيسەر كات...هەر ئەو رۆژەی كاك خاليد ئاغا نامەيەكی بۆ كاك ئيدريس نووسی كەوا دوو دۆستی هاتوونو دەيانەوێ هەم بەخزمەتی بگەنو كارو تەكليفێكيشيان هەيە، بۆيە سبەی لەگەڵ خۆی دا چووينە لای كاك ئيدريس بۆ حەقيقەت من بە جۆرێ جەزبەگرتووی (بارزانی) رەحمەتیو لەو دوورەوە هۆگری ناوو ناوبانگو پياوەتی بارزانيان بووم، كە هەندێ جار خۆم لەگەڵ خۆم دا بەوە هەڵدەدايەوە كە بە ڕێكەوت لە (بارزان) لە دايك بووم، ديارە نازانم ئەو ڕا و هەستەی ئەوسامو ئێستام لەگەڵ مێژووی پڕ شەرمەزاريی (جەلالی)يەت بوونم لە (٩٦٦-٩٧٠) چەند ناكۆك بوون بەهەرحاڵ بۆ من كە يەكەمين جار دەبوو ڕوو بە ڕوو يەكێكی بەرچاوی ئەو بنەماڵەيە ببينم هەلو دەرفەتێكی مەعنەوی گەورە بوو، خوا هەڵناگرێ

هەرچەندە کاك ئیدریس کارەکەی لەئەگەرو مەگەردا هێشتەوەو بەڵێنی تەواوی نەداینێ، بەس بەڵێنی ئەوەی داینێ (کارتی سەوز) مان بۆ دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانین پێی بمێنینەوەو بۆ کاروباری (لیسەپاس) ش کەڵکی لێ وەرگرین، بەلام ئەوەندە رێزی لێ گرتین- هەرچەندە زیاتری لەبەر خاتری خالید ئاغا بوو ئەگەرچی کاك ئیدریس بەوە ناسرابوو کە بە ڕواڵەتیش بێت حورمەتی خەڵکی دەگرت- کە هەرچی ناخۆشو نارەحەتیەکی لە ناوەوە دەیهاڕیم لا لەبیر بردمەوە....

توومەز دوایی ئێمە کاکە محمد شەوقی سوار دەبێ بۆ لای کاك (فەرهاد عبدالحمید) لە سنە و حاڵو مەسەلەی بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە پێکەوە یەکسەر بە دوومان دا دێن بۆ (کەرەج)، ئەو چوو بوونە ماڵی کاك (فەتاح) ی ڕەحمەتیو مەسەلەی هاتنمانو مەوزوعی جەلالو تۆراندنەکانیان بۆ باس کردبوو، ئێوارەیەکی درەنگ بوو کە کاکە فەتاح بە نامەیەك داوای لێ کردبووین کە بۆ ئێوارەو شەو میوانی ئەو بینو برادەرانی دیکەش لەوێ دەبن، لە نامەکەوە تێگەیشتین کە دەبێ بە دوومان دا هاتبێ. جۆرە خەجاڵەتیەك – هەر نەبێ بۆ من کە شەهید کاکە (فەتاح) م لە ڕووی شەخسیو سیاسیشەوە دەناسی. ئەوا دوو... سێ رۆژە ئێمە لە (عظیمیە) ینو ماڵەکەیان هەروا کۆلانێ سەروو ماڵی کاك خالید ئاغا کەچی نەمان کرد، یا نەمکرد هەر سەرێکی لێ هەڵهێنم!.. ئەوە بوو بۆ ئێوارە روخسەتمان لە کاك خالید ئاغا وەرگرتو بە جووتە چووین بۆ ماڵی کاك فەتاح، بۆ یەکەمین جار دوای پێنج ساڵان چاوم

بە کاك فەتاحو کاك فەرهاد عبدالحمید کەوتەوە، کاك فەتاح بە ڕاستی ئەو کاك (فەتاح) ە نەبوو کە دیتبووم: پیاوێکی هەتا بڵێی سەرو زمان شیرین، هێمن، بەنەزاکەت، زیرەکیەکی تا ڕادەی بلیمەتی کە زیادە ڕەوی ناکەم گەر بڵێم نێوچەوانو عەقڵی بەرانبەرەکەی دەخوێندنەوە، تا خوا هەز بکات لەسەرەخۆو دیبلۆماسیو ژیان وای لە مەنگەنە دابوو ئیدی پێم وایە لەوەی ئەو قاڵ بوو تر نابێتەوە، بەداخەوە من خڵتەی (انطباع) ی سەردەمی (پێنجوین) و ساڵی ٩٧٣ م هەر لە دەروون دا بەرانبەر کاك فەتاح نیشتبوو، ئەگەرچی من ئەو ڕووداوو مەسەلانەم بە تەواوی پشت گوێ خستبوو، هەر لە سەرتاوە کە هاتمە سەر ئەو باوەڕەی لەگەڵ کاك (فەرهاد عبدالقادر) دا هاوکاری بکەمو پێکەوە هاوبیر (باپیر= حەمەسەعید= بابە گوڕگوڕ) هەرسێکیان ناوی نهێنی مامۆستا (ش) ن کە ئێستا هەر بە ناو ئەندامی سەرکردایەتی یەو لە شارە پاسۆك دروست کەینو غیابیەن کاك شێرکۆو مامۆستا (نەبەز) یش بە دەستەی دامەزرێنەرو ئەندامی سەرکردایەتی دابنێینو چووینە لای (عبداللە جەوهەری) ڕەحمەتیو ڕووی کار لەگەڵ کردنمان لێ ناو پاش گەڕانەوەی مامۆستا هەردی چوومە لایو ئەوەش کە کاتی خۆی لە بەهاری پایزی ١٩٧٩ دا کاکە شێرکۆ هەژارو کاك فەرهاد عبدالحمیدو مامۆستا هەردیو ئەوان یەکیان گرتۆتەوەو ئەو ڕابردووەیان لە دووی خۆیانەوە بەجێهێشتووەو پێکرا لە (پاسۆك) داو بۆ (پاسۆك) هاوکاری دەکەنو کاك فەرهادو کاك شێرکۆ بە جووتە هاتبوونەوە سلێمانیو چاویان بە زۆر کەس کەووتبوو، لەوانە (عەبدوڵا ئاگرینو

کاك ملازم مەنسوورو کاك شێخ حوسەین‌و کاك محمد شـەوقی‌و پـێم وایە کاك شوان‌و کاك شێرکۆ بێکەس لە کاك شێرکۆ متأکد نـیم....و ئیــدیش) زۆرم پــێ‌خۆش بــوو، هــەتا بەرانبــەر کــاك (فــەرهاد عبدالحمید) کە ئەو سەردەمانە ئەووو بـڕێ کـەس بـەری ئەو بـەریان گرتبووو تاقی کردنـەوەی زۆر تفـت‌و تاڵمـان لەگەڵیـدا بـوو (بـەوەی دوو جاران ڕازو نهێنی وێرانـە مـاڵی‌و وەزعـی نـاوەزعی "کاژیـك" ی پـێ گـوتراو متمانــەی ئــەوەی پێکـرا کـە ئـەو ڕازو نهێنـی یانــەی لا بدرکێنــدرێ‌و بــانگ ڕابهێڵــدرێ وەکـو هــەموو ئەوانــەی دیکـە بـۆ بەشداریی لە ڕاست کردنەوەی فیچانەوەی (کاژیك) دا بەڵام هـەردوو جارەکە خەیانەتی لەو نهێنـی یـە کردبـووو چووبوو لـە نوکـەوە بـۆ کاك عەبدوڵا ئاگرینی گێڕابۆوەو دواتر خۆی‌و چەند کەسێکی دیکـە کەتبوونــە جرت‌وفـرت گوایـە (جنـاح) ە ڕاســت‌و ڕەســەنەکەن‌و لــە نەغەدە بـە ئامـادەبوونی هـەردی‌و کامیـل ژێـرو نـوری حەمـە عـەلی ڕەحمــەتی‌و مــژدەو کــاك عومــەری شــەمەیی‌و ئەمانــە دانیشــتن‌و قسەوباسیشـیان کردبـوو، ئەمانــەش بەشـی زۆریـان لــەبن بـاڵی کـاك فەتاح دا لە هێزی خەبات لە پێنجوین گرد بوونـەوە کـە مەڵبەنـدی چـالاکی ئێمــەو مەرکـەزی تەقینەوەکـەی ئێمـە بـوو لــە دەروونـی کاژیك دا، هەرچەندە ئەو هیچ نەبوون‌و لەبەر تەوژمی ئێمـەدا هـەر خۆشیان پێ دەرنەخرا، بەڵام ئیدی بۆمان ببوونـە ناحـەزی سیاسـی‌و دوژمنمان‌و ئەو لە ناویاندا لە هەموویان (گای قەشە) تر بـوو، بۆیـە ئێمەش لە بەدناوکردنی دا لە هـیچ شـوێنێ نەدەپرینگاینـەوە، هـەتا دیعایەی ئەوەمان بـە دوو خسـتبوو کـە گوایـە ئـەو دوو ڕەگـەو کورد

نیە، باوکی یا دایکی تورك یا ئازاریی یە، ئەوجا چۆن دەبێ کەسێکی نەتەوەیی دوو ڕەگ بێت؟! دیارە ئەو جۆرە دیعایەو عەقڵیەت لەو ڕۆژانەدا بۆ بەدناوکردنی کەسێ گوێ بیستی هەبوون!!! بەداخەوە ئەم جۆرە تورەهاتانە ئەوساو ئێستاش چەکێکی ژەنگاوی بێ ئەخلاقیانەی بەکار براوی نێو سیاسەتی کوردییە، کە ئێمە یەکجار بە دەگمەن پەنامان بردۆتە بەریولە هەرە کەمە جارانەکەو جارە بووە کە بەسەر ئەودا شکاوەتەوە! من ئێستا لەو کارە دزێوەدا خۆم بە خەجاڵەتو شەرمەزار دەزانم، کە خودا ئاگادارە دەستی منی تێدا نەبووە، بەڵام هەر وشەیەك لە کارێکی نزمو پەستی ئەتۆیی... بۆیە دواتر کە باش یەکمان ناسی زیاد لە پێویست ڕێزم لێ دەگرتو بە ڕاستی لە ناخەوە، وەکو (عقدة الزنب) ێكو بۆ تێ هێنانەوەیەك، خۆم دەویست. کە زۆر زۆر بەداخەوە هەندێ (ملابت) و دوور لە یەکتریو شتەهایەکی دی لەم ئاخرو ئۆخریەدا کە دواتر دێمە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو کوڕە چاکەی تەراندینو بە ناهەق بە هەڵوێستێکی قەتو قەت لەو چاوەڕوان نەدەکراو بڕوا ناکەم بەرانبەر کەس نواندبێتی قوڕیدا بەسەر هەموو ڕابردووی نێوانماندا... ئەگەر چی من لەسەرمە کە شایەتی ئەوە بدەم کە بە دەگمەن پیاوی وا ناسكو بە ڕەوشتو ڕەفیق دۆستو مەرد پەیدا دەبێت، ئەوە دەستی لە دنیا نابێتەوەو وەکو ئێوە پێویستمان بووەو ویستوومانە نەهاتۆتە پێشو هەندێ ڕاوە ڕێویشی لەگەڵدا کردووین مەسەلەیەکی دیکەیەو نابێ ئەو لایەنەی دیکە بشارێتەوە، لەمە بە داختر ئەوەیەکە کاکە فەرهاد لە شوێنی خۆیدا جام بووەو

سانتیمەترێك پێش نەكەوتووە، هەر هەمان بیرو هۆش‌و گۆش‌و عەقلیەتە كۆنەكەی (كاژیك، و بیرو بۆچوون‌و لێكدانەوەی سەردەمی سالی حەفتاكان و هەشتاكان بەولاتر نەچووە...) ... لەگەڵ هەموو ئەمانەدا من وەكو خۆم لەناو نزیكترین هاوەڵو كەس‌و كاری خۆمدا بمێنمەوە ئاوا بۆیان كرامەوە، بە درێژی باسی هەموو شتێكمان كرد، من لە سەرجەم قسەكاندا تەئكیدی ئەوەم دەكردەوە كە ئێمە بە تەنیا ئەو دوانەمان هیچمان پێ لە مەسەلەكە ناگۆڕدرێ‌و ئەمە كارێكە مەسئولیەتی قەومی‌و سیاسی‌و ئەخلقی هەموومانە، من بە تەنیا كاتێ ئامادەم بكەومە كارو بڕۆم كە هەر هەمووتان (بە كاك فەتاح‌و كاك فەرهاد عبدالحمیدو كاك شێركۆی هەژارو كاك جەلال‌و هەموو ئەوانەی لەو مەسەلەیە بوون) بێنەوەو بە هەموومان شان بدەینە بەری... ئەوان زۆریان ووت‌و من كەمم بیست، من دەمویست پێشەكی كاك فەتاح‌و كاك فەرهاد عبدالحمیە بڕیار بدەن كە بێنەوەو دەسە بەرەی ئەوەش بن كە كاك جەلال بگێڕنەوەو هەوڵیش بدەین كە كاك شێركۆی هەژاریش بگەڕێنەوە ناومان‌و كاك كوردۆ (سەروەت محمد امین بە كاك سەروەتە چاو شین)و كاك سەعدولاش بەسەر كەینەوەو داوای گەڕانەوەیا لێ كرد پاش شەوو ڕۆژێك گفت‌و گۆو بگرەو بەرە هەر ئەو كاتە قەناعەتم كرد كە بگەڕێمەوە كە كاك فەتاح بڕیاری نهائی دا كە پاش دوو حەفتەی دی (كە تەنیا ١٣ ڕۆژ ئیمتیحانی لیسانسەكەی ماوە) ئامادەی گەڕانەوە دەبێت، وتیشی ئەگەر دەڵێن ئیمتیحانەكەش نادەم‌و هەر ئێستا لەگەڵتاندا دێمەوە... بەلام ئێمە پێمان وابوو كە

کار بکەوێتە سەر دوو حەفتەو مانگ‌و دوو مانگیش هیچ نیەو دەکرێ دان بە خۆمان بگرین، هەتا ئەو کاتەش کە زەمینی گەڕانەوەیان خۆش دەبێت... کاکە (فەرهادی عبدالحمید)یش بڕیاریدا لەگەڵ هاتنی کاك فەتاحدا ئەویش بگەڕێتەوە... هەر لەوێشدا من نامەیەکی کورتیلەم بۆ کاك شێرکۆی هەژار نووسی کە حاڵ‌و مەسەلە ئەوەیەو کۆڕ گەرم بۆتەوەو چاوەڕوانی ئەوین. من دەمزانی کە کاکە شێرکۆ خاتری منی دەوێت‌و لە کارێکدا منی تێدا بم سێ‌و دووی لێ ناکات. نامەکەم پیشانی هەموویان داو هەر هەموویان (بە کاك فەرهاد عبدالقادریشەوە!!) پێیان باش بوو، نامەکەم دایە دەست کاك فەرهاد عبدالحمیە کە بۆی پۆست بکات، چونکە ئەو ئادرێسی کاك شێرکۆی لابوو

ئیدی ئۆخەی، ئۆخەیکەیت‌و شادیەکی بێ ئەندازەم تێگەڕابوو کە هەمان ڕۆژ لە هاوبڕانیش زابوو، خۆشیەکەمان بە هاتنی کاکە شوان‌و فریاکەوتنی ئەو دانیشتنەو ئامادەبوونی بۆ گەڕانەوە لەگەڵماندا ئەوەندەی دیکە ئەستوور بوو [کاکە شوان هەر کە لەگەڵ جەلال دا تێك دەچێ‌و وەزعەکە وا دەبینێ بە بیانووی ئەوەی سەردانی هەندێ خزمی کەرکوکی دەکات، کە لای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشمەرگە بوون‌و لەوێ دەگیرسێتەوەو کۆمەکێکی باش‌و بەهێزەکانی حیزبی دیموکرات لەو ناوچەی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕە دەکات‌و خۆی لەو قڕەو فڕکان فڕکانەی ئەوێ دوور دەخاتەوە].

ئیدی کەوتینە بەرنامەو پلان دانان: بەوانەی لەوێ بووین [ شەهید کاکە فەتاح، شەهید محمد شەوقی، کاکە فەرهاد عبدالقادر، کاك فەرهاد عبدالحمید، کاکە شوانو من] ڕامان هاتە سەر ئەوەی کە بە پلەی یەکەم لە بنەماڵەی بارزانی نزیكو نزیکتر بینەوەو سوود لە ناوبانگو ڕابردوو ئیمکانیاتێکی هەیانە بکەین، ئەوجا بە جۆرێکیش لە جۆرەکان پەیوەندیمان لەگەڵ (پارتی)دا لە سەروو ئەوەوە لەبەر مەوقیعیەتمان لە بن دەستی ناوچەکانی ((یەکێتی))دا بە نهێنی بەرجەستە تر کەینو بە سەرو سۆز پەیوەندیە کۆنەکانمان لەگەڵ ئێرانیەکاندا بچینەوە [ چونکە کاتی خۆی کە کۆنگرەی گەلانی ژێر دەستەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی دنیا لە ساڵی ١٩٧٩ لە تاران بەستراو ئەوسا تاران کوانووی شۆڕش بوو لەو حەوت، هەشت بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە بەرچاوەی وەکو ڕێکخراوی ئازادیی فەلەستینی، و تۆپامارۆسیو نیکاراگواو ئەمانە ئێمەی پاسۆك یەك لەوانە بووین شەهید محمد شەوقی نوێنەری ئێمەوە بزووتنەوەی کوردانیش بوو، ئەوە بۆ خۆی چالاکیەکی سیاسی (فوق العادە)ی ئەو ڕۆژە بوو... کە بە داخەوە بە هۆی ئەو وەزعە شەبرێوەی نێو خۆمانەوە دواتر بووە پێشکەوتەی دواکەوتەو خەڵکی دیکە تێی ورووکانو سەنعەتەکەشیان بە جۆری ڕەزیل کرد کە بەردەوامێتی بۆ ئێمەی دەست نەئەدا...] و سەرێ لە ڕێکخراوەو کۆمەڵە ئیسلامییە عێراقیەکان هەڵێنینو پەیوەندی زیاتریان لەگەڵدا خۆش بکەین.

١- سەرەتا بیری نێزیکی لە ماڵی بارزانی ڕەحمەتیو سوود وەرگرتن لێیان لە گۆڕیدا بوو، کە دواتر دنە دنەی کاکە فەتاحو

حەماسـەتو پێخۆشـحاڵی مـنو ڕەزامەنـدیو بەقـەدەر ئێمـە ئارەزووکرد کاکە فەرهاد عبدالحمیدو کاکە فەرهاد عبدالقادرو کاکە شوان (لەگەڵ هەموو (تحفظ)ێکی کاکە محمد شەوقیو رای کۆنی بەرانبەر پارتیو بنەماڵەی بارزانی)و بێ دەنگیو هاوڕایی ئەویش لەگەڵماندا بووە هەر گەلاڵە بوونی ئەو رایەی کە ئێمە کاك (ئیدریس)ی رەحمەتی بۆ برا گەورەییو رابەرایەتی کردنیشمان وەکو(پاسۆك) بانگ رابتلێنی: چونکە پێشمان وابوو کاك (ئیدریس) نەتەوەییانە تر بیر دەکاتەوەو جێگاشی لە (پارتی)دا شلۆقەو غەریبە لەو تەنی پارتییەداو ئەویش حەز دەکات رابەرایەتی هێزێکی وەکو ئێمە بکات، کە ئەگەر ئیمکانێکی هەیەتی بخاتە سەر مەسیرەکە ماوەیەکی ئەوەندە نابات دەبینە هێزێکی بەرچاوو حسێب بۆ کراو لە کوردستاندا (دیارە پیاو بۆ خۆی خەونی خۆشکەڵە، خۆشکەڵەش دەبینێو خەیاڵی زوو بەهاری بۆ دێنێتە چۆکان، بۆیە پێمان وابوو کە ماوەیەکی زۆر نابات لە هەموانیشی تێ دەپەڕێنین، راستیەکەی ئەوەیە هەمووی لەسەر خەیاڵو هەوا هەڵنەچنرا ئەو رۆژە ئەوەی ئێمە بیرمان لێدەکردەوە خەتمان بۆ دەکێشا باش بهاتایەتە دەست ئەو خەونە لە (واقیع)ەوە نزیکتر بوو وەك لە خەیاڵێکی بێ بناغە... بەڵام کەی قسەو نیازو نەخشی سەر کاغەز هەزار یەکیشی کە هاتە سەر کارکردن دێتە بوون تا مەنتیقی کارەکە وەکو دانانیان جووت بێتەوە!).

بۆ ئەو مەبەستە (کاك فەتاح)مان راسپارد کە ئاگاداری کاك ئیدریس بکاتەوەو کۆبوونەوەیەکی بۆ پێك بێنێو لەوێدا ئەو

مەسـەلەیەی لەگەڵـدا دەکەینـەوە، کاکـە (فـەتاح)ی ڕەحمـەتیش بـە حوکمی پەیوەندی زۆر تایبەتیو ((متمیز))ی لەگەڵ کـاك ئیدریسـدا داوای ئەوەمان لێ کرد کە ڕێو زەمینەشی بۆ خۆش بکات...

هەر بۆ سبەی ئێوارە ئەو چاو پێککەوتنو کۆبوونەوەیـە سازاو شـەوێ کـاك (ئیـدریس) هاتـە مـاڵی کاکـە فـەتاح بـۆ لامـانو ئێمـەش هەموانمان ئەملاو لامان لێگرت:

پـــاش (مقـــدمات)و شـــانامە خوێندنـــەوەو (شـــێرو ڕێـــوی) هێنانەوەیەكو، حەتمەن بەشانو باڵدا هەڵگوتنیش، بـە کورتیەکـەی داوامان لـێ کـرد کـە ئێمـە هاتوینەتـە سـەر ئـەو رایـەی کـە داوای لێ بکەین (رابەرایەتی)و (برا گەورەیی)مان بکات.

ئەویش پاش (رد الجمیل)و موجامەلەیەکی خۆی ئاسایيو زۆر ڕێـزو تەقـدیردانانێ بۆمـانو هەسـتی نزیکـیو هـاودەردیی لـە زۆر شتاندا لەگەڵمان پێی ووتین:

من بارزانی ڕەحمەتی تەنیا یەك وەسێتی بۆ کردووین (بۆ مـنو کـاك مەسـعود) کـە قـەت لێـك جیـا نەبینـەوەو ئەمەشـی کردۆتـە ئەمانـەتێ لـە ئەسـتۆماندا، فەرموویـەتی: ئێـوە هـەردووکتان ئەگـەر پێکەوە بن لەوانەیە بتوانن شتێ بـە شـتێ بکـەن بـۆ میللەتەکـەتان، بەڵام جیاببنەوە لێك دابڕێن ئەوەی کراویشەو بووە تێکی دەدەن... لەبـەر ئـەوە مـن نـاتوانم لـە هـیچ حاڵەتێکدا کـاك مەسعود بـەجێ بێڵم، ڕابەرایەتی کردنی ئێوە کـە شـەرەفێکی گەورەیـە بـۆ مـنو بـۆ بنەماڵەی بارزانیو جێی شانازییە کە وەك بـراش قـەبوڵتانم دەکاتـە ترازاندن لە کاك مەسعودو منـیش نـاتوانم لـەو وەزعـەی ئێمـەدا کـە

مەگەر هەر من بزانم بەچی دەوران دەور دراوین‌و چەندم پیلان لەسەرە کاك مەسعود بەجێ بێڵم بەڵام هەرچیەکی لە دەست من بێت بۆ تەقویە کردنی ئێوەو بەرەو پێشچوونتان‌و بەهێز بوونتان انشاء اللّه درێغی ناکەم‌و لە (پارتی) زیاتر یارمەتیتان دەدەم... بۆ کاك مەسعودیش دەنووسم کە ئەویش یارمەتیتان بدات‌و پەیوەندیتان توندوتۆڵکەن لەگەڵیدا، وەزعی ئێوەش دەزانم بۆیە کاریَ دەکەم کە هەتا برادەرانی(پارتی)یش بەو پەیوەندییە —با جاریَ- نەزانن لەبەر حیفازە کە ئێوەو وەزعەکەتان‌و کاکە مەسعودیش دڵنیام درێغی ناکات.

به هەرحاڵ هەرچەندە دەستی بە ڕوومانەوە نا، کە من ئێستاش هەقی دەدەمیَ‌و ئەو پیاوێکی بە تەجرەبە بووەو مەسئولیەتی گەلیَ گەلیَ گەورەشی (هەر نەبیَ بۆ خۆیان) لە ئەستۆ بووە، هەروا لە چنگیَ ئاودا ناکەوێت پیَ مەلەو کاك (ئیدریس)ی ڕەحمەتیش لەو سیاسەتمەدارە زۆر (حزر)و گویَ قوڵاغ‌و حسێب وورد کەرەوەیە بوو قەت خۆی بە دەم ئاوێکەوە نەدەدا کە نەزانیَ بواری چییەو چەندەو چۆنە؟! و ئەو هەرگیز نمونەی (موغامەرە)و خۆ تیَ ڕۆکردنی بیَ حسابی لە هیچ شتێکدا نەبوو هەمیشە بە دووی مسۆگەردا دەگەڕا... هەرەس‌و وەزعی دوای هەرەسیان‌و لیَ بوونەوەی ئەو هەموو خەڵکانەی ڕۆژیَ لە رۆژان وەك مێش تێی دابوون‌و خۆیان بە رووتی دیتەوە لە رۆژانی تەنگانەو میحنەتی دوای هەرەس‌و تا ئەو ڕادەیەی کە لە نێو دەروونی (قیادە مۆقەت)ەدا گەرای هەوڵی لێك ترازاندنی سوننەت‌و هەڵکەوتی ئەو

بنەماڵەی خۆیانی دیتبوو، هەموو ئەوانە تەواو بەدگومانی کردبوو هەنگاوەکانی بە هەزارو یەك حیساب دەهاویشت، ڕاستبوونەوەی خۆیانو گێڕانەوەی سەروەرییو شکۆیی پێش هەرەسی {وەك گێڕانەوەی (مجد)و شکۆ بۆ بارزانی باوکی} بەر لە هەرشتێك لەبەرچاوی دەگرتو هەمیشە لەسەر ئەو (سکە)یە دەڕۆیشت... بەڵام لەگەڵ ئەو دەست بەرووەنانەشیەوە، ئەوەو نزیکیو دڵسۆزی کاك فەتاح بۆیو (لێم بە عەیب نەگیرێ) کوڕی باشێتی خۆشمانو ڕای ئیجابیمان هەر لە سەرەتاوەو لە هەموو سەردەمێکدا بەرانبەر بارزانیو ئەو بنەماڵەیە {کە ئەو لە هەموو شت زیاتر حسابی بۆ ئەم لایەنە دەکرد} بۆ خۆی ببووە بنکەیەکی پتەوی پەیوەندی ئیجابیو توندوتۆڵمانو زۆر جاران لە نێو (پارتی)یشدا هەر دیفاعی لێ کردووین _چونکە لە لایەن هەندێ لە برادەرانی لێپرسراوی پارتیەوەو بە تایبەتی شەخسی کاك عەلی عەبدوڵا ڕەزای هەندێکمان بەتایبەتی (بلزات کاکە مەنسور)و هەتا حیزبیش بە گشتی گران بوو-و پشتگیریی کردووین. کە بەرانبەر ئەوە هەمیشە ڕێزێکی تایبەتیم بۆ ئەوو کاکە مەسعود دادەناو بەینیشم تا ڕادەیەك لەگەڵ کاك عەلیو برادەرانی دیکەدا خۆشتر دەبوو، هەرچەندە جارو بار {واللە زیاتر لەبەر عەقڵیەتی ئەم خەڵکە بە خزمەتکار زانو پارتی بە پێشڕەو و هەموو شت زانەی ئەوان} گرژیو گلەییە دەکەوتە بەینەوە، بەڵام ئیدامەی نەدەبوو، دەتوانم بڵێم بە گشتی پەیوەندیمان لەگەڵ پارتیدا دۆستانە بووەو لە هەر لایەکی دیکە (مستقر)ترو یەك ئاستی ئیجابیان بووە.

٢- مەسەلەی دووەم: بۆ زیندوو کردنەوەی پەیوەندیە کۆنەکەمان لەگەڵ ئێرانیەکاندا بڕیاردرا کە کاك شەهید محمد شەوقیو کاك فەرهاد عبدالحمیدبە دووی کەون، بەڵام ئەویش هەر هیچی لێ شین نەبۆوە چونکە ئەو گەرمو گوڕیو (طهارەتە) شۆڕشگێڕیەی جارانی سەرەتای شۆڕشیان نەمابوو یا کاڵتر ببوو و عامیلی شەڕ لەکوردستانی ئێرانداو حوکم بەدەستبوونی (لیبرالّ)ەڵەکانو هەندێ شۆڤیەنی ئێرانی لەناو دامو دەزگاکانیاندا... نیخە نیخی هێزە سیاسیەکانی دیکەو ((مزایدات))و ((مناقصات))ێکی بازاڕی ڕەشی سیاسەتی گەرم کردبوو ئێمە لە عۆدەی نەدەهاتینو بۆمان دەستی نەدەدا... لەوەوە ئێمە جارێکی دیکەیان نەبێت (دوای هەڵگیرسانی شەری عێراقو ئێران دواتر دێمە سەر باس کردنی) ئەگین سیاسەتی دوورە پارێزیو خۆ لە ئێرانو دەوڵەتو ڕەسمیاتو جارو بار دور ڕاگرتنمان گرتە بەر، جارو بارو لە بڵاوکراوەکانیشماندا هەر بڵاومان دەکردەوەو، لەو دوورەوە قسەی خۆمان دەکرد، بەڵام نەکەوتبوینە سیاسەتی دوژمن کارانەو دەستەویەخە بوون چونکە نە بە ڕاستمان دەزانیو نە بە ئێمەش هەڵدەستاو لەو ڕۆژەداو ئێستاشو تا بەعس لەسەر کار بێت ئێمە پێمان وا بووەو پێمان وایە هەموو ناکۆکیەك لە بەرانبەر ناکۆکیو دوژمنایەتی ئێمە لەگەڵ بەعسیاندا کە لە ململانێو جەنگی (مانو نەمان)داین لاوەکیو سانەوییەو بە دڵ حەزمان دەکرد شۆڕشی کورد لەو ناوچەیەدا بە پێکهاتنەوەی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا پێك بێن بۆ ئەوەی بتوانرێت توانای هەموو کورد، ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆ

ئاڕاستەی جەنگی چارەنووس سازمان بکرێت دژی بەعسیان... بەڵام بە کێ دەڵێی‌و خود پەسەندیی‌و بەرژەوەندیی تەسك‌و هەست‌و نەست‌و باوەڕی نا نەتەوەیی‌و ئیقلیمچێتی‌و دەستی دەرەکی‌و گێلەیەتی خۆمان بۆ دەهێڵێ کورد وەك میللەتێ شتێ بکا لە شت بکات؟!! جارێ درێژەی ئەم باسە ئێرە جێی نییە، خوا یار بێت مەودایەکی بەقەدەر پێویست‌و گرنگی ئەم مەسەلەیەو پەردە هەڵدانەوە لەسەر زۆر شت، یا هەر نەبێ دیدی خۆمانی بۆ تەرخان دەکەم.

٣- پەیوەندی لەگەڵ حزب الدعوة‌و ڕێکخراوە ئیسلامییە عێراقیەکانی دیکەدا:

بەهۆی کاك (ئیدریسی) ڕەحمەتییەوە مەوعدێکمان لەگەڵ ڕابەرایەتی (حزب الدعوة)دا بۆ وەرگیرا، من‌و کاك فەرهاد عبدالقادر چووینە سەر مەوعدەکە، خۆی (الشێخ الاصفی) کە لێپرسراوی ((الدعوة)) بوو دیتمان‌و من لەو دانیشتنەو لە هەر دانیشتنێکی دیکەدا لەگەڵ هەر کەس‌و لایەنێکدا پێم وابوو کە ئەسڵی مەخسەدو کلیلی مەسەلەکە عەرضی کردنی‌و شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی (تا حد الامکان نزیك لە واقع‌و ئەوەی هەیە) کێشەی نەتەوایەتی کوردو خواست‌و داوا تەبیعی‌و ڕەواکانیەتی، ئەوجا دیدو ستراتیجیەت‌و بیرو باوەڕی ((پاسۆك))ی‌و دواتر دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش‌و ڕایەڵەی پەیوەندیی پاسۆك‌و ئەو لایەنەی دیکە لەسەر تەختی بناغەی مەسەلەکە. ئەوساش‌و ئێستاش باوەڕم بەوەیە کە بەرانبەرەکەت دەزانێ کورد چی دەوێ‌و

خەباتەکەی بۆچییە، جا حەزی پێ ناکات، یا نایسەلمێنێو یا هەتا حەز ناکات لێتەوە گوێ بیستی بێ مەسەلەیەکی دیکەیە، بۆیە ئسلوبی خۆ حەشاردانو شەعبە دەبازیو تەڕەدەستیو درۆو دەلەسە (وەکی ئەوەی براینو هیچمان ناوێ،و خۆمان دەخەینە بەختی ئێوەوەو هەموو ئسلوبە سواوە کلاسیکییە سەرنەکەوتووەکانی هێور کردنەوەی بەرانبەرەکە، یا بە دڵو دڵخوازی ئەو قسە کردنو طرح کردن نە مەسەلەکە دەباتە پێشێو نە پەیوەندیەکە لەسەر بناغەیە ڕادەگرێو نە حورمەتێ بۆ کارەکە دێڵێتەوەو نە هیچ هیچی لێ شین دەبێتەوەو بۆ خۆشی سەرەتاو دووڕیانی ڕەدووکەوتنو تەبەعیەتە ئەمە یەك لەو هۆیانەیە کە تا ئیمڕۆی بزوتنەوەی سیاسی کوردیی نەیتوانیوە دۆستی ستراتیجیو هەمیشەییو بەردەوامی هەبێتو قەت مامەلەکەی سیاسی نەبووەو پەیوەندیەکانی سیاسییانە نەبووە... هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا، ئێمە هەمیشە لەو پەیوەندیانەماندا- ئەگەرچی زۆری هەرە زۆریانمان بۆ نەچۆتە سەرو بۆ بەرهەم نەهاتووە، بەلآم هەر ڕێزی خۆمانو مەسەلەکەمانمان تێدا پاراستووە، نەچوونە سەرو بەرهەم نەهاتن ناگەڕێنەوە بۆ گەڕۆڵی ئسلوبەکە، ئەساسەن ئەو (مزایدات)و (مناقصات)ەی سیاسەتی کوردیی بووە کە دەنگی دەڤ ئێمەی بڕیووەو دەیان دەرفەتو هەلی لەبەر ئێمەشو کوردیشو بزووتنەوەکەش بڕیووە... بۆ تەئکیدی ئەم خاڵە ناچارم زنجیرەی ڕووداوەکان کەمێ دەترازێنمو چەند مانگێ دەچمە پێشەوەو زەقترین نمونەی لەمەڕ بە ئیسپات کردنی ئەم ڕاستییە دێنمەوە،

هەر چەندە نمونەکە زۆر دلالاتی هەیەو ڕوداوێکە دەشێ شەرعی حاڵی مەئەساتی کوردی لە زۆر ڕووەوە پێ بدرێتو شتی زۆر زۆری لێ بناسرێتەوە:

بە ڕێکەوت من لە (تاران) بوومو بۆ کارێکی پەلەی سێ چوار ڕۆژیی بەزمو هەڵلای هەلاتنی کاك فەرهاد عبدالقادر چووبوومە تاران – کە دواتر باسی دەکەم !- کاك ملازم مەنسوور پێی ڕاگەیاند کە موعەمەر قەزافی لە ڕۆژی ١٨\١٢\١٩٨٠ دا لە کۆڕێکی جیهانیدا کە بۆ لێکۆڵینەوە لە بیرو ڕاکانی قەزافی لە مەدرید گیراوە زۆر قسەی باشی لەسەر مەسەلەی کورد کردووەو وتوویەتی: ((چارەسەری نهائیی مەسەلەی کورد بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی کوردستان دەکرێ....))و زۆر شتی دیکەش، پێشنیاری ئەوەی کرد کە بروسکەیەکی سوپاسی بۆ بنێرێت، بە ڕێکەوت لەو ئوتێلەی ئەودا هەموو برادەرەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەوێ مۆڵ بوو بوونو (تایپ)ێکی لابوو، دەمو دەست پێشنیارەکەم پەسەند کردو باش بوو (مۆر)یشمان پێ بوو بروسکەیەکی سوپاسنامەم بۆ ڕازاندەوەو مۆرمان کردو کاك مەنسوور هەر بۆ سبەی بردی بۆ سەفارەتەکەیان ئەوە بوو دەرگای پەیوەندی ئێمەو لیبیاو بروسکەکەیان زۆر بە گرنگ گرتبوو لە هەموو ڕۆژنامەکانی لیبیاشدا بە گەورەیی بڵاوکرابۆوە، بە مانشێتی گەورە نووسرابوو: الاشتراکی الکردی: لن ننسی: ئەمە بڕگەیەکی بروسکەکە بوو کە نووسیبوومان: ئێمە هەرگیز ئەم هەڵوێستەمان لە بیر ناچێتەوە..! ماوەیەکی کەم دوای ئەوەو کە زانیمان بروسکەکە جێی خۆی

گرتـووه، هەسـتاین یاداشـتێکمان دایـە شەخسـی موعەمـەر قـەزافیو تێیدا داوامان کردبوو کە:

بـۆ ئـەوەی ئـەو پشـتگیریی‌و پشـتیوانیەی بۆتـان دەربڕیبـووین، جێیـە بگـرێ‌و بکرێتـە هێزێکـی مـاددی‌و بخرێتـە مەیـدانی کـارەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەین:

ا- داوەتـی هـەموو هێـزە سیاسـییە شـۆڕش گێڕەکـانی خـوارووی کوردسـتان بکـەن، تـا لەسـەر ئـەرزی لیبیـاو ڕێنـوێنی بـەڕێزتان‌و کۆنگرەیەکی کوردی بگرن‌و بەرەیـەکی کوردسـتانیی پێك بێـنن، کـە تاکە ڕێگە یەکخستنی توانای کوردییە،بـەلای ئێمـەوە ئـەو ڕێکخـراوو هێزە سیاسیانەی دەکرێ بەشداری بکەن ئەمانەن: پـارتی دیمـوکراتی کوردســـتانی عێـــراق، یـــەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان‌و حیزبـــی سۆسیالـــتی یـــەکگرتووی کوردســـتانی عێـــراق (حســـیك)، پـــارتی سۆشیالستی کورد (پاسۆك)و لـەشـکری ئیسلامی کـورد {دیـارە بۆیـە نێوی لەشکری ئیسلامییان تێخستبوو چـونکە ئـەوان لای لیبییـەکان موعتەبەرو موعتەرەف بوون‌و نەدەکرا حسێبیان بـۆ نـەکرێت، نـاوی (پـارتی گـەلی دیمـوکراتی کوردستان)یشـمان بۆیـە نـەهێنابوو هێشـتا دروست نەبوون}.

ب- داواکـاری‌و دروشمـی ئـەو بەرەیـە ببێتـە (مـافی دیـاریکردنی چارەنووس).

ج- ئـــەو کۆمـــەك‌و یامەتییانـــەی لیبیـــا ئامادەیـــە بـــە بزووتنەوەکەمانی بکـات، بدرێتـە ئـەو (بـەرەی کوردسـتانی)یەو بـەر بەپێی پێویست دابەشیکات‌و بەکاری بێنێ.

د- لیبیا دەسەبەرەی مەشق پێکردنو پەروەردە کردنی کادرە عەسکەریو (ملاكات)ی دیکەمان بێت.

هـ- لەسەر ئاستی ناوچەکەو وڵاتانی عەرەبو دنیا مەسەلەکەمان (تبنی) بکاتو بیباتە پێشێ.

و چەند خاڵێکی دیکەی لەم بابەتانە (بە داخەوە دەقی پێشنیارەکەم لەبەر دەستا نییەو ئیمکانە لە ئەرشیفی حیزبیشدا نەمابێ، چونکە لە کارەساتی پشت ئاشانی مایسی ١٩٨٣ دا (یەکێتی) هەمووی بە تالان برد!) بۆ ئێمە زۆر (مفاجئ)و دلْخۆشکەرەو جێی غرورو باوەڕ نەکردنیش بوو، کە هەر هەفتەیەك پاش موزکەرەکە، سەفیرەکەیان لە تاران بە کاك ملازم مەنسوری (کە ئەو کاتە ئەو کاروباری پەیوەندیەکانی دەرەوەی بەڕێوە دەبردینو پیاوێکی زۆر جدیو ئیشکەرو زیرەك بوو، ئەگەرچی لەوانەشە بە تەواوی لە عۆدەی کارەکانی نەهاتبێ، بەلام من کەم کەسم بینیووە ئەوەندە پەرۆشی ئەرکەکانی سەرشانی بووبێت من هەمیشە قرەو برەم بووەلەسەر زۆر ڕاو بۆچوونو هەتا هەڵسو کەوتیشی، بەلام وەکو ئینسانێکی حزبیو خۆ بە مەسئول زان لە کارەکانیدا لەو کەسانە بووە ناتوانرێ گلەیی لێ بکرێت) ڕاگەیاندبوو وەلامی پاداشتەکەتان لە شەخسی قەزافییەوە هاتۆتەوەو موافیقە لەسەر هەموو خاڵەکانی پێشنیارەکەتانو ئەمریان بۆ هاتووە کە هەموو (تسهیلات)ێکیان بۆ بکەینو شەخسی قەزافی خۆی ریعایەتی ئەو کۆبوونەوەیەتان دەکاتو لیبیا ئامادەیە هەموو هەموو کۆمەکێکی ماددی، سیاسی، اعلامیو اعتماد بکات... بەلام من وا پێشنیار دەکەم نوێنەری ئەو

حیزبانە لێرە دانیشێنیو کۆبوونەوەی خۆتان بکەنو لەسەر (خطوط عام)ەی داواکاریو شتەکانتان پێك بێت، لیستێ بکەن پێویستیەکانتان (وەکو ئەوەی دە هەزار کلاشینکۆفتان دەویٚ، ئەوەندە چەکی قورستان دەویٚ، دە ملیۆن دۆلارتان دەویٚو ئەمەتان دەویٚو ئەوەتان دەویٚ...)، چونکە ئێمە دەزانین ئێوە کێشەو ناکۆکیی زۆرتان لە بەینداییەبۆ ئەوەی نەچنە ئەویٚو لەویٚ پێکدا هەڵپرژێنو ئەو بەو بڵێ ئەو سەر بەوەیەو ئەوتان بڵێ واو وا...

کاك مەنسوور پێشنیارەکەی زۆر پێ (عملی)و چاك بوو، بۆیە پێی ڕازی بوو بوو، و داواشی لێ کردبوو (داوای لە کاك مەنسوور کردبوو) کە ئێمە ئاگاداری (لەشکری ئیسلامی) بکەینەوەو ئەوان خۆیان پەیوەندی بە (پارتی)و (یەکێتی)و (حسیك)ەوە دەکەنو ئاگاداریان دەکەنەوە، لەسەر مەوعیدێکیش ڕێکەوتبوون کە لەویٚ هەمووان چاویان پێك بکەویٚتو مەسەلەکان باس بکەن، تا بەرنامەیە بۆ سەفەرو کارەکانیان دابنێن لە ڕۆژی دیاریکراودا، (لەشکری ئیسلامی) جوابی لێ گێڕابوونەوە کە مادامێ ئەوان دەعوەتی ڕەسمی نەکراونو هەر بە دەمی پێیان ووتراوە بۆیە ئامادە نابن! هۆی ئامادەنەبوونی لەشکر، سێ شتی سەرەکییە:

١- ئەوان بۆ خۆیان مسۆگەرنو دەستیان لە هەمانەکە گیربووە!

٢- حەزناکەن شەڕێکی دیکەیان بۆ دروست ببێ، چونکە دەستیان دەکەوێتە ڕوو ایحتکاری ئەوان بۆ لیبیا نامێنیٚ،

٣- هانی (یەکێتی) تێدابووە، چونکە عەباسی شەبەك مۆرەی (یەکێتی)و (مام جەلال) خۆی بووەو بشزانە بە چی قەناعەتیان پێ

کردبیّ بۆ ئەوەی بە هەردوو لایان تێکی دەنو (پارتی)بە تایبەتیو لاکانی دیکە بە گشتی دەستیان لەو سەرە داوە گیر ئەبێت!}. کاك د.فوئاد معصوم کە نوێنەریان بوو لە (تاران) پێش مەوعدەکە بە نیو سەعاتیّ هاتبوو پێی ڕاگەیاندبوون کە: مادامیّ (پارتی= ئەوان هەر دەیانووت قیادەی مۆقەت!) بانگ کراوەو بەشدار دەبیّ ئەوان ئامادە نین بەشدار بنو لە هەر کارێك (پارتی) تێدابێت ئەمان بەشداریی ناکەن.... (پارتی)یش بە هەموو قوەتی خۆیان کاك (د. شەوکەت)یان ناردبوو (کە ئەندامی سەرکردایەتیشیان نییە، هەروا کاروباری ڕۆژانەیان لەم دائیرەیەو لەو دائیرەیەی ئێران جیّ بەجیّ دەکات). دیارە ئیهتیمام نەدانی پارتیو نەهاتنیان بەپیر مەسەلەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ:

١- بە ئێرانەوە چەلب ببوو ئامادە نەبوو کاریّ بکات (ئێرانی)یەکان هیچ بۆنێکی لیّ بکەنو ختورەی (ولاء)یان بۆ ئێران بکەوێتە گومانەوە، ئەو کاتەش هەم ئێرانیەکان لەسەر مەسەلەی (موسی الصدر) زۆر لە لیبییەکان (مرتاح) نییەو هەم حەزیان نەدەکرد هێزە کوردییەکان – بەتایبەتی هێزیّ بە (کوللی) بە هی خۆیان حسێب کردبیّ ئەم سەرەو سەر بکاتو کونی دیکە بدۆزێتەوە!

٢- پارتی زۆر لە (لەشکری ئیسلامی)و عەباسی شەبەك دردۆنگو لەسەر پل بوون، هەم مۆرەی (مام جەلال)یان دەزانیو هەم ترسی ئەوەیان بوو، بە پارەو پول چەکێکی بیّ شوماری (لەشکری ئیسلامی) هەیانبوو خەڵکێکی زۆریان لە بادینانی

قەڵایاندا لێ بکەنەوە....

٣- دوور نییە مەسەلەکەشیان بە (جدی) وەرنەگرتبێ، یا بە (عملی)یان نەزانیبێ بۆ خۆیانو لای خۆیانەوە.... کاك (ڕەسوڵ مامەند)یش لە بری (حسیك) هاتبوو، چ ئەوانو چ پارتی بە ساردیو لالوتێکەوە (ڕەفزی ضمنی) بەشدارییان کردبوو، و کاك ڕەسوڵ وتبووی ئەگەر لیبیا دەیەوێ یارمەتیمان بدات، چ حوجەی ئەوەیە بچینە لیبیا با لێرە یارمەتیمان بدات! دکتۆر شەوکەتیش پشتگیری کردبوو....، ئەمە لە کاتێکدا کە هەردوو لایان سەریان بە کۆشی قەحبەیەکی ئێرانیشدا دەکرد بۆ مشتێ (خارو بارو نیسكو نۆك)و ئەوەی خوا حەز نەکات دەیانکرد بۆ چەند سنوقە فیشەکێ! سەیرە لە کۆیە ئەو هەڵوێستەی (حسیك) لەوەوە هاتبوو: ١- جۆرە (تضامن)ێ لەگەڵ (پارتی)دا کە تازە خەریك بوون گێڕیان بە لای (پارتی)دا بە سەدو هەشتا دەگۆڕیو دووریش نییە تەئسیراتی ئێرانییەکان وەك لەسەر (پارتی) لەسەر ئەمانیش بووبێت.. ٢- کە پێم وایە لە هەمووی گرنگترە ئەوە بوو کە ئەو ڕۆژانە گەرمەی – بە تەعبیر د.نەبەز- شەڕە زڕتانێکەی نێو حسیك بوو، ماوەیە بوو دکتۆر محمود لە شام بوو دەبێ خیلافاتو ئەمانەیان بوو بێت، بۆیە کاك ڕەسوڵو جەماعەتەکەی بە ناوی (تەقدومیەت!!)و ئەوانە خەریکی ئەوە بوون کنە لە دکتۆر محمود بکەنو ئاو بکەنە ژێری – کە کردیشیان کۆنگرەیان بە دەستەوە بوو دەمێکیش بوو کاریان بۆ ئەو مەسەلەیەو پیلانە نێو دەروونیەکانی ((حسیك))کردبوو، جا ئەگەر ئەوان ئامادە بوونایە یا ئەوەتا دەبوایە دکتۆر محمود بچوایەو

حەتمەن بە دەستی پڕو سەرکەوتنەوە دەهاتەوەو ئێدی تەونەکەی کاك ڕەسولْ لە کۆنگرەکەدا هەڵدەوەشایەوەو ڕێسەکەی دەبۆوە خوری!، یا دەبوایە کاك ڕەسولْ بچوایە، ئەوسا تا دەهاتە کەسێکی کۆنەکارو لێزان وەکو دکتۆر محمود لە ناوەوە کورتانی جەجاڵەکەی کاك ڕەسولی هەڵدەوەشاندەوە... بۆیە لەو مەسەلەیە کاك ڕەسول لەبەردەم دوو خیاری یەك لەوی تر تاڵتردا بوو بۆ بەرنامەیەکی هەیبوو....! بۆیە چاکترین ڕێگە نەچوونو چوکلْ تێ هاویشتنی بوو.

لە هەموو ئەوانەش ناخۆشترو یەك لە لاپەڕە پەستو حەیابەرەکانی کاری سیاسی کوردیی کە لێرەو لەسەردەمی کاك مەنسورەوە نەقلْ دەکەم، ئەوە بوو کە پاش ئەو هەڵوێستو تێکدانەش، کاك ڕەسولْ کە ویستبووی هەستێ، داوای لە سەفیرەکە کردبوو کە وا (٥) دەقیقەیەك کاری پێیەتی، دوایی سەفیرەکە بە کاك مەنسوری وتبوو کە کاك ڕەسولْ پێی وتووە: ئێوە چۆن بڕوا بەم جەماعەتە (پاسۆك)ە دەکەنو هاوکاریان دەکەن، ئەمانە عونسوریو دژی عارەبن، ئەوەتا ٢٨ قوتابی (فەلەستینی)یان گرتووە!! کاك مەنسور مەسەلەکەی بۆ گێڕابۆوە کە چییەو ئەو قسانەی کاك ڕاستنییەو تەشویهە- دواتر ئێمە لە ژمارە سێو چواری ئاڵای سووری کوردایەتییدا، بایی ئەوەندەی فیکەی خۆیان بناسنەوە لێمان لەقاودانو بە توندی سەرکۆنەی ئەو هەڵوێستەمان کردن، ئەسڵی مەسەلەکەش ئەوە بوو کە (حسیك)دەیانویست ئێمە پارسەنگی ئەوان بین لە ململانێو خیلافاتیاندا لەگەڵ ((یەکێتی))و پەندەکەی ١٩٧٩مان پێ بدەنەوە کە بزووتنەوەیان لە یەکێتی جیا

کردەوەو برادەرانی ئێمە لە دڵ ساف‌و نەزانی‌و تازە کاردا ڕەدویان کەوتن‌و سەرو سەرو خایەو مایەمان تێنا! ، ئەوەبوو کە کاك (نەوشیروان مستەفا) لەلایەن ئەوانەوە گیراو زۆر لایەن تێکەوتن کە نەیکوژن، کاك ملازم عومەر داوای لە ئێمە کرد کە بەو پێیەی دۆستی هەردوو لایانین بکەوینە بەینەوەو قسەیەکی خێری تێدا بکەین‌و ئێمەش بە نووسراوێ {کە لەو ئالای سووری کوردایەتی ژمارە (٣)دا بلاومان کردۆتەوە} قسەیەکمان تێدا کرد، داخی ئەمەو هەندێ وردە شتی دیکە کە لە شوێنی خۆیدا دێمە سەری وای لە کاك ڕەسوڵ کردبوو کە ئەو بەڕە شڕە بخاتە ئەو مزگەوتە ڕووخاوە!... ئێدی کارەکە پێك نەهات‌و کابرای سەفیر ووتبووی: من قەت ئەمەم بۆ ناچێتەوە سەر یەك وەرە ئێمە دەمانەوەێ بێ مەرج‌و بەو مەرجانەی خۆشتان دایدەنێ‌و بەو شێوەیەی خۆتان‌و دەتانەوێ یارمەتیتان بدەین کەچی لەقە لە خێری خۆتان دەدەن، بەڕاستی من تەواو لەو حیزبانەتان نائومێدم کە بتوانن ئەرکی وا گەورە جێبەجێ بکەن بەلام ئێوە خۆتان بچن. خۆمان چووین بەلام هیچی لێ شین نەبۆوەو ئەویشیان لاپەڕەیەکی ڕەش‌و دزێوو چیرۆکێکی مەرگەساتی دیکەیە کە لەکاتی خۆیدا بە ووردی دەیگێڕمەوە ...! با بگەڕێمەوە سەر باسەکەی خۆم‌و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ (حزب الدعوة)و (الشیخ الاصفی) مەسئولیان:

کە چوینە لای (الاصفی) پێش ئەوەی بچین کاك ((ئیدریسی)) ڕەحمەتی لە ڕووی دڵسۆزی ڕێنمویمانەوە- کە نە بەگوێمان کردو نە ئەو شێوەو ئوسلوبە بە ڕاست دەزانین- پێی وتین کە دەبێ زۆر

مرونەت پیشان بدەین‌و ئەمانە لە مەسەلەی (نەتەوە)و نەتەوایەتی باش ناگەن حەساسیەتیان پێیەتی!، دەبێ بزانن چۆن دەماریان دەجولێنن. ئەوەی وتی ئێمە ئەوەمان نەکرد....

پێشەکی من (عرض)ێکی مێژوویی، وەکی خۆی‌و ئەوەی هەیەو دەمویست، بزوتنەوەی کوردایەتیم بۆ کردو بەکورتیەکەی ووتم: ئێمە میللەتێکین هەزاران ساڵە لەسەر ئەو خاك‌و نیشتمانەی خۆمانین، بە درێژایی مێژوو چەوساوینەتەوەو داگیرکراوین، ئێمە سەرباری چەوساندنەوەکانی دیکەی کەم‌و زۆر ئەو گەلانەی (عارەب‌و تورك‌و فارسی‌و کێ‌و کێ) هەمیشە یا ماوە ماوە وەکو ئێمە چەوسابێتنەوە، چەوساندنەوەیەکی لە هەموو قوڵتر،درندەتر، پڕ ئازارتر کە چەوساندنەوەی نەتەوایەتییە چەوساونیوتەوە، ئێمە ((تمیز عنصری))مان لەگەڵدا بەکارهێنراوە، هەوڵی لەناوبردنی بوونی نەتەوایەتیمان دراوە، ئەمە پاکتاوکردنی بوونە (سم الوجود) کە هیچ شتێ سەروو ئەمە ناکەوێتەوە.... بە ناوی (ئیسلامەتی) بە ناوی (مەزهەب)، بە ناوی برایەتی، بە ناوی هاوڵاتێتی‌و بە هەموو ناوێك‌و هەر لە هەوڵی لەناوبردنی تواندنەوەماندا بوون، ئێمە هەتا سەرەتای ((التقیە))ش- ئیستیلاقێکی شیعییانەیە، واتە خۆ حەشاردان‌و بیرو ڕای خۆ دەرنەبڕین بۆ ڕزگار بوون لە ((التهلکە))!- دادی نەدەداین‌و دادمان نادات، چونکە مەسەلەکە (بوون) یا (نەبوون)ە !{دیارە شارەزایی‌و ڕۆشنبیریی دینی ئیسلامی‌و بەتایبەتی هۆگری شەخسیم بە مێژووی شیعەو پیاوە ناودارەکانیەوەو بەتایبەتی ئیمامی عەلی‌و زانینی ئایات‌و حدیث‌و

به كورتى دەمو گفتى مەلايانە دەورى زۆرى بوو كە هەم سەرنجى كابرا ڕاكێشينو هەم زمانێكى هاوبەش هەبێ لە بەينماندا كە بۆ خۆى جۆرە لێكگەيشتنو دڵنياييەكو بيروڕايەك پەيدا دەكات}، بۆيە خەباتى ئێمە خەباتێكى نەتەوەييانەيە بۆ ڕزگار بوون لە زوڵمو چەوساندنەوەى نەتەوايەتى {كە ئێمە بە ماكو زەمينەى ئەستوور بوونو چارەسەر نەبوونى چەوساندنەوەكانى ديكەشى دەزانينو دەبێو وەكو ئەو هەموو مەخلوقە لە وڵاتى خۆماندا ڕزگار بينو سەربەخۆ بين، كەس حوكممان نەكاتو خێرو بێرمان نەبات، دەمانەوێ وەكو عارەب، تورك، فارس، ئەفغانى، گاورو جولەكەى ئەم دنيايە كيانو دەوڵەتو وڵاتى سەربەخۆى خۆمان هەبێت. نەتەوايەتى ئێمە نەتەوايەتيەكى ئيجابىو پێشكەوتوو دروستە، هيچ پەيوەندى نيە بەسەر ناسێوناليستى غەربىو ئەو بەندو باوانەى گروپى ئيسلاميەكان پێيان وايە كە دەست زەدەى ئيستيعمارو ئەوروپان دژى ئيسلام، ئەو قسەيە بۆ هەموو ميللەتانى تر جێى باسكردنە، جگە لە ئێمە بەم دەليلانە:

ا- بزووتنەوەى كوردايەتى لە ڕەحمى ئيسلامو دادگەريى ئيسلامەتيەوە كەوتۆتەوەو بۆ خۆى تەعبيرێكە لە بيرو باوەڕو ئاينێ كە كورد لە هەر ميللەتێكى ديكە زياتر ((تمسك)) بووە پێى، كە لە دوايى چوارەمين خەليفەوە{ دەفرانى ئەوان بە يەكەم خەليفەى دەزانن‌و اعتراف بە خەلافەتى ((ابوبكرو عومەرو عثمان))ناكەن، بەڵام وەكو سوننى مەزهەبێ وام نەوتايە دەيزانى كە بە درۆمەو دەمەوێ چاوبەستى لێ بكەم، هەرچەندە دواتر اشارەتم

بۆ نێزیکی مەزهەبی (شافعی)و جەعفەری کرد، کورد (شافعی)ن‌و ئەوەش کە کورد لەو مەسەلەیەدا تەنگە تیلە نین- بۆ نموونە حبیب حمە کەریم شیوعی بووەو کەچی سکرتێری ((پارتی)یش!- و جارو بار ئیشارەش بە قسەکانی ئیمامی عەلی .... بە هەر حاڵ ئەمانە ((فنیات))ی دیبلۆماسین‌و مەسەلەی ئسلوبە، هەر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست ئیشارەی پێ دەکەم، کە بەداخەوە بە گشتی هێزە سیاسییەکان‌و ئەوانەی بە کارو باری عیلاقات هەڵدەستن هەرگیز وەکو زانست‌و هونەرێ مامەڵەیان لەگەڵ ئەم لایەنە گرنگەی دیبلۆماسیەتدا نەکردووەو هەر بە ((تملق))و ساختەچێتی‌و چاوبەست تێگەیشتوون: بۆیە هەمیشە دیبلۆماسی کوردیی‌و حیزبە کوردیەکانیش سەرنەکەوتوو بووە: من لە ژیانمدا دوو کەسی زیرەکی وەکو (کاك ئیدریسی ڕەحمەتی‌و مام جەلال)م دیتوە کە زۆر شارەزاو لێ هاتوون بەڵام لە ڕووی دیکەوە یەك لەوی دیان (فاشل)تر دەیان بینم: چونکە کاك ئیدریسی ڕەحمەتی تا بڵێی موحافەزەکارو هەرزان فرۆشی {لە دەربڕینی خواست‌و داواو مەبەستەکانیدا} و بە جۆرێ خۆی ((طرح)) دەکرد کە بەرانبەرەکەی پێی وابێت ئەو کابرایە خاوەنی مەسەلەو قەزیەیەك نییە، هەر لێی گەڕێن بژی‌و تەواو.

ئاخر مەسەلەی میللەتێ وانییەو بەرانبەرەکەشت گومڕا دەکەیت، لە بیرم نەچێ ئەو ئسلوبە ببووە قوتابخانەیەك، ئەوەتا (صدام) دوو، سێ جار لە گێڕانەوەی چۆنیەتی پێکهێنانی بەیانی (١ی ئازاری ١٩٧٠) دەڵێ: (دارا توفیق)ی ڕەحمەتی‌و وەفدەکەی

بـارزانی مینگــه میتگیــان دەکــردو بــه شــەرمەوە داوای هەنــدێك (اصلاحات)یان دەکـرد، مـن پـێم ووتن(مەبەسـت ((صـدام))ە): بـرا ڕەپو ڕاست بیڵێن، من دەزانم ئێوە حوکمی زاتیتان دەوێو حەقتانـه حوکمی زاتیتان ببێ... ئەم مەسەلەیە زۆر شت ڕوون دەکاتەوەو ڕێم نییه به دوویدا بچم.... (مام جەلال)یش مـاڵی ئـاوا بـەرو پشـتی بـۆ نییه لای عارەب برا گیانی بـه گیـانیی عارەبـەو وا خـۆی پیشان دەدا کـه بۆیـه داوای هـەقی کـوردان دەکـات تـا عێـراق بـه بـێو خـۆی بـۆ (معارك الامه العربیه) تەرخان کات، که من پێم وایه بەرانبەرەکـەی یـا بـه بازرگـانێکی سیاسـی دەزانـێ، یـا بـه موغـامیرێکی سیاسـی، یـا خزمەتکارێکی عارەب یا لـه بنیی بڕوا پێ ناکات هـەر ئـەو مەبەسـته دەتوانێ وا دەرببڕێت که: برا کورد کوردەو عارەب عارەب، ئێمه قەت نابینـه عـارەب، میللـەتێکین هـەینو هـەمان هـەقی عـارەب هەیـەتی دەمانـەوێ، بـێ قـڕەو بـڕە ئـەو هەقـه وەرەگـرین لـه بەرژەوەنـدیی کوردیشـەو عـارەبیش، کـوردیش دەحەسـێتەوەو عـارەبیش خـەریکی ئامانجو ئەرکەکانی خۆی دەبێت، به ڕێیەکی وا کورد دەکەنه دۆسـتی خۆتانو هاوکاری (معاصر) ئەگین هەر دەبێ به ئێمەوە خەریك بێو ئێمـەش لێتـان دەبینـه مـووی نـاو لـووت... قسـەی وا حسـێبی گـوێ بیستی دەبێو بەرانبەرەکەشت وا لـێ دەکـات بـیر بکاتـەوە... یا هـەر ڕۆژەو لـه ئـاوازێ دەخوێنـێ، تـۆ بزووتنـەوەی ڕزگـاریی میللـەتێکی پێویسـتت بـه خـۆ سـاغ کردنەوەیـه کـەوا سـووری بـەر لەشـکریی دژایـەتی ڕۆژئـاواو ئیمپریـالیزمو کۆنـه پەرسـتیو ئـەم قسـه قـۆڕو قۆڕانـه، گـرنگ ئەوەیـه تـەرکیز بکەیتـه سـەر مەسـەلەکەی خـۆت،

دوژمـن کـەم کەیتـەوە، دۆسـت زیادکـەین وەك کـوێرە سـواڵکەرەی هەولێر دەست بگرێتەوە کێ دوو عانـەی تێخست ((نعـم الله))و خـوا نـەیبڕێ، مـن هـەقم چـییە (چـینو سـۆڤیەت) خیلافیـان هەیـە، یـا سۆسیالو دیموکرات چینو چی نین، یا ئەمو ئەو چی دەکـەن.... زۆر شتی دیکەش، من ئەمانە بـە ((تـواضـع))ەوە دەڵـێمو ئـیدیعای ئـەوە ناکـەم کـە لەوانـە پیتـۆڵ تـرم، بـەڵام ئەوەنـدە دەزانم ئـەو ڕێو شـێوازەی ئەوانـە کـوێرە ڕێـن، هەرچـەندە بـە ڕواڵـەتیش زیرەکیـی بنوێنێ، بەڵام لە ڕاستیدا بەدبەختییە ئەو مەسەلە زانستە هونەرەو بۆ خۆی دنیایەکی تایبەتە...

کورد لەو سەردەمانەوەو، لەدوای خەلیفەی چوارەمەوە لـەژێر باڵی داگیرکردنو چەوسانەوەدا بووە، بـەڵام هـەرگیز کـارو کـردەوەی ئەو بەناو خەلیفەو سوڵتانو شاو دەسـەڵاتدایەتییە ئیسلامیانە دڵـی لـە ئـاینو باوەڕەکـەیان سارد نەکردووەتـەوە، ئەگەرچـی هەمیشـەش داواکـاریی جێبـەجێکردنی گیـانی دادپـەروەری ئیسـلامەتیو رۆحو گیانی ئیسلام بـووە: لەمەوەیـە رابـەرانی بـیری نەتەوایـەتی کـوردیی سـەرپاکیان لـە (ئەحمـەدی خـانی تـا حـاجی قـادری کـۆییو مـەلای گـەورەی کۆیـەو سـیف القضـات)و ئـەوجا بنیاتنـەرانی فەرهـەنگو ئـەدەبی کـوردی لـە (مـەلای جزیـریو بابـا تـاهیری عوریـانو نـالیو مەحوی)و سەدانو هەزاران نـاوی دیکـەی مەشـخەڵی هـەڵگری بـیرو فەرهـەنگو پێشـەوایانی کۆمەڵگـەی کـوردەواری، مــەلای گــەورە گەورەو سۆفیو خواناسی گەورەی زەمانی خۆیان بوون. لـە قورئـانو حەدیسو کتێبە ئایینییەکانەوە بۆ کوردایەتی تێهەڵکشاون.

ئەمە ئەوە دەردەخات کە کوردایەتی ناسیۆنالیسی کوردی زادەو هەڵقەڵاوی کۆمەڵگەی کوردەواریو لە سەرزەمینو باوەڕی زۆربەی خەڵکی کوردستانەوە بووە، بە هیچ جۆرێ وەك ناسۆنالیستێتی عەرەب، تورك، یا فارس شوێندەستو سیمای بێگانە یا دژ بە ئیسلامەتی پێوە نەبووە. هی عەرەب جگە لەوەی رابەرایەتییە فکرییەکانی (کە زۆربەیان موبەشیرە مەسیحییەکان بوونو، رابەرایەتییە سیاسییەکەیان کە یەك لەوانەو هەرو دیاریان "عەفلەق"ە بۆخۆشی وەك بزووتنەوەیەکی زادەی دەستی ئینگلیز لە زەمانی حسەینی شەریفی مەککەو نەوەکانییەوە تا " آل سعود"و ئەوانەی دیکەیان دەکرێ بنەتۆوی رۆژئاواو غەربزەدەی تێدا بدۆزرێتەوە تا دەگاتە پێداهەڵگوتنی سەروەرییەکانی "عصر الجاهلی"یان..! خۆ "میللی گەرایی" فارسی هەر زۆر بەناوبانگە کە لە زەمینەی گێڕانەوەو گەڕانەوە سەر "امجاد"ی ساسانیو ئێرانی کۆن بووەو هەمیشە ئەڵتەرناتیڤێکی دژی ئیسلام بووەو، دووریش نییە ئەوە "رد الفعل"ی شۆڤێنیەتی عەرەبی بەناو ئیسلام بووبێت... تورکیای نوێو کەمالیزم بە ئاشکرا دژایەتی ئیسلامو ئیسلامەتییان پێوە دیارەو سیمای هەرە زەقی "تورکیزم"ە. تەنها کوردایەتی نەبێت کە چاکترین نموونەی شۆڕشەکەی " شێخ سەعیدی پیرانە" کە جگە لە داخوازیو داواکاریی سەربەخۆییو ئازادیی کورد یەك لە داواکارییەکانی گێڕانەوەی "خەلافەتی ئیسلام"ی بووەو هەر ئەو داوایە یا تۆمەتە هۆیەکی گەورەی سەرکوتکردنو گەلەکۆمەکردن بووە لێی. ئەوە تەنیا کورد بوو

لـەناو سـەرجەم میللـەتانی موسـوڵماندا خـوێنی بـۆ گێڕانـەوەی خەلافەتی ئیسلامی رشتووەو لە کاتێك لە هەر میللەتێکی دیکە پتر لـەژێر سایەی ئـەو خەلافەتـەدا چەوساوەتەوە، ئـەوە مانـای ئەوەیـە کورد جامیعـەی ئیسلامی دەوێ‌و مەبەستییەتی بـە مـەرجێ لـەژێر سایەیدا سەربەخۆو ئازاد بێت.

٢ – هەرچی رابەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی ئـەم سـەدەیەی دوایی‌و پێشتریش بووە، کە کوردایەتی سەردەم بە شۆڕشەکەی "شێخ عوبەیدوڵای نەهری" دەناسرێتەوە، هەر لە (شێخ عوبەیدوڵاو شـێخ سـەعیدی پـیرانو سـەید رەزاو شـێخ مـەحمودی نـەمرو شـێخ عەبدولسەلامی بـارزانو مـەلا مستەفای بـارزانو قـازی محەمـەد) یا شێخ یا مەلا یا سۆفی یا پیاوێکی دینیی کورد بـوون. هـەتا ئـەمڕۆش کە قسەی تێدا دەکەین جووتە رابەرایەتی هـەردوو هێـزە گەورەکـەی خـوارووی کوردسـتان مەلازادەیـەك‌و شـێخ زادەیـەکن کـە (کـە کـاك مەسعودو کاك ئیدریس‌و مام جەلالی شێخ حسامەدینی تاڵەبانییـە)و هـەتا لـە سـەدا نـەوەدی سـەرکردایەتی‌و کـادرە پێشـکەوتووەکانی حیزبـی دیمـوکراتی ئێـران مـەلاو فـەقێ بـوون، ئـەوە (شـێخ عیـزەدین)یش مـەلای دوازدە عیلمـە... ئەمـە بـەهیچ جـۆرێ لـە بزووتنـەوەی رزگـاری‌و نەتـەوەیی هـیچ میللـەتێکی موسـوڵمانی بەرچـاو ناکـەوێت... بۆیـە ئیـدیعای ناسیۆنالیسـتی غـەربزەدەگی‌و دوورکەوتنـەوەی کـوردو بزووتنەوەکـەی لـە سـوننەت‌و بـاوەڕی کۆمەڵگـەی کـوردەواری‌و هـەموو بەنـدو بـاوێکی دیعـائی دژی کوردایـەتی لـە بنەڕەتـەوە ناتـەواوەو ئـەو سـەرنجانە یـا بـەدگومان‌و

"مغرض"انەن یا سەرنجی شۆڤێنیانەی "باالقوة"ی دژی کوردایەتین، یا سەراوبنیو بێ ئاگایین.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئیدعای ئەوە ناکەین کە بزووتنەوەکەمان بزووتنەوەیەکی دینی یا مەزهەبییە، بەڵام بە تەئکیدو بێگومان دژی دینو سوننەو ئیسلامەتی نییە. تەبیعەتی بزووتنەوەکەمان نەتەوایەتیو سیاسییانەیەو، داواکاریی کۆمەڵانی خەڵکە بۆ (رزگاریو سەربەخۆبوونو رزگاربوون لە حوکمی بێگانەی داگیرکەری چەوسێنەرەوە) هەرکەسو لایەك بێت کە خۆشبەختانە هەر هەمووانیان نادینیو نا ئیسلامیو نا مەزهەبین. بزووتنەوەکەی ئێمە دینیی نیە چونکە ئێمە لەڕووی دینو مەزهەبەوە ناچەوسێنرێینەوەو ئەو داگیرکەرانە نایانەوێ بمانکەنە جوو یا گاوور یا لە دین لامان دەن، بەڵکو زۆر جار وەكو عامیلێکی هێورکردنەوەو لە خشتەبردنو ساناکردنی چەوسانەوەمان بەکاردێنیو، بەناوی برایەتیو پەیوەندی مێژووییو هاودینییەوە دەمانچەوسێننەوە. ئەو داگیرکەرانەمان دەیانەوێ لە (کوردێتی)مان بخەنو بمانکەنە عەرەبو تورکو فارسو، دەیانەوێ هەویەی قەومیمان لێ بستێننەوەو "مسح"مان بکەن. بۆیە حەتمەن ململانێو جەنگو داواکاریمان، ململانێو جەنگو داواکاریی نەتەوەییانەیە... داواکاری نەتەوەییو سیاسیانەش شتە هەنووکەییەکانی رۆژانەو "عیلمانی"یە بۆیە "طابع"ی عیلمانیەت بەخۆوە دەگرێت. هەر لەبەر عیلمانیەت بوونی لە رەوایەتی ناکەوێ، بەتایبەتی لەبارەی سەرنجی ئیسلامیەکانەوە، ئەدی بۆ بەو

جۆره ئێـوەو كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران پشـتگیری‌و پشـتیوانی لـه خـه‌باتی خـه‌ڵكی (نیكـاراگوا) ده‌كـه‌ن. خـۆ ئه‌وانـه هـه‌م گـاورن هـه‌م بزووتنه‌وه‌كه‌یان عیلمانییه‌و هه‌م (چه‌پ‌و ماركسی)شن!؟!

بـــه كــورتی خـــه‌باتی نه‌تـــه‌وه‌ی كــورد بــۆ یه‌كخســـتنه‌وه‌ی ولاته‌كه‌یه‌تی كه ئیستیعمار پارچه پارچـه‌ی كـردووه‌و ئـه‌و واقیعـه‌ی ئـــه‌مڕۆ واقیعێكـــه ئیســـتیعماری ئینگلیـــزی‌و فه‌ره‌نســـی به‌ســـه‌ر نه‌ته‌وه‌كـه‌ی ئێمه‌یانـدا سـه‌پاندووه‌و ئـه‌و حكومه‌تـه ده‌سـتكردانه‌ی ئـــه‌وان میراتگـــرین‌و لـــه ئیســـتعماره‌كه خـــراپتر‌و دڕندانـــه‌تر ده‌مانچه‌وسێننه‌وه.

(زۆر له‌ســه‌ر ئــه‌م باســه ڕۆشــتم‌و "عــرض"ێكــی مێــژوویی دابه‌شكردن‌و داگیركردنی كوردستانم كـردو بـه پێویسـتی نـازانم ئـه‌و قه‌وانـه‌ی هـه‌مووان ده‌یـزانن لێـی بده‌مـه‌وه، بـه‌ڵام گـرنگ ئه‌وه‌یـه "عرض"ه‌كه به‌و جۆره بێت كه فسكه له‌وان ببڕی‌و جێـی گومـان بـۆ ناڕه‌وایـه‌تی ئـه‌و دابه‌شـكردن‌و داگیركردنـه به‌رده‌وامـه‌ی حاڵه‌ته‌كـه نه‌هێڵییه‌وه).

كـــورد ده‌یـــه‌وێ وه‌ك ئـــه‌و میللـه‌تـــه موســـوڵمانانه‌ی دیكـــه سـه‌ربه‌خۆو ئـازاد بێـتو، كیـان‌و ده‌وڵـه‌تی خـۆی هـه‌بێت. لێـره‌دا ده‌كرێت كورد لـه مـه‌ودای خـه‌باتی خـۆی بـۆ پێكهێنـانی (جامیعـه‌ی ئیســـلامی)و (ده‌وڵـــه‌تێكی فیدراســـیۆنی ئیســـلامی) یـــه‌ك بخـــاتو به‌شـداری بكـات بـه‌و مه‌رجـه‌ی لـه‌و چوارچـێوه گشـتییه‌دا به‌سـه‌ر ولاتو سامان‌و ده‌سه‌ڵاتی خۆیدا رابگاتو، كه‌س په‌لی بـۆ نه‌هاوێـژێ‌و ته‌ماعی تێ نـه‌كات... چونكه ئـه‌وه جـه‌بری مێـژوو و سـه‌رده‌مه كه

کیياناتی گەورەتر دەتوانێ خۆی راگرێو بەرژەوەنـدیو هـەقی خـۆی پێکبهێنـێو دنيـا بـەرەو کیياناتـی گـەورەو تەکـەتولاتی جوگرافيـايی دەچـێ، بـۆ میللـەتانی موسـوڵمانیش لەسـەر بناغـەی بەرابـەریو یەکسـانیو چـوونیەکی خیـاری (جامیعـەی ئیسـلامیو دەوڵـەتی فیدراسیۆن یا کۆنفیدراسیۆنی ئیسلامی) کە پێکهاتبێ لە دەوڵـەتانی سەربەخۆو ئازادی میللەتانی موسوڵمان لە پێشەوە...

ئەمە مەسەلەیەکە کـە گروپـە ئیسلامیەکان بـە هۆشـی کـراوەو واقیعبینیو عەصریانەو بە سوودوەرگرتن لـە تاقیکردنـەوەی دنیـاو سـازدانی زەمینـەی مـاددیو فیکـریو پێکهـاتنیو ئیمکـانبوونیو بەردەوامێتی ئەو ئەرکە ئاڵا هەڵگری بـن... ئـەوەش بەگەڕانـەوە بـۆ صیغە "متحجر"و باونـەماو و بەسەرچـووەکانو "عمومیـات" پێـك نایـەت: وەرن هـەموومان موسـوڵمانینو فـەرقو جیاوازیمـان نیـەو تەواو، ئا بەمە هەرگیز پێك نایەتو کەسێ نیە گوێی بـداتێ چـونکە چـواردە سـەدەیە ئـەو دەوڵـەتو حکومەتـە بـەناو ئیسـلامیانەی [ ئەمـەوی، عەبباسـی، عوسمـانی، سـەفەوی] هـەر وايـان وتـووەو لـە بەدبەختیو چەوساندنەوەی زیاتری لێ شین نەبووە. میللەتان شـتی بەرهەستو "محدود"و دیاریان دەوێت... شتێ کـە بەدەسـت بگـیرێو بە گیان هەستی پێ بکـەنو بـە هـۆش "منطـق" بچـێ. کـەس ئامـادە نیـە تـاقیکراوەی هـەزارو چـوار سـەد سـاڵە بـە هەڵـەو درۆ دەرچـوو تـاقی بکاتـەوە. بـۆ ئەمـە بـەر لـە هـەموو شـتێ هێـزو گروپـە ئیسـلامیەکان لەسـەریانە دیـدو ئایـدیۆلۆجیاتو بۆچـوونو وورد ووردو "جـامعو مـانع"ی خۆیـان بەرانبـەر مەسـەلەی نەتەوایـەتیو

ئیختیـــاراتو ســـنوورو ڕێو شـــوێنو شـــێوەو جـــۆرو تـــەرتیباتی پەیوەنـدیی ئەنتەرناسیۆنالیستانەی ئیسلامی بـە ئاشـکراو روونـیو خـاڵ بـە خـاڵ بـە فـاریزەو نوختـەوە دەربـڕن... تـا ئایدیۆلۆجیـەتی ئیسلامی بتوانێ لە نێوان ئەو ئایدیۆلۆجیاتانەی تـردا شـوێنی خـۆی بکاتـــەوەو ببێتـــە ئایدیۆلۆجیـــەتی بزووتنـــەوە رزگاریخوازەکـــانی میللەتانی موسوڵمان... ئەوجا مەسەلەی (کۆمەڵایەتیو چینایەتیو ئـــابوری)و ئازادییـــەکانی مـــرۆڤو "همـــوم"ی ســـەردەمی مـــرۆڤ لـــە چوارچێوەیەکی فکریو تیۆریدا دەربڕنو، دەبێ بە چۆرێکیش بێت "استجابە"ی داواکاریو خواستەکانی کۆمـەڵانی خـەڵکی بێت. تـەنیا بەم رێگەیەیە کە بزووتنەوەو کۆمەڵانی خەڵکی موسوڵمانی دنیا لە "اغتراب"و گـەڕان بـەدووی "بـدائل"ی دیکـەدا بگێڕنـەوەو ئیسلامو ئیسلامیەت بکەنەوە بە ئایدیۆلۆجیاتی ئـەو خەڵکـە... ئێمـە پێمـان وایـە "تحجـر"و غشـاوەتو تـرسو جمـود" بوونەتـە کۆسـپی رێـی دەربڕینێکـی وا ئـەگینا ئیسـلام لـە دەروونو جەوهـەردا "بـالقوە" ئەوانـەی بـە زیـادەوە تێدایـە. ئەمـە جـەنگێکی عەسـرییەو چـەکی عەسـری دەوێـت. ئیسـلام مـادەی خـامی ئـەو چـەکەو کاریگـەرترین چەکی پێیە بەڵام وەستاکانی وەسـتا نـین!... فـەرمون ئـەو "صحوە" ئیسـلامیەی هەیـە نـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بۆچـوونی وردو عەصـرییە جەریئەکانی چەند رابەرێکی ئیسلامیی گەورەی دیاری وەك "حسـن البناء و سید قطبو علی شریعەتیو شەهید محەمەد باقر ألصدر"و هەندێکی دیکـەی تـرو لـە هـەموویان دیـارتر "محمـد بـاقر الصـدر" بووە کە تەکانی بەو مەسیرە چەقیوە داوە، ئەمە بەردەوامیو تەکانی

دیکەشی دەویٚ. ئێمە پێمان وایە گەورەترین و قوڵترین مەسەلەیەك مەسەلەی نەتەوایەتییە کە دەبیٚ پیاوانی ئیسلامی و گروپ و هێزە سیاسییەکانی بە ئاشکراو "جذری" و هەموو "شمولیە" تێکەوە باری سەرنج و چارەسەری ئیسلامیانەی لیٚ دەربڕن... مەسەلەی کورد یەکجار نەموزەجییە هەم وەك حاڵەتێکی فیعلی و واقع و هەم وەك مەیدانێکی فکری و نەزەری. لەسەرێکی دیکەوە کورد وەك و میللەتێکی (٢٥) ملیۆنی داگیرکراوی دابەشکراو لەو مەوقیعە جوگرافییەدا بۆ کارێکی وا هەم لەڕووی حەرەکی و فیعلییەوەو هەم وەك و زەمینەیەك بۆ بنە تۆوێکی ئیسلامی ئەوتۆیی دیسانەوە نموونەیی و بیٚ هاوتایە... لێرەوەیە ئێوە وەك و (حیزب الدعوە) لەبەردەم مەسئولیەتێکی گەورەی مێژوویی و ئیسلامی و ئینسانیدان و دەتوانن ئەو سەروەرییە بۆ خۆتان بپچڕن.

ئێمە لەم بارەیەوەو لەسەر بناغەی داننان بە مافی بیٚ چەندوچوونی چارەنووس بە سەروەری و رزگاری و نەتەوایەتیشەوە ئامادەی هەموو هاوکارییەکیشین لەگەڵتانداو، پێشمان وایە هەر کارێك یەکەم بەوە دەست پێدەکات ئێوە هەڵوێستی فکری و تیۆری لەمەڕ مەسەلەی نەتەوایەتی بە گشتی و مەسەلەی کورد بە تایبەتی دەربڕن. ئەمەش ریٚ خۆش دەکات بۆ:

١ – نزیکبوونەوەو ئاوێتەبوونی هێزەکانی کوردایەتی و ئیسلامی لە کوردستان و عێراقداو لە ناوچەکە. چاکترین و کاریگەرترین چەکی رمانی رژێمی بەعسیشە.

٢ – لەمەوە دەور بینینتان نەك هەر بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕو

خوێنڕێژی ناموجەب لە کوردستان بەڵکو بۆ ئاپورەدانی خەڵکی کورد لەو پارچەیەو هەموو پارچەکانی دیکە لە ئیسلامو کۆماری ئیسلامی ئێران. دیارە ئەوەش بە داننان بە هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردو خواستەکانی کۆمەلأنی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

٣ – یەکخستنی "تەیاری ئیسلامی"و کوردایەتی لە ناوچەکەدا کە خەریتەی سیاسی ناوچەکە دەگۆڕێو زەخمی (٢٥) ملیۆن کورد لەو مەوقیعە جوگرافییە هەرە گرنگەشدا بۆ سەر زەخمی (تەیاری ئیسلامی) ئێمە وەك بەرنامەی دوورو ستراتیجی ئامادەین لەسەر مەسەلەی "کۆمارە فیۆراتیقیە ئیسلامییەکە" وەك بەدیلی هەموو "طرح"ەکانی دیکە لە جیهانی ئیسلامیدا باس بکەین، لەسەر بناغەی ئەوەی ئەو میللەتانە هەر یەکەو کۆماری ئیسلامیی سەربەخۆی لە سنووری خۆیدا هەبێت لە چوارچێوەی کۆمارێکی یەکگرتووی فیدراسیۆنی ئیسلامیدا. لەم بارەیەوە تاقیکردنەوەی شوورەوی زۆر گرنگە وەك نموونەیەك لەبەرچاو بگیرێت، بەلأم "خلاق"انەترو فراوانترو کراوەتر، ئیسلام گەر یەکێکی وەكو (لینین)ی بۆ هەڵکەوێ لە (مارکسیزم) چاترو زیاتری لێ دەوەشێتەوەو کە داهێنانێکی ئەوتۆ لە جیهانی ئیسلامی، لە چوارچێوەی ئیسلامەتیدا بکات. [ئەم خاڵەم بە دوورو درێژیو بە بەراوردکردنەوە باس کرد لەمەش زیاتر کاتم دەگرێ بۆیە لە شوێنێکی تردا دێمەوە سەر باسکردنی وەكو "طرح"ێکی نەبیستراوی ـ بەداخەوە!! ـ ئێمە].

ئێمە وەكو پاسۆك لەگەڵ ئێوەو هەر گروپێكی ئیسلامیدا لەسەر ئەو چوار خاڵەی خوارەوە ئامادەین رێكەوینو هاوكاری بكەین:

١ – كوردو ئیسلامو حوكمی ئیسلامی بەپێی قورئانو شەریعەتی ئیسلامی قەبوڵە كە لە یەك دێڕدا كۆی دەكەینەوە (تحليل ما علل الله و تحريم ما حرمه الله).

٢ – كورد مافی یەكگرتنەوەو سەربەخۆییو ئازادیی لە سەرتاسەری وڵاتەكەیدا كە كوردستانە هەیبێت.

٣ – تا ئەو رۆژەی كۆمارێكی فیدراسۆنی ئیسلامیی یەك پارچە دروست دەبێت، چۆن عەرەبو توركو فارسو هەموو موسوڵمانانی دیكە دەوڵەتو كییانی سیاسی خۆیان هەیە، كوردیش ئەو مافەی بۆ بەدیهێنانیو پشتیوانی لێ بكرێتو، كەی هەمووان بوونە یەك كوردستانیش وەكو كۆمارو ناوچەیەكی سەربەخۆی زاتیی بەسەر یەكەوە دەبێتە بەشێ لەو كۆمارە فیدراسۆنە ئیسلامییەو هاوسان لەگەڵ ئەوانی دیدا مافی خۆ بەڕێوەبردنی هەیە.

٤- تا پێكهاتنی ئەو ئامانجە، وەك ئامانجێكی ئانیو مەرحەلی لە (عێراق)دا كورد لە چوارچێوەی كۆمارێكی ئیسلامی عێراقیدا لە (جبل الحمرين) بەرەو ژوورو لەسەر هەموو خاكی مێژوویی خۆی مافی بەڕێوەبردنی (سیاسی، ئیداری، كۆمەڵایەتی، ئابووری) خۆی هەیە.

ئەوجا هاتمە سەر باسكردنی شیكردنەوەی بوونی "تیارات"ی فكریی جیاجیاو هەتا نا ئیسلامیو ئیلحادانەش لە كوردستانداو

له نێو بزووتنەوەی گشتیی کوردایەتیدا، بە کورتی بەوەم شوبهاند، کورد وەك‌و خنكاوێ وایە دەست بۆ چڵە پوشێك دەبات، لە بەرانبەر چەوساندنەوەیدا وابێت لە نێوان جەنگ‌و ململانێی (مان‌و نەمان)دا خۆشاراویش لە شەیتانیش دەکات! بۆیە هەمیشە مەسەلەکان "مقرض" بۆ "استغلال" کردن‌و بەهەڵەدا بردنیش، ئەوە زیاتر مەسئولیەتی دەوڵەتی ئیسلامییە [ئەگەر بە راستی پەرۆشی ئیسلامەتین]و ئەو گروپە ئیسلامیانەی [بە تایبەتی ئیسلامییە عێراقییەکان] کە بە بەرچاو روونی‌و باخەڵ فەرحی "طرح"ی پێشکەوتوو و لەبارو لە هەموو "طرح"ەکان نێزیکتر لە خواستی رەوای میللەتەکەمان ئەو واقیعە بگۆڕن... زۆر نموونەم بۆ هێنانەیەوەو قسەم دەربارەی زۆر شتی دیکەش کرد.

کاك فەرهاد عەبدولقادر شایەتە ئەگەر شایەتی هەق بدات! لەسەر ئەو مەسەلانە گفتوگۆیەکیان هەڵنەسانەو سەرپاکیان بە "اعجاب"ەوە دەسەلماندو، بە دەنگێکی نوێ‌و بە هەق‌و راستگۆشیان دادەنا. ئەمە بووە بەردی بناغەی پەیوەندییەکی زۆر توندو تۆڵ لەگەڵ "الدعوه"دا کە بەداخەوە ئەوەی چاوەڕوانیی ئێمەی هەڵتەکاندو نەیهێشت ئەم سەرەتایە ئەوی لێ چاوەڕوان دەکرا بێتە بەرهەم ئەم هۆیانە بوون:

١ – ئێمە لە بۆچوونی وا "جريء"و راست‌و دڵسۆزانەدا تازە باڵ بووین‌و، هێزەکانی دیکە یا ئەوتا هەر ئەشەدوبیلایان دەکێشاو سەرگەرمی خارو بار بوون‌و رەدوو کەوتبوون، دوژمنی کوێر کوێرانەی ئیسلام بوون‌و ورکی سوود وەرگرتنیان لە هەلی رەخساوی

سەر هەڵكردووو قەبەبوونی "تەیاری ئیسلامی" نەدەكردو، ئەوان پێش ئەوی كورد بنو بە دووی پێكهێنانی سوودی كوردایەتی بەپێی واقیعیاتو "معطیات"ێكی لە ناوچەكەدا هاتبووە پێش بگەڕێن. كە سوورو شینو زەردو سەوزو بوون. بەداخەوە ئەوانە بێستان ڕن بوونو كاڵەك خۆر نەبوون.

٢ — لاوازی ئێمەو تەئسیری مەحدودمان لەسەر رووداوەكان ئێ دنیاش چاو لە هێز دەكات.

٣ — پاش ئاژاوەی هەلاتنی "فەرهاد عەبدولقادر"و گێرمەو كێشەی نێو خۆمانو تاك باڵیو نەبوونی كەسانێ بۆ موتابەعەی كارەكان شتەكانمان بۆ نەبرایەوە سەر یەكو بۆ نەدەچووە سەر یەك.

٤ — ئێرانیەكان دەستیان خستبووە ناو "الدعوە"و ئەو فەقیرانەیان داغان كردن...

٥ — هەستی شۆڤێنیەتی ئێرانیانو بەرچاو لێڵیو نابینایيان بەرانبەر مەسەلەی كوردو عەكسیی بوونەوەی ئەوەش بەسەر گروپو هێزە ئیسلامیەكانی دیكەدا كە وابەستەو نان بخۆری ئەوان بوون، یا هەرنەبێ تاكە داڵدەدەریان بوون كە هۆیەكی گرنگو گەورە بووە كە هێزە ئیسلامییەكان هەمیشە وەكو پاشكۆی سیاسەتی ئێرانی (وئای لەو سیاسەتە چەوتەش!) بن.

٦ — هەستی دژایەتی هەرچی ئیسلامییەو گومانو قاوی نادروست لەم بارەیەوە كە ئەویش مەسەلەی شەڕ لە كوردستانی ئێرانداو هەڵوێستو سلوكی رەسمیی ئێرانی بەرانبەر كوردو

مەسـەلەکەی ئەوەنـدەی دیکـە سـڵەمینەوەو گومـانی لـە هـەموو شتێکی ئیسلامو ئیسلامەتیو ریشداری قەبـەتر دەبێتو زەمینـەی بیرکردنەوەی لەم بارەیەوە هەتا ئەگەر بۆ سوودی خـالیس خالیسی کوردایەتی بوایە، لە بین بردبوو.

بەهەر حـاڵ ئێمـە ئـەو رۆژانـە وامـان کـرد بـەڵام بـەفیڕۆ چـوو، ئەگەر چی وەکو دەرسێ هەر دەمێنێت.

کاکە (محەمەد شەوقی) پێش ئێمە گەڕایەوەو منو کاك فـەرهاد عەبدولقادر (کامەران، لەمەودوا بەو ناوەوە ناوی دێـنم کە نـاوی یا نازناوی ەا پێ ناسـرابوو لـەناو پێشمەرگەداو خۆشـی ئـەو نـاوەی بـۆ خۆی هەڵبژارد. کە هاتینـە دەرێ منـیش هـەر بـە (ئـازاد) نـاو، نـاوم رۆیشتو رۆشتووە. ئەمەش تەقریبەن ببووە عادەتو سونـنەتێ لـەم شۆڕشـە نوێیـەدا کـە جۆرێـك بـوو لـە هەویـەو نـاوی خۆشـاردنەوە چونکە حکومەت هەم بـۆ تـەعقیبی کەسـەکەو گرتنـی کـەسو کـارو عەزییەتـــدانی کـــەسوکاری پێشـــمەرگەو خەڵکـــە بەرچـــاوەکان سـابیقەیەکی کـەم نموونـەی لـە رژێمـە داگیرکـەرو پیاوکوژەکـان گرتبووەبەر.

پاش ئەوەی نامەیەکیان لە کاك (ئیدریس بارزانی) وەرگـرت بـۆ کاك (مەسعود) تـا بچینەلای، هـەم جـۆرێ لـە پەیوەنـدی (محدود)و نهێنییـان لەگەڵـدا ببەسـتین ـ بۆیـە نهێنـی لەبـەر ئـەوەی نـەدەکرا ئێمـــە لـــەژێر رەحمـــەتی "یـــەکێتی"دا بـــووینو پەیوەندییـــەکی ئەوتۆشمان لەگـەڵ پارتیـدا هـەبێت. ئـەوان ئـەو رۆژە تاکـە پێوانـەی پەیوەندیو دۆسـتایەتیو دوژمنایـەتییان لەسـەر هەڵوێسـتو "هـەتا

نەزەریش بوایە" لە "پارتی" وەردەگرت ـ و هەم هەوڵی کۆمەك‌و یارمەتیدانێکیان لەگەڵ بدەین، چونکە ئەو رۆژانە کاك ئیدریس لەبارێکدا بوو نەیدەتوانی یا نەیدەویست هیچ جۆرە شتێ بەبێ کاك مەسعود بکات، لەبەر ئەوەی تازەو زۆر نەبوو کە توانیبووی بەرەکە لەژێر پێی کاك سامی‌و رێبەرایەتییە کۆنەکەی (ق. م) دەربهێنێ‌و نەخشەیەکیان کێشابوو یا وا تصەوور دەکرا ، کێشرابوو بۆ دابڕاندنی کاك ئیدریس‌و مەسعود، بەگژ ئیدریس کردنەدا تێکبدات... ئەوەبوو کەسێکی خۆیانی خستینە تەك کە بێ ئەوەی کەس بزانێ یەکسەرو راستەوخۆ بمانگەیەنێتە لای کاك مەسعود لە ماڵەکەی خۆی لە (سلیڤانێ) نەك لە (راژان)ی بارەگای مەکتەبی سیاسی (پارتی).

دەمەو نیوەڕۆ گەیشتین، دیارە جگە لە نامەکەی کە بە خۆمان بوو، نامەیەکیشی دابووە چاوساغەکەمان. ئەوەندەی نەبرد کاك مەسعود هات‌و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین، ئەوساو ئێستاش کاك ئیدریس‌و کاك مەسعود هەیبەت‌و رێزێکی تایبەتییان لام هەبوو کە تێکەڵاو بە خۆشەویستی‌و رێزی خەبات‌و مەکانەی ئەو بنەماڵەیە بوو، هەر هەمووشی لە "أعجاب" شەیدابوونی بە شەخصییەتی بارزانی رەحمەتی، ئەگەرچی وەك دەورو مەسئولییەتێکی ئەخلاقی هەرگیز نەمهێشتووە ئەوانە تێکەڵاوی سوودو بەرژەوەندی‌و تایەتکاری (پاسۆك) بن، بەڵکو هەوڵم داوە بۆ سوودی حیزب بەتایبەتی‌و کوردایەتی بەگشتی بەکاریان بهێنم. خوا هەڵناگرێ جارێ یا دوو جارێ گرژی کاك ئیدریسی لێ دەرچێ ئەوان برایانەش حورمەتیان گرتووم‌و بەوەیان زانیوە.

پــاش ئــەوەی خۆمــان ناســاندو باســێکی کــورتی حیــزبو بیروباوەڕەکەمانم بۆ کرد، ئارەزووی نێزیکیو هاوکاری لەگەڵیانداو دەربڕینــی مــەوقیعو مەکانــەتی ئــەوان "وەك مێــژوو بنەماڵێــەك" بەجۆرێ کە وامان پیشان دەدا کە خۆیو کاك ئیدریسو بنەماڵەکە بـۆ ئێمـە جیاوازن لەگـەڵ "پـارتی". بـەڵام پـارتی وەكو حیزبێکو ئێمەش وەكو حیزبێ حەزبکەینو پێویستیشە بناغـەی پەیوەنـدیو هاوکارییەکی ستراتیژییانە داڕێژین، بـەڵام ئـەوان وەكو رابەرایـەتی مێـژوویی بزووتنـەوەی کوردایـەتی لـە خـوارووی کوردستاندا بـەلای ئێمـەوە شـتێکی تایبـەتینو بـۆ ئێمـە "احـراج"ی نییـە رێـزی بـرا گـەورەیان لێ بنـێین. دیـارە ئێسـتا کـە شـتەکان دەگێڕمـەوەو ئەوسـا درکم بە هەموو سەرو دەرەی مەسەلەکان نەدەکرد، دەزانم کە بەشی هەرە زۆری لەبەر دڵدا خۆش بوو [ئەگـەر بـە دەستبڕی نـەزانیبایـن، چــونکە خــەڵکی دەســتبڕو ماســتاو ســاردکەروەی لــەو نەوعانــە دەوروکـێنو حەتمـەن لـە شـۆڕی ئـەیلولو ئـەو ساتانەشـدا تووشـی خـەڵکیی وابـوونو دەسـتیان بـەزۆر ئـاگردا چـزاوە، بـەڵام حەتمـەن دواتــر "مصــداقییەت"و "تواضــع"و راســتگۆیی ئێمــەیان بــۆ دەرکەوتووە... من ئـەوە وەك "تصـور"و ئیحتیمـالێ هەڵدەسـەنگێنم بەڵام ئیحتیمالی هەرە گەورە پێچەوانەی ئەوەی دەردەخست]. بـەس کاك مەسعود هەم وەك سەرۆکی پارتیو ئیلتیزامی بە پـەیڕەوکردنی ئوسوڵی حیزبایەتیو جۆرە دیموکراتییەكو بەشداریی هەڤاڵەکانی ـ هەرنــەبێ ســکرتێرو مەکتــەبی سیاســی ــ لــە هەنــدێ بڕیــار یــا ئاگادارکردنــــەوەیان لــــە شــــتەهایەکی پەیوەنــــدی بــــەو جــــۆرە

پەیوەندیانەوە هەبێتو هەم ئەو " عقدة النقص و عقدة الذنب"ەی لـە نـاوخۆو لـەدەرەوەو لـە دەوروبـەرو بارەکـە لـە رویانـدا بـەوەی گوایــە (ســەرۆك بــارزانی دیکتــاتۆر بــووەو بــاوەڕی بــە حیــزبو حیزبایەتی نەبووەو عەشایەریو عەشایەریچێتیو بارزانچێتیو ئـەو بەندوباوو بەسەردەمانەوەی کە زۆر جاران لـە شـێوەی "کلمـه الحق یـــراد بهـــا الباطـــل" وەك گازنـــدەو پڕوپاگەندەیـــەکی سیاســـی "مغرض"انه دەیانکردە بنەمای شکستی شۆڕشی ئەیلوول، کـە تـەنها هەر ناحەزەکانیان ئەوەیان نەدەکرد بەڵکو ئەو کەسانەی کـە لـەژێر باڵیاندا بوونو ئەندامانی رێبەرایەتی "پارتی" بوونو لە هەڵگرتنی مەسـئولییەتی شکسـتو هـەرەس، هـەموو دەسـتە چـەورەکان بەسـەر سەرۆك بـارزانیو بارەگـای بـارزانیو جاروبـار بەسـەر بنەماڵەکەیـدا بسوون!! کە ئەوانە لە فەزای حاڵی راستبوونیشیاندا تـەنیا تـوێکڵو شـەبەنگی دیاردەکەیـە، دەنـا نـاوەرۆكو جەوهـەری و هـەر لـەبنی مەسەلـەکان سەرنجدانی بابەتیانـەی دەوێ، بـەڵام تـازە بـۆ ئـەو ببـوە (عقدە)یەكو دژی ئەو سـەرەتا یاساییەی دەڵـێ "المـتهم بـريء حتـی یثبـت ادانتـه" بـۆ ئـەوانو هەنـدێ جـار بـۆ خـەڵکیی دیو لـەبارو بابـەتی دیکەشـدا ئـەوە دێتـە پێشـەوە "الرجـل مـتهم حتـی یثبـت برائتـه" یــا هەمیشــە پێویســتیی تۆمــەت لــە خۆتەکاندنــەوەو خۆخستنە قەفەسی "اتهام"و بەرگری لەخۆکردن ــ ئەگـەر کەسـیش ئەمەم بۆ نەسەلمێنێ ئەوە قەناعەتی خۆمەو بەڵگەم هەیەو لەسەر زەمینەیەك قسە دەکەمو ئینشائەڵا لە شوێنێکی دیکەدا دێمەوە سەر بــاسو شــیکردەوەو رونکردنــەوەیو ئــەو سەرنجامانەشــی لێــی

کەوتوونەتەوە بە پێچەوانەی کاك ئیدریسەوە کە دەقاو دەق ڕێك وەك‌و سەردەمی "بارزانی" ڕەحمەتی لێیدەخوڕی‌و گوێشی بە هیچ نەدەدا. بۆیە دەبێ "تحفظ"ی لە بۆچوونەکانی ئێمە بووبێت، با هیچیشی دەرنەبڕیبێت بەڵام لەوەیدا کە ئێمە لەبەر هەندێ زروف‌و زەروریەتی ئەمنی‌و درزنەبردنی ئەو پەیوەندییە لە ترسی "یەکێتی" ئیلحاحی ئەوەمان دەکرد کە ئەو پەیوەندییە لە سەرەتاوە هەر لە نێوانی ئێمەو ئەوو کاك ئیدریسدا بهێڵرێتەوە نەبادا بدرکێندرێ‌و دەربچێ‌و تووشی گاشەیەکمان بکات لەگەڵ "یەکێتی". بەڵام ئەوەی پێ ڕاگەیاندین کە ئەوان پارێزگاری نهێنی ئەو پەیوەندییە دەکەن‌و لە زرووفی ئێمە دەگەن بەڵام دەشبێ هەرنەبێ لای سکرتێر "کاك عەلی عەبدوڵڵا"و یەك دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی باسی دەکات‌و ئەوانیش لە بڕیاری کۆمەك پێکردنماندا دەبێ بەشداربن، ئیدی "ئیلحاح"ی زیادە جۆرێك دەبوو لە "تشکیك" کردن بە هەڤاڵەکانمان... بۆیە ڕازی بووین. وامان دانا بە نامە ئاگامان لە یەکتر بێت وەك لەوەی یەکتری ببینین چونکە هاموشۆکردن زۆر ترسی پێزانینی ئەو پەیوەندییەی تێدایە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو ژمارەی سندوقی پۆستێکی لە مهاباد داینێ‌و ئێمەش سندوقی پۆستەکەی خۆمان دایە ئەوان‌و هەر یەکەو ناوێکی تایبەتیشمان بۆ خۆمان دانا.

پاش بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر چەند خاڵێك ڕێکەوتین کە لە پێشی پێشەوەیان ئامادەیی ئێمە بوو بۆ یارمەتیدانیان بۆ بڵاوکردنەوەی بەیان‌و نووسینی درووشمی ئەوان لەسەر دیواری

شـــارەکانداو هــەتا یارمەتیــدانیان لـــە پێکهێنـــانو دروســـتکردنی ڕێکخسـتنێکی حیزبیـی لـەو کەسانەی سـەر بـەوانن لـە شـارەکانداو کۆکردنــەوەی خــەڵکان بــەو ئیعتیبــارەی دەســتی ئێمــە کراوەتــەوەو ڕێکخســتنەکانی ناوشاریشــمان نیســبەیان چــاکە. بەڕاســتی ئــەوە ئەوانیش کۆمەکی (ماڵو چەكو تەقەمەنی)مان پێ بکەن.

ئەو شەوە لەوێ بووینو بەیانی تا لە رەزائیەیان گەیاندینــەوەو خۆشمــان لــەوێوە بــەرەو مهابــاد کەوتینــە ڕێ. لــە مهابــاد لای کــاك جــەلال میــوان بــووینو ســیرو پیازمــان بــۆ گێڕایــەوەو ئــەویش بــە رواڵەت خۆشیی خۆیی پیشانداو ئامادەگی ئەوەشی دەربـڕی کـە لـەو حاڵەتــەدا هــەمووان بێنــەوەو ئــەویش بگەڕێتــەوە، بــەلام پێدەچــوو "تحفـظ"ی زۆری هـەبێت لەسـەر پەیوەنـدی لەگـەڵ "پـارتیو کـاك ئیدریسو کـاك مەسعود"دا، هـیچ بـە دووری نـازانم ئـەوەش بـەهۆی ئەو هەموو ماوەیەی تێکەڵاویو موعاشەرەیەی مام جەلالو (جوق)و وەصەتی جەلالییەوە بووبێ. خۆ مـرۆ دارو بـەرد نییـە، رۆژانــەو بـۆ یــەك دوو ســاڵان هــەر قــەوانی (قیــادە مۆقەتــەی دوژمنــی ســەرەکی) بەگوێیــدا بخــوێنن، هەڵامــەتیش بێــت دەیگرێتــەوە. ئــەوانیش بــاش دەزانـــن لـــەو بارەیـــەوە چـــۆن چـــۆنایەتی خـــەڵك راکێشـــنە رۆخـــی قەناعــەتو بیروبۆچــوونی خۆیانــەوە، بــەجۆرێکی ئــەوتۆیی خــۆی بـەخۆی نازانـێو دەیکـەن بـە داوەکـەوە. ئـەوەی سەرجڕاکێشـە کـاتی خۆی کـە (هـەرێم)ێکی هاوبەشیان لـە بزوتنـەوەی نـاو (ی. ن. ك)و (پاسۆك) بـۆ جـەلال دروسـت کردبـوو و کردبوویانـە ئـامر هـەرێمو، ناوچـەی چـالاکییەکانی (پێنجوێن)یـان بـۆ دانـابوو، واتـە رۆحو ئـەو

جێیەی بە ناوچەو مەڵبەندێکی ئەملاولای (قیادە مۆقەتە)ی لێبوون. دیاریشە دوو هێزی یەك لایەن لە خاڵە (تەماس)انەدا پێکدەکەون، چ جای دوو هێزی نەیارو ناحەز، چونکە عەملییەن هێزێکە بەشێ بووە لە هێزەکانی (یەکێتی) با سەربەخۆییەکی (نیسبی)یشیان هەبووبێت، ئەوەبوو چەند جارێك بەرەنگاری یەکتر بووبوونەوەو پێکدا هەڵپژابوونو کوشتاریشیان کەوتبووە بەینەوە. هەر ئەو هەرێمە هاوبەشە بۆ خۆی شێوازو رێگەیەکی تەڕدەستانەی لغاوکردنی پاسۆكو بەستنەوەی بوو بە (یەکێتی)یەوە.

١ – ئێمە تاکە رێکخراوێکی سیاسی بە جەماوەر بووین کە لە قەدەر خۆمان هێزمان هەبێو هێزمان پێ کۆبکرێتەوەو شتێکمان نەبێ پێمانی لێ لەقاو بدەنو ئەوانیش حەز ناکەنو ناتوانن لەبەر بەهێزنەبوونو رونکردنەوەی باوەکوشتەکەیان کە (قیادە مۆقەت) بوو، شەڕی ئاشکراو رووبەڕووی هەموو لاکان لە یەك کاتدا بکەن. بۆ ئەو حاڵەتانەش سیاسەتی "احتواء ـــ گرتنەخۆو جێ پاککردن"یان دەگرتەبەر، سیاسەتی کۆمەڵبوونی (خەڵك ، لایەنی سیاسی چی دەبێ با ببێ، بەس لەو چوارچێوەو سیاسەتە گشتییەدابە)و "حیزبی پێشڕەو بەرە زۆڵەکەکان!" ئەوانەی دی هەبوو و نەبوو لیژنە "تحضیر"ییەکەی کاك دوکتۆر مەحموود بوو کە خۆیو سێ چوار نەفەر بوونو هەر لە بنەڕەتیشەوە بۆ شەڕی (ق. م)و وەكو "بدیل"ێکی ئەوان هەڵتۆقێنرابوونو بنباڵی خۆیانیان خستبوون. بۆیە پاش ئەوەی لە کوردستان بۆ هاتە پێشەوەو لەوە گەیشتن ئەمان هەروەكو کەرەکەی عوزێر

پێغەمبەریان بەسەر هاتووەو، چوونە ژێر کلێشەی هەندێ لە کادیرو رابەرایەتی بزووتنەوەو ئەوانیش لەبەر زۆر هۆ کە ئێرە جێی رونکردنەوەو بەدووکەوتنیان نییە جگە لەوەی بڵێین کە کەڵەگایی‌و تاکرەوی مام جەلال‌و سیاسەتی جرت‌و فرت گەیشتنی شەخسی‌و رابەرایەتییەکی بەقەدرەر قەڵافەتی مام جەلالیان لە دوکتۆر مەحمود دا دۆزییەوەو بوونە یەك‌و لە بەهاری ١٩٧٩دا ئیعلانی سەربەخۆیی خۆیان لە (٨)ی ئابی ١٩٨٠دا، پاش یەکەم کۆنگرەیان بە شەرەشەق‌و فرکان فرکانێکی زۆر پێکهێنانی حیزبێکیان بە ناوی (حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ـ حسیك)یان راگەیاند.

٢ – ئێمە عەمەلییەن‌و لە روی رێکخستن‌و سیاسەت‌و "منهج"ەوە نەك هەر لە یەکێتی جیابووین زۆر جاران لێکجیاوازو بەرەواژی یەکەی بووین، ئێمە لەو رۆژگارەدا لە خاڵی نێوەندی نێوان (یەکێتی)و (ق. م)دا لە زۆر بواردا بەلای (ق. م)دا یا بە صالحی (ق. م) دەشکاینەوە. گەورەترین خاڵی جیاوازی‌و بەرەواژبوون کە بۆ یەکێتی خاڵی "ئیرتیکاز"و ستراتیجی‌و سەرەکی بوو لەگەڵ ئێمە. مەسەلەی (ق. م) بە دوژمنی سەرەکی "کورد!!" زانین‌و ناسین بوو، کە ئێمە بە توندی دژی ئەو (طرح)ە نامەعقولە بووین، هەتا کە کاك (جەلال)یش هاتە دەرێ‌و هەمەکانی ئەو رۆژەی پاسۆك بوو تا ساڵێکیش هەر هەمان سیاسەتمان بووەو هەمیشە هەر بەوە ناسرابووین، تا دواتر بەرە بەرە بەرەو دەسەمۆکردن دەبران بەرەو هەڵوێستی (غیر معلن)ی دوژمنایەتی (ق. م) یا بەرە بەرە

راکێشانە ئەو مەوقعەوە. کە هەرێمی دووی هاوبەش بەشێك بوو لەو بەرنامەی دەسەمۆکردنو راکێشانو تێوەگلانە...!

٣ – بەو کارە (پاسۆك) ناڕاستەوخۆ لە سیاسەتو رێکخستندا ئەگەر نەشکرێ بە بەشێ لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەچێتە ژێر (طیف)و بەرئاسۆی یەکێتییەوە. ئەگەر ویستراو لە روی "عملی"یەوە ئەوا یەکن، یا هەرنەبێ ئەو خێمەیەی (یەکێتی) ئەوان کۆدەکاتەوە، خۆ ئەگەر پێویست بوو ئەوەتا (ألأحزاب الحليفة، یا المتحالفة) ئەوجا پێویست بە ناو دەکات (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان + پاسۆك + لیژنەی تحضیری پ. د. ك) ریز دەکرێنو کارێکی پێ مەیسەر دەکەن.

ئیدی لوعبەو کلاوکلاوێنە! با کوردو مەسەلەو بەرژەوەندییەکەی سەری بچێتە ریشی بابییەوە، من بە ویژدانی ئارامو پڕاوپڕیی قەناعەتم ئەو راستییە تاڵە دەدرکێنم کە ئەوەندەی ئەو هێزە سیاسییانە لە فکرو زیکرو بیرکردنەوەو کاری یەکدی هەڵلووشینو خۆ لە یەکدی پاراستندا بوون یەك لە سەد یا یەك لە هەزار، لە فکرو بیرکردنەوەو بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە داگیرکەرەکەو پێکهێنانی بەرژەوەندی کوردو کوردایەتیدا نەبوون، بەتایبەتی (یەکێتی) شۆڕەسواری ئەم مەیدانەو سەردەقشکێنو پێش قەرەواڵ بووە. تاکە یەك هەنگاو هاوکاریو پێکهاتنو نێزیکی یا چنگدانە چنگی یەك لەبەر خاترو بەر رۆشنایی سوودو بەرژەوەندی خالیسی کوردایەتی نەبووە، ئەوەی بووبێت یا (شەقی زەمانەو رۆژگار سەپاندویەتی یا بەرژەوەندی رووتو قووتی تەسکی

حیزبایـەتی بـووە... لــە هەمووشـیدا میزاجـی شەخصـیو هــەواو نەفەسو حەزو ناحەزایـەتی ئـەم رابـەر یـا ئـەویان هـەوێنیان بـووە. خودایە من ئەم شایەتییەش لەبـەردەم تـۆو مێـژوو و میللەتەکـەمو خـوێنی شـەهیداندا دەدەم. خـوا لــە کـوردێتیو شـەرەف بمشـواتەوە ئەگەر لـە شـەرەفی راسـتی وتـنو جـەرگ ژانـکـردنم بـۆ میللەتەکـەم بەولاوە دەخلێکی بەسەر ئەم ئیقرارو شایەتییەوە هەبێت.

لە (مهاباد) سەرێکی هەندێ لە مەسئولینی (حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئێران)مـان دا، لەوانــە کـاك ئـەمیری قـازیو کـاك مــەلا رەسـوڵی پێشـنماز کـە ناسـیاویو دۆسـتایەتیان لـە عێراقـەوە لەگـەڵ کاك (کامەران)دا هەبوو، وەکی دەڵێن دۆستایەتی خۆمـانو ئـارەزووی پەیوەنــدیو هاوکاریمــان بــۆ دەردەبــڕین [ ئێمــە لــە گــوێی گــادا نووستبووین نە "دیموکرات"ی ئەو رۆژە لە "پاسۆك"ێکی لە برسان مردووی شەش نەفەرو لـەتێ هەڵدەکراو لە قەپانی حـەوت مـەنیی ئەو رۆژەی ئەواندا کە قاروون بوون بۆ خۆیان! کەی میلی قـەپانمان دەبزواند، ئەگەرچی دیموکرات هەمیشە دابی کوردەواریان راگرتووەو بــە موجامەلــەی "ئێرانیانــەش" بووبێــت کارێکیــان نــەکردووە بەخۆمانـدا بشـکێینەوە، بـە پێچـەوانەی کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـانی کوردستانی تەرەقە سووری پف هەڵدراوی تەقەدومیەت کە ئێمـەیان پێ "ناسیۆنالیستی تەنـگ نەزەر ـ بۆرژوازی" بوو، کە چووینە لایـان هەروا بێ میوانداریێتی کوردەواریشیان لەگەڵـدا بـەڕێوە نـەبردین]... چــەند جــارێکیش ســەرمان لــە چــوار پێــنج کەسـێکی (کۆمەڵـەی یەکسـانی کوردسـتانی ئێـران) دا ـــ کــە خــەتی شــەهید (ئەحمــەد

تۆفیق)ی نێو دیموکرات بوون‌و تازە ڕێکخراوەیـان بـە قـەولی خۆیـان تەشکیل کردبوو، لەڕووی بیروبۆچوون‌و هەڵوێستەوە زۆر لێمانـەوە نێزیـك بـوون‌و وەك‌و خۆشمـان شـرۆڵەو کزۆڵـەو هێزێکـی بچـووك بوون، زوو بە زوو "توافق"و "انسجام"ێکی باشمان کرد.

دوای ئـەو کارانـە ئیـدی گەڕاینـەوە بـۆ (شـێنێ). ئـەم هـەیت‌و هووتـە (١٥ — ٢٠) رۆژێکـی بـرد. پـاش گەڕانـەوەمان یەکـەم شتێ کـە بـیرم لێ کــردەوە، ئەوسـا کاکــە (کــەریم)یش گــەڕابووەوەو کــاك (شـوان)یش هـاتبووەوەو کاکـە (محەمـەد شـەوقی) رەحمـەتی‌و کاکـە (مەنصـور)یش لـەوێ بـوون. ئـەوە بـوو کـە مـن لەگـەڵ سـێ چـوار پێشمەرگەیەك لەوەی ناومان نابوو "اعلام"، رۆنیۆ نیوەکارەکـەمان‌و خێمەکەی بەرینە ئەوبەری (شێنێ)، چونکە لـە شـێنێ فریـای هـیچ نەدەکـەوتین، هـەر میـوان بـەڕێکردن‌و میـوان راگـرتن‌و مـەجلیس گەرمکردن بوو هەر وەکو دانرابێت مەشغوڵمان بکەن، دەستەیەك دەڕۆیشـت‌و دەسـتەیەکی دیکـە دەهـات‌و دەبوایـە کـارو کردەوەمـان دانیشـتن‌و میوانـداری‌و مجامـەلات بێـت. هـاوبیران پێیـان بـاش بـوو، کاتەکەش مانگی نیسان بـوو و دنیـا وا خـۆش ببـوو کـە پیـاو بتوانـێ لــەناو خێمــەدا ئیــدارە بکــات. بــە هــەمووومان هــاتین شــوێنێکی لاچەپەکمان بەوبەر (شێنێ)وە لەسەر گوندی (گۆڕەشێر) دۆزییەوەو جێی خێمەیەکی بچوکی یـەك نەفـەریی (دوو خێمـەمان لـەو جـۆرە هەبوو کە لەلایـەن (حسیك)ەوە دەسـتخرابوو) بـۆ خـۆم‌و ئـەو چـوار پێشـمەرگەو هــەموو شــتەکانی "اعــلام" خــۆش کــردو ئــەو شــەوە ترنجاینە یەك... قەت بیرم ناچێتەوە، شەو کە نووسـتین دنیـا سـاف‌و

سامالْو خۆش. بەیانییەکەی کە بەدەم سەرمایەکی نائاساییەوە خەبەرم بووەوەو دەرگای خێمەکەم لادا چ ببینم؟! قەت باوەڕ دەکەی نیوە ئەژنۆیەك بەفری تێکردبوو؟ من هەر مەنزەرەی بەفرەکە ئەوەندەی دیکە هەڵینامو بەخێرایی پێشمەرگەکانم خەبەر کردەوە. ئەوەندەی یەكو دوو، ئاگرێکیان کردەوە کە بڵێسەی دەچووە ئاسمان. دارێکی مشەی بێ مەسرەفو بێ عەزییەتی لێکەوتبوو، هەر کۆلك بێنەو پێوەینێ، بەشی سێ ڕۆژو سێ شەومان خست تا بەفرەکە نیوە چووەوە نەیانهێشت ئاگر بە شەوو ڕۆژ بکوژێتەوە. ئەوە دوا بەفر بووو تا دەهات جەوەکەی خۆشتر دەبوو.

کەوتینە سەر تایپکردنەوەی (پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆ)و بەرنامەی (بەرە)کەمان لەو ڕۆژانەدا بوو ٤/٢٢ کە بیری ئەوەم بەسەردا هات کە ٤/٢٤ یادی ساڵڕۆژی بۆردومانەکەی (قەڵادزێ)یە کە ڕۆژی شەهیدە. بەهەلم زانی کە بەیانێ لەو مناسەبەیەدا دەرکەین کە هەم چالاکییەکی "اعلام"ی دەبێتو نیشانەی قۆناغێکی نوێی کارکردنە بۆ ئێمەو کەمێ دڕدانە بەو وەزعەمانو هەم بۆ خەڵكو خواو لایەنەکانی دیکەش دەری بخەین: ئێمە هەینو وا بە گوڕێکی دیکەوە دەکەوینە ڕێ.

ئەسڵی فکرەکەم بە هاوبیران ڕاگەیاندو، پێشنیاری ئەوەشم کرد کە هەر یەکەو لای خۆیەوە شتێ بنووسێ تا "صیغە"یەکی هاوبەشی لێ دروست بکەین، چونکە وەك پەتای دوای هەرەسو (رد الفعل)ی ئەو قسە داکەوتووەی سەرکردایەتی فەردیو عەشایەرییەی وەك تۆمەتێ بە دووی ڕێبەرایەتی شۆڕشەوە! کەوتبووەوە بە شێوەیەکی

کاڵفام‌و ئایدیالیست‌و ناواقیعیانه چنگاڵی له هۆش‌و قەناعەت‌و ڕاگەیاندنی ئەو خەڵکە گیرکردبوو و زۆر کەسیشی بە لاڕێدا بردبوو. هەبوون لە هەموو کەس پتر ئەو قاوەیان دادەخست‌و لە پراکتیك‌و بۆخۆی لە هەموو دنیاو تاکڕەوێ فەردیتر بوو یا تەنیا روکەش‌و رواڵەتی ئەو (قیادە جەماعی)یەی پەیڕەو دەکردو ئەویش تەنیا لە مەسەلەی لاوەکی‌و سانەوییەکان کە ڕەفتاری تاکڕەوی‌و فەردیانەی مەسەلە ئەساسی‌و جەوهەرییەکانی پێ دادەپۆشی.

بەداخەوە ئەوە یەك لەو چاوبەست‌و بانگەشەو چەواشەکارییە بوو کە خەڵکانێکی زۆری چەواشە کردو زۆر کاری تێکداو زۆر کارەساتی بەدوای خۆیدا هێنا: ناتەبایی‌و هەمیشە کێشەو گرفتی ناو سەرکردایەتییەکان زۆر بوون‌و تەرەبوونی زۆر کەس لەو حیزبانەو شۆڕش، بەهانەو (محرِیك)ی جیابوونەوەو (ئینشیقاق)ات‌و (تەکەتول)اتی نێو دەرونی حیزبەکان بوو. من بۆخۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی بە عەنتیکە شەیدای ئەو فکرەیە بووم وەك‌و فکرە هەوڵم دەدا لە زۆر بواردا پەیڕەوی بکەم‌و نموونەی لەبەر بگرمەوە، هەرگیزاو هەرگیز لە مەیدانی پراکتیکدا ڕاست نەدەهاتەوەو لەو سەرەنجامە "تصور"ە زیهنی‌و تیۆریانەی "تصور" دەکرا نەیدەدا، هەتا زۆر جاران پێچەوانەکەی دەردەچوو و دەبووە گەڕلاوژێ‌و کۆسپی لە ڕێی زۆر کاری پێویست‌و گرنگ دادەنا. من ئەو ڕۆژە بە تەصەوری میسالیانەی کار بە کۆمەڵکردنی مەسئولییەتی هاوبەشی وەك یەك تەن‌و وەك یەك گیان‌و یەك کەس تەصەور کردوو بیرم دەکردەوە کە ئەمە لە بنەڕەتەوە پێچەوانەی

خەسڵەتو هەڵکەوتی ئینسانو سوننەتی ژیانە. دیارە سەرەتای (قیادەی جەماعی) دیارە تاکڕەوی دیکتاتۆریەتو یەك چاوی ناپەسەندو نالەبارو پڕ زیانەو باو بەسەر چووەو نەگونجاویشە بۆ ڕێکخراوی سیاسیو گوروپو دەستەی شۆڕشگێڕ، بەڵام بەرانبەری تاکڕەویو مەسئولییەتی فەردی هەرکەس بۆ خۆیو رای هەمووانو فرە کوێخایی نییە. لە یەکەم شانەی کۆمەڵایەتییەوە تا سەرکردایەتی ڕێکخراوو شۆڕشو دەوڵەتێکیش دەبێ (سەر) هەبێو مەسئولیەتی فەردی هەبێت. دەبێ کەسێ ببێ کە خاوەنی دوابڕیارو هەڵگری مەسئولیەتی کارو بڕیار بێت، لێرەدا عەمەلیەی دانانو دیاریکردنی ئەو کەسە [تاکە کەس = سەرە] شێوەو جۆری دانانەکە تواناو هەڵکەوتی مەوداو دەرفەتی ئاڵوگۆڕپێکردنو مەوداو سنوری دەسەڵاتو شێوازی گەڵاڵەکردنی هاوبەشی گشتی یا زۆریو دەوری (سەر) لەو ناوەداو لە جێبەجێ کردنو مەسئولیەت هەڵگرتنیدا، دڵو دەرونو هۆشکراوەیی (سەر) بۆ راو بۆچوونی دەوروبەریو ئەو تێکهەڵشێلانو گەڵاڵەی رایەك وەك رای هاوبەشو مەسئولیەتی خۆی لەو بەینەداو گوێڕایەڵیو ئیلتیزامی هەمووان بەو بڕیارەوەو دەرفەتی (احتفاظ)ی کەمایەتی یا راوێژکار بە رای خۆیو ڕێزلێنانیو غەزەب لێنەگرتنی لەسەر رای جیاواز بەرانبەر ئیلتیزامی ئەو بە راو ئیرادەی گشتییەوە... ئەمانەو زۆری دیکە وەك پرەنسیبو سەرەتاو گونجانو خستنە مەیدانی کارو خەملاندنی لە بواری پراکتیکداو داڕشتنی سوننەتێکی روونو دیموکراسیو واقیعی یان کار بە کۆمەڵ کردنو (قیادەی جەماعی) ـ بە بەرچاوگرتنی

"اختصـاص"و دەورو توانــاو دەرفــەتی رەوای مــافو مەسـئولیەتی رابەر (سەر) لێپرسراو پێکڕاو ئەگەر بە ئەخلاقیـەتو داهێنانـەوەو بـە ئاگـابوونو سـەلماندنی سوننەتەکانی ژیـانو پێویسـتیەکانی کـار بەڕێوەچوون دەکرێ ناوی (قیادەی جەماعی) لێ بنرێت.

من لەم بارەیەوە پێم وانیـە تـا ئـەمڕۆ بەشـەرییەت تـوانیبێتی سـەرەتایەکی لـەوە باشـتر بـۆ (قیـادەی جـەماعی)و هاوبەشـکردنی دەوروبەر لە گەلاڵەو پێگەیشتنی بڕیارو مەسئولیەتی تـاکی رابـەرو دەرفـەتی مومارەسـەی مـافی مەوقیعەکـەیو مەسـئولیەتەکەی لـەو رێو شوێنەی کە قەرئان لە یەك دێڕدا کۆی کردووەتەوە، بدۆزێتەوە یـا ئیمکـانی دۆزینـەوەی هـەبێت. خۆزگـە بـێ تەرەفانـەو بـە هـۆش کراوەیی سەرنجی دەدراو حوکمی لەبارەوە دەدرا.

قورئان روو لە پێغەمبەر دەکاتو دەفـەرموێت: (و شـاورهم فـی الأمر و اذا عرفت علی امر فتوکل علـی اللّە...) ئینشائەڵا ئایەتەکـەم وەكو خۆی نووسیوەتەوە کە کوردیەکەی دەکاتە ئەوەی: (پرسو راو مشاوەرەیان پێ بکە، پاش ئەو پرسو رایە کە گەشتیتە بڕیارێ ناوی خوای لێ بێنەو بیخە مەیدانی کـارەوە) کـە ئەمـە لەتـەك (و امـرهم شـوری بیـنهم) کاروباریـان بـە پـرسو رای خۆیـان بکـەن، چاکترینو لەبارترین هاوکێشـەی نێـوان بەشـداربوونو بەشـداریکردنی خەڵکە لــە مەســەلەکانو بڕیارەکانــداو دەوری (ســەر) یــا (مەسـئول)ە لــە کاروباری ئەو خەڵکە بە بڕیاردانو سەرەنجامەکانی.

هەرچـی دیموکراتیـەتی دنیـا هەیـە چـەند خـۆی لەبـەر یـەك بکێشـێت ناتوانـێ لـەم چوارچـێوە عەملییـە فـراوانترو گونجـاوترو

عەمەلیتر بێت. بەنیسبەت تقنینەوە چۆن (تقنین) دەکرێت، واتە چۆن ڕێو شوێنو ئوسولی دیاری بۆ دادەنێیت. سەرەتای دیموکراسێتی ناوەندی بە هەموو شەرحو شروحاتو ڕێو ڕەسمەکانیەوە بە تایبەتی ئەوەی لەسەر کاغەز نووسراوەو زۆربەی حیزبە فرچك گرتووە قالب بەستووەکان رایدەگەیەنن، یا کەمو زۆر کاری پێدەکەن هەر لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەدایە کە تەسککردنەوە یا "تعطیل" کردنو ڕوالەت بازاڕیی یا فراوانکردنو دروست کارپێکردن جگە لەوەیان هۆو هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕپێهێنانو تێگەیشتنو کاربۆکردنی ئەم سەرتایەو پاراستنی لە "افراط و تفریط" پێچانەوەی لەلایەن رابەرو سەرەوە بە پلەی یەکەمو ئەوجا دەوروبەرو هاوکارەکانی کە دەکاتە سەرکردایەتیەکە. ئەگەر دەستوورو ڕێگەچارەیەکی دەستووریو (عملی) بۆ سەرهەڵکرتنو زاڵبوونی جەت خەسڵەتی نێو دەروونی مرۆڤ [یاخیبوونو گومڕابوون] کە ـ لە سەرێکەوە دەکاتە ملنەدانو پەتپسێنیو لە سەرێکی دیکەوە گیانی خۆسەپاندنو کەڵەگایەتی ـ دانەنرێو بەندێ لەبەردەم سەرهەڵدانو زاڵبوونیدا بەرز نەکرێتەوە حەتمەن یا گەڕەلاوژێ یا تاکڕەویو دیکتاتۆریەت چوز دەکاو باڵی ڕەش بەسەر وەزعەکەو کارەکەو حوکمەکەدا دەکێشێ.

لە هەموو حاڵەتێکدا لە شۆڕشو بەرەنگابوونەوەدا ئەگەر هیچ چار نەبێت لە نێوان گەڕەلاوژێو هەرکەس بۆخۆییو تاکڕەویو دیکتارۆییەتدا، حەتمەن تاکڕەویو دیکتاتۆرییەتەکە چاترە...و لە حوکمو دەوڵەتدا بە پێچەوانەوە لیبرالیزمە بەرەڵاکە لە

دیکتاتۆریەتەکە چاترە، بۆیە بۆ حوکم ئەوە راستە کە (خراپترین دیموکراتیەت لە چاکترین دیکتاتۆریەت چاترە) بەلاَم لە هەردوو حالّەتدا چاکترینو راسترین شێوەکاری رابەرو رێبەرایەتی [وشاورهم فی الآمر، و اذا عرفت علی امر فتوکل علی اللّە] و [وامرهم شوری بینهم]ە بە وردکردنەوەو ڕێوشوێنو ئوسولّو ڕێو رەسم دیاریکردن.

ئەم مەسەلەیە وردکردنەوەو باسکردنی زۆرتر هەلّدەگرێ بەلاَم من لێرەدا بایی رونکردەوەی مەبەستو شێواندنو خراپ لە عەمەل هێنانو تێگەیشتنو چەواشەکاری سەراوبینی سەراو "تصور"کردنو کارپێکردنی (قیادەی جەماعی)م بەم چەند دێڕانە باس کرد کە هەر خۆم دەزانم ماکی چەندین کێشەو بەلاَو فەرتەنەیە بووە لەناو حیزبی ئێمەداو هەمیشە خۆرکەو ژێرپێی "ئەخیل"مان بووە.

بەهەرحالّ من بەش بە حالّی خۆم (بەلای منەوە) ئاودیوی سەرەتا شێواوە بێ چوارچێوە سەراو تێگەیتشتوو و سەراو کارپێکردنەکەی (قیادەی جەماعی) بوومەتەوە. ئەمە هۆی گەورە بوو کە هەرگیز نە مەرکەزییەت هەبێت نە هەیبەتی مەوقیعیەتی شەخسی یەکەمو نە مەسئولییەتی جەماعیو نە مەسئولییەتی فەردیو سەروبنی هەموو کارەکانمان لێ تێك بچێو نە هەرگیز ئەسلّو سەرتای هەبێت کە هەمووان ملکەچی بینو پەیڕەوی بکەین لەتەك مرونەتو مەوقیعیەتی دیاری خۆمەوەو تەحەمولی ئەوەی هی تەحەمولکردن نییە، خۆنەویستیو پیاوەتیو دلّسۆزی کاکە

(کەریم)و کاکە (شوان)و دەورو لەخۆبوردوویی چەند کادیرێکی کەمی زیندوو ـ کە ناویان ناهێنم ـو دەوری هەرە (متمیز) شەهیدان (فەرهاد خەفاف، شێرکۆ، بێستون‌و مەلا یادگار)و خۆڕاگری‌و جوامێری بەشی هەرە زۆری پێشمەرگەکان بوون ئەو حیزبەی راگرتبوو، دەنا هەرگیز بە مانا عیلمیەکەی (حیزب) نەبووین. هەمیشە وتوومە ئێمە کەرەسەی حیزبێکی عەقائیدی (متمیز)مان هەیە بەڵام نە زروفەکە رێی داوین‌و نە خۆشمان بە قوڵی درکمان بەو ئەرکە کردووەو نە کاریشمان بۆ کردووە کە بیکەینە ئەو حیزبەی لە قووەی دەورو بەرەکەی بێت. با ئەوەش بڵێم لایەنەکانی دیکەش (جگە لە حیزبی شیوعی کە ئەوان چوارچێوەو ئەسڵی حیزبایەتیان هەبووەو چەسپاوە) حاڵیان لە ئێمە باشتر نەبوو، ئەوان زیاد لە هەر شتێ دەوری تاکە کەس (وەکی مام جەلال‌و کاك ئیدریس‌و کاك مەسعود) یا پارەو پوول‌و قەرەباڵغی زرووفەکە رایگرتبوون.

ئێستا دێمەوە سەر باسەکە:

کەس هیچی نەبوو، جگە لە شەهید محەمەد کە چەند دێڕێکی نووسیبوو، ئیدی ئەرکی بەیانەکە کەوتە سەر من ـ هەر دەبوایە واش بووایە چونکە تا ئەمڕۆش تاکە قەڵەمی حیزب من بووم، تەنها لە هەندێ شتدا کاکە کوردۆ لە ئەورووپاو لەنێو خوێندکارانیشدا هەبوو ـ بەیانێکی قشتیلانەی باش‌و رازاوەمان هێنایە بەرهەم کە بۆ ئەو رۆژەو، شێوەو دەربڕینی بەیان‌و راگەیاندنی موناسەباتی ئەو رۆژە لەناو شۆڕشداو لەناو هەموو لایەنەکاندا دیارو بەرچاو بوو کە

ئەوە بۆخۆی بۆ ئێمە دەورێکی گرنگی هەبوو لـە بەرچاوخستنمانو "متمیز"یانــدا لــەناو هێزەکانــدا، هــەر دواتــریشو تــا ئــەمڕۆ ڕاگەیاندنو بڵاوکردنەوەو نووسینی ئێمـە جگـە لـە تـامو نـاوەرۆكو سـیمای تایبــەتیو بــەردڵانی زۆر بــەولاوەی توانــاو هێــزو (وەزن) چووەو جۆرێ لە (توازن)ی پێ کردووینو لەم بوارەدا ئەگەر نەڵێین کـەم هەنـە شـان لـە شـانمان بـدات دیـاریترین دەنــگو ڕەنگـی ئـەم مەیدانەن.

ووردە ووردە کەوتینە سەر خۆکۆکردنەوەو بەخۆداهاتنو چەند کۆبوونەوەو دانیشتنمان لەگەڵ (حسيك)و (شيوعى)یە سـەوریەکانو (یەکێتی)دا کرد، کە دیاربوو نێوانی ئێمەو (حسيك) لـە هـەمووانیان خۆشتر بوو. ئەو ڕۆژانە (حسيكو یـەکێتی) بـە ڕەسمـیو ئاشـکرا لـە شەڕدا نەبوون بەڵام کێشەو گرفتـی فڕکـان فڕکـانو ئـەم چوونە لای ئەمو ئەوو ڕاکردنە لای ئەوو چەککردنو نـاوە نـاوە یـەك لـەمو دوو لەو کوژراو قسەو قسەلۆکە هەر نەبڕایەوە. بە ئاشـکراش (یـەکێتی) کەڵگایـەتی دەکـرد، ئەگـەر چـی پێشمەرگەکانی (حسـيك)یش بەشـی زۆریان عەشایەرو قنگ بە گۆبـەنو هەرکـەس بۆخـۆی بـوونو شـتی قۆڕیـان دەکـرد، بـەو پێیـەیش لـەڕوی عەسـکەریو بـە دەسـتوپلیو لێوەشـاوەییەوە هێزەکـانی (حسـيك) زۆر لەوانــەی یــەکێتی چـاترو بەکارتر بـوون. دەیـان پێشمەرگەو کـادیری عەسـکەریو سـەرکردەی پێشمەرگایەتی قارەمانو کەم نموونـەیان هـەبوو، لـەڕوی ژمارەشـەوە زۆر (لــە زۆرو بـۆرە بـێ عەمەلەکـەی ئـەو ڕۆژەی یـەکێتی) کـەمتر نــەبوون، ئــەوان ســوارەی مەیــدانی ناوچــەکانی خۆشــناوەتیو

باڵەکایەتیو دەشتی هەولێرو ئاکۆیانو دەوروبەری پشدەر بوون، لە شارباژێڕیشدا ئەگەرچی هێزەکانیان زۆری سەرسەریو شەلاتی سلێمانیو بەرخانەقای سلێمانی بوون بەڵام بە چنگو پلو لە هەڵمەتدا پڵنگ بوون ئەگەر باشیان بخەملاندنایەو بەسەریاندا رابگەیشتنایە زۆریان پێدەکراو دەیانتوانی بیانکەنە هێزێکی شۆڕشگێری بە دسپلین (بۆچی "شوتە"ی بەناوبانگی شۆڕشی چین چەتە نەبوو؟!) بەڵام ئەمان بەرەڵایان کردبوون، بۆیە ببوونە ئاگری قورەتو بەربووبوونە گیانی ئەو خەڵکەو هەرێمی (سێ)ی ناوبانگ زڕاو ببووە مەڵبەندی (فەساد)... (حسیك) رابەرایەتییەکی رێكو پێكو گونجاو لەناو خۆیانداو بە بەرنامەو لایەقیان نەبوو، کاك (دوکتۆر مەحمود) بوو کەم کاغەزیان دەخوێندەوەو کەمێکیش بوو بەناوی عیلاقاتو بۆ ئیمکانات پەیداکردنو چالاکی دەرەوە چوبووە (شام)، پێشمەرگەکان بەشی هەرە زۆریان خاڵە سەید کاکەو ئەوی دییان کاك (تایەر عەلی والی بەگ)ی رەحمەتییان دەناسیو لە (حسیكو مسیك) نەدەگەیشتنو هیچ رێکخستنو نەزمو ئوسوڵو مەرکەزییەتێکیان ریعایەت نەدەکرد، کاك رەسوڵو ئەوانیش هەر خەریکی کنەکردن لە دوکتۆر مەحمودو گوایە چەسپاندنی خەتی سۆسیالیستیو مارکسیزمو شۆرشگێڕی دیموکراسی بوون! (خاڵە حاجی)یش لەگەڵ ئێراندا سەری گای بە کونی کەرو هی ئەوی بەودا دەکرد، بێ پارەو پولو بێ دەرامەتیش هێزو پێزی لەبەر بڕیبوونو ئەگەر کاسەی پڕ ئاشتی ماڵ بێت، ئەوا کیسەی خاڵیی ماکی ئاژاوەو فەرتەنەیە... شەڕو کێشەی ئەوانو (یەکێتی)یشو پیلانی پەی

دەرپەی‌و کنەکردن لێیانیش لەولاوە بووەستێ، لە سەرو هەموو شتێکەوە نەبوونی خەتێکی فکری "واضح"و بیروباوەڕێکی هەماهەنگ‌و یەك پارچەو سیاسەت‌و "نهج"ێکی چەسپاوو دیاری هەر ئەو رۆژانەو روداوەکان‌و ئەو هۆیانەی سەرێ وای لێ کردبوون کە بکەونە بەردەم شەپۆلی سیاسەتی حیزبی شیوعی عێراقی‌و بادانەوە (ئەمجا بە سەدو هەشتا پلە) بەلای (پارتی)دا بە (رد الفعل)ی سیاسەت‌و رەفتاری (یەکێتی) بەرانبەریان وەرچەرخانەوەیەو وەرچەرخانەکە لە رەگ‌و سەر ئەسڵی خۆیان هەلیقەندن‌و بووە هۆی خۆنەگرتنەوەو قەرارنەگرتنیان لەسەر سیاسەت‌و رێبازێکی دیاری‌و هۆیەکیش بوو بۆ ئاژاوەی ناوخۆیان‌و دابڕان‌و بەلاداکەوتنی دوکتۆر مەحمودو چەند کەسانێکی دیکەو تێوەئاخنینی چەندانێکی دیکە کە دواتر هیچیان نەبوونە ماڵیان یا وازیان لێ هێنان یا جیابوونەوەو کەسانێکی دیکەشیان لەگەڵ خۆیاندا لە (حسیك) کردەوەو بووە هۆی ئینشیقاقەکەی کاك (قادر عزیز)و لێبوونەوەی بەشی هەرە زۆری کادیرە هەرە چاکەکانیان.

لەمەڕ سیاسەتی راڕایی‌و بێ قەراری (حسیك)، بە بیرم دێت دەوروبەری مانگی مایسی ١٩٨٠ بوو، لە کۆبوونەوەیەکی کاك رەسوڵ‌و کاك قادر عەزیزو کاك حاجی برایم لەلایەن ئەوانەوەو، لای ئێمەشەوە من‌و کاك کامەران‌و کاك محەمەد شەوقی تێیدا بەشداربووین. دوو سەعات من کێشەو موناقەشەم لەسەر ئەوە لەگەڵدا کردن کە ناساندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق) بە (قیادەی مۆقەت)و بە دوژمنی سەرەکی کورد، هەڵەو ناڕەواو

دژی واقیـــعو بەرژەوەنــدی کــوردە. دەکــرێ ئــەوان نــاوی (هێــزی عەشـایەریی، دواکـەوتوو... و هـەر نـاوێکی دیکـەیان لێ بنرێـت، کـە ئێمە پێمان وایـە تـەنیا نـاوی هێزێکـی دابـڕاو لـە جـەماوەر بـەولاوە هەڵناگرنو لەوە پتر زوڵمو شێواندنی راستی واقیعەکەیەو، ئەوانـە هێــزنو هــەنو دەشـــبنو دەوریشـــیان لەســـەر ســـاحەکە، بەگشـــتی هەرنەبێ لەم قۆناغەدا ئیجابییە) خۆ دوژمنی سـەرەکی کـورد نـینو لــە بــەرەو ســەنگەری گەلــدان. ئــەوە ئــەرکی ئێمەمانانــە لــە هــەموو هێزەکان کە پتر لێیان نزیك ببینەوەو رایانکێشینەوە ناو ساحەکەو ســـوود لـــە لـــە توانـــای بەشـــەریو مادديیـــان لەلايـــەن خۆيـــانو ئێمەمانانیشەوە، وەربگرین یا هەرنەبێ نابێ دوژمنایەتییان بکرێت. چەند هەوڵمان دا قەناعەتمان پـێ نـەهێنران، کەچـی پـاش ئـەوە بـە دوو مانـگ، هـەر هـەمان کـاك رەسوڵو کـاك قـادر جـەباری [کـە ئـەم مەشهوور بوو بەوەی کە قەوانو شریتە مەشهورەکەی دژی بـارزانیو پارتیو بنەماڵەی بارزانی دەخستە سەر شریتی دوو سەعاتەی هەزار جار دووبارەبووی پڕ بوختانو درۆ] مەسەلەی پێکهاتنو "بـەرە!!" کردنــەوە لەگــەڵ (پارتی)یـان هێنایـە پێشـەوە، مـن پـێم وتـن: ئێمـە مەبدەئەکـەمان لا دروسـتەو بـە چـاکی دەزانـین، بـەڵام ئایا (پـارتی) بەرانبەر ئەوەی "بەرە"ی لەگەڵدا دەکەینەوە ئامادەیە بە شتێ لـەو ئیمکانــاتو پارەیــەی هەیانــەو پاشمــاوەی شۆڕشــی ئــەیلول بخاتــە خزمەتو ئیختیاری "بەرە"و لایەنەکانیەوە؟ ـ دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچـێ کـە ئـەو رۆژانـە پـارتی ئەوەنـدەی ئەوەنـدە دابـڕاو بـوون کـە کەسێ نەبوو نە مەرحەباییان بکاتو نە دانێکی خێریـان پێـدا بنـێ،

خـوا خوايـان بـوو و هـەموو مـەرجێكيان قبـوڵ دەكـرد بـۆ "انفتـاح" كردنەوە بە رويانداو نێزيكیو پەيوەندييەك ـ

كاك رەسوڵ زۆر بە رەقیو زەقی وتی: نەوەڵا فلسێكيش نـادەن! دەی بـۆ بيـدەن. لـەم بارەيەشـەوە زۆرم موناقەشـە لەگەڵـدا كـرد، ئەويش هەر "در الفعل"ی تاوسەندنی كێشەی خۆيانو (يەكێتی)يـە، كەچی هـەر دواتـر... دوای دوو مـانگی ديكـە لـە ئـەيلوولو تشـرينی يەكەمدا كە ئێمە (بە مەرجی ئەوەی پارتی هەموو ئيمكانـاتی خـۆی بخاتـە خزمـەت "بـەرە"و لايەنەكانيـەوە ـ كـە دواتـر بـە "تفصـيل" باسی دەكەم ـ پێشنياری "بەرەی كوردستانی"مان لـە نێـوان پـارتیو ئـەوانو ئێمـەو ئيقليمـی كوردسـتانی كـرد يـان گـەر بێنـێ ـ وەك قۆنـاغی يەكـەمو دواتـر "يـەكێتی"ش ـ چـونكە يـەكێتی بـە هـيچ كلۆجـێ ئامـادەی دانيشـتن نـەبوون لەگەڵيانـدا، چ جـای "بـەرە" كردنـەوە! ـ زۆر بـە عەنتيكـەو بـێ هـۆو هـيچ "مبرر"ێك رەفزيـان كردو هەر كاك (رەسوڵ)يش بوو رەفـزی كـرد. ئەمانـە "سـلايد"ێكی "مآسـاة"ی ئـەو فيلمـە سـامناكو مەرگەسـاتەيە كـە لـە كوردسـتاندا (شۆڕش)ی پێ وتراوە.

بەهـەر حـاڵ لەگـەڵ ئەوانەشـدا تـا دەهات پەيوەنـديمان لەگـەڵ (حسيك)دا تەندترو خۆشتر دەبوو، چونكە زۆر شـتی ديكـە هـەبوون كە دەمانتوانی لەسەری رێك بكـەوينو ئـەوانيش كـەمتر بـە گرتنـی گۆبەرۆكو دوگمـەو دۆلاب بـوونو كوڕی چـاكو "متواضـع"و وەكو خۆمان لـەبرسانا مردوو و (بۆز بە لـە لـەڕی) بوون، ئەو عەنعـەناتو هەوای پێشڕەوايەتیو كەڵەگايـەتیو خـەڵك راكێشـانە ژێـر رەشمـاڵی

خۆیانو عەنتەریاتەی (یەکێتی)یان نەبوو.

هەر لەو ماوەیەدا نامەیەکی دوورو درێژی (٣٩) لاپەڕەی خورشیدیم بۆ کاك (جەمال نەبەز) نووسی کە صورەتێکی ووردی سەر ساحەکەو وەزعەکەو وەزعەکەی خۆمانم بۆ کێشابوو، باسی گەڕانەوەو پێویسبوونی ئەوم لەسەر ساحەکە کردبوو. ئەوجا چەند پێشنیارو رێنماییو داوای یارمەتیو رێنوێنیکردنمان بۆ دەرکردنی (ئۆرگان)ێكو نووسین بۆ ناردنو ئەو شتانەم تێدا کردبوو، دیارە ئەوانە بە ئاگاداری بەشداری هەموو هاوبیرانی دیکە ئەنجام درا. ئێستاو ئەوساش جوابی ئەو نامەیەمانو جوابی هیچ نامەیەکی دیکەمان لەوەوە پێنەگەیشتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١دا پاش هەشت مانگو ئەویش کە کاکە منصوور چووبووە لای پێی وتبوو وا چاکە (ئۆرگان)ەکە ناو بنێن (سۆمای کودایەتی). کە پێی وتین، وتم: بڕۆ بابە ئەوجا نۆرەی ئەوەمانە بۆمان بکەنە (سەمای کوردایەتی) ئەو خەڵکی سلێمانییە تەقلە بە فیل لێ دەدەنو خواخوای بەزمێکی وایانە.

# ئێمەو بەعس

شەڕو ململانێی کوردو بەعسیان هی ئیمڕۆو دوێنێو بیست ساڵەی حوکمیشیان نییە، دەگەڕێتەوە بۆ دوورتر لەساڵی ١٩٦٣ یش کەبە کودێتایەکی شوومو گومانلێکراو هاتنە سەر حوکم . بۆ یەکەمینجار لە عێراقدا بە بەرنامەو ڕێوشوێن کەوتنە جێبەجێکردنی پیلانی سیایەتی بە عارەبکردنو ڕاگوێزانو بە بەعسیکردن، کە دەسەڵاتدارییە ئیستعمارییەکانی پێش ئەوان، چ لەسەردەمی حوکمی شاهانەی بنەماڵەی "هاشمی"و چ دواتر لە سەردەمی حوکمی کۆماری "قاسم" دا سیاسەتی "ئیستیانی" یان بەرانبەر کورد نەگرتۆتەبەر. هەتا لە سەردەمی حوکمی جووتە (عارف) یشدا پێڕەو نەدەکرا. ئەگەرچی لە پلەی شۆفیەنێتیو نکۆڵی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردا هیچیان لە بەعسیان کەمتر نەبوو!. ئەوە "حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی" بووە لە شوباتی ١٩٦٣ وەو دواتر لە تەمموزی ١٩٦٨و تا ئەمڕۆ ئەو

سیاسەتە لەناوبردنو ئیلغای بوونی نەتەوایەتیو بـوونی کوردیـان گرتۆتە بەر...ئەم راستییە بەچاوو بەرهەستەی هەیە هەموو شتێ نییە، بەڵکو شەڕی ئێمەو بەعسیانی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٤٧. کـە بەعسـی تێـدا ترەکیـەوە شـەڕەکە لـەو ماددەیـەوە دەسـت پێدەکات کە دەڵێ:سـنووری نیشـتمانی عـەرەبی لـە ئۆقیانووسـەوە درێـژ دەبێتـەوە تـا دیـوی ئـەودیوی چـیاکانی "پشـتکوو". واتـە ئەمانە نەك بە تەنێ باشووری کوردستانی موستەعمەرەی عێـراق بە عارەبستان دەزانـن، بـەڵکو بەشـێکی خۆرهـەڵاتی کوردسـتانیش هـەر بـە ووڵاتـی کوردسـتانیش هـەر بـە ووڵاتـی عـارەب دەزانـن... ئەوەندە بەسە کە لە پـەراوێزی ئـەو مادەیـەدا نووسـراوەتەوە کـە "هەتا کۆنگرەش بۆی نییـە ئـەم ماددەیـە بگـۆڕێ" بـزانن هەسـتی شۆفێنێستیو تەماعو چاوبرینە کوردسـتانیان تـاکوێ ڕۆیشـتووە؟!. ئەو هەستی دژە چۆن هەرچی (لۆژیك)و (ریوورەسم)و مـەعقولیات هەیە ئیلغا دەکاو بەرانبەری لێدەگرێ. هەموان دەزانن کە کـۆنگرە هـەر کۆنگرەیـەك بێـت گـەورەترین دەسـەڵاتە لـە حیزبێکـداو دەسـەڵاتی ئـەوەی هەیـە تـابوونی حیزبەکـەش دەسـتکاری بکاتو هەڵوەشـێنێتەوەو سـەرلەبەری بـیرو ئایدۆلۆژییـەتی حیـزب دەسـتکاری بکـا، یـا هـەر لـە بنـەوە بیگۆڕێ...کەچـی کـۆنگرەی بەعسیان بۆی نییە – واتە ئـیرادەی بـەعس خۆیشـی بـۆی نییـە-دەسبەرداری بە عـارەبکردنی کوردسـتانو کوردسـتان بەعارەبسـتان زانین بێت!. ئەوەندە بەسە تا بزانین بـەعسو بەعسـایەتی مانـای چـیو تەبیعـەتی جـەنگو ململانێیەکـەمان لەگەڵیانـدا چـیەو

چۆنه؟!. هەرچەندە ئەم تەبیعەتو هەڵکەوتەی بەعس لە ئاستی تیوریو ئایدۆلۆژیدا لە سەرەتای دروستبوونیانەوە عەیان بووە لای کورد بە تایبەتی عێراقییەکان وەکو خۆیان ناسراونو لە دوای کودێتا شوومەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ یانەوە بە کردەوەو کردار رووی دزێوو هەڵکەوتی فاشیانەو تەبیعەتی رەگەزپەرستانەی خۆیان، هەر لە بەیانی لە بیرەوەچووی ژمارە ١٣ی قەلاچۆی دڕندانەو بێ سابیقەی کوردستانو رەشبکوژیو شەلم کوێرم ناپاریێزمیان لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا لە شاری سلێمانی کەبە "منع التجول"ەکە ناسراوەو لەیەك ڕۆژدا (١٣٠) کەسیان زیندەبەچاڵ کرد بە ئاشکرا دەرخستووە. کەچی هەمان بەعس (بەسوود وەرگرتن لە ناتەباییو ناکۆکییەکانی نێو دەروونو نێوان هێزە کوردستانییو دیموکراتیكو شیوعییەکانی کوردستانو عێراقو تاقیکردنەوەکانی خۆیانو بە یارمەتی"سوء الاستفادة" لە باری نێودەوڵەتیو تێکچوونی "هاوسەنگی هێزەکان" ی نێو دەوڵەتانو دوو زل هێزەکانو هەندێ هۆی دیکە). توانیان بە ریشی هەموان بخەننو گەمەش بکەنو یەك لە دوای یەك ناحەزە سیاسییەکانیان لە داو نێنو پاشان ئاوەڕووتیان کەنو عێراقیان بۆ تەخت بێت!، ئەگەر شۆڕشی نوێی کوردستانو دواتر و بە تایبەتی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێرانو رمانی رژێمی شاهەنشاهیی دۆستو هاوکاریانو بە بێ عەقڵانە نەگلانایە شەڕێکی (وا بۆ هەشت ساڵ چووە)ە ئاوا نەبووایە، بڕوا بفەرموون کاری هەموو لایەکیان یەکسەرە کردبۆوە. ئەو هاوکاریی باڵی مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق ـ ی جیاوەبوو لە ساڵی ١٩٦٤ وە تا ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵیاندایە پاشان ڕێکەوتنو هاوپەیمانێتی حیزبی شیوعی عێراقی لە ١٩٧٣ وە تا ١٩٧٨ بوو کە جێ پێی بەعسیانی قایم کردو کردنیە گوڕنەتەڵەی عێراقو کوردستانو مێملی ناوچەکەش.

نامەوێ قەتماغەی برینان هەڵدەمەوە، بۆ تانەو تەشەرو دەرزی ئاژن نییە، مەبەست بە خۆداچوونەوەو بەرچاوخستنی شۆڕشگێرانەو پەندو عیبرەتو وانە وەرگرتنە لە مێژوو و لە هەڵەکانی خۆمان. بۆ ئەوەیە کە دوێنێمان لە دەستچوو ئەمرۆو سبەیشمان لە دەست نەدەینو کۆنە چاڵی تاقیکراوە نەکوتینەوەو بۆ ئەوەشە لە بەعس وەکو هەیە بگەین...بە تایبەتی بۆ ئێمەی کورد – نەك هەر لە باشوری کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو بەشو پارچەیەکی دیکەشدا- مەسەلەکە مەسەلەی ژیانو بوونە، مەسەلەی"مانو نەمان" لەگەڵ بەعسیاندا. ئەگەر بەعس وەکو هەیە تێبگەین ناتوانین لە ئەرکی ئەم قۆناغەدا پێشومان بگەین.

بەلای ئێمەوە بە کورتی ئەرکی هەرە هەرە گەورەو پیرۆزو ژیانی پێشومان لەناوبردنو لە ناچوونی بەعسیانە بەهەر نرخێ بێت..با باش خەڵکی تێی بگا بەڵێ (بە هەر نرخێ بێت). بۆچی؟

ئەگەر ئەو خالانەی سەرەوە بەس نەبنو خوا بەشارەتی لێنەبڕیبینو بۆ ئەوەی رێ لە هەموو حانە حەپەشێو مشتومڕێکی سەفسەتانەی نامەسئولانە نەبڕینەوە، ناچار

نـەدەبووم ووردتـری کەمـەوە، کـە بـەلای ئێمـەوە هـەر ئەوانـەی سـەرەوە بەسـن! بـەڵام بـۆ زێـتر لـە بـەعس گەیشـتنو "تحسـیم" کردنـی مەترسـیی ئـەو رژێـمو حیزبـەو پیشـاندانی چـەند نموونەیەکی ئـەوەی بـەعس بەسـەر کـوردو کوردسـتانیدا هێنـاوەو پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئەو بەرنامەیەی بۆیان کێشاوینو چییان بـۆ دانـاوین، وا چـاکە چـەند هێڵێکـی درشـتی ئـەو جەهەنەمـەی سازاندویانە بەدەرخەین:

## ١- قۆناغی یەکەم

وەکو دواتر بە ئاشکرا بە دەرکـەوێو زۆر لـە سـەرانی رژێـمو شەخسی (سەدام) بە تایبەتی لە هەنـدێ بۆنـەدا درکاندویانـە کـە ئەوان لە ساڵی ١٩٧٠ دا بۆیە لەگەڵ رابەرایـەتی شـۆرشـی باشـووری کوردسـتاندا پێکهاتن تـا لـەناوی بـەرن. ئـەو نەخشـەیەش بەسـەر سێ هێڵی هاوکێشەدا دەچوو:

هێـــڵو هـــەنگاوی یەکـــەم... خاوکردنـــەوەی ململانـــێ چـەکدارییەکە لەگـەڵ شۆڕشـداو بـەناو رێکـەوتنو هەقـدانێکی سەرزارەکیی "مانع"و "مهزوز" کە هـەر کـاتێ بیانـەوێ خشـتەکەی (سـیمینار) دەرکێشـنە دەرێو ئـەو رێکەوتنـە دادەتـەپێنن. ئەسـڵی رێکەوتنەکە(کـە سـەرەتاکەی لـە سـاڵی یەکـەمی رێکەوتنـەوە بەدەرکەوت)تـەنیا بـۆ ئـەوەبوو کـورد بخـافڵێنن ـ لـەو مـاوەی خافڵاندنەدا لە سەرێکەوە بەهەر چوارلادا تەونی پیلان بۆ کـوردو

کوردایـەتیو شـۆڕشو "پـارتی"و رابەرایەتییەکـەی هەڵخـەنو لـە پاڵیشـدا لـە رووی ""سیاسـی، سـەربازی، ئـابووری، جـەماوەریو پەیوەندی نێو دەوڵەتیی" خۆیـان قـایمو تـەیارو کۆك بکـەن، بـۆ کایـەی دووەمو کۆتـایی لەگـەڵ شۆڕشـداو ئـەوجا لەگـەڵ کـوردیش .ئەوەبوو کردیانو تیاشیدا سەرکەوتن!.

هێـڵو هـەنگاوی دووەم... بـە شـەعبەدەبازیو تەڕدەسـتیی خۆیـانو تـەماع نانەبـەرو فریـودانی دۆسـتو لایـەنگرە سروشتییەکانی کوردو شۆڕش- ئەو دۆستو لایەنگرانـە لـە کـوردو کوردایەتی بکەنەوەو بیشیان خەنە بەرانبەریو هێزی ئیحتیـاتیو سـەربازی خۆیـان. ئـەبوو لـە سـاڵی ١٩٧٢ وە لەگـەڵ سـۆڤیەتو ئۆردووگـای سۆسیالیسـتخوازاندا بوونـە هاومـاڵو بـرای بـاوکی یەکدیو لە ساڵی ١٩٧٣ دا لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقیـدا (بـەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز) یان پێکهێنـاو بوونـە یـەك ماڵ. بەمە کوردایەتیو شۆڕش لە دوو سـەنگەرو دوو قـەڵغانو دوو گوللەبەنـدی زۆر گـرنگو بـەکار بێبـەش بـوو کەوتـە ئـەو دەشـتە. ئیـدی کوردیـان لەبـەردەم دووڕیانێـكو دوو ئیختیـاری یـەك لـەوی دیکە خراپتر دانا، یان ئەوەتا تەسلیمی ئیرادەی بـەعس بـنو وەك سمایل پێغەمبەر خپ لەبەردەم چەقۆی بەعسیاندا، بە پشـتانا بـە دەمدا بکـەوێ! یا دەسـت بـە پـەتی قرچـۆکی ئاریـامیهری دوژمنـی سەرسەختی کوردو کوردایەتییـەوە بگـرێو لەسـەنگەری خۆرئـاواو سایەی "کیسنیگەر" ەوە بۆ مافەکانی بجەنگێ.

ئەمە تراژیدیای ئەم دنیا سۆزانییەو مەرگەساتی میللـەتانی

بێ پشتو پشتیوانە کە نموونەیەکی دیکەی زیندووی ئەمڕۆی گەلی نەبەزو خاوەن مافو غەدرلێکراوی "ئەریتریا" یە. زۆر بە داخەوە دیاربوو کە رابەرایەتی شۆڕشی کورد خۆی بداتە دەستو ویژدانو کەرامەتی بێ ویژدانیو بێ کەرامەتی بەعسیان، بۆیە ناچارانە خۆی دەبوایە بەسەر پردی سیراتی (ئەمەریکاو ئێران) دا بڕوات . چ پردێ لە موو باریکترو لە ئەڵماس تیژتر! دیاریشە کەسەرنجامی پاڵەوانبازی لەسەر پردی دوو بەختیش نییە!.

هێڵو هەنگاوی سێیەم...پاش ڕێبڕینەوە، لە شۆڕشی کورد لای سۆڤیەتو دنیای "وەکو دەڵێن" پێشکەوتنخوازان، لاکەی تر، لای شاو ئەمەریکا ئاسان بوو بە پیلانێکی نێو دەوڵەتی لە شۆڕشی ببڕنەوەو بە یەك مستەکۆڵەی سیاسی چۆکی سەربازیو سیاسی بەشۆڕش دابدەن. ئەوەبوو کە هەمووان، بە چاوی خۆمان دیتمان!.

بەوە بەعس توانی سەرکەوتووانە ـ وەك پلانی پێنج ساڵە ـ لە پێنج ساڵەدا قۆناغی یەکەمی بەرنامەی لەناوبردنی کورد بۆ خۆی بە سەرکەوتووانە ئەنجام بدات.

## ٢- قۆناغی دووەم

دەکرێ ناوی بنێین قۆناغی بەرهەم چنینەوەو بەدیهێنانی خەونی ئەبەدی شۆفێنێتی عارەبی ـ کە لە بەعسیدا "تجسید" بووە — ئەویش پاکتاوکردنی بوونی نەتەوایەتی کوردو کوردستان

به عەرەبستان کردنە، ئەم قۆناغەشیان دابەش کرد بەسەر دوو قۆناغدا:

قۆناغی یەکەم... لەناوبردنی کورد بە گرتنە بەری سیاسەتی "بەعارەبکردنو راگویزانو بە بەعسیکردن" یا قۆناغی لە قالبدانی کورد تەسکردنەوەی سنووری هەرەدامێنی کوردستانی، بەرنامەی ئەم قۆناغە لە سالی ١٩٧٦ ەوە بە جددی دەستە پێکردووە، ئەگەر چی بەشێکیپێشتر لە سالی ١٩٧٥ دا بە ئەنجام درابوو. وا دانرابوو کە ئەم قۆناغە بە (٥) سالان بگەیەننە سەرئەنجامێکی دەیانەوێو خالی دەرپەرینیان بۆ قۆناغی دووەمی لەناوبردنی ئێجگاری: بەرنامەی ئەم قۆناغە لە خوارەوە قارسکردنو کرتاندنو لە سەرەوە برِدانو دامالینو داتەپاندنی کوردستان بوو. سەرەتا بە ناوچە "ستراتیژی"و نەوتییەکانی ناوچەکانی (خانەقینو مەندەلیو کەرکوكو ژەنگارو زومارو هەتا ئاکرێش) بەناوی (ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی) ەوە دەستی پێکرد، کە وەکو سەرەتایەكو ساف لە سافیانە بە عەرەبستان لەقەلەم داو کەوتنە گیانی خەلکەکەشی هەر بە عەرەبکردنو راونانو کردنە بەعسو بەشی هەرە زۆریشیان ئاوارە کردن بۆ

"ئەوەی پێیدەلێن ناوەراستو خوارووی عێراق" – کەبەلای ئێمەوە هەر ئەوێ عێراقە!... دواتر لە سالی ١٩٧٧ وە کەوتنە چۆلکردنو ویرانکردنی سەرپاکی گوندو شارۆچکەو شارە سەر سنوورییەکانی نێوان کیانی سیاسی (عێراقو سوریە)،(عێراق ە تورکیا)،(عێراقو ئێران)و بە قولایی ٥ تا ٢٠کمو کۆکردنەوەو

بەندکردنی خەڵکەکەی لە چەند ئۆردووگایەکی گەمارۆدراوی بندەستی خۆیانو کەوتنە تێکدانو شێواندنی مۆرکو سروشتو ئاکارو رەوشتو کلتوورو هەرچی رەسەنایەتی کوردێتی هەیە تیایاندا. ئەمەش جگە لە مەسەلەی لە قاڵبدانی کوردو قارسکردنەوەی کوردستان، بۆ دوو مەبەستی بنجیو سەرەکی دیکە بوو: یەکەم... بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە دوورەدەستەیان بۆ لەبندەستی خۆیاندا گرد بێتو ئامادەیان کەن بۆ بەرنامەی قۆناغی دووەمی لەناوبردن.

دووەم... بۆ ئەوە بووە کە شۆڕشو جەماوەر، پێشمەرگەو خەڵکو سەرچاوەکەی لێکدابڕنو شۆڕش وەتاق خەنەوە، شوێن پێی ئەم بەرنامەو سیاسەتەشیان لە ئینگلیزەکان لە (بۆرما) داو فەرەنسییەکان لە (ئەلجەزائیر)داو ئەمریکاییەکان لە (ڤێتنامی خوارووی) هەڵگرتۆتەوە. هەرچەندە پیاو قسەیە بۆ شەیتانو سەگیش بکات ئەم بەعسیانە زۆر زۆریان لەوان تێپەڕاندبوو. هەر دەڵێی مەسەلەی سەگو تووتکەکەیە: دەگێڕنەوە کابرایەك سەگو توتکێ دەباتە بازاڕ بۆ فرۆشتن کڕیارێ نرخیان دەپرسێ کابرا دەڵێ: سەگەکە بە (٥) دینارو تووتکەکە بە (٢٥) دینار!.کابرای کڕیار دادەمێنێو لێی دەپرسێ کابرا چۆن ئەو سەگە گەورەیە بە (٥) دینارو ئەو تووتکە زەڕنەقووتەیە بە (٢٥)!؟ کابرا دەڵێ براله ئەمەیان سەگەو ئەویان سەگ کوڕی سەگ! ئەوجا بە ڕاستی لەم بوارەداو هەموو بواراندا بەعس سەگ کوڕی سەگە!.

قۆناغی دووەم...قۆناغی دووەمی لەناوبردنی کورد وا

دانرابــوو کــه لــەدوای ئــەو ڕەدەڵو بەدەڵــەی قۆنــاغی یەکەمــەوە نێزیکــەی (ملیــۆنو نیــوێ تــا دوو ملیــۆن) کــورد ڕابگوێزنــەوە بــۆ "سودان، سۆمال، سعوودیە، ئوردون"و ئــەو ملیــۆنو شتەشــی کــە دەمێنێتەوە بە شارو گوندو شارۆچــکە عەرەبییــەکانی عێراقــدا بــە ڕێــژەی ٥٪ پــەرشوبڵاویان کەنــەوە. لەوێشــدا بــە سیاســەتی ژنو ژنخــوازی، دەرپەڕانــدن، لــەناوبردن، قســەکردنو چــەند ڕێگەیــەکی دیکە لەناوبەرن. تەواوی ئەم بەرنامەیەیان لە کۆنگرەی "فاس"ی ١٩٨٢ لە مەغریب لێ ئاشکرابوو!.

## ٣- بەعس چی بەسەر هێناوین

هەر بە کورتی بە ژمارەو حسێبو نەخشە دەتــوانین چــمکێ لــەو بەرنامەیــەی بەعســتان بــۆ ڕەســم بکــەین. وەکــو دەزانــن هەڵگیرســاندنی شــەڕی (عێــراقو ئێــران) لــە ٢٢ی ئــەیلوولی ١٩٨٠ دا هۆکــارێکی گــرنگ بــوو بــۆ خاوکردنــەوەو پەکخســتنی بــە ئەنجامگەیانــدنی دڵخــوازی بەرنامــەی بەعســی، بــەڵام دیســانەوە ئــەوەی لــە مــاوەی ١٩٧٦ تــا ناوەڕاســتی ١٩٨٠ ئــەنجامیان دابــوو و دواتــرو تــا ئــەمڕۆ کــەمو زۆر هــەر خــەریکین بــەو ژمارانــەی خــوارێ دەردەکەون:

پانتایی باشوری کوردستان (٨٤,٠٠٠کم٢)یە، ئــەو دوو هــەزارو ئەوەنــدە گونــدە ســەر ســنورییانەی ڕاگــوێزراونو کــاولکراونو خەڵکەکــەی لەچــەند ئۆردوگایەکــدا پەســێندراون ١٠٪ ی پانتــایی

کوردستانە کە دەکاتە ۸۰۰۰کم٢. ئەمەش ٣/٤ سێ لەسەر چواری پانتایی لوبنان دەبێت.

ئەو گوندو شارو شارۆچکانەی لەسەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەڵگیراون‌و بە یاسایی بە عەرەبستان دانراون لە ناوچەکانی (عەلی غەربی‌و عەلی شەرقی‌و شارەبان‌و خانەقین‌و مەندەلی‌و ژەنگارو زمارو ئاکرێ‌و هەندێ ناوچەی هەولێر)، بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەی دەرکراون‌و بە عارەبکراون. (٣٠٪ تا ٣٥٪)ی هەموو پانتایی باشوری کوردستانە کە دەکاتە (٢٤٠٠٠ تا ٢٨٠٠٠)کم٢ کە لەو پارچەی لە فەلەستین لە ١٩٤٨ دا دراوە بە جولەکەکان پترە!. بەسەر یەکەوە (٤٠٪ تا ٤٥٪) ی پانتایی کوردستانی باشوور کە دەکاتە (٣٢٠٠٠ – ٣٦٠٠٠)کم٢ راگویزراوەو دەرپەڕێندراوەو بەعارەبکراوە. ئەمەش سێ ئەوەندەی هەموو خاکی لوبنان دەبێت!.

ئەوجا (١٠٠ تا ١٢٠) هەزار کوردی فەیلی‌و ئۆمەری‌و گۆیان‌و هی دیکەیان بەناوی نا عێراقی‌و عێراقی نەبوونەوە دەرپەڕاندن‌و ساف لە ساف دەستیان بەسەر هەموو موڵك‌و ماڵ‌و سامانێکیاندا گرتوون‌و نێزیکەی (٢٥٠ تا ٣٠٠) هەزاری دیکەیان ئاوارەو پەرشوبڵاوپێکردەوە.

مەگەر بۆ خۆی بزانێ چەندەشیان کوشتبێ، ئەوەندە بەسە بڵێین (٨) هەزار مێری بارزانیان لە تەمەنی ١٥ بەرەوژوور تا ٨٠ ساڵان بۆ شەش ساڵان دەچێ بێ سەروشوێن کردوون‌و (٣ تا ٤) هەزار خێزانیان بێ پیاوو بێ بژێو کردووەو دەشبێ چییان بەسەر

ناموسمان هێنابێ!...

دەردی دەڵێن: ئەوە دەستم لە هەویرەو هەر هێندەم لە بیرە!!. فەقیرانە بەو چوار ساڵە هەر هێندە فریا کەوتوون...خوا دەستیان نەدا.

ئەگەر دەستیان ببوایەو لەشەڕێکی واوە نەگلانایە ئەوجا دەیانزانی چیمان بەسەر بێنن!.

## ٤- لە نێوان شەڕدا

هەر ئەوەندەی سەرێ ناو بەس! بەعس لە گەرمەی ئەو شەڕە گەورەیەی لەگەڵ ئێراندا هەیەتی بەسەر یەك فرسەتو دەرفەتدا بازی نەداوەو چرکەیە خەیاڵی (یا بۆ واقیعو بەرنامەی) لەناو بردنی کوردی لە بیرنەکردووە. با چەند نموونەیەکی تاقانەو "متفرد"و نەبیستراو نەدیتراوتان لە فەرهەنگی فاشیەتدا عەرزکەم. هەر ساڵی پار زیاد لە (٥٠٠) گوندی لە قوڵایی باشووری کوردستاندا لە (شارەزوورو قەرەداغو گەرمیانو ناوچەی شوانو خۆشناوەتیو دەشتی هەولێرو بادینان) دا وێرانو تەخت کردووە. هەر لە گوندی شێخ وەسان ١٢٠ کوردی مەدەنیو بێدیفاعی لە ژنو منداڵو پیرو پەککەوتە لە تەمەنی (٢ تا ٨٠ساڵە) لە یەك ڕۆژداو لەیەك گونددا بە گازی کیمیای کوشتووە. لەبیرتان نەچێ ژمارەکەی (دێریاسین) بە ١٠ تا ٢٠ کەسێ — بەزیادەرەویشەوە!ـ

لەمە کەمیر بووە!. بۆ یەکـەمینجارە حکومـەتێ، دەوڵـەتێ، ڕژێمـێ بـە گـازی کیمیـاویو بۆمبـای هێشـوویی لـە هاووڵاتیـانی کیـانی سیاسـیی خـۆی بـدات!. پـەنا بردنـە بـەر سـووكو سـەلیم و ترسنۆکانەترین شێوازی کوشتن بە ژەهران خواردنکردنی چەندین پێشمەرگەو هاووڵاتی کە نموونەیەکیان ئەوەکەی پار ساڵی گوندی مەرگە بوو، کەلە نێوانیاندا یەك لە قارەمـانترینو بەشـەرەفترینو کـوردترین ڕۆڵـەی ئـەم میللەتـەمان شـەهید کاکـە (بێسـتون مـەلا عومەر)بوو.

ئەمانە مشتێکی نموونـەی خـەروارو خەروارەهایـەکن، کەبـە نەخشەو سـەرژمێرو لیسـتو نـاوو بەڵگـەی ماددیو پـاڵهێزەوە لـە کتێبی دیکۆمێنتیی سێکوچکەی (تـەعریبو تـەرحیلو تـەهجیر)ی بــەعس، بڵاوکــراوەی کۆمەڵــەی ڕەنجــدەرانی کوردســتان بــڵاوی کردۆتــەوەو بــە درێــژیو ووردی باســیان لێکــراوە. پــێم وایــە لــەم ئەوروپایە هێندەی هەواڵی گەرمو پڕ شەوقی (تینا تێنەرو مادۆناو مایکل جاکسونو شازادە دایانـاو کـارۆلین) نـە سـەرنجی ڕاکێشـاوەو نە بە دوویدا دەگەڕێن.

با دوو قسەی دیکەش بخەمە سەر قسەکانمان لەمەڕ بەعس، کە بەعس بە باشووری کوردستانەوە ناوەستێ. جگە لەوەی کەبـە بەرچـــاوەوەیە چ گۆبەنـــدێ لەگـــەڵ "یۆنتـــا" ی تورکیـــدا دەگێڕن...بەعسییەکان لە دوای ڕێکەوتنامەی "الجزائر" لە ژێـرەوە لەگەڵ حکومەتی تورکیادا ڕێکەوتبوو کە ئەویش لای خۆیەوەو بە قوڵای ٢٠کم گوندە کوردنشـینەکانی بـاکووری کوردسـتانی ڕاگـوێزێ

بۆ ئەنەدۆڵو قولایی ناو تورکان. بەعسیش هەموو مەسرەفو "..........." یکی ئەو بەرنامیە بگرێتە ئەستۆ...ئەوەی بە توندیش سەرنج رادەکێشێ کە هەر دەڵێی لە (ئێران) دا کورد شارنشینو گوندنشینن کە بە درێژایی ئەم شەڕە ٨٠٪ ی زەبری هێزی ئاسمانیی عێراقی بوو لە گوندو شارو شارۆچکە کوردییەکانی خۆرهەلاتی کوردستان دراوە. هەر لە خورەم ئابادەوە تێهەڵکشێ تا خانە، گوندێ، شارێ، شارۆچکەیەکی کوردستان نەماوە بەعس دەستی پێدانەهێنابێو هەموویانی بە تەواوی خاپوور نەکردبێ.

هەر لە بانە یەك جاریان ١٢٢٠ کەسو لە سنە ١٢٥٠ کەسو لە خانە ٧٥٠ کەسو لە کرمانشا بێ سنوور کوژراونو لە شارۆچکەیەکی وەکو (سەردەشت)دا ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ کەس بەر بۆمبارانی کیمیاوی کەوتوونو نزیکەی ٣٠٠ کەسێکیان لێ شەهید بووە. خۆ ژمارە شەرمەزارەو تاوانەکانی بەعس ناگرێتە خۆی. بۆیە جارێکی دیکە بە دەنگی بەرزو بێ زمانگرتن دەڵێین لەناو چوونو لەناوبردنی بەعس بەهەر نرخێ بێو بە دەستی هەر کەسێ بێ، خوای دەکرد ئەمەریکا، ئیسرائیل، شەیتان دەبوو، ئەرکێکی پیرۆزەو پیرۆزو مرۆییەو بۆ کورد مەسەلەی مانو نەمانە.

کێ چاوی ئەمە نەبینێ – بەلای ئێمەوە- شەریکی بەعسە!.

# شۆڕشی کوردستان‌و
## ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلوول لە دوو ڕاستیی گەورە گەیشتبوو:

یەکەمیان: واقعی جیوپۆلیتیکیی سەخت‌و دژواری کورد.

دووەمیان: گرنگێتی ڕۆڵی بناخەیی کۆمەکی دەرەکی، وەك مەرجێ بۆ سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەو شۆڕشێ دەشیزانی لەو دالەنگینەی تەرازووی هێزەکان بەلای دوژمن دا دەرفەتی زاڵبوون بەسەر ئەو دوو کۆسپەدا یەکجار سەخت‌و دووبەختییە، بەوەی:

١- کوردستان کەوتۆتە نێوان چوار دەوڵەتی داگیر کەرەوە، هەر دەوڵەتەی کێشەی بەشە کوردەکەی بندەستی بە کێشەی هەرە مەزن‌و مەسەلەی "مان‌و نەمان" ی کیانەکانی خۆیان دەزانن‌و دەشزانن کە بەرەوپێشچوون‌و سەرکەوتنی خەباتی

رزگاریخوازانـەی هـەر پارچـەیەکی کوردسـتان بـە قـازانجی گەشـەو بەرەوپێشچوونی خەباتی کوردایەتی لە پارچەکانی دیکەداو زیانی ئـەوان تـەواو دەبێت بۆیـە هەمیشـە لـە بـەردەم خەتـەری جدی کـوردو کوردایەتیـدا یەکـدەگرنو بەرنامـەو پلانیـان یەکدەخـەن. ئـەوە وای کردبـوو کـە دەرفـەتی درز کردنـە ئـەو دیـواری دەوران دەوری گەمارۆدراوییـەی جیۆپـۆلیتیکی کـورد ئەوەنـدە بەرتەسـك بێت بە ئاسۆش ئاسـۆی لـە چاوانەوە دیـار نـەبیٚو هـەر خـۆی ژێـر پێی (ئەخیل) ی هەر شۆرشو بزوتنەوەیەکی کوردایەتی بێت.

٢- هــەر پەلهاویشــتنو کۆمــەکیٚ دەبــیٚ لــە ڕێــیو بــە ڕەزامەنـدیو ژێـر ڕەحمـەتی یـەکیٚ لـەو داگیرکەرانـەدا بێـت، کـە حەتمەن هەر (مەمرەو مەژی) دەبیٚو تا ئـەو شـوێنو کاتـە دەبێت کە بەرژەوەندی تێدا بەدی بێت.

هەر ئەو دوو خاڵەی سەریٚ بەشی لێکدانەوەی ئەوە دەکەن، کـە بۆچـی سـەرۆك بـەرزانیو هەنـدیٚ لـە ڕێبەرایـەتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـە نابـەدڵو بـە ناچـاری شـانیان دایـە بـەر شەڕێکی لە ئەیلوولی ١٩٦١ دا ببووە توشیانەوە. هەمیشەو هـەردەم بـە پـیر هـەر ئامـادەگیو رووپیشـاندانێکی بـە ئاشـتی چارەسـەری کێشەی کورد لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە دەچـوونو بـە ئاشـتی هـەرە دامێنـی –حـد الادنـی- ی داواکـاریو ئامانجـەکانی کوردایـەتی رازی دەبـوو. ئەگـەر چـی لـەوەش بـەئاگا بوو کە هەمووانیان بۆ تاکتیكو وەخت بردنـەوە دەهاتنـە پـێش... دیارە تا دەهـاتو سـاڵ بـە دوای سـاڵدا تـەرازووی هێزەکـان، بـام لـە

هەردوو  لاو تایی ململانێکەی شۆرشی کوردو حکومەتدا گەشەی دەکردو قورستر دەبوو. هەر بەلاو سوودی رژێمەکە پەرەی دەسەندو قەبەتر دەبوو، ئینشیقاقی مەکتەبی سیاسی پارتی لە سەرۆك بارزانی لە ١٩٦٤ داو دواتر دوو دەستەگی نێوان هێزەکانی کوردایەتی‌و تەقینەوەی چەکدارانەی ئەو دوو دەستەیە لە ١٩٦٦ بەدواوەو دانەپالێ حکومەتی دەستەی مەکتەبی سیاسی ئەوەندەی دیکە هێزی کوردایەتی لاوازتر کردو خستییە بەردەم خەتەری جدی لە هەر چرکەساتێکی شکست‌و دۆڕاندندا...! بە جۆرێك تەنگ بە شۆرشی کوردستان هەلّدەچنرا کە دەبوایە بۆ قەرەبووی ئەو خوێن لەبەر چوونەی ناوخۆو بەرەیەکی دیکەی کوردیی بۆ کراوە، پشت بە کۆمەك‌و یارمەتی ئێران زیاتر ببەستێ. بەمەش شۆرش زیاترو زیاتر سەربەخۆیی بڕیارو چارەنووسی بکەوێتە دەستی بێگانەو دوژمنێکی (بالقوە) ی وەکو ئێرانەوە. رێبەرایەتی شۆرش دەبوایە بەهەر نرخێ بێت خۆی لەو تەلّەزگەیە —مأزق- ە رزگار بکات، بۆیە لە سالّی ١٩٦٩ دا شۆرش تەواوی تەنگی پێهەلّچنرابوو و خەریك بوو بۆ مانەوەی هەر بە جارێ لە دەست کورد دەربچێ، رێبەرایەتی شۆرش لە رێی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە بە یاریی (خالید بەگداش) ی حیزبی شیوعی سوری هاناو هاوار بەرێتە بەر یەکێتی سۆڤیەت کە تا درەنگ نەبووە فریای بکەوێت‌و بە گوتەی سەرۆك بارزانی رەحمەتی:کەوتۆتە گەرووی شێرەوە، تا دەمی نەداوە بەیەکدا دەریبێنن....

ئـەو ڕۆژە بـەخت یـاری شـۆڕش بـوو. لـەو سـەرەوە (بـەعس) یــش ئەوەنــدەی شۆڕشــی کوردســتان پێویســتی بــە پشــوودانو هێمنـیو هاتنـەوە سـەرخۆ هـەبوو. تـازە کـورە بـوونو دوژمنێکـی زۆریان هەبوو، هیچ هێزێکی سیاسـی کوردی،عـارەبی،عێراقی (جگـە لە باڵە ئینشیقاقیەکەی مەکتەبی سیاسی پـارتی کەبـە "جـەلالی " ناسرابوو) یان دۆست نەبوو. هەر یەکەو بـە جۆرێکیش دژایـەتیان دەکردن. خۆشیان (فراکسیۆن) ی جیاجیـاو ناکۆکیـان تێدا بـوو لـە نــاو خۆیانــدا ململانێــی (تکریتــی)و نــا تکریتــی، عەســکەرییو مــەدەنی، راســتو چــەپو هــەتا تایەفەگــەریو عەشایەرشــیان تێدابوو. یادگارو بیرەوەریی زۆر تاڵو دزێویشیان لە شوباتی ١٩٦٣دا لای گـەلانی عێـراق بەجێهێشـتووە. لـە دنیـای عارەبـدا بەسـەرۆو راسـتڕەوو رادیکـالی دیمـاگۆگی ناسـرابوو و دابڕاوبـوون. لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیشدا لە خۆرئاوا بە دیکتاتۆرو خوێنڕێژ ناسـرابوونو لـە خۆرهەڵاتو ئۆردووی سۆسیالیستخوازیش بە (ئـەنتی کۆمـۆنیزم)و "شـیوعی کـوژ"و راسـتڕەو دەناسـران. ئێـران هـەتا تورکیـاش لێیـان بــەدگومان بــوون. ئــەوەی رایگرتبــوون لاوازیــیو بــێ عــورزەیی ئۆپۆزیســیۆنی عێراقــیو جەللادســیفەتیو حــوکمی تــیرۆرو پیــاو کوشــتنو (جــەلالی) بەردانــە گیــانی شــۆرشو پەکخســتنی دەوری شۆرشــی کوردســتان لــە زەمینــە خۆشــکردنی روخانــدنی وەکــی حکومەتــەکانی پــێش خۆیــانو بەرزبوونــەوەی بــەهای نــەوتو بەرەبــەرە گورجــوو پرپــوونو (انتعــاش) ێکــی رێــژەییو ئــەوجا زیرەکــیو شــەیتانێتی شەخســی (ســەدام حوســەین) لــە پشــت

پـەردەوە بـۆ بـەرە بـەرە گـۆڕینو سـپات کردنـەوەی ئـەو وێنـە کۆنـەیان... بۆیـە بـە شـێوەیەکی نـا چـاوەڕوانکراو و کتـوپڕیو نەرمییـــەوە بـــە پـــیر ئامۆژگـــاریو هـــەوڵی ســـۆڤییەتەوە بـــۆ چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی مەسـەلەی کوردەوە چـوون. کـە بـەم کارەیـان هـەم دەرگایـەکیان لـە خـۆ کـردەوە بـۆ نێزیـك بوونـەوەو دواتـر تـا "هاوکـاریو ڕێکـەوتنی سـتراتیژی !!" لەگـەڵ سـۆڤیەتو وولاتانی سۆسیالیستخوازو لەوێوە بۆ هاوکاریو هاوبـەرەیی لەگـەڵ حیزبـی شـیوعی عێراقـدا – وەك گـەورەترین هێـزی جـەماوەریی ئۆپۆزیسـیۆنی عێراقـیو دۆسـتی کـوردو شۆڕشـەکەی- کـە هـەم دۆسـتێکی سـەنگینی سیاسـییان لـە کـورد کـردەوەو هـەموو هێـزو پێزو تەزکیەی زۆر گرنگی حیزبی شیوعییان (هـەر نـەبێ بـە هێـزو پێـز بـۆ پەیوەنـدییو ئـابرووی نێـو دەوڵـەتیان) کـردە پارسـەنگی خۆیـان... کەدەرفـەتی مـاوەی چـوار سـاڵی نێـوان ئـازاری ١٩٧٠ تـا ئازاری ١٩٧٤ یان پڕاوپڕ سوود لێ وەرگرت بۆ:

١- لێکردنـــەوەی دۆســـتەکانی شۆڕشـــی کوردســـتانو وەتـــاق خستنەوەی.

٢- پاکتاوکردنی دوژمنو ناحەزە سیاسیو عەسکەرییەکانیان، بە تایبەتی پاکتاوکردنی ناحەزە عەسکەرییە نەتەوەییو ناسـریو هەتا بێلایەنە پیشەییەکانیشیان لە نێو سوپادا.

٣- پتـەوکردنی ریزەکـانی نێوخۆیـانو چەسـپاندنی حـوکمی "تکریتی" یانو شوێن پێ قایمبوونی (سەدام).

٤- بەهێزکردنو پڕ چەککردنی سوپای عێراقی بە تـازەترینو

پێشکەوتووترین چەکی سۆڤیەتی.

٥- بەهێزکردن و کۆنکریتکردنی ئابووری عێراق و دەم ئاخنینی رەشە خەڵکی بە پارەو پولێکی بێ شوماری بەرزبوونەوەی یەکجار زۆری بەهای نەوت.

٦- سەرقاڵکردن و گومڕاکردنی جەماوەر بە هەڵلاو بگری دیماگۆگیانەی "چارەسەریی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد"و "خۆماڵی کردنی نەوت"و بەرەی نەتەوەیی نیشتمانی پێشکەوتووخوازانەی عێراقی!!و "پەیماننامەی دۆستایەتی سۆڤیەتی عێراقی"و بەرووکەش جۆرێ لە ئازادیی بیروباوەڕو ڕادەربڕین و دیموکراسییەکی ژێر خێوەتەکەی خۆیان...و ئیدی.

ئاشکراو بە چاوی کوێردا دەچەقی کە ناچاریی هەر دوولایان شۆرشی کوردستان و بەعسی گەیاندبووە یەک و هەر ئەوە ناچارییەو تەکتیك بۆ کات بردنەوەو پشوو هەڵهێنان (زیاتر لەلایەن بەعسیانەوە) مامانی رێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی نێوان شۆرش و رژێمی عێراقی بوو.

رێبەرایەتی شۆرش لەگەڵ ئەو ناچاریەو دەرککردنی ماهیەتی بەعسیانەدا بە راستی و جددی دەیویست رێکەوتنەکە سەربگرێ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکە بکرێ و بەو دامێنەی ئامانجەکانی کوردایەتی لەو قۆناغەدا دابکەوێ. تا لە دوو کۆسپ و دوو پردی سیراتی (واقعی دژواری جیوپۆلیتیکی)و (کۆمەك و یارمەتی شیری دوو دەمانەی ئێران) رزگاری بێت... بەڵام بەعس زوو بە زوو لێی بەدەرکەوت کە بە فێڵن لە شۆرش و رێکەوتنەکە.

هەر لە بنیی کاتییەو بۆ (تاکتیك) بووە.

هەر لە هەوڵی دەستکێشانە گیانی سەرۆك بارزانیو لە ناوەندی بەغدادا تەقەکردن لە کاك ئیدریسی رەحمەتی، تا دەرکردنو ئاوارەکردنی دەیان هەزار کوردی فەیلیو سیاسەتی "تەعریب"و "تبعیث" ی ناوچە ستراتیژیو نەوتییەکانی کوردستانو لە سەرەتاوە تەڵە نانەوە بۆ دابڕینی کەرکوكو هێشتنەوەی کەرکوك وەکو کێشەو خشتەکەە "سیمینار"و بە گشتی رەفتاری بەعس لە مانگەکانی یەکەمی دوای رێکەوتنەوەکەوە بە ئاشکرا نیەتی بەعسیانی بەدەرخست.

هەڵەی کوشندەی رێبەرایەتی شۆرشی کوردستانو پاشان کۆتایی بە شۆرشەکە بەو تراژیدیایەی هەرەس لە ئازاری دا، لێرەوەو لەگەڵ رێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ دا دەستی پێ دەکات!:

رێبەرایەتی شۆرش کە ئەو (واقعی سەختەو دژوارەی جیوپۆلیتیکی کورد) ەو (کۆمەكو یارمەتی ناتاسەرو شێری دوو دەمییانەی ئێران) ی دەزانیو بە ئاگابوو لەوەی کە ئەو دوو کۆسپانەی ژێر پێی بە دیارەوەو زەقی شۆرشەکەنو ناچاریش لەگەڵ بەعسیاندا رێکی خستوون... سوور سووریش لە نیەتی بەعسیان بە ئاگابوون: تەنیا دوو رێگەی لەبەردەم بوو:

١- یا دەبوایە وەك (امر الواقع)و ناچارییەکی لە دەسەڵات بەدەر، بەقەدەر حاڵو بارو هەر نەبێت لەو قۆناغەدا بە (ئەوپەری مومکین) ی لە بەعسیان هەڵدەوەرا قنیاتی کردایەو قایل بووایە، بەوەی (کەرکوك) لە نێو سنووری ناوچەی کوردستانە حوکمی

زاتیدا نەبوایەو بە ئیدارەی هاوبەش‌و سەر بە ناوەنـد رازی بوایـە وەکـو بـەعس پێـی لێ داچـەقاندبوو و دەیـانزانی بـە تیاچـوونی خۆشیان بێت لەوە نایەنە خـوارێ... کەبەمـە خۆیـان لـە شـەڕێکی دووبەختیی، تەقریبەن نیوە دۆڕاو لادەدا، قوتـارکردنی ئـەوە قوتـار دەکرێـت- انتقـاد مـا یمکـن اتقـادە-و راسـتکردنەوەی ئـەو بـارەی بدایەتە دەست رۆژگار...

کـە ئەمـەی بکردایـە دەبوایـە بـە جددی‌و بەڵگـەی راسـتیی، هاوکاری خـۆی بـۆ بـەعس بسـەلماندایە. ئـەویش پسـاندنی هـەموو پەیوەندییەکانی خۆی دەبوو بە ئێران‌و ئەمەریکاو ئیسـرائیلەوەو هیچ گومانێ یـا بەهانەیـەکی بـۆ بەعسـیان نەهێشـتبایەتەوە. خـۆ دەبوو بیزانیایە (مانـگا بـە دزی کـەڵ دەگـرێ‌و بـە ئاشـکرا دەزێ)و ئەوان حکومەتن‌و پەیوەندی‌و سەروەری وای لێ ناشاردرێتەوە...

بـــۆ قـــەرەبووی ئـــەو پەیوەنـــدی‌و (مشـــوری کۆمـــەك‌و پشـــتگیریە)و دیسـانەوە پـردی دۆسـتایەتی بەسـتنەوە لەگـەڵ ئەمـــەریکاو ئێرانـــدا دەکـــرا ریزەکـــانی کوردایـــەتی یەکبخرایـــەو رێکخرایەو رێکبخرایەتەوە (بەتایبەتی پاش ئەو پێکهاتنەوەی ئەو دوو باڵـە- بـاڵی شـۆڕش‌و جـەلالی-و تەقریبـەن سـاغ بوونـەوەی هـەموو جەماوەرەکـە بـۆ بـارزانی‌و رێبەرایەتییەکـەی...و کـورد لـە ناوەوە، لە ناوخۆدا پتەوو بەهێز بکردایە (کەبە هەزارو یەك رێگە دەکرا...و هیچ ئیستیفزازێکی رژێمیش نەدەبووە بەهانە بۆ گومـان پەیـداکردنی لـە مسـداقییەتی شـۆڕش). کـە ڕێـك هـەموان پێچەوانەی ئەوەین‌و ئەو چوار ساڵی نێوان ١٩٧٠-١٩٧٤ ە سالانی

پشـــتێن لێکردنـــەوەو داتـــەپینی گیـــانی شۆرشـــگێرایەتیو لـــە دەستدانی دابو نەریتی شۆرشگێرییو دارزانو گەنـدەڵبوون... بـە کورتی ساڵانی کلۆر بـوونی بەدەنـەی شـۆرشو پـارتیو کوردایـەتی بوون.

٢ـ یا دەبوایـە وەکـو بـەعس بـە خـۆ بکەوتایـەو بـە هـەموو جـــۆرێ خـــۆی بـــۆ "یـــوم الموعـــود" ی حـــەتمی شـــەڕبوونەوە ئامادەبکردایەو لەو چوار ساڵەدا هـەر دەرفـەتێکی لـەبار بهاتایەتـە پێشەوە ئاوڕی لە هیچ نەدایەتـەوەو فـووی لـە دۆ نەکردایـە. هـەر بۆ نموونە شەڕی (عـەرەبو ئیسـرائیل) ی ١٩٧٣ ی بـۆ هـەنگاوێکی گردەبڕو یەکلاکەرەوەـ حاسمو مێژوویی بەکاربهێنایە. ئەمەشـیان نەکرا، لێگەڕان بەعس بەکاوەخۆوە شۆرش بکرتێنێو لە چوار لاوە گەمارۆی بدات: خـۆی تـەیار کـات، دۆسـتەکان لـە شـۆرش بکاتـەوە، دۆستو هاوکار بۆ خۆی زیاد بکات، تەعریبو **تعبیث** بکـات، دەیـان هەزار کوردی فەیلی تورِدایە ئەو دیوو سنووری سیاسـی عێراقـەوە، راوە خـەڵكو تـیرۆر لـە کوردسـتاندا بنێتـەوە، چـەندین پـیلان بـۆ دەستکێشانە گیانی سەرۆك بارزانی بنێتـەوە، خـەڵك بکـرِێو داوی پیلان بنێتەوە، ئـەوجاش هـەموو کەرەسـەی شـەڕو پـەلاماری سـەر کوردستان زەخیرە بکاتو هەر بە چـاوی شۆرشـەوە شمشـێرەکانیان لە هەسان بدەن....

رێبەرایـەتی شـۆرش هـیچ کـام لـەو دوو رێیـەی نەگرتـە بـەر، یاچاکتر بڵێین هەردووڕیانی بە نیوەو نیوەچڵیو نەبەکامی ئەنجام دا. کـە وەك کوردەی لـە هـەموو دیـنو هـەردوو جیێژنـەبوو!. بۆیـە

بەرگەی یەکەم گۆتی ڕێکەوتنی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ی "ئەلجەزائیر" ی نەگرتو بەشێوەیەکی تراژیدیی باوەڕنەکردنی لە چەند ڕۆژێکدا بێ تەقەو هیچ بەرگرییەكو هەوڵی هەرەس بە شۆڕشێکی سێزدە ساڵانەی سەد هەزار چەکدار هێنرا. بێ ئەوەی نە ڕێکخراوێ نە کەسێ جووڵەیەکی لێوە بێت!!!.

# رۆڵی پاسۆك

## له نووسینه بڵاونەكراوەكانی هاوبیر ئازاد مستەفا

### بەشی یەكەم

پاش هەرەس شتێكی زۆر تەبیعی بوو كە (پارتی دیموكراتی كوردستان) ی هەڵوەشانەوە،بەو ناوەوەو هەر ناوێكی دیكەوە جارێكی دیكە جێی بڕواو متمانەی گشتی كۆمەلانی خەڵكی نەبێتو بەتاكە پێشڕەوی نەزانن. هەتا "سەرۆك بارزانی" بە تاكە سەرۆكو پێشەوا نەزانن حیزبو رێكخراوی جیاجیا بە بەرنامەو رێبەرایەتی دیكەوە بێنە مەیدانەكەوەو خەبات بكەن واتە لە تاك حیزبەوە ببێتە فرە حیزبی. قۆناغەكەش ئەوەی دەخواست وەك پرنسیب:

١- مەبدەئی حیزبی پێشڕەو پێشڕەوایەتیو پاوانی سیاسیو گۆڕەپانی خەبات بدرێتە دواوەو هەمووان مل بۆ واقیعی فرە حیزبیو سەرەتای دیموكراسی پەیوەندی ئەو ڕێكخراوانەو مافی بوونو شەخسیەتی سەربەخۆو سەربەخۆیی سیاسیو فكری

هەموو لایەك درێژكرێتەوە.

٢- چوارچێوەی گشتی بۆ كۆكردنەوەو هاوكارییو یەكخستنی توانای ئەو ڕێكخراوانە لە شێوەی (بەرەیەكی كوردستانی) دا بدۆزرێتەوە.

٣- ستراتیجییەتو تاكتیكێكی گونجاوو پێشكەوتوو (لەبەر رۆشنایی بەسەردا چوونەوەی تاقیكردنەوەی شۆرشی ئەیلوولو باری كوردستانو رۆژهەلاتی ناوەڕاستو نێودەوڵەتیشدا) بۆ خەباتی سیاسیو چەكداریو راگەیاندنیو فیكری دیبلۆماتیو جەماوەریو هەموو دەرەیەكی كوردایەتی دابڕێژێت.

كەبێ خۆهەڵدانەوە تەنیا پاسۆك بوو دركی بەو سێ ئەركەی سەرەوە كردبوو و بە دڵسۆزیو بەرچاو روونیشەوە كاری (بێسەمەری!!) بۆ دەكرد، وەكی لەو نامیلكە چەند لاپەڕەییەی بەرنامەی پارتی سۆسیالیستی كورد -پاسۆك- بۆ هەموو هێزە سیاسییەكانی كورد دەربارەی "بەرەی یەكگرتوو" كەركوك ١٩٧٦) داو سەرجەم راگەیاندنو دروشمو سیاسەتو "نهج" ی دا بەدەردەكەوێت.

پێكنەهاتنی ئەو ئەركە پرنسیپانەی سەرێ بنخانو سەرچاوەی هەموو نەهامەتیو شكستەكانی پاش هەرەسی شۆرشی ئەیلوول بوونو هەر لە شەڕی دە ساڵەی براكوژیو لەدەستدانی ئەو هەموو هەلو دەرفەتانەی لە دوای ساڵی ١٩٧٩و سەرتاسەری سالانی جەنگی "عێراقو ئێران" هاتنە پێشەوە هەتا كاولبوونی كوردستانو ئەو بارە بە ترِ وەستاوەی شۆرشەكەمان.

نــە عێــراق‌و نــە ئێــران نــە بێــدەنگی‌و پشــت تێهــەڵکردنی سـۆڤیەت، نـە لاموبـالاتی دنیـاو نـەهیچ‌و نـە هـیچ هێـزو هۆیـەکی دەرەکـی مەسـئولیەت‌و رۆڵـی بنـەڕەتییان نـەبووەو نییـە لـەوەی پێشـهاتووەو لـەو سـەر ئەنجامـەی گەیشـتووینێ... هـەموو ئۆبـاڵ‌و گونـاح‌و تـاوانێکی لـە ئەسـتۆی هێـزە سیاسـییەکانی کوردایـەتی‌و رابەرایەتییە سیاسییەکانێتی. ماکەکەشی دەگەڕێتـەوە بـۆ هەسـت بـــە مەســـئولیەت نـــەکردن بـــە مەســـئولیەتی چارەنووســـی میللەتەکەمان‌و زاڵکردنـی هـەواو هەوەسـی‌و بەرژەوەنـدی تەسـك‌و زۆڵــەکی حیزبایــەتی‌و شەخســی بەســـەر ســـوودو بەرژەوەنـــدی کوردایەتیـداو هـەر لـە سـەرەتاوە پێکنـەهێنانی ئـەو سـێ ئـەرك‌و پێویستی‌و مەرجەی سەرێ. لەوەش بەدتر لە راگەیانـدن‌و تیـوری‌و پراکتیکدا، رێك بیرکردنەوەو کارکردن بە پێچەوانەیەوە.

ـ بانگەشەو سوربوون لەسـەر پێشـڕەوو پێشـڕەوایەتی‌و خۆ بە رابەر زانین‌و پاوانخوازی‌و هـەوڵی ژێـر بـاڵی خۆخسـتن‌و یەکدی ئیلغاکردنــەوە ((بــەزەقی‌و بــێ پرینگانــەوە لــە پلــەی یەکەمــدا لەلایـەن یـەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتانەوەو لـە پلـەی دووەم دا بەناڕاستەوخۆو "ضمنی" لەلایـەن پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ــ عێراقەوە. بە جۆرێکی شـاراوەو وەك حـەزو دەم لێکوتـان لەلایـەن حیزبـــی سۆسیالیســـتی کوردســـتان ـ عێراقـــەوە. جارجـــارێ خۆفشکردنەوەی "پاسۆك"یش!!)).

پێکداکـەوتن‌و لێکـەوتن‌و شـەڕی "ناموقـەدەس"و چـەپەڵی یەکـدی: ســەرەتا ریســوای دوژمنــی ســەرەکی (ئامــادە نــەبوونی

"یـەکێتی" تـا سـاڵی ١٩٨٦ بـۆ هـیـچ جـۆرە پـێکهـاتن‌و هاوکارییـەك لەگەڵ "پارتی"داو مەرج‌و مەرجکاریی لەگەڵ لایەنـەکانی دیکـەدا. جگە لەو شەش، حەوت مانگـەی نێـوان مـانگی ٨ی ١٩٨٢و شـوباتی ١٩٨٣ی رێکەوتنە ناوچەییەکەی "هدنە محلیـە" نێـوان (یـەکێتی)و ئـەو هێزانـە، کەلەوێشـدا "پاسـۆك" هەڵاوێـژرابوو!...و ئـەو شـەڕە قورس‌و ئیقلیمگیرەی پاش ئەوە سەرتاسـەری ناوچـەی (سـۆران) ی گرتەوەو هەموو هێزەکانی (پارتی، سۆسیالیست، حشع، پاسـۆك) ی ترنجانـدە چـەند کـون‌و کەلەبـەرێکی بـەر تەسـکی سـەر سـنووری سیاسی "عێراق‌و ئێران"و نێزیکەی سـێ سـاڵ‌و نیوێـك لـە هـەموو ناوچەکانی دابڕاندن‌و تواناو بڕشتی لە ناوچەی سۆران لێبڕین....

- هەر هەمان تاس‌و حەمام‌و شێوازو ستراتیجییەت‌و تاکتیکی کۆن بە دامێنی ترو نەزۆکانی تریشەوە: چوونە شاخ، تەق‌و هـەڵێ، دەست نەگەیشتنە دامێنی ماڵی دوژمن‌و چ جای جـەرگ‌و هـەناوی پەت پەتێن‌و خـۆ بۆیـەکردن‌و هـەر رۆژەی لەسـەر پـەت‌و ئـاوازێ‌و تـاکتیکی سـەرنەکەوتووی بـێ هـیـچ سـتراتیجییەت‌و بەرنامەیـەك، ئیدی گەرەلاوژێ!.

کە ئەمانە دەڵێین، قسـەی ئیمرۆمـان‌و پـاش کارەسـات‌و سـەر سـکی تێـرو حەسـاوە نییـە. لەسـەرەتای دروسـت بوونمـان لـە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥وە بە قسـەو کـردار بـە درێـژایی ئـەو هـەموو سـاڵانە بەتایبـەتی لـە سـەرەتای ١٩٨٠ وە لـەناو مەیـدان‌و جەرگـەی واقیعەکـەدا هەمیشـە هـاوارو بڕۆمـان بـووەو بەوەنـدەش زیـاتر کەپێمان هەڵبستێ‌و لەتوانای (سنووردار)و لە قاڵبدراومان دابووەو

وتومانەو هاوارمان کردووەو کردوومانە...بەڵام چ فایدەیە؟ خۆ بە "گـوڵێکی بـەهار نایـەت"؟ (پاسـۆك) هـەر هێزێکـی سیاسـیو عەسـکەریو ڕێکخسـتنی سـەر ڕۆخ بـووە کەچـی پێـك نـەهاتووە. ژمارەکـانی (ئـاڵای سـووری کوردایـەتی)و بڵاوکـراوەو ڕاگەیانـدنو ڕەفتارو ڕەوتمان بەڵگەو نموونەو شـایەتن، بـەڵام هـەر بەشـێ لـەو مەسئولیەتە میللییەمان بەردەکەوێ: هەرچەندە من نازانم لەوەی کردوومانەو کراوە بەولاوە یا زیاتر یا چـی ترمـان بکردایـە؟! ئەمـە مەنتقی پیاوی نـەکردەو بـێ عـوزرەو ترسـنۆکە. با قسـەی بـۆشو بەهانە دۆزینەوەیە بۆ شان نەدانە بەر مەسئولیەت...با لـەوە زیـر تر نەڵێم!...

## بەشی دووەم

ئێمــە لــە ســەرەتای دروســتبوونمانەوە ئــەو بیرکردنــەوەو لێکدانەوانــە، کــە بــۆ خۆیــان هێزەکانمــانو چوارچـێوەی گشــتی بیروباوەڕو ئایدۆلۆجییەتو سیاسەتو "نهج"مانی پێکدەهێنا:

١- مەسـەلەی نەتەوایـەتی کـورد، کێشـەیەکی نەتەوایـەتی، سیاســی، کۆمەڵایەتییــە، خسوسـیـەتی خــۆی هەیــە، لــە یاســا گشتییەکاندا هاوبەشو هاوچەشنە لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەییە ڕزگاریخوازی نیشتمانە دیموکراتییەکاندا لە دنیادا.لە خسوسییەتو تەفاسـیلدا خەسـڵەتی نەتەوایـەتی تایبـەتیو سـەربەخۆی هەیـە، موقعی جوگرافی کوردستان، شێوەو جۆری دابەشکردنی کوردسـتان

تایبەتکارییـــەکی دەداتــە "جیۆپۆلـۆتیکی"ی مەســەلەی کــوردو کێشـــەکەی لــە ئەندازەبـــەدەر ئاڵۆســـکاندووین. تـــەبعی ئـــەو داگیرکەرانـــەمان‌و پەیوەنـدیی داگیرکراویـی‌و داگیرکـەریی ئێمـەو ئـەوان شـێوەیەکی تایبـەتی لـە "کۆلـۆنی"یـەکی نـاوخۆیی (نـە "کۆلۆن"ی تەقلیدی‌و نە کێشـەی نـاوخۆیی ئاسایی دەوڵـەتی فـرە نەتەوە)ی رسکاندووە. هەموو ماکەکانی ئیستعمارێکی ئیستیتانی، رۆشنبیریی، ئابووری‌و سیاسی..و خەسڵەتەکانی ئیسـتعماری کۆن‌و نـوێی ئاوێتـە بـە تەبیعـەتی ئیسـتیبدادی خۆرهەڵاتییانـەو مینـی فاشیست‌و دیکتاتۆریەتی دواکەوتووی "هەمەج" لەو داگیرکەرانەدا بەگشتی‌و رژێمی بەعسی ئیستیعماری عێراقیدا کۆبوونەتەوە. لـەو سەریشـەوە ئـەو رژێمانـە خەسـڵەتی زۆڵـەکی نیشـتمانیی خۆیـان هەیـە کـە لـە مەیـدانی نێودەوڵەتانـدا بـەجۆرێ لـە حکومـەتی نیشـــتمانیی‌و هەنـــدێجار ئـــاڵ‌و پێشـــکەوتووانەدا بـــە دروشـــم‌و بانگاشە، یا لە پەیوەندی‌و سەرودەری دەرەوەیاندا، هاریکاریی ئەم لایەنـە یـا ئـەو لایەنیشـتمانییەو دیموکراتییانـە (وەکـی هاوکـاری‌و هاوبـەرەیی حیزبـی شـیوعی لەگـەڵ بەعسییاندا لـە ١٩٧٣ ــ ١٩٧٨ دیـــوێکی دیکـــەی ئـــەو داگیرکەرانـــەی پێکـــدەهێناو خەســـڵەتی دوورەگی‌و "هجین"ێکی ئەوتۆیی دەداتێ کە چ لە ئاسـتی نێوخـۆو نێو ئـەو کیانـە سیاسـییانەداو ناوچـەکەو نێـو دەوڵەتانیشـدا بـارو ئـەرکی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کـوردی چـەند بەرابـەر دەکـردو ئەوەی لێدەخواست لە هەمووانی ئاگادار بێت. کەبەداخـەوە ــ تـا ئـــەمرۆش ـ ئـــەم راســـتییانە نـــە بـــە تـــەواوی ئاشـــکرا کـــراون‌و

سەلمێندراون و نە کاریان لەبەردا کراوەو پێکراوە.....

بۆیـــە هـــەموو کـــۆپیکردن و لاســـاییکردنەوەیەکی تـــووتی ئاسـایانەی دەسـتوورو یاسـا و"حـوکم"و تیـۆرو تاقیکردنـەوەکانی دنیا لە ئاستیدا کورتی دەهێنـا. کـە جگـە لـەوەی خـۆی لـە خۆیـدا کۆپیکردن لە حاڵەتە نێزیك و بە رواڵەت هاوتەرحەکانیشـدا قـەت و قـەت لـە ئەزموونـدا دەرنەچـووە. لـەم حاڵەتـەی ئێمـەدا حەتمـەن هەر سەرئەنجامی پێچەوانەی دەدا کە بزوتنـەوەی سیاسـی کـوردی لەسـەریەوە بـۆ بنـی تووشـی ئـەم دەردو بـە هەڵەچوون و خـۆ بـە هەڵـــە بردنـــەببوو: لەوانـــە دەکـــرێ (شـــەڕی درێژخایـــەن)*وەك تاقیکرنـەوەو کـەلتورێکی شۆرشـگێڕیی سـەرکەوتووانەی(چـین)کـە کرا بووە وێردی سـەر زمـان و سـتراتجێیەتی قـۆپیکراوی بەرەیـەکی بـــەر بـــەرینی گەلەکـــەمان و بەشـــێوەیەکی زۆر ناشـــانەو تـــووتی ئاساییانە. بۆنموونە ئەو لاسایی و چاولێکەرییە هەرزەو کاڵ فامانە بێنینەوە. داگیرکەرەکەشمان چاك لـە زیـانی ئـەو تەرحـە بەلاڕێـدا چـوونەی بـە زیـانی کوردایـەتی و قـازانجی ئـەوان تـەواو بـووە تێدەگەیشت ، بۆیە بازاری رۆشنبیریی کوردیی سیخناخ کرابوون بە کتێبـە سـوورەکانی"ماو"و ئـەو جـۆرە خلیسـکانە تـا گەیشـتبووە ئـــەوەی لەسەرتاســـەری دنیـــادا هێنـــدەی ئـــەو کوردســـتانە بـــەر کەوتووە، وێرانە لەسەر رەقـایی هەڵدێر وەسـتاوە لایـەنگرانی مـاو ماوێتی تێدا نەبێ و بەشێکی زۆری مەیدانی شەڕە دەندوك و شەڕە ئایدۆلۆجێیەت و شـەڕە نفـوزو شـەڕە شـەقی"چـین و سـۆڤیەت" لـە گۆڕەپـــانی کوردســـتاندا بگێڕێـــت. ئێمـــە کـــاتی خـــۆی داهێنـــان و

سەرکەوتوویە(شەڕی درێژخایەن)مان لە"چین" داو لە لایەن ڕێبەرایەتی(چین)ەوە وەکو داهێنانێکی ماوو پێویستییە بابەتیو زاتییەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی چینو بارو هەلومەرجو پێداویستییە بابەتییەکانی ئەو شوێنەو ئەو کاتەی ئەویٚو پووچەڵیو بەرەواژێتیو جیاوازی ئەرزو ئاسمانی بارو هەلومەرجەکەو پێویستیو پێداویستییەکانیو شوێنییە بابەتییەکانی کوردستانو بزووتنەوەی کوردایەتی دادەنا.

- نابێت (خەباتی درێژخایەن) لەگەڵ (شەڕی درێژخایەن)دا تێکەڵ کرێت. ئەسڵی خەباتی درێژخایەن دەبیٚ ببێتە ستراتیجییەتی بزووتنەوەی کوردایەتی، کە لە ووردکردنەوەدا دەکاتە:

- دیاریکردنی ئامانجی سەرەکی بە بەدیهێنانی (مافی دیاریکردنی چارەنووس)و لە شێوە هەرە باڵاو کامڵەکەیدا کە دروستکردنی کیانی نیشتمانیی سەربەخۆیە.

- لە رەوتی گەیشتنە دوا پلە باڵاکانی ئەو مافە، دانانی ستراتیجییەتی مەرحەلی بە (ئەوپەڕی موممکن لە زەمەنێکدا)ئەویش بە خەباتکردن بۆ مومارەسەی ئەو مافە لەو چوارچێوە موممکینەی ئەو رۆژادا.

- وردکردنەوەی ئەو ستراتیجییەتە مەرحەلییە بە تاکتیکی مەرحەلیو رۆژانە لە خەباتی (سیاسی، فیکری، چەکداریو دیبلۆماسی...).

- بە پاراستنی شوێنگەی سروشتی بزوتنەوەی

رزگاریخوازانەی کورد لە (بەرەی گەلان) داو ناوەڕۆکە دیموکراتییە، پێشکەوتووە، شۆرشگێڕانەکەی هەوڵی کەمترو کەمتر کردنەوەی دوژمنانیو (حصر)کردنی شەڕەکە لەیەك بەرەداو زیادو زیادکردنی دۆستانی لەسەر هەموو ئاستێ.

بەڵام (شەڕی درێژخایەن) کە لەگەڵ واقیعی کوردو جیۆپۆلیتیکی مەسەلەکەیو هەڵکەوتو تەبیعەتی داگیرکەرانو تەرازووی هێزەکاندا ناگونجێو رێك سەرەنجامی پێچەوانەی ئەو واقیعو سەردەمی تاقیکردنەوانە دەدات کە لێی سەرکەوتوو بووە.

(شەڕی درێژخایەن) لە واقیعی کوردستانو ئەو تەرازووی هێزانەی نێوان هێزەکانی کوردایەتیو داگیرکەرانیدا- لە تاقیکردنەوەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەی سەرووی کوردستانو لە شۆرشی شەیلوولو ئەم شۆرشە نوێیەی خوارووی کوردستانداو تا رادەیەك شۆرشی خۆرهەڵاتی کوردستان- هەمیشە بە زیانی کوردایەتی شکاوەتەوە- کارێ بووە بە ڕواڵەت گەشە پێدەر بەڵام لە ناوەوە دایرزاندووەو بەسەختیو زۆر قورسی کوردەواری نرخەکەی داوە. هەر ئەوەندە دەڵێین: کە دوای ئەو شکستە یەك لە دوای یەکانە راپەرینو شۆرشەکانی سەرووی کوردستان، شکستی بەسەر کوردەواریو کوردایەتیدا هات کە تا ئیمرۆ خۆی پێ لەبەردا راست نەکراوەتەوە. هەروا ئەو سەر ئەنجامەی ئیمرۆ لە خوارووی کوردستاندا دەیبینین کە هەر بوونی کورد وەکو میللەتێ کەوتۆتە بەر مەترسی...(دەکرێ بەراوردێ بکرێت لە نێوان حاڵو باری کورد پێش ئەو شکستانەو دوای ئەوجا

دەردەکەویٚ کە شەڕی درێژخایەن چەند لەگەڵ واقیعو هەڵکەوتی کوردایەتیدا ناکۆکەو چۆن لەبری بیرکردنەوە لەو خۆ کوشتنو کۆپیکردنەوە بیری ڕێبەرایەتی سیاسی بۆ هەرچی کورتکردنەوەی ماوەو مەودای شەڕدا بچێت...).

ساڵی ١٩٧٦ ساڵی گیان بەبەرداهاتنەوەو سەرپێکەوتنەوەی کوردایەتی بوو. بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئیمرۆ نیمچە قاڵب قاڵبیان گرتبوو و کەوتبوونە خۆ: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان چ لە ناو ووڵاتو چ لە دەریٚ (بە تایبەتی لەسەر ساحەی عارەبیی لە سوریا) لە هەموان چالاکترو بەپەلەتر کەوتبۆ چالاکی، مەبەستی سەرەکیش پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیو فیکرییەی پاش هەرەس بوو. بۆیە هەم زەرەری گەورەیان لە خۆیان داو هەم سەکتەش لە کوردایەتی. کە دواتر هەر ئەم پەلەپەلی بۆشایی پرکردنەوەو ململانیٚ نابەجیٚو نادروسەیان لەگەڵ (پارتی- ئەوسا سەرکردایەتی کاتی-)و تا رادەیەك خۆرهەڵاتی کوردستانیشدا...

پاشماوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی سەکردایەتی کاتیدا لە یەك، دوو ئەندامی ڕێبەرایەتی کۆنی پارتیو کادیرە چالاکەکانی دەزگای (پاراستن) کۆکرانەوەو کەوتنە جموجوڵ، بەتایبەتی لە ناوچەی بادینانو ناوچەی سەر سنوورییەکانی نێوان (عێراقو تورکیا) چەند سەد چەکدارێکیشیان پێکەوە نا، کەباری نیمچە ئازادو کەس بە کەس نەبووی ئەو رۆژەی تورکیاو (بە تایبەتی شوێنە دوورە دەستو

ناوچە سنوورییەکان) دەرفەتێ بوو کە بەسەر پێی خۆیانەوە خۆ بگرن.... هەر دەمودەست رکەبەرایەتیو ململانێ (هەر لەحەیاو ئابرووی یەك تکانەوە- بێ گوێدانە ئابرووی کوردو کوردایەتیو سوودو بەرژەوەندیشی- تا دەست چوونە گیانی یەکدیو لەشکر کردنە سەریەكو راوە یەکدییەوە) بووە سوننەتو ستراتیجیەتی بنچینەیی خەباتیان!

پاسۆك لە شارەکاندا (بەتایبەتی لە شاری سلێمانی دا) دارە دارە کەوتبۆ سەر پێیان، بەڵام چە لەرووی ئیماکانیاتی بەشەریو ماددییەوە چە لە رووی گەلاڵەو سەر دەرکردنو کارامەیی رێبەرایەتییەوە چە لە رووی ئەزموونو درێژ بوونەوەی (امتدادی) مێژووییو رەنگو ریشاڵی جەماوەریی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە بەرانبەر ئەو دوو زلهێزەدا نەدەخوێندرایەوەو هەست پێ نەدەکرا. ئەگەر چی ئەگەر لە بارێکی ئاساییو کەمێ ئاواڵەتر لەوەی سالانی پاش هەرەس بەو بیروباوەرو ئایدۆلۆجییەتو دروشمو "نهج"ە عیلمیو واقیعبینانەیەوە برسکایە، نەك دەیتوانی رەقابەتو بینەرێکی لەگەڵ ئەو جووتە هێزە کلاسیکییە تاقیکراوە بێزراوەی جەماوەر بکات، بەڵکو رێی ئەوە هەبوو رێبەرایەتی بزووتنەوە کوردایەتیشی لەو پارچەیەدا بکەوێتە دەست. بەڵام بەوەشەوە "پاسۆك" هەر وەکو هێزێکی سیاسی لە خەریتەی هێزە سیاسییەکانی کوردایەتیدا لە پاش هەرەس ناکرێ حسێبی "جدی" بۆ نەکرێت.

مەفرەزە سەرەتاییەکان لە ناوچەی سۆران دا (پاش

ئاشـكرابوونو گرتنـی بەشـی هـەرە زۆری کـادرو ڕێبەرایەتییەکـەی کۆمەڵـەی مارکسـیی لینینـی- کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی ئیمـرۆ-و هەڵاتنی زۆر لەوانەی ئاشکرابوونو بەردەسـت نەکـەوتبوون) لـەو ساڵەدا بە ژمارەیـەکی لـە پەنجەکانی دەسـت تێنەپـەڕبوو سـەریان هەڵدا. هـەر زوو بـە زوو خـەڵکانێکی بێـزارو تـووڕە لـە واقعـی تـاڵی پاش هەرەسو دوور خستنەوەیان بـۆ خـوارووی عێـراقو مەهانـەی هەسـتیان پـێ دەکرد، بـێ ئـەوەی هـیچ پەیوەندییـەکیان بـە هـیچ ڕێکخستنێکەوە هەبێت. تـەنیا وەکـو ڕەفـزی ئـەو واقیعـە هەڵاتنـە شاخو هێزو پێزێکی دا بەو مەفرەزە سەرەتاییانە.

لەوانە شەهید ستاری سـەعید خەڵـەف، عبـدالمليكو شـەهید تایـەری عـەلی والی بـەگ (کـە سـووکە پەیوەندییـەکی هـەبوو، لـە بنەڕەتەوە هـەر واقعـی ڕووتـی ڕەفزکردنـی ئـەو واقیعـە پـاڵی پێـوە نـابوو)و هەنـدێکی دیکـە کـە دەیـانتوانی خــەڵك کۆکەنــەوەو خـەڵکیان لـە دەوور خـڕ دەبـۆوە. توانیـان لـە ماوەیـەکی کەمـدا ژمارەی پێشمەرگە بۆ سەدو دوو سەدو زیاتریش هەڵکشێن. دەبـێ ئـەوەش بووترێـت کـە بـۆ زەمینـەی ڕاپـەرینو شـۆڕش لـە ڕووی دەروونیو ئامادەگی خەڵکەوە لەبار بوو، واتە خەڵك زۆر بـوون کـە ئەو واقعە ڕەفز کەنو بێ ئـەوەی گـوێ بـە هـیچ بـدەن. هـەر وەك بەگژداچوونەوەی ڕژێم، بدەنـە شـاخ نە(کۆمەڵـە) نـە (مارکسـیزم-لینینیـزم) نـە (فەلسـەفە)و ئەمانـە هیچـیان دەخلیـان بەسـەر خڕبوونـەوەی ئـەو خەڵکـەوە نـەبوو و هـۆ نـەبوون بـۆ هەڵگیرسـانەوەی شـۆڕش: ئـەوە تـەنیا برینـدار بـوونو شکسـتو

تفتو تاڵی مەهانەتو سیاسەتی شۆفێنیستانەی بەعسو هەستی بەغەدرو بەناهەق شکستهێنان بوو وای دەکرد کە ئەو خەڵکە لە واقعەکە یاخی بن. بەشێکی هەرە زۆریشیان هەستی لووت شکاندنو سوکایەتی پێکردن بوو کە وەکو ئەوەی ئەو خەڵکانەیان لەسەر وەزیفەو کاری ئەوتۆیی لە خوارووی عێراق دادەنا کە بەخۆیاندا بشکێنەوە...کە دەشهاتنە شاخ رووبەرووی واقعێکی تاڵتر دەبوونەوە بە دەست کۆمەڵێ گەنجو تازە پیاکەوتەی هەرزە رەفتاری توندڕەوو نامەعقولی ناو کۆمەڵە. بۆیە زۆربەی خەڵکەکە خۆی (تەبعەن هەر لە خۆراو بێ هەڵبژاردن، لە رێکخستنی (بزووتنەوە)دا دەبینییەوە. عامیلی ئەوەش کە رابەرایەتییەکەی بزووتنەوەی کەسانی وەك (عەلی عەسکەریو دکتۆر خالیدو رەسول مامەندو سەید کاکەو حاجی حاجی برایم)و ئەمانە بوونو کە هەم ناوو ناوبانگێکیان هەبوو هەم خەڵکی بە ئەزموونو پیاوی مەعقولو هێمنو لەسەرخۆ بوون. بەلام بزوتنەوەو کۆمەڵە هەردووکیان لە چوارچێوەی (یەکێتی) دا بووبێتن، بەلام ئەو ململانێو رکەبەرایەتیو دووژمنایەتیەیان تا دەهات تاوی دەسەندو زۆر جاران دەگەیشتە ئاستی پیلان لێکردنو هەوڵی دارنینی یەکترێو هەتا دەست چوونە یەکتریش.

(کۆمەڵە)کەش شەڕەنگێزو هەرزە رەفتارو توندڕەو بوون. ئەگەر دەسەڵاتو توانای (بزووتنەوە)یان ببوایە دەمێك بوو پاکتاویان دەکردن. هەر لەو ماوەیەدا چەند کەسێکی وەکو (دکتۆر کەمال کەرکوکی)و (نالە هەورامی) ئەمانیش لە ناوچەکەدا

(ناوچـەی سـلێمانی) پەیـدابوون، سـەرەتا هـەر شـەڕە دەنـدوكو یەكتر بەغزاندن بوو لەگەڵ (یەكێتی) دا تا ئەوەی گەیشـتە یـەكتر راوكردنو چوونە سـەر یـەكترو شـەڕی براكـوژی. لـەو ماوەیـەدا كـە (سـەركردایەتی كـاتی) یـش كەوتبوونـە خۆیـانو لـە ناوچـەی سـەر سنووری مەریوانو پێنجوین لەشكریان پەیدا كرد.

## بەشی سێیەم

تـــا وای لێ هـــات (ی.ن.ك)ـ زیـــاتر باڵەكـــەی كۆمەڵـــە بزووتنەوەشی تووشی ئەمانـە دەكـردـ لـە دزڵی چوونە سـەریانو چـەند كـوژراوو برینـدارێكیان لـە یـەكتر خسـت! ئیـدی ناوچـەی سۆران جێی س.ك (سەركردایەتی كـاتیـق.م.قیـادە مۆقەتـە) تێـدا نەمایـەوەز ئـەوەی خـۆی دەربـاز كـرد دەربـاز بـوو بـۆ ناوچـەكانی س.ك لێ بـووبێو ئـەوەی دیكـەی كـوژران لـە شـەڕی براكوژیـداو زۆرێكیش (بە زۆر بەڵێ بە زۆر) خۆیـان دایـەوە دەسـت حوكمـەتو لەداخـدا (داخـە كـوردە ئیـدی دەبێتـە دێزەیـی) بوونـە هـارتینو پیسترین دارودەستەی رژێم لەوانـە "تەحسـین شـاوەیس"و "قالـە فـەرەج"و دەیـانی دیكە...!هـەتا لـە نێـو خـودی (یـەكێتی) داو بەتایبـەتی پـاش گەڕانـەوەی (مـام جـەلال)و پشـتگیرییكردنی باڵەكەی (كۆمەڵە). دیارە بۆ تەرازوو راگرتنو (موازنە) یان لەگەڵ (بزوتنەوە)دا...چونكە بزوتنەوە بە تەواوی باڵی ئەستوور ببوو و (كۆمەڵـە) تـەنها ئەفەنـدیو خوێنـدەوارێكی بـەر شـەوارەی كتێب

کەوتووی‌و بێ ئەزموون‌و دنیا نەدیدی شارستانی بوون، کە دەهاتە سەر کارو بەتایبەتی شەڕ دەردەکەوتن کە ئەوانە لە راگەیاندنە دوو قلوە تەرەقە سوورەکانیانەوە زۆر دوورن‌و بە کورتی ئەهلی کار نین نەك پیاوی (پێشڕەوایەتی) یەکی ئیدیعای دەکەن، بەوە ئەوەندەی دیکە نێوانی کۆمەڵەو بزووتنەوە ناخۆشتر دەبوو بەڵام ئەوانە لێکدانەوەی (دوژمنی سەرەکی)و (هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ س.ك. قیادە مۆقەتە ق.م)و هەمیشەو هەردەم باس‌و خواستی (س.ك)و قەبەکردنی ترس‌و رێك لێیان‌و بەکورتی زلکردن‌و زەقکردنەوەی ململانێکە لەگەڵ (س.ك) داکە دواتر بە جەولەی بادینان، خەتمکردنی‌و تیاچوون، یا تیابردنی دەیان پێشمەرگەو دوو رابەری پڕ مەترسی‌و دیاریی وەکو (عەلی عەسکەری‌و دکتۆر خالید) کە بە سوودی کۆمەڵە تەواو بوو. هەر ئەمانە بوو کە جۆگەی ململانێ‌و ناکۆکیە نێو خۆییەکانی نێو (یەکێتی) بەرەو دەرەوە (بەرەو دژایەتی‌و شەڕی س.ك) بردو رێی تەقینەوەی زوو بە زوویی بەربەست کردبوو. ئەگەرچی دواتر هەر لە بەهاری ١٩٧٩ دا تەقیەوە. پاش ئەوەش‌و تا ئیمرۆش کێشەو ناکۆکیی نێو ئەو دوو باڵە، لە نێو خودی (یەکێتی) دا ئەوەندە توندو تیژە تەنیا کێشەو گرفتە دەرەکیەکانی نێوان یەکێتی‌و ئەو لایەنانەی دیکەو (موازنات) ێکی مام جەلال رایگرتووەو باردۆخی شۆرش رای گرتووە، ئەگین لە بارێکی ئاساییدا ئەوانە ممکن نییە پێکەوە هەڵکەن....لەو سەریشەوە جرت‌و فرتی سەرانی (س.ك) بۆ دوور خستنەوەی کاك ئیدریس لە کارەکەو هەوڵی پێکدادانی

ئیدریس‌و مەسعود خەڵکانێکی لەگەڵ خۆ بۆیەکردن‌و ئەسڵی تەوەجوهی مارکسیزمانەی....،دا نەبوون بە کورتییەکەی ململانێی قوڵی باڵی فراکسیۆنە.....ناو ڕێکخستنە کۆنەکەی (پارتی)و ئەو ڕۆژەی تەسفییەی حساباتی ناخۆش‌و (حەساسیاتی) نێوان رابەرایەتی کۆنی پارتی، هەندێ جیاوازی لە بۆچوون‌و کارداو (ئەساسەن هەوڵی شاراوەو ناراستەوخۆی ڕێبەرایەتی (س.ك) بۆ بێ ئیعتبارکردن، یا کەمکردنەوەی ئیعتباری بنەماڵەی بارزانی) ببووەخەباتی سەرەکی‌و (ئەولەویاتی) شۆرشە نوێیەکەی. کە دواتر لە گۆنگرەی نۆیەمی (پارتی) دا بە دەرپەڕاندنی ڕێبەرایەتیەکەی (س.ك) تەواو بوو. بەمەش (پارتی) لە دەیان کادری پێشکەوتوو و ڕێبەرایەتی کارامە مەحروم بوو، کە تا ئیمرۆش ئەو بێ پیاویی‌و بێ کادریی کارامەیان پێوە دیارە. ئەو ڕووداوە زۆر کەمتر نەبوو لە ئەسڵی خوێن لەبەرچوونەکەی ئینشیقاقی ١٩٦٤.

## بەشی چوارەم

لەگەڵ نوێنەرانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دا لە هاوینی ١٩٧٩ دا باسکردن‌و بۆدەرخستن، بەڵام بێ سوود بوو. کەسێ هۆش‌و ئیدراکی خۆی لەسەر هەموو شتێ داخستبێ‌و لە دنیای ڕۆمانسیێتی نێو کتێبدا بژی‌و باوەڕێکی کۆپیکراوی کردبێتە دین بە تۆپیش ناگێردرێتەوە.

لەمەوە بوو ئێمە سەرجەم (مفاهیم)ە کاڵو کرچو سەراوە باوسەندووەکانی نیشتمانی خەباتی هاوبەش، قۆناغو دابەشو بڕبڕکردنی خەباتی چینایەتیو خەباتی چەکدارانەو حیزبی پێشڕەو هەموو (مفردات)ی فەرهەنگیی خەباتو ژیانمان، بەو جۆرە کۆپییە کراوەو نێو کتێبانو بەو جۆرە دۆگمو رەقهەڵاتووانەی کەوتبوونە یا خرابوونە سەر دەمی شلکە خوێندەوارو ناسکە سیاسییەکانی ئەو رۆژانەو وەکو رەشایی شەوە زەنگ باڵیان کێشابوو بەسەر هەستو بیرکردنەوەو رەفتاری خەڵکانی زادەی دژەکردار (رد الفعل) ی هەرەس دەدایە دواوەو بە جۆرێکی واقعییانەو وەکو هەن لە کاروان دەبینیو راماندەگەیاندنو هەوڵی کارپێکردنی دەدا.... هەرچەندە ئێمە لەم بوارەدا ئەو شارەزاو پسپۆرە نەبووین کە لەوانە (تیور)ێکی (جامعو مانع)ی لێ پێکبێنینو پێدەربڕین، یا توانای ئەوەمان بووبێت تیورێکی شۆرشگێریو فیکریی بۆ کوردایەتی دابڕێژینو (سیستماتیك)انە ڕاوو بۆچوونی خۆمان لە چوار چێوەیەکدا کۆبکەینەوە، بەڵام هەردەم دەمانتوانی نازانستیو نا واقعێتیو نالۆژیکێتیو کۆپییەتێتیو تووتی ئاسایی ئەو بیروبۆچوونو (مفاهیم)انە بەدەرخەینو بیاندەنە دواوە با ساکارو سادەییش بێت. کە هەندێ جار تێکەڵ بە (انفعال)و (ردالفعل)و خڵتەی بیرو پاشخانی (کاژیك)انەش دەبوون، دەریانبڕین... یاهەمیشە چاوی واقییەتبینیو دوانی واقیعو هەڵهێنجانی دەستوورو یاسای مەوزوعیو (حەرەکی)مان لە واقیعەکەو پێویستیو پێداویستیی

واقیعو قۆناغەکەوە ئەوەندە کراوەو بێ چاویلکە بوو کە جەرگەی واقیع بپێکینو درك بەو پێویستیو پێداویستییان بکەین، کە دواتر هەر هەمووی لە شێوەی (پێشبینیی)دا رۆژگارو ژیان بە ئیسپاتیان گەیاندو بەشێکی زۆری پاش قەبرەکەی "ئەلە" بووە قەناعەتی ئەو خەڵکە!...

ئێمە پێمان وابووە، کورد نیشتمانەکەی تەنیا کوردستانە، ئەو کییانە سیاسییانە داگیرکەرنو ئەو وڵاتانە نیشتمانی ئێمە نین، لەمەوەیە (مفاهیم)ی نیشتمانو نیشتمانیی دەبێ لەسەر (ولاء) بۆ کوردستانو کوردستانێتی راوەستێو بەچاوی ئیستعمار (کۆلۆنی) لەو وڵاتانە بڕوانینو مامەڵەیان بکەین، تێکەڵاوکردنی ئەو دوو (ولاء)ە هەموو خلیسکانو بەلاڕێدا بردنو چەواشەو چەواشەکارییەکی بەدوادا دێت.

* ئێمە پێمان وابووە خەباتی هاوبەش لەگەڵ هێزە دیموکراتیكو یا دوژمنو و ناحەزەکانی ئەو ڕژێمە داگیرکەرانەمان لە ناو میللەتانی سەردەستماندا نابێ تایبەتمەندێتی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردمان لێ تێك بداتو تێکەڵاو یا ئاوێتەی مەسەلەی نیشتمانی ئەو میللەتە سەردەستانەمان بکات، چەند خۆوێکهێنانەوەو خۆدابڕین لەوانە زیانبەخشەو بەسوودی ئەو رژێمانە تەواو دەبن. خۆ لەبیرچوونەوەو ئاوێتەبوونو خۆدۆڕاندن سەد ئەوەندەو هەر ئەوەشە ماکی پێکنەهاتنی پەیوەندییەکی ئەنتەرناسیونالیستانەی دروستو گونجاو لە نێوان ئێمەو ئەو میللەتانەی سەردەستەمانو ئاڵۆزبوونی کێشەکەمانو بەرهەم

نەدانی خەباتی هاوبەش...دژایەتی خەباتی هاوبەش‌و هاوکاریی حەماقـــەت‌و دێزەییـــە. ئەمماخۆڵەبیرچـــوونەوەو ئاوێتـــەبوون تیاچوون‌و دۆڕاندنە.

* پێمان وابوو (واقیع) ترنجاندنـە نـاو تیۆریی‌و فەلسـەفەی نـاو کتێبانـەوە- هەرچـییە دەبـن بـابن!.و کلـك‌و گـوێکردنی بـۆ ڕێکهاتنـــەوەو گونجـانی لەگـــەڵ ڕاگەیاندنـــدا کـــارێکی دزێـــوی (برۆکۆســـت)[1]ە. ئـــەوە تیوریيـــە دەبـــێ لەگـــەڵ (واقیـــع) دا بگونجێنـدرێ‌و بسـازێندرێ. خەڵکـە بـەجۆش‌و گۆشـەکانی دنیـا ئـەوەیان کـردووە بۆیـە سـەرکەوتوون‌و بـە (داهێنـەر)و (زینـدوو) ناویـان ڕۆیـوە: لیـنین مارکسـیزمی ئـەرشـەدۆکسـی سـەروبن هەڵگێڕایەوەو لەگەڵ (واقیع‌و معطیات) ی ئەو ڕۆژەیدا گونجاند. مـاو لەوەشـی تێپەڕانـدو قسـە بەناوبانگەکـەی ئـەنگێزە کـە دەیووت‌و دەیووتەوە (( پێڵاوی بە پێم نـەکات، قاچی خۆمی بۆ نابڕمـــەوە، پێڵاوەکـــە هەڵدەتـــەقێنم...))و هـــەموو دنیـــاش وای

---

[1] برۆکۆسـت... زەلامێکـی ئەفسـانەییە، لـە ئەفسـانەی "یۆنـان" دا واهاتووە کە ئـەم برۆکۆسـتە کابرایـەکی (ڕێگرو نـەخۆش) یـش بـووە. قەرەوێڵەیـەکی بـووە خـەڵکی لەسـەر ڕاکشـاوە. ئـەوەی درێـژ بوایـە دەیبڕییـــەوەو ئـــەوەی کـــورت بوایـــە دەیکێشـــا تـــا ڕێـــك بەقـــەدەر قەرەوێڵەکـەی لێ بێـت. دیـارە لـە هـەردوو حاڵەتانـدا قوربانییەکـە سەقەت دەبوو. ئەمـە بۆ مـەجاز بەوانـە دەوترێت کە واقیع لەسـەر قەرەوێڵـەی تیـور ڕادەکێشـن‌و وەك ئـەو برۆکۆسـتەی لێ دەکـەن! ئـەم پیاوە تەنیا لە کوردستان وەجاخی روونە!

کردووەو کەسیش تەڵاقی نەکەوتووە.

خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی‌و ئازادییە: سەربەخۆیی‌و ئازادیی کوردو کوردستانیش بە پلەی کەم‌و زیادیش بێت لە سوودو بەرژەوەندی هەموو کوردێکە، چ دەخڵی بەسەر قۆناغ‌و مۆناغەوە نییە. خەباتی (بوون یا نەبوون= مان‌و نەمان) ی میللەتێکە دژی داگیرکەرەکانی. دەبێ لەو جەنگ‌و ململانێ چارەنووسسازەدا سوود لە هەموو توانا‌و دەرفەتێ وەربگرێ. ئەگەر قۆناغ هەبێ ناکۆکی‌و ململانێی نێو کۆمەڵگە کپ‌و خاوبێتەوە، یا هەر نەبێت لە بەرانبەر ناکۆکی‌و ململانێ سەرەکی‌و ئەوەڵ ە ئاخرەکەدا لەگەڵ داگیرکەردا تین‌و تاوی نەمێنێ‌و کز بێتەوە. ئەوە ئەم قۆناغەی خەباتی رزگاریخوازانەمانە.....

(ماو) لە جەنگی رزگاریخوازانەیاندا دژی ((یابان))ی داگیرکەر بانگەوازی ئەوەی رادەدێرا بۆ (چین)ە کانیش نەك تەنیا هێزە سیاسییەکان کە: "دەبێ خەباتی چینایەتی سەرپێ نەرم کرێ لە بۆ خاتری خەباتی نیشتمانیی ئیمرۆ کە دژی ژاپۆنییەکان "[٢].

* ئێمە پێمان وابووە کە داگیرکەرانی کوردستان دوژمنی سورەکی‌و خوێنەخۆرەی تۆوو بوونی (کورد)ە وەکو نەتەوەیەك، لە هەوڵی قڕان‌و تۆوبڕکردنیدان. کورد بە گشتی لە ژێر باری چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا. بام پلەی چەوساندنەوەکە کەم‌و زۆری تێدا بێت چینە دامێن‌و زەحمەتکێشەکەی لە هەمووان بار

---

(٢) هەڵبژاردەی ماوتسی تۆنگ، بەرگی دووەم ل ٣٩٢ بە عەرەبی.

گرانتر بێت. ئەمە ئیلغای بوونی (چین)و ململانێی چینایەتی سڕبووی ئیمڕۆو حەتمەن تاوسەندووی پاش رزگاربوونو سەربەخۆیی ناکات. بەڵام قەبەکردنو تاو پێسەندنی ئەو ململانێیەو بەر زەڕەبینخستنی پێچەوانەی واقیعو راستییەو دژی سوودو بەرژەوەندیی کوردو خەباتەکەیەتیو بە قازانجی دوژمنەکە تەواو دەبێت.

* ئێمە پێمان وابووە خەباتی چەکداریی جگە لەوەی شاڕێی خەباتی رزگاریخوازانەو چەکی بڕندەو ناچاریو حەتمیی میللەتانی ژێر دەستەو چەوساوەیە،و بۆ کورد خەباتێکی بە ملداکەوتوو و تاکە دەرفەتی لەسەر خۆکردنەوەو مانو نەمانێتی. بەڵام خەباتی چەکداری تاکە (رافد) ێ نییەو بێ دەیان (روافد) ی دیکەی خەباتی ((فیکری، جەماوەری، سیاسی، ئایدۆلۆجی، دیبلۆماسی)) ئەوجا هەر هەمووشی ئاڕاستەکردنو (توظیف) کردنی بۆ مەسەلە سیاسییەکەی بە هیچ کوێیەك ناگات، دەبێتە خەڵك بە قڕدانو بەس.

لەگەڵ پێکهێنانی هەموو ئەو مەرجانەش دیسانەوە رێو شوێنو جۆرو تاکتیكو گۆڕەپانو کاتو شوێنی خەباتە چەکدارییەکەش رۆڵی هەرە گرنگو بنچینەییو بەلادا خەری هەیە: پێویستییەکانی سەرکەوتنی خەباتێکی چەکداریی دەبێ پێك بێت. (ژرار سالیان) کە رۆژنامەنووسو چەپێکی پێشکەوتووی دۆستی شەخسی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی دنیایەو شایەتی سەردەمی دەیان شۆڕشو راپەرینی سەرتاسەری دنیایەو دۆستی

شەخسی وەکو (گیڤاراو نیکرۆماو بن بیلا) یەو چەندین کتێبو بڵاوکراوەی لەسەر شۆڕشو تاقیکردنەوە شۆڕشگێڕییەکانی دنیا هەیە. لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکەیدا (اسطورهای انقلاب در جهان سوم) کە زیاد لە سی شۆڕشو راپەڕینی (ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینی) بەسەر دەکاتەوەو دەکۆڵێتەوەو (تۆماس. ه. چرین) لە کتێبی (الحركات الاوينه المقارنه- بحث عن النظرية و الدولة) دا لەتەك زۆر هۆکاری تردا زۆر بە زەقیو گرنگی باس لە (کۆمەكو پشتیوانیی دەرەکی) بۆ سەرکەوتنی هەر شۆڕشێ دەکەن. (چرین) دەڵێ: ئەو شۆڕشانەی سەرنەکەوتوون هەر هەموویان لەبەر بێ دەرەتانیو نەبوونی کۆمەكو پشتیوانی دەرەکی سەرنەکەوتوون. کەچی براگەلی لای ئێمە (کە رابەراتیەکانیان لەسەر پاشماوەی خێرو خێرپێکردنی چکە چکەی ئەم لایەن نا ئەو لایەن لەسەر پێی خۆیان راگرتبوو!!.). قەوانی ناشییانەی (پشتێنی پشت بەخۆبەستن) یان بۆ سووککردنی ئەم یا ئەو نەیارە سیاسییە کوردەیان لێ دەدا!!...

## بەشی پێنجەم

ئەمە بەجای خۆی، ئێمە لە بواری (خەباتی چەکداری) دا نەوەك ئەو ترسنۆکە، زەندەق چوانەیین بۆ داپۆشینی بێ عوزرەیی خۆیان قەوانی سیاسیو دژی چەك هەڵگرتنو چەکداری (دیارە بە هەزار بەهانەو بیانگی بێ سەروپاو بە(تنظير) کردنو

قسەی هیچو پووچو خەیاڵ پڵاوانە) لێ دەدەنو خۆ لە ئاگرەکە دەدزنەوە، بەوەشەوە ناوەستن دەکەونە وەعزدادانو رەخنەگرتن لەو شۆرشگێرانەی لەو رێیەدا بەسەروماڵەوە تێرۆدەچن...نەوەك ئەوانەی شۆرش بە خەیاڵی رۆمانسیەوە دەکەنو هەر زوو بە زوو لێشی دەردەچن، یا هەموو خەباتو سیاسەتو دنیا لە لوولەی تفەنگەوە دەبینن و ئاپۆرەی خەڵك لە رێی تەقەو خەڵك بە کوشتندانەوە (پێی ناڵێم شۆرشو خەباتی چەکداری!!) لە خۆیان کۆدەکەنەوە، یا نازانن ئەسڵەن بۆچی چەك هەڵدەگرنو بۆچی تەقە دەکەن، چەكو تەقەو خەباتی چەکداریی چەندیش تاکە دەرفەتو شارێ بن هەر دەمێننەوە وەکو کەرەسەیەکی بەدیهێنانو بەدیهێنەری مەسەلە سیاسییەکە. بە واتایەکی دیکە دەبێ مەسەلە چەکدارییەکە بۆ خزمەتو بەدیهێنانی مەسەلەو ئامانجە سیاسییەکە بەکاربهێندرێ.

ئێمەی کورد هەمیشە شەرکەرو چەکدارو جەنگاوەری چاك بووین بەڵام سیاسەتمەدارو کارسازی سیاسی خەراب بووین. کەم وابووە ئێمە شەرمان دۆراندبێ، یا لەو مەیدانەدا لە بەرانبەرەکەمان داشکاوتر بووبین. هەمیشە سیاسەتەکەمان دۆراندووە، هەر چەوتییو ناشێتی نەزانینی سیاسەتەکەش بووە کە سەرکەوتنی گەورەی عەسکەریمان بە ترِ بڕواو بە هیچ بچێ. یا نەتوانین سوود لە سەرکەوتنە عەسکەرییەکانمان ببینین، کە زۆر جاران هەر ئەو ناسیاسەتەمان (بە هەموو مانا فراوانەکەی: بیرکردنەوە، ئایدۆلۆجییەت، رێبازو "نهج"و بەرنامەو رێوشوێنو

ڕێکخستنو دابینکردنی پێویستیو پێداویستییەکانی خەباتەکەمان، دۆستو دوژمن ناسین (تحالف)و گەمەی سیاسیو هەموو سەروەرییەکانی دیکەی مانا فراوانەکەی سیاسەت) بۆتە هۆی زەمینە خۆشکەری شکستی عەسکەریمان....

لە بیرو پێکهاتەو ئایدۆلۆجیای پارتی، ئینشیقاقی ١٩٦٩، شەڕی نێوخۆی جەلالیو مەلایی ١٩٦٦- ١٩٧٠، بە فیڕۆدانی دەرفەتی چوار ساڵەی ١٩٧٠- ١٩٧٤، تا حەریفێتی شۆرش "بە هەموو بێ دەرفەتییەکییەوە لە چاو رژێم دا" لە بەرانبەر گەمەو جموجوڵی سیاسی بەعس لەو ململانێیەدا... ئەمانە بنخانی هەرەس بوون، نەك شکستی عەسکەریی.... نەبوونی چوارچێوەیەکی (بەرەیی) کە هێزی کوردایەتی پاش هەرەس کۆدەکاتەوە، شەڕی براکوژی دەساڵە، جرتو فرتو پەتپەتێنی دوو زلهێزەکە، لەدەستدانی چەندین فرسەتو سوود وەرنەگرتن لە هەلی هەڵکەوتوو و لەبار، بەدووکەوتنی سوودو بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتیو شەخسی لەسەر حسابی سوودی کوردایەتی، ئەوجا جامبوون بە شێوەو شێوازە کلاسیکییەکەی خەباتەوەو بە تایبەتی لە بواری خەباتی چەکداریداو هەڵە سیاسیو فیکریو ئایدۆلۆجییەکانی دوای قۆناغی هەرەس کوردیان گەیاندە ئەم شوێنە سامناکە نەك شتێکی دیکە.

بێ خۆهەڵدانو بۆ مێژوو ئەوە دەڵێم کە ئێمەی "پاسۆك" گەورەترین وانەیەکی لە هەرەس داو بەسەرداچوونەوەی شۆرشە بێ ئاکامەکانی ئەم چەرخەداو بە تێخوێندنەوەی تەرازووی

هێزەکانی نێوان ئێمەو داگیرکەرو هەوڵی دۆزینەوەی چاکترین‌و لەبارترین‌و سەرکەوتووترین شێوازی خەباتی چەکدارانە لەوە گەیشتیین کە شێوازی کلاسیکی دانە شاخ‌و شۆڕش ترنجانە نێو ماڵی خۆمان‌و مەیدان داخستن لەسەر خۆمان لەو جەنگ‌و ململانێیەو بە دراوەکان (معطیات)انەی هەن پێچە بە دەورەیە لە بازنەیەکی داخراوداو هەمیشە لەبەردەم شکستی عەسکەری‌و هەرەسدا دەبین... کە بەداخەوە هەر تەنیا (پاسۆك) بوو وای بیر دەکردەوە نەگبەتییەکە لەوەدا بوو کە(پاسۆك) بوو لەو راستییە گەیشتبوو نەك لایەنێکی بەکارو بە برشت‌و ئیمکانیەتی وا کە شتی پێ بکرێت، بۆیە وەکو هەقیقەتێکی بزر بوو چ سوودێکی نەبوو. هەرچەندە ئێمە بە هەموو ووردەکاری‌و (ابعاد) یەوە لەگەڵ نوێنەرانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دا لە ساڵی ١٩٧٦ دا باسمان کردووەو دواتر لە دوای ١٩٨٠ شەوە کەم‌و زۆر زۆر جاران لای دۆست‌و هاوپەیمانەکانی دیکەش وەکو باسی هێناومانەتە پێش...بەڵام ئەو (دۆگم)و رەقهەڵاتن‌و دانووسانە بە کۆنینەوەو نەبوونی گیانی (داهێنان)و ئەسڵەن تاساندنی بیرو هۆش‌و بیرکردنەوە لە قاڵبی تەسك‌و خنکاندنیان لە نێو چەمکەکانی (مفاهیم)و بۆچوونی سواوو شەختە بەستوودا، رێی گفتوگۆکردنی (جدی) یشی لەبەر بڕیبووینەوەو بە چاوی تیژیشەوە تێی دەڕوانرا، بەر لەوەی بچمە سەر راڤەکردنی ئەم خاڵە، بۆ روونکردنەوەی ئەو زیندانە فیکری‌و جامبوونەی شا باڵی رەشی کێشا بوو بەسەر بیرو هۆشاندا نموونەیەك‌و دوان دەگێڕمەوە:

له راپەڕینەکەی ١٩٨٤دا لە یەکێ لە دانشتنەکانی (جود)دا هەندێ دروشمیان هێنابوو کە بڕیاریان لەسەر بدرێو بنێردرێتە خوارێ بۆ جەماوەرەکە، یەك لەو دروشمانە ئەو دروشمە باو بەسەر چووەی: على صغره الاتحاد العربى الكردى تتحطم المؤامرات الاستعماريةو الدكتاتورية....!و چەندین دروشمی لەو بابەتە. ئێمە بۆمان روونکردنەوە کە ئەو دروشمانە (عملی) نین، چونکە بۆ دروشمێ کە ببێتە دروشمی جەماوەریی دەبێ:

١- سادەیی‌و روونی ٢- کورتی‌و خۆشکەڵەیی ٣- رەوانی‌و مۆسیقی تێدا بن. هەر ئەوەمان بە نموونە هێنایەوە کە دروشمەکەی شۆرشی ئۆکتۆبەر بەو گەورەو بەرفراوانییەوە (الخبز.. والسلام) بووە، یا کورت‌و کرمانجی (کل السلطات للسوڤیات)و ئا لەم بابەتانە. خەڵکی ئەم ئایەتەل کورسییەی چۆن پێ لەبەر دەکرێ؟!. تەماشاکەن خەڵکەکە چییان داهێناوە: ئەم دینارە بە ووردە، سەدام قۆنەرەی کوردە... یا خۆشکەڵەیی‌و مۆسیقێتی یەوەی بە راستی یا درۆ بیستراوە ئەوەی خستۆتە سەر دەمی خەڵکی‌و دەیلێنەوە گوایە ژنانی سلێمانی لە خۆپیشاندانی زۆرەملێی دژی ئێران هاواریان کردووە: ایە اللّه العظمی، ریشێ بێنە بە قوزما!....

ئەگەر خۆشکەڵەیی‌و مۆسیقێتی .هەتا هەتا هەتایە، کوردو عەرەب برایە) نەبوایە هیچ دەرفەت نەبوو ئەوە ببێتە دروشمی جەماوەریی. هەر لەبەر ئەو سیفەتی لەسەر دەم خۆش بوونەیەتی منداڵە وورتکە لە جێژناندا بێ ئەوەی لە

ناوەرۆکەکەی بگەن دەیلێینەوە!. ئەی (کێ بوو خۆی کرد بە شەکر، کاك ئەحمەد حەسەن بکر) چی؟! لەم بارەیەوە زۆرمان رست. هەموو وەڵامێکمان ئەوە بوو کە واللە ئێمە نە شاعیرینو نە مۆسیقا دەزانین، وەك لە جێی سندان قوزەڵقورتە. ووتمانەوە: دەباشە ئێوەش تا ماون دەبێ هەر دروشم بۆ خۆتان بنووسن!...لەوە سەیتر (جود) لە دیمەشق بەیانێکی دوورو درێژیان نووسیبوو دەربارەی ئەو راپەڕینەوەو ئەو درۆیەیان کردبوو کە گوایە جەماوەر هاواریان کردووە ((الخبزو السلام)). لە بوارێکدا پێمان ووتن: ئاخر برایینە رێبەراتییەکی سیاسی چۆن دەبێ تا ئەو جێیە لەو خەڵکەو واقیعە دابڕا بێتو لە خەیاڵو ئەندێشە (وهم) دا بژی.

ئاخر ئێستا خەڵکی لەبری نان کێك دەخۆن "خبز،خبز" ی چیتانە سەگ نان ناخوا ئەوەندە زۆرە. ئاخر ئاوا کراوە بەو عەقلێتەوە کراوە بۆیە وای بەسەر هاتووە هەرچەندە بۆ راستیو مێژوو دەبێ ئەوە بڵێم لەم بوارەدا رێبەرایەتی تەمەن گەنجو نیوە گەنجی یەکێتی لەم بوارەدا (داهێنان) ی زۆریان هەبووەو زیاتر کوڕی سەردەمەکەی خۆیان بوون. بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییاندا وەك لەلایەنەکانی دیکە: ئەوان ناحەزایەتی سیاسیو هەڵپەی حیزبایەتیو تەسکبینیو پاوانخوازییەکەیان نەبوایە تێیان رادەبینرا هەنگاو بەسەر ئەو بارە شەختەبەستوو و (مفاهیم) ە دیناسۆریانەدا بنێن.

دێمەوە سەر ئەو خاڵە گرنگەی کە ئێمە لەسەرەنجامی

هەرەس و بەسەرداچوونەوەی شێوازی چەکدارییدا گەیشتبووینێ و گۆرانێکمان تێدا پێویست دەدیت کە جۆرێ لە ستراتیجەت و تاکتیکی نوێ بۆ بزووتنەوەو خەباتی چەکداریی بێنێتە پێشەوە......

## بەشی شەشەم

دڵسۆزانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ قۆناغی پاش هەرەس و تازەکاری و دراوە نوێکاندا بکردایەو بەرنامەیەکی عەمەلی و بابەتییانەیان دابڕشتایە، لەوانەیە مەسەلەی هەرەس بچوایەتە خانەی (رب ضارە نافعة) ەوە کورد بزوتنەوەیەکی لە قۆناغ و شێوازی کلاسیکیی دانە شاخ و تاکە رێگەی تەقەو رەقەی نێو کوردستان بگوێزایەتەوە بۆ قۆناغێکی باشتر و رێیەکی کاریگەرتر و زۆر دروستتریان بدۆزیایەوە. بۆ مێژوو و گەواهی پێتان رادەگەێنم کە ئەو رۆژانە- لەسەرەتای دروستبوونی حیزبمانەوە- من بیرم بۆ هەندێ شت چوو، کە دواتر وەکو پرۆژەیەك گەڵاڵەم کردو بە درێژیش لەگەڵ شەهید (ئارام) ی نوێنەری (ی.ن.ك) دا کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی یەکمان دیت بۆ مەسەلەی هاوکاری و (بەرە) کردنەوەدا باسم کردو بە نوێنەرێکی دیکەی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) یشم راگەیاندو ئەسڵی فکرەکەشمان خستۆتە بەرچاوی نوێنەری ئەوسای سەکردایەتی کاتی کە (د.کەمال کەرکوکی) بوولە ناوچەی سلێمانی...بەڵام نەك هەر

گوێمان لێ نەگیراو هیچ، پێم وابوو تیزجارپێشیان پێوە دەکردین.
ئێمە بە تەنیا (یا لە وجودی چەند حیزبێکی تردا) هیچ ئیمکانمان نەبوو جێبەجێ کەین، بۆیە هەر وەکو پرۆژەو فکرەیەك مایەوەو رەق هەڵات. ئەسڵی فکرەکەش ئەوە بوو ئێمە دەمان ووت: بە بەسەردا چوونەوەی سەرجەم تاقیکردنەوەکانی بزووتنەوەی کوردو بە تایبەت شۆرشی سێزدە، چواردە ساڵەی ئەیلوولداو بە بەرچاوگرتنی تاقیکردنەوەو سوود وەرگرتن لە شێوازی خەباتو جووڵانەوەی میللەتانی دیکەو ئەسڵی پێویستیی هەمەرەنگکردن (تنوع) لە رێبازو رێگەو رێچکەی خەباتو خولانەوەی چەکداریو زەبروزەنگ دا دەگەینە ئەو سەرئەنجامەی کە: بە تاقی تەنیاو بەو شێوازە تاقیکراوەو سواوە یەك بوی رییەی دانە شاخو یاخیبوونو شەرکردنە لە بەرانبەر دوژمنو داگیرکەرێکی وا بەهێزو خاوەن ئیمکانێتو خوانەناس داو لە حاڵوباری گەمارۆدراویی و بێکەسیو بێ پشتیوانی کورد دا هیچ شۆرشو بزوتنەوەیە بە ئاکامی خۆی ناگاو تەنیا ماڵ وێرانییەو بەس....) باشە خۆ بەدەستەوەستانیش نابێ بوەستینو وەکو سمایل پێغەمبەر لەبەردەم رەحمەتی خواو چەقۆ دا، بەدەم دا بکەوین!؟ کە وابێ دەبێ چی بکەین؟!.
ئێمە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا- پاش خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنێکی زۆر- گەشتبووینە سەرئەنجامێکی زۆر لۆژیکیو عەمەلیی وا کە بە ئاسانی ئیمکانی جێبەجێکردنی هەبێت: چونکە هەر بەرنامەیە لە سنووری شیاویی (ممکنات) دەرچێ

رووی عەمەلیی بوونی نەبێت دەچێتە خانەی خەیاڵاتەوە ئای کە خەیاڵی خۆشکەڵە خوشکەڵەش کە ئاسانە: هەندێ وورده شت لای ئێمە (دلالات او المعالم) ی داهاتووی دادایینێو بە کورتیو سادەیی دەمان ووت: تۆ کە دەست دەدەیە چەكو دەچیتە ئەو شاخە، خۆت بۆ دوژمنەکە ئاواڵە دەکەیت ئەو گۆڕەپانی شەڕەکەی لا ئاشکرا دەبێو دەزانێ لە کوێوە دەست پێ بکات. بەو پێیە مەرجێکی سەرکەوتنی ململانێ سەربازییەکەت لە دەست دەچێو هەڵبژاردنی شوێن (اختيار المكان) دەچێتە دەست دوژمنەکەوە.... دوژمنەکەش حوکمی بەهێزیو دالەنگینی سنووری تەرازووی هێزەکانو بڕشتی هەردوو لا (توازن القوى) کە هەمیشە لە بەرژەوەندی ئەوە کە کاتەکەش (زمن المعركه) ە کە هەڵدەبژێرێت. واتە دوو رەگەزی هەرە هەرە گرنگی سەرکەوتن دەکەوێتە دەست بەرانبەرەکەت. ئەوجاش:

.... ئەو تۆ لە چەند قووله شاخو دەربەندو جێیەکی عاسی، کەس دەست پیانەگەیشتوو دەپەستێت ە بە چەند یەکەیەکی سوپایی (فەوجو لیواو فیرقە) کە خۆی دەیەوێت بە شتێکیانەوە سەقاڵ بکاتو لە ناوەندو شوێنە گرنگەکانی حوکم دووریان خاتەوە گەمارۆت دەداو تەقەتەق ق زرمو بگرە بەردە دە لە تۆو بیست لەوانو سەد لە تۆو هەزار لەوان لە ساڵێکداو چەند دا بکوژرێنو نەمێنن بۆ ئەو ناکاتە هیچ...! ئەو لە ناوخۆیدا لە جەرگەی خۆیدا لە شارەکانی خۆیو کوردستانیشدا لە شوێنە ئابووریو ستراتیجیو ناو ئاپۆڕەی خەڵکدا پشتێنی لێ کردۆتەوەو

کاری ئاسانو ڕۆژانەی خۆی (فوق العادە) دەڕواو مەگەر تاقو لۆقی بەخەبەر بن لەو تەقەو زرمەیەی کە لە هەر شوێنێکی دنیادا دەبیٚو بیٚ ئەسەریشە.

.... شەڕ لە ناوجەرگەو حالی ئەوەوە دوورە نە خەوی دەزریٚو نە گۆبەندی لیٚ تێکدەچیٚو نەهیچ هیچی پەکی دەکەویٚ. (بۆ نموونە لە ١٩٧٤و ١٩٧٥دا تا هەرەس) شۆرش لە ترۆپێکدا بوو ٨٥٪ کورد بە غیانو دڵو بە فعلیو رۆحی لەگەڵ شۆرشدا بوونو سەد ئەوەندە هەزار پێشمەرگەش هەبوون، کەچی لە کەرکوك دەردەچووی تا فاو دەت ووت زەمانی نە دەنگیٚ، نە تەقەیە، نە رەقەیە، نە هیچ ! جا وەرە ئەو داروبەردووە هەرەس پێهاتووە واتە پێوەی شۆرشێکی وا چەند، چەندی بوویت تا دەگەینە سەد یەکی ئەوەکەی جاران کە بە هیچ دەرچوو و بە هەرەس کۆتایی هات؟...

.... شەڕەکە بە کورتی لە ماڵی تۆدایە، دوژمن گوللەیە، تۆپیٚ، بەردیٚ بهاوێژێت ئەگەر پێشمەرگەیەکی بەرنەکەوت، کوردێکی بەرکەوێت۔ هەر کورد بێت۔ هەر قازانجێتی. کوردێکی بەر نەکەوت بەر ئاژەڵیٚ، باڵندەیی، داریٚ هەتا بەردێکی کوردستانیش بکەوێت هەر ئەو قازانجێتیو چی پێداوا: با چەند ملیۆن بەرمیل نەوتیٚ لە ساڵێکدا نەیکات.

.... تەبیعەتو شێوەو جۆری حوکمو حوکمڕانی لەو وولاتەدا وایە کەس رۆژیٚ ملی حکومەت ناگریٚ ە تەنگەتاوی ناکاتو لەسەر تۆ نایەتە وەلام: کەس نییە لە دەوڵەت بپرسێتەوە چی دەکاتو

نایکات... واتە نابێتە کارتێکی فشاری سیاسی... لە باشترین حاڵو ئەگەردا دەبێتە مەسەلەیەکی ئاژاوەی ناوخۆ.. لەوێشدا کەس پێتا راناگاتو کەس نییە کارتت لەسەر ببڕێت.

ئەمە بە لایەکە....... لەلایەکی ترەوە،

ئێمە لە بیرمانە کە جەرەیانێکی دروستکراو یان ئەسڵیی بە ناوی (ابوطیر)ەوە ماوەیەك لە بەغدا هاتە پێش، نەك هەر لە بەغدا بەڵکو لەسەرتاسەری عێراقدا ببووە (حدیث الساعة)و مەسەلەیەکی گەرمی رۆژانە لە نێو خەڵکیو حکومەتدا لە بەغدای پایتەخت. ئەم رەنگدانانەوەی هەبوو.

١- هەیبەتو شەرعییەتی حوکم بە تایبەتی دەسگا داپلۆسێنەرەکانی- کە حکومەت خۆی بریتییە لەوانە- کەوتبووە ژێر پرسیارو گومانەوە.

٢- لایە لەو دەزگایانە بەخۆوە خەریك کردبوو دەبێ هەوڵی ئیستیخاری ئەوانەو دۆزینەوەیو کپکردنەوەی چەندی ویستبێتو چ تەقەلایەکی بۆ خارج کرابێتو چەندو چەند بەرپرسانی هەر لە (سەدام)ەوە تا مفەوەزێکی ئەمنی بە خۆوە خەریك کردبێت.؟ ئایا ئەمە پەرت پەرتکردنو بەملاولادا بردنی ئیمکاناتی حوکمو حوکمڕانان ناگەیەنێت؟ ئایا لە کلکی ئەم مەسەلەیەدا هەزارو یەك ئەگەرو شت ئیمکانی دروست بوونیان نییە؟!.

٣- باس هەر باسی (ابو طیر) بوو. کارمەندو کرێکارو هەرچی هەبوو نەبوو رۆژانە چەندێکی وەختی خۆیان بۆ ئەم باسە

تـەرخان کردبێـتو چـەند وەختـی لـە کـۆی ئیمکانـاتیو وەختـی خـەڵکی بـۆ خـۆی بردبێـت؟! ئـەوجا لـە سـەعات ٧ی ئێـوارەوە دوکانو بازاڕو دنیا خڕ دادەخراو خەڵکی (هەر کەس لای خۆیـەوە لە ترسی (ابو طبر) دەخزانە کونی خڕ داخـراوەوە. بـە ووردی هـەر ئەبیٚ جووڵەی بازاڕی ئـەو ٨٠٪ دوکـانو موخـازەی بـازاڕی بەغـدای بۆ چەند سەعاتیٚ پـەك نەخسـتبوو. خۆتـان دەزانـن لـە بەغـدا تـا سـەعاتی ١١و ١٢ لـە بـارودۆخی ئاسـاییدا جوڵـەی بـازاڕ (بـە هـەموو جەمسـەرەکانییەوە) گـەرم بوو...ئایـا ئەمـە ناکاتـە پەکخسـتنی بەشیٚ (چ کەمو چ زۆری) ژیانی ئابوورییەوە؟؟!.

لەمەوە ئاکامگیری ئـەوە دەکـەین کـە رووداوێکی وا چ تـینو تـاوو کاریگەرییـەکی دەبێت، ئەگـەر لـە دڵـی حکومەتـەوە نێزیـك بێت؟... کە چەند بیٚ کاریگەریش دەبیٚ هەرچـەندە گـەورە بێـت ـ بەقـەدەر گـەورەیی شۆرشـی کـوردو ئـەو جەهەننەمـەی رۆژی سەربازی تێدا دەکوژران و چـی رووی دەدا....کـە لـە دڵەکـەوە دوور بێت.

## سەرنج

هەندیٚ ووشەمان بۆ نەخوێندرایەوە بە ناچاری (....) دانا.

# وڵاتچێتی داگیرکەران

عێراق بەو سنوورو قەوارەیەی ئیمرۆ هەیە وەکو زاراوەیـەکی سیاسیو جوگرافی پاش ڕووداو بەسەر هاتـەکانی جـەنگی جیهـانی یەکـەمو سـەرئەنجامی ئـەوڕەدڵو بەدەڵـەی لـە نێـوان ئیسـتعماری ئیتگلیـزیو فەرەنسـیدا لـە مـیرات بەشـی دەوڵـەتی عوسمـانی دا هاتۆتــە نێــو ناوانــەوە! تــا چــەند ســاڵێکیش لــە دوای جــەنگ مەســەلەو کێشـەی ویلایـەتی موسـڵ (کەبەشـی هـەرە زۆری ئـەو کوردستانە بووە کە خرایە سەر هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسـرە، کە عێراقـی عـەرەبیان پـێ دەگوترێت) لـە نێـوان دەوڵـەتی کـەمالی نــوێی تورکیــا بــەرۆگری عوسمانیــانو ئینگلیــزو دەوڵەتــە دەسکردەکەی بەغدا هەرمابۆوە. تا دواتر لیژنەیەکی نێو دەوڵـەتی (عصبە الامم) دا بە ئینگلیزەکانو حکومەتی بەغدا، ئەوسا لەگەڵ دوو ویلایەتەکـەی دیکـە لێکیـان بـدەنو نـاوی "عێراق"یـان لێ نـا! گـەلی کـورد هـەر لـە سـەرەتاوە بـەم کـەینو بەینـە ڕازی نـەبووە ســــەرەتا دژی ئینگلیزەکــــان وەســــتاوەتەوەو نــــاوکی حکومەتۆچـکەیەکیان لـە مەڵبەنـدی سولەیمانیدا بـە رابەرایـەتی (شـێخ مـەحمودی حەفیـد) دروسـت کـردووە بـە درێـژایی چـەند

ساڵێك بە گڕ ئینگلیزو حكومەتەكەی بەغدا چونەتەوە. هەرواش ئەم بەشینەوەو خستنەسەرو ڕەدەڵو بەدەڵەی ڕەت كردۆتەوە، كە ویستراش عێراق بچێتە (عصبە الامم) ەوە و بەناو سەربەخۆییەكی بدرێتیّو لە ژێر چاوەدێریو بەڕێوەبردن رومایەی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەكان دەربخەن. نوێنەرانی گەلی كورد لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەكانی خوارەوی كوردستاندا دژی ئەو قاڵب پێ بەستنەی عێراق وەستانەوەو چارەنووسێ كە ئینگلیزو حكومەتە دەستكردەكەی بەغدا بۆیان دیاری كردبوو دایانە دواوە، لە شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ دا جەماوەری كورد ڕژانە بەردەركەی سەرای حكومەتی عێراقی لە شاری سلێمانیو نارەزایی خۆیان دەربڕی بەرانبەر ئەوەی بخرێتە سەر عێراقو كوردستان بە بەغدای پایتەختی دەستكردەوە وەبەستن.. ئەمان تەعبیریان لەویستو خواستو ویژدانو ئامانجەكانی دەكردو دیفاعیان لە كوردستانیەتی گەلی كورد دەكردو ئەو كیانە باوەیان قەبول نەبووە. نەك هەر بەشداریان لە ناووكبڕینی ئەو كیانەدا نەكرد، بەڵكو بە ئاشكراو بۆ مێژوو ڕەفزی خۆیان دەربارەی ئەو واقعە سەپاوە تومارکردو سیفەتی ناشەرعیەتیان دا بەو كیانە. ئەمان دەیانویست كورد چارەنووسی خۆی لە دەستی خۆیدا بێتو كوردستانەكەی نەخرێتە سەر عێراقو خۆی حاكمی وڵاتی خۆی بێت ئەگەر چی ئینگلیزەكان كاتێ عێراقی عەرەبیو كوردستانیان داگیركردو (عصبە الامم)یان كردە ریش سپیو "وصایە" ی عێراقو كوردستانی دانیّو چ لە گەرمەی كێشمەكێشمو ساغكردنەوەو

بەلاداخســتنی کێشــەی ویلایــەتی موســڵ لەگــەڵ تورکیــاداو چ دواتــریش کــە ویســتیان شــەرعیەتێك بــدەن بــە دەوڵــەتی عێــراقو کردیانــە نێــو (عصــبە الامم)ەوە....ئینگلیزەکــانو شــا فەیســەڵو داروودەستەی حوکمڕانی عێراقی بـەڵێنی ئـەوەیان داوە کـە ڕێـز لـە هەســتو نەســتو بــوونی گــەلی کــورد بگــرن. کوردەکــان خۆیــان ناوچـــەکانی خۆیـــان بـــەڕێوەبردنن هـــیچ جیاوازیـــەكو چەوساندنەوەیەکی میللیان لەگەڵدا بەکار نـەهێنن تـا گەیشـتۆتە ئــەوەی جاروبــار دەم لــەوە بکــوتن کــە هــەتا بــە ئیدارەیــەکی ســەربەخۆو نیمچــە دەوڵەتۆچــکەیەکی کــوردیش لــە چوارچێوەی عێراقـدا قایـل بـونو حکومـەتی عێـراق شـێوەیەکی فیدراسـیۆنی بگرێتـە خـۆی! ئەمانـەش هـەمووی بـۆرامکردنو دەسـتەمۆ کردنـی کـورد بـووەو بـۆ ئـەوە بـووە کـە کـورد مـل بـۆ ئـەو واقعـە سـەپاوە بدات...ئەگەر چی هەر هەمووی بۆ خۆڵە مێش کردنە چاوو دەست بەسەراگرتنی ڕەفزی گەلی کورد بووە. بەڵام بۆ خۆیـان بەڵگەیـەکن بـۆ ئـەوەی کـە کـورد میللـەتێکی جیـاوازە لـە میللەتەکـەی عێراقـی عـەرەبیو کوردسـتانەکەی وولاتـی خۆیـەتیو تـەنها خـۆی مـافی بـەڕێوەبردنو چارەنووسـی لـە دەسـتدایە...بەس دیسـانەوە گەلـە کورد نەکەوتۆتە داوەو تەسلیم بەو واقعە سەپاوە نەبووە.

ڕاپەرینی جەماوەری ڕۆژی ڕەشی ئەیلولی ١٩٣٠ بەڵگـەی هـەرە بەرچـاوو دیـاری مێژووینـەی ناشـەرعیەتی کیـانی عێـراقو بـەزۆر ســەپاندنی ئــەو کیانەیــە، (کەلــە رووی دەســتوریەوە) هــیچ شــەرعیەتێکی نییــەو کوردســتانیەتی گــەلی کــورد بــە ئیســپات

دەگەیێنێ. لەو رۆژەدا تەنها کوردستانی بە وولاتی خۆی زانیوەو تەنها هاولاتیەکی کوردستانی بووە، نیشتمان بەلای کوردەوە تەنها کوردستان بووە، ئەو کیانەی بە زۆر بەسەریا سەپاوەو ئەم داویەتیە دواوە، کیانێکی نا شەرعیو ئیستعماری بەو تاکە تاکەیەکیش ئەگەر ئەمەی سەلماندبێ بە (وەتەن فرۆشان)و (هەرزە وەکیل)و (خەجالەتی رووی مەحشەر) ناویان زراوە!...

لەگەلْ هەموو ئەو هەولەی کە دراوە بۆ سەپاندنو ئاسایی کردنی واقعی ئەو عێراقیەتەو بەیەکجاری بەستنەوەی کوردستان بەکیانە دەستکردەوە.... جەماوەری سادەو فیتری کورد هەر ملی نەداوەو تا دوا رۆژەکانی جەنگی جیهانی دووەم جەماوەری کورد هیوا براو نەبووە لەوەی کە رابەرایەتیەکی نوێ لە تەبیعەتو هەلکەوتێکی پێشکەوتوو و گونجاوی ئەو قۆناغەدا توانای خەلکی یەك خاو رابەرایەتیان بکات بۆ ئامانجی تەبیعی کوردەکە "دیاریکردنی چارەنووسی خۆیەتی بە دەستی خۆی"کە کوردستانی ئازادو سەربەخۆ پێك بێنێ...بەلام ئەو چاوەروانیە نەهاتە بەرهەمو ئەو رابەرایەتیە نەرسکا کە واقیع لەسەر حسابی کورد قەبولْ نەکاتو وولاتی خۆی نەخاتە سەر هیچ کیانێکی دیکەو وەکو هەموو ولاتو میللەتانی دیکە ئەمیش کییانی خۆی هەبێت، لە جێ ی ئەمە چەند قوتابیو ئەفەندیەك کە تێکەلْ بە ژیانی بەغدای پایتەخت بووبوونو لە ئاوی شێواوی داگیرکەریان خواردبۆوەو کەوتبونە ژێر تەئسیری بیرو ئەندێشەی جیا جیاو دەستکەوتو قازانجو تەماعی نێزیکە دەست پشووی

سوارکردبون‌و له‌ ناخی جه‌ماوه‌ره‌وه‌ش رووت‌و خاوه‌ن مه‌سه‌له‌که‌وه‌ دوور که‌وتبونه‌وه‌و هۆڵی قوتابخانه‌و زانکۆکانی پۆژاوی عه‌ره‌بی به‌شه‌واره‌ی خستبوون‌و پایه‌و پله‌و نیشانی وه‌زیفه‌و شه‌قامی پانی شاره‌کان له‌ ناخه‌وه‌ له‌ عه‌مه‌لی خستبوون‌و خه‌ساندبوونی‌و بانگه‌شه‌و بریق‌و باقی پێشکه‌وتن خوازی درۆزنانه‌ی نه‌فه‌س کورتی بۆرژوایانه‌... کاربه‌ده‌ستانی عێراقی‌و ئینگلیزه‌کانیش شانیان بۆ شل کردبوون‌و دنه‌ دنه‌شیان ده‌دان‌و هانیشیان ده‌دات تا به‌ چه‌ند کۆمه‌ڵ‌و حیزبێکی جیا جیاو په‌رت په‌رتونا وه‌ راست ڕه‌وی سه‌رله‌خۆ شێوێنه‌ر ئه‌و بۆشاییه‌ پڕ ده‌که‌ن‌و به‌ر به‌رسکانی ڕێکخراوێکی کوردستانی‌و ڕابه‌رایه‌تیه‌کی جه‌ماوه‌ری ڕه‌سه‌ن‌و کوردی بگرن بۆشیان سه‌ری گرت‌و توانیان باره‌ گه‌یوه‌که‌ی جه‌ماوه‌ری له‌باربه‌رن‌و خۆڵ بکه‌نه‌ چاوی جه‌ماوه‌ره‌که‌وه‌، به‌مه‌ ڕێ خۆشی بوو که‌ ئه‌و واقعه‌ سه‌پاوه‌و ئه‌و داگیرکردن‌و کوردستان خستنه‌ سه‌ر عێراق‌و سه‌لماندنی کیانی ئیستعماریانه‌ی عێراقی ئاسایی که‌ن.....(ولاء)و (نیشتمان) ێکی دیکه‌یان بۆ خه‌ڵکی هێنایه‌ گۆڕێ که‌ (ولاء) بۆ عێراق‌و خۆ به‌ نیشتمانی عێراقی زانینه‌ به‌ره‌ به‌ره‌ کوردستانیه‌تی کوردیان کرد به‌ ژێر گڵه‌بانی عێراقیه‌ته‌وه‌ خه‌باتی تایبه‌تی‌و سه‌ربه‌خۆو دژ به‌ داگیرکه‌ری کوردیان لێ گۆری به‌ خه‌باتی هاوبه‌شی عێراقی‌و گشتی‌و دژ به‌ ئیستعماری!! به‌مه‌ داگیرکه‌رانی عێراقیان له‌ خانه‌ی ئیستعمارێتی ده‌رهاویشت. که‌ ئه‌و کاته‌ ئیستعماری ڕاسته‌وخۆی گه‌لی کورد له‌ خوارووی کوردستان، عێراق‌و ده‌سه‌ڵاتدارانی عێراقی

بوون‌و ئینگلیز دایکەزا نەبوو!..

لێرەدا بۆیەکەمین جار لە مێژوودا بزوتنەوەی کوردایەتی تێکشکاو دامانەدوا، مەوقعێکی ستراتیژی گرنگیان لێ گرتین، لەو رۆژەدا بوو دەستیان بە کورد هەلبڕی‌و بە زۆر تەسلیمی واقعیان کرد، وایان کرد کە کورد ڕاو هەلۆێستو ویستی داگیرکەرەکەی بسەلمێنێ‌و بچێتە ژێر باری، تەنها ئەمەش مانای تێکشکانە، دۆڕاندنی شەڕێ، لە دەست دانی ناوچەیەك، کشانەوە لە بەردەم لێشاوو شالاوی دوژمنداو مەوقیع گۆرین‌و هەتا لەبەر هەلاتنیش تێشکان نی یە، خۆکێشانەوەیە بەخۆ دەرباز کردنە بۆ خۆ ئامادەکردن‌و خۆکۆکردنەوە بۆ جەولەیەکی ترو دوان‌و سیانی دی، گەرانە بە دوای هەل‌و دەرفەت‌و بارێکی لەبارترو دووبارە تێ هەلچوونەوە، هیتلەر لە جەنگی دووەمی جیهانیدا هەموو ئەورووپای گرت، چی هاتە پێش ڕاییدا،کەس خۆی لەبەردا نەگرت، گەیشتە سەر رۆخی مانش‌و بەر دەروازەکانی ستالینگراد....چەند دەولەت‌و تەخت‌و بەختی بەسەریەکدا تەپاند. فەرەنسای ڕادا!...بەلام!! چونکە هەبوو بلێ (نەو!)و نەچێتە ژێر بارو پەیمانی خۆدان بەدەستەوەی بۆ مۆرنەکات. سەرنەکەوت!! دیگۆلێ لە دەرەوەی وولاتەکەی خۆی ووتی نەء!...چەرچلێ ووتی نەء! ستالین ووتی نەء. میللەتانی داگیرکراوو داغان کراو ووتیان نەء! ئەو (نەء) انە بوون پاش چوار سالان گەیشتنە بەر دیوارەکانی (مستشاریەی هیتلەر)و بەسەریا تەپاندیان! کورد دوو هەزارو شەش سەد سالە بە دوژمنان‌و داگیر کەرانی،بە (کۆرش)و

(ئیمپراتۆریـەتی) فارسـی بـە ئاشـوریانو بابلیـان، بـە یۆنانیـانو ڕۆمیان، بە ئەمەویانو عەباسیان، بە عوسمانیـانو سـەفەویان، بـە ئینگلیزو فەرەنساویو دەوڵەتە داگیر کەرەکانیان ووتبو نەء! بۆیـە مابوینـــەوە، شـــکابوین، داگیرکرابـــووین، ڕاونـــرا بـــووین، کـــاول کرابووین.... بەڵام دەستی خۆ بە دەستەوە دانو تەسلیم بونمان پـێ هەڵنـەبڕابوو! ملمـان بـۆ ویسـتو خواسـتی داگـیر کـەرانمان نـەدابوو هـەر کوردو کوردسـتانی بووین، نەبووبووینـە (ئێرانـی)و (بابلی)و (ئاشوری) و (ڕۆمی)و (یۆنانی)و (ئەمەوی)و (عەباسـی)و (سـەفەوی)و (عوسمانی)....هـەر کـورد بـووینو ووڵاتەکـەمان هـەر کوردسـتان بـوو بـەڵام دواتـر بـەهۆی ئـەو حیزبـە نـا کـوردیو نـا دڵسـۆزو ناڕەسـەنو ناوەراسـت ڕەوە سـەودا کەرانـە بووینـە (عێراقـی)و نیشـتمانەکەمان بـووە (عێـراق)!! بووینـە (ئێرانـی)و کراینە (تورکیا)ییو (سوریا)یی! پارتی فلانی فلانی خـەت، شـاریحە عێراقی، خەت شاریحە ئێرانی، خەت شاریحە فلانـیو فیسـاریان بـە سـەردا سـەپاندین، پەیوەنـدیان لەگـەڵ (سـنە)و (سـولەیمانی)دا پساندین، (سولەیمانی بە بەسرەو سنەیان بـە قـەزوین)ەوە گـرێ دا! دهۆكو دیاربەکریان لێك پساند ئەمیان بە رومادیو ئەویان بە ئەستەنبوڵەوە گرێدا، کوردیـان لـە کـورد نـامۆ کـرد، دیواریـان لـە نێواندا بڵند کردینەوە. دەستیان پێ لەناو دەستی داگیر کـەرانمان نا!!. ئەمە لە کاتێکدا نێزیکەی سـەد سـاڵ پـێش پەیدابوونی ئـەم ئەفەندیانـە، ئـەم حیزبـە هەڵتۆقیوانـە، ئـەم خەباتـە بـە درۆو بـۆ چـاو بەسـتەی هاوبـەشو دژ بـە ئیسـتعماریانی ئـەم بـەناو کوردو

ناوەرۆك نا كوردانە...(شێخ عبداللە)یەكی خەڵكی باكوری كوردستان (كوردستانی بەستراو بە توركیا) وە، كە باری كوردستانی ئێرانی بە لەبارتر دیتووە، بۆ زەمینەی شۆرشێكی سەرتاسەری، بیری لەوە كردۆتەوە لەوەوە دەستی پێ كردووە، لە كوردستانی ئێرانەوە، شۆرشی كردووەو ئەوەی داناوە كە (موسڵ) ی كوردستانی خواروو بكاتە پایتەختی دەوڵەتە كوردیەكە....سمكۆلە (شنۆ) ەوە هاتۆتە لای (شێخ مەحمود) لە سلێمانی كە توانایان یەك خەن...هەموو خێڵی بارزان و بارزانیان بەماڵ و منداڵ و گەورەو گچكەیانەوە دایانە پاڵ كۆمارە ساواكەی (مەهاباد)و شوراو پاسەوانی هەرە پێشەوەی كۆمارەكە بوون دەیان ئەفسەرو شۆرشگێری خواروی كوردستان لە خزمەت ئەو كۆمارەدا بوون....هەتا لە شۆرشی ئەیلولیشدا لەگەڵ سەپاندنی ئەو واقعی (عێراقی و ئێرانی و توركیا)ییەشدا، لەگەڵ بوونی پارت و حیزبی ناوچەگەری، لەبەر كیان و هەستی كوردانەو یەك پارچانەی رابەری شۆرشەكەو لەبەر سەر هەڵدانەوەی فیترەتی كوردانەی جەماوەری كوردی و لەبەر زۆڵەكی و نەزۆكی ئەو قەوارە نا قەومیانە...شۆرشی هەموو كوردان بوو، هەر نەبێت لانەی هەموو شۆرشگێرانی كورد بووە لە سەر تا سەری كوردستاندا....

هەموو جارێكیش كە بارو هەل و مەرجێك دێتە پێش جەماوەری كورد ئەو قەباڵەی ئەو حیزبانە بەتاڵ دەكەنەوەو سنووری ئەو بەندیخانە وولاتچێتیە سەپاوو ساختەی ئەمان بەسەر خۆیاندا سەپاندووە دەبەزێنن.

# هەنگاوێ لە سەرەڕێی بیرکردنەوە
# لە داڕشتنی بیناى "فیکرى کوردى"دا

لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو و لەو شـوێنانەدا کـە نـەلواوە بـیرى ئاڕاستەکەرى ژیان لە خودى واقعەکەوە هەڵبقوڵێت چێژى خۆماڵى وەرگرێـت، یـان بـیرو فەلسـەفەى ژیـانو تیـورە سیاسـیەکان زادەى هـەناوى گـۆرانو گەشـەى خۆمـاڵى نـین، بـە کورتییەکـەى گـۆرانو جمـانو چـالاکى فیکـرىو سیاسـىو شۆرشـگێرى لـە زەمینـەى واقیعەکـەوە هەڵنـەقوڵاوەو لـە گرێژەنـەى پێکدا چـوونو قـوڵایى ژیـانى کۆمەڵایـەتى ئـەو کۆمەڵگایـەوە نەرسـکاوە، بەناچـارىو بـە حـوکمى پێویسـت یـان خەسـڵەتى لاسـایى مرۆڤانە...ئـەو بـیرو ئەندێشـەو فیکـرو فەلسـەفەو تێورانـە لـە لایـەكو کۆمەڵگەیـەکى دیکە دەخوازرێتەوە.لـە کـاتى بـەکارهێنانو تەرجمـەى زانسـتیانەو پیادەکردنیانەوە زۆر جاران کورت دێنىو بازاڕى دەردەچێت ئەمـە ئەگـەر دڵسـۆزییەكو خۆمانـدووکردنێکى زۆرى تێـدا بـە خـەرج بـدرێت، خـۆ ئەگـەر هـەروا "میرکوتـەکى"و کوێرانـە لـە عەمـەل هێندران ئەوا کورد واتەنى لەقلەقو قاپقاپ دەردەچێت....

لەم بارەیـەوە گەلـە شۆرشـگێرەکانی دنیا بـەوە ناسـراون کـە واقعـبین بـوونو توانیویانــە بیرتیـژیو دووربینــیو وەسـتایەتی کارزانانــە لــە مامەڵــە کــردن لەگــەڵ واقعــی کۆمەڵگاکانیانــدا بەکاربێنن، ئەمانـە لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی واقعدا نـە لـە ئاسـتیدا چۆکیان داداوەو نە هەرزانـەش تینیـان داوەتـە بـەر شاخە بـەردی چەسپاوەو لە بنیدا سەقەت بن...ئەوانـە بـە تـەعبیری کوردی نـە کەروێشــکیان بــە عەرەبانــە گرتــووەو نــە عــەردیان بــە دەرزی هــەڵکۆڵیوە، بـۆ نمونەیـەکی هێجگـار بەرچـاو دەڵـێین "مـاو" کـە رابـەرێکی پەنجە نیشـانی مارکسـیزمی سـەردەمی خـۆی بـووە، لـە بەرەنگار بوونەوەی واقعی "بتپەرستی" خەڵکی چیندا کـە بـەپێی فەلسـەفەکەی هـەموو شـت پەرسـتییەك تلیاکـەو دەبێـت بنـەبڕ کرێت...هەڵنەسـتاوە فەرمایشـتو فـەرمانی بـورجی (عـاجی) یانـە بـدات، بـە شـکاندنی بـووتو تێکـدانی بووتخانــەکان...ئامۆژگاری رابەرانی سیاسی کۆمەڵە جوتیارییەکانی کردوە کـە خۆیـان پەنجـە درێژنەکــەن بــۆ ئــەو بووتانــە، داوای لێکــردوون کــە ئــەو کۆمەڵەجوتیارانـە لـە خزمـەتی جوتیارانـدا بـنو داواکارییـەکانی جـەماوەر لەبـەر چـاو بگـرنو ئاواتـەکانیان بـۆ بهێننـە دی. ئەوسـا جەماوەرەکە خۆی دەداتە بەر مەزەندی ئەقڵی خۆیو ئەوەی سـی هــەزار ســاڵە بــە پاڕانــەوەو چــۆك دادان ئــەم بووتانــە بۆیــان نەکردوون، کۆمەڵە جوتیارییەکان لەچـەند سـاڵێکدا بـێ پاڕانـەوەو لاڵانەوە بۆیـان بـەدی هێناون...ئەوسـا خۆیـان دەزانـن کـە بـووتو بووتخانــە بێکــەڵكو بێفــەڕنو کۆمەڵــە جوتیارییــەکان فــەڕدارو

خێربەخشن- هەر خۆیان هەڵدەکوتنە سەر بووتەکانیان‌و پشتیان تێدەکەن.

ئەو مامەڵەکردنە لەگەڵ واقعێکی نەویست‌و نالەباردا، ئەو چارە بلیمەت‌و واقعی بینە هەر دروست پێچەوانەی رەفتارو هەڵسوکەوتی زڕە شۆرشگێرانەی هەرزانەی ئەو ئەفەندی‌و نیوە خوێندەوارانەیە کە تووشی (سەرەگێژەی نێو کتێب)و (ئینتەلای فکری) بوون‌و لە نهۆمی بالآی جیهانی تیۆرییەوە گۆچانی "سیحراوی موسا" رادەوەشێنن‌و دەیانەوێت خەونی شەویان بە "بێژە تیژ" یەك بێتە دی...کە نایەتە دی، ئەوسا گالۆکەکەی دەسرەوێنێتە کۆمەڵ‌و خەسارەتێکیش دەدەن...ئێمە لەو رووەوە نا کە تانەو تەشەر بگرێتە کەس‌و چشمان دەست ناکەوێت لەو تێکشکان‌و خەسارەت مەندییەی خەڵکی دیکە، بەڵکو لە رووی بەتەنگەوە هاتن‌و پەرۆشیمان، بۆ بەفیرۆ چوون‌و لەدەست دانی ئەو ووزەو توانایانە لە کۆمەڵگاکەمان‌و ئەو خەسارەت‌و زیانەی ئەو هەرزەیەتییە لەسەرجەم بزووتنەوەی کوردایەتی دەیدات بە دەنگ دێن‌و داوامان لە هاوبیرانی خۆمان پاشان لە خەڵکییە، کە بە چاوی وردبین‌و بە ئامرازو کەرەستەی فەلسەفەی کوردایەتی هەڵقولاوی نێو ناخی کۆمەڵگاکەی خۆمان‌و بەسوود وەرگرتن لە بیرو ئەندێشەو تاقیکردنەوەی غەیری خۆمان، پاش تەتەڵەو پامال‌و گونجاندنی لەگەڵ واقیعەکەماندا...بەرەنگاری کێشەو گرفتەکانی کورد ببنەوەو داواکاری‌و ئامانج‌و پێویستییەکانی جەماوەر گرن‌و رێوشوێن‌و شێوازی گونجاو بدۆزنەوە..چونکە تەنها

بـەم ڕێگەیـە دەتـوانرێ ڕێگـەی دوور نێزیـك بكرێتـەوە. هـەوڵی بەخەسارچـوو بگێڕدرێتـەوەو بتوانرێـت دەسـتمان هـەبێت لـە گۆڕینو نەشەو فراژوو بوونی واقعی كۆمەڵگای كوردەواری...ئەگینا ئـەو دڵسـۆزە نیازپاكانـەی بـەرەوڕووی واقیعەكـە دەبنـەوە، ئەگـەر نـەزانن چـۆنو بـە چ ڕێگـاو شـێوازێك، مەبەسـتەكانیان جێبـەجێ بكەن، جگە لەوەی كە نـەك هـەر پێیـان خـاس ناكرێـت، ئاڵۆزیشـی دەكـەن. ئـەم سـەرئەنجامە بێـزارو ناهومێدیشـیان دەكـاتو لـەو سەرەڕێیە شـەكەتو سـەقەت دەبـن، ئەوسا لـە دەسـت خۆشـیانو كوردیش دەچنو دەبێتە خەسارەی دوو خەسارەت! لەمەوە ئەگـەر سـەرنجی هەنـدێك واقعـی كۆمەڵایـەتی كـوردەواری بـدەینو یاوەریشمان وابێت كە گۆڕانو هەڵتەكانـدنیان گـەرەكو پێویسـتەو ئەوانە كۆسپی سەرەڕێی پێشكەوتنو گەشەی كەمەڵایـەتینو یـان ماكێكن كە نەهامەتیو دواكەوتوویی لێ شـین دەبێتەوە..پێویسـتە لە ئاست ئەو دیاریدانەی مێژووكردنو ڕەگیان بە قـوڵایی مێـژوو و دەروونـی كۆمـەڵگادا ڕۆچـووە پشـوو درێـژو كـارزان بـینو بـزانین چـۆنو بـە چ ڕێگایـەك دەتـوانین بێراتـەكانو ئـاڵۆزكردن بەسـەر ئەنجامی پێویستو دڵخواز دەگەین، هەمیشە دەبێت ئەوە بەرچاو بگـرین كـە بزووتنەوەكـەی ئێمـە بـارو هەڵكـەوتێكی جیـاو سـەربەخۆی لـە هـی هـەموو دنیـا ، دەسـەڵاتو بڕیـاردانو جڵـەوی سـەرجەمی كۆمـەڵ لـە چـنگی خۆمانـدا بێـتو كـەس دەرفـەتی ئەمسـەرو ئەوسـەر كردنـی نـەبێت، واتـە جگـە لـەوەی مەسـەلە سیاسـییەكە كـە مـافی سیاسـیانەی (نیوەچڵو تـەواوی كێشـەی

نەتەوایەتی) بناخەو ئەرکی سەرەکیمانە، ئێمە داگیرکەرێك لەسەر کۆڵەی سنگمانەو حوکمان دەکاتو داگیری کردوین، کە هەمیشە سوود لە هەڵەی "تطبیق" پیادە کردنی شۆرشگێرانەی ئێمە وەردەگرێتو داڵدەی دەستەو تاقمو کەسە دژ شۆرشیو کۆنەپەرستو ناحەزانمان دەدات...بەمەش خۆماڵی دەبنە پارسەنگی ئەو ململانێیەی نێوان ئێمەو داگیرکەرەکە..مەسەلەی خێڵایەتی دەگرین، وەکو واقیعێکی کۆمەڵایەتی..لە هەڵتەکاندنی بنەما فیکریو دەروونیو مادییەکانی ئەم باوە دواکەوتوو و دژ بە پێشکەوتنو نالەبارەدا، لەبەردەم سێرێیانێکداین:

* یان ئەوەتا ملی بۆ بدەینو بیسەلمێنین، کە بەمە لە بچوکترین سەرەتای شۆرشگێری دەکەوینو دەبینە هاوبەشی تاوانەکانی.

* یان ئەوەتا دەم ودەست رەتی کەینەوەو روو بە روو بەرەنگاری ببینەوە، بەمەش مەسەلەی ململانێ لەگەڵیدا پلەی "قطعی"و سەرەکی دەگرێتو لە مەسەلەی بنەڕەتییەکەی خۆماندا دوورمان دەخاتەوە.

* یان ئەوەتا لەگەڵیدا بسازێینو بنکەندی کەینو وەکو خۆرکە تێی بدەین..کە بەمە بێئەوەی بخلافێین، بەرو ئیفلاسی ماددیو مەعنەوی دەبەینو لەکاتو هەلومەرجی پێویستدا بە دواکوتەك هەناسەی لەبەر دەبەین...

لە حاڵەتی یەکەمدا، یان بیری کۆنەپەرستانەو هەڵکەوتی ناشۆرشگێرانە ئەمە بە دەستەیەك دەکات ، یان بیری

بەرژەوەنــدیو هەڵپــەی دەســکەوتو بەرژەوەنــدی حیزبــی، لــە ململانیٚو بینەبڕکێی ناشـەریفانەی حیزبیـدا پێـی دەگرێتـە بـەر... کـە زۆر جـاران بـۆ تصـفییەی حیسـاباتی سیاسـی لەگـەڵ لایـەنو بیرێکی سیاسیدا، بۆ سوود وەرگـرتن لـە هێـزی مـاددیو مەعنـەوی واقیعی خێڵایـەتی، نـەك تـەنیا سـازش لەگـەڵ واقیعـی خێڵایەتیـدا دەکرێـتو دەچەسـپێندریٚ، بـەڵکو هەنـدێك جـار مـردووەو نیـوە گیانەکانی زیندوو دەکرێتەوە...ئەمەش هەرچـەندە زیـانێکی گـەورە لە رەوتی شۆرشگێریو بەرەو پێش چووی سیاسی خەباتی سیاسی کوردایـەتی دەداتـن بـەلاّم وەکـو ئـەوەش وایـە هـەوڵی گیـان بـە مــردوودا بکرێتتــەوەو ســواری کەڵــەکی پــەرۆ بوونە...کــە ســەر ئەنجامەکـــەی نقـــوم بـــوونی کەڵەکەکەیـــە-کـــە واقیعەکـــە خێڵایەتیٚکەیە-و خنکاندنی دەستەو کۆمەڵە سیاسییەکەشە...

لــە حاڵــەتی دووەمــدا، چــەشمەندازی کــورت بــینو بــیری لــە دەرەوەی واقیــع خــوازراوو شۆرشــگێرانەی هــەرزە بــە دەســتەو تاقمێکی خـوێن گـەرمی کـەفوکوڵ بەسـتوو دەیکات...کـە هەنـدێك رۆمانســـیەتو باڵـــەفرەی شۆرشـــگێرانەی تێدایە...ئەمـــەش لەسـەرتاسـەری تاقیکردنەوەی هەموو جیهاندا لـە بـیرو ئەندێشـەی ئـەو کەسـانەوە پـتر هەڵدەقوڵێت کـە خۆیـان سـەر بـەو چـینانەو توێژاڵانـەی کۆمـەڵگان، کـەفوکوڵی شۆرشـگێرانەی بۆرژوازیانەیـەو پتر گرێکوێرەی دەروونی ئەو رابەرو سەرانەیە کە خۆیان سەر بەو چینانەنو لە کۆشی ئەو واقیعانەوە پـەروەردە بـوونو ئێسـتا لێـی گومڕا بوون...

دەبینی کوڕە مەلا لە هەموو کەسی تر توندترە دژی ئاین‌و بەچکە شێخەکە لە هەموو کەسی دیکە دەمارگیر ترە دژی شێخایەتی‌و کوڕە دەرەبەگ‌و بەچکە مالیکەکە سووری بەر لەشکری خەباتی توندڕەوانەی پرۆلیتاریانە!.

ئەمەش لە روی دەرونییەوە لە دوو سەرچاوەوە پەیدا دەبێت:

١- یان ئەوەتا بە حوکمی ئەوەی ئەوانە خۆیان لە ناخی ئەو بۆگەنی‌و بێدادی‌و زۆرو ستەمەوە هەڵقوڵاون‌و دەزانن‌و لەهەر کەس زیاتر شارەزاو ئاشنای قوڵی‌و بارستایی دزێوی ئەو دیاریدەو رەفتارو واقیعەن- بۆیە لێی یاخی دەبن‌و بە توندی دژی دەوەستنەوە وەك دەڵێن: لەشاپەرست تر دەبن! بەمەش دەیانەوێت هەقی رابردووش بکەنەوەو کەفارەتی خەراپەی پێش خۆشیان بدەنەوە.

٢- یان ئەوەتا لە قوڵایی نائاگاییانەوە (لاشعور)، تەماو حەزی ئەو دەسەڵاتەو (ئیمتیازات)انەیان هەیەو بەرێو شوێنی باوباپیرانیان بۆیان ناچێتە سەرو دەستگیر نابێت بۆیان- چونکە بارو هەلومەرجەکە رێیان پێ نادات بۆیە دەیانەوێت لە شوێنێکی ترەوە تێی بهێننەوەو دەسەڵات کەو "ریاسەتەکە"و حوکم‌و بەرتریەکە لە سەرچاوەیەکی دیکەوە چنگیان بکەوێت ئەویش تەنیا رێگای سواربوونی شەپۆلی جەماوەرو توندڕەوی هەرزانەی سیاسییە...

لە هەردوو حاڵەتیشدا هەڵوێستێکی زاتییەو خزمەتی بارە

بابــەتیو کۆمــەڵگایان ناگرێت...لــەم بارەیــەوە "لیــنین" لــە گۆشــەنیگای تایبــەتی خۆیــەوە لــە پــەراوی مەترســی نەخۆشــی چــەپرەوی هەرزانــە...دا زۆر ووردی کردۆتــەوەو لــە حاڵــەتی سێیەمدا، کە حاڵەتی هەرە هۆشمەندانەو واقیعییانەی ژیرانەیە، تاکــە ڕێگــەی ئیمکــانی گــۆڕینی کۆمــەڵو پێشــهێنانی بــاری پێشکەوتوو و داخوازی جەماوەر...چونکە بازدان بەسەر واقیعێکی چەسپاوی بەژنەباڵای وادا، بە تایبەتی لەبارو هەلومەرجێکی وەکو بزووتنەوەی کوردایەتی، خۆگێلکردنو توانا بەفیڕۆ دانە...ئەگەر نــەڵێین کردنــەوەی چــەند بــەرەنگاریو ململانێیــە لەیــەك کاتدا...نەگرتنە بەری ڕێگەی هۆشمەندانە تووشی گرفتی وامان دەکات، کە تێداچوونی خۆمانو لەبار بردنی بارە شۆرشگێرییەی بە دەستی خۆمان مۆر دەکەین...لە شۆرشی چیندا، کە واقیعبینی پێشەنگی بزوتنەوەکە بوو، تەنیا ژاپۆنییە داگیرکەرەکان دوژمنی ڕاستەخۆو سەرەکی بوونو گونجانو سازانو هەڵکردنو هەتا هاوکاریو هاری لەگەڵ هەموو دەستەو کۆمەڵو چینەکاندا- لەوبارەدا- بۆ لەبەین بردنی ئەو داگیرکەرەو بە ئەنجامدانی ئەرکە میللیە سەرەکییەکە، داواو هەوڵی شۆرشگێران بوو..کەچی لە کوردستاندا لەیەك کاتدا جگە لە داگیرکەرەکە یەكو دوانو سیانیش لە هێزە شۆرشگێرە هاوسەنگەرەکان دەخرێتە خانەی دوژمنایەتی سەرەکیو هەندێك جار دوژمنە بنچینەییەکە لەبیر دەچێتەوە!!!

# خەباتی هاوبەش و ناوکۆیی

لە نەزیلەی کوردیدا دەڵێن...کابرا گاڵتە گاڵت میمکەکەی خۆی وا لێکرد!!. جا بۆ ئەوەی ئێمەی کورد وەکو میمکی کابرامان لێنەیەت و لە سنووری گاڵتەو راستیو زۆڵەك و رەسەن و هەموو شتەکانی دیکە بگەین، دەبێ زۆر بە ئاشکراو روون و بێ مەودا هێشتنەوە بۆ "تێڕامان" و "لێکدانەوە" و "خیت" کردنمان ماناو ناوەرۆك و شێوەو شێوازی پێویستیو پێداویستییە ستراتیژیو تاکتیکیو دوورو نێزیکەکانی خەباتی رزگاریخوازمان دیاری بکەین و بەسەر سەرلەبەری گوزارەو چەمکەکانی گۆجو شێوێندراوەکانی رابردوودا بچینەوە. کۆتایی بەو تراژیدیاو باوەخولێیەی نێو بازنە بۆگەنەکەی داخراو بهێنن، قوڕ بدەین بەو قۆناغو رابردووەی کە کوردایەتی ببووە پاشکۆی ئەمو ئەوو فلانە ئەفەندیو فیسارە کۆمەڵەو ئەو بزووتنەوەی، یا ئەو بەرەیە. "ئۆ.کەی" و کارت بەلانسی لەسەر دانەنایە لە یانەی خەباتگێریی وەرنەگیرا...ئەوەش بارو هەلومەرجێکی بابەتیو خودی (بە تایبەتی پاش دووەم جەنگی جیهانی) هێنابوویە پێشیو تا ئەم ساڵانەی دوایش هەر برەوو فرۆختو بازاری هەبوو. کە بە

هۆیەوە جگە لە هەموو شەرمەزاریی‌و عارێك، كوردایەتی باجی زۆر قورسی لەسەر داوە!.

بە كورتی‌و كوردی‌و زۆر سادەیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد، بزوتنەوەیەكی مێژووكردی، خۆرسكی دیموكراتیكی پێشكەوتووی میللەتێكی ژێر دەستەی داگیركراوی ئیستعماركراوی ژێردەستەی پارچە پارچەیە، بۆ بەدیهێنان‌و مومارەسەی "مافی دیاریكردنی چارەنووسی خۆی"و سەربەخۆیی‌و سەربەستی‌و ئازادی میللی تێدەكۆشێ....بەستنەوەی كوردستان بە چەند كیانێكی سیاسی‌و هەوڵ‌و كاری ئەو كیانە شوفێنی‌و رەگەزپەرستانە بۆ سڕینەوەی كوردستان‌و كورد توانەوە. ناچارانە یەكانگیربوونی خەباتی رزگاریخوازانەی كوردو زەحمەتكێشان‌و هێزی دیموكراتیكی میللەتانی سەردەستەمان بەرژەوەندی هەردوولا لە بەگژداچوونەوەو هەڵتەكاندنی ئەو دەسەڵات‌و حوكمە دیكتاتۆرییە بۆرژوا بیرۆكراسییە دڕندانە، بارێكی بابەتی‌و تایبەتی خەباتی هاوبەش‌و ناوكۆیی لە نێوان كوردایەتی‌و هێزی پێشكەوتووی ئەو وولاتانە هێناوەتە پێشێ...دوژمنی هاوبەش‌و بەرژەوەندی هاوبەش‌و پێویستی یەكخستنی هەر دوو باڵی بزوتنەوەكە ئەوە دەخوازێ، كە هەوڵ‌و كۆشش‌و بەرنامەو پلانەكانی هەردوولا یەكخرێن‌و هێزەكان كۆ وەكرێن‌و ئاڕاستەی ئامانج‌و خواستە هاوبەشەكان بكرێن...تا ئێرە ئەم واقیع‌و بابەتە بەڵگەنەویستە گرنگ‌و "حیاتی" یە پێویستی بە دووان‌و چەندوچوون نییە، بەڵام بناغەو بنەماو شێوەو جۆرو ئەندازەی

ئەو هەماهەنگ‌و یەکخستن‌و یەکانگیربوونەوەیە، کە دەبێت بە دروستی‌و وەکو پێویست‌و لەسەر بنچینەی یەکسانی‌و هاوتایی‌و هاوسانیی هەردوو بزوتنەوەکەو دوور لە گیان‌و نەستی "خۆ بە کوێخا" زانین‌و "ئاغاو نۆکەرایەتی"و "براگەورەیی‌و برا گچکەیی"و "پاشکۆیایەتی‌و رەدووکەکەوتن"....بێ لە دەستدانی تایبەتمەندی‌و تایبەتکاری‌و ناسنامەی تایبەتی‌و هەریەکەیان‌و لەسەر بناغەی پتەوی رێزی بەرانبەرو چوونیەکی بێت...بە غەیرەز ئەوە بانگەشەو هەوڵی گرێدان‌و پاشکۆبەندی، یا دواخستن‌و رەدووخستن‌و هەڵپەساردن‌و چەمەلەغکردنی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوایەتی کورد بە جوڵانەوەی شۆرشگێرا\ی‌و دیموکراسی‌و سۆسیالیستی، یا سەرتاسەری ئەو وڵاتانەوە، جگە لە هەست‌و نیەت‌و ئاکارێکی شۆڤێنیست‌و خۆ بە زل زان‌و نازو فیزی سەردەستانەی میللەتی سەردەستەیە. بۆ خۆی خزمەتێکی شایان‌و بەرچاوو بەلاشی ئەو رژێمە دیکتاتۆرو فاشی‌و رەگەزپەرستانەیەو تاوکردن‌و خەساندنی کوردە بۆرژوا بیرۆکراسیی گومڕایی ئەو دەوڵەتانە....و پێچەوانەو بەرەواژی راستییەکانی ژیان‌و تەوژمی مێژوو و مەنتیقی شۆرشگێرانەشە...ئا ئەو دیاردەیە نەك هەر دەبێ لە گۆر نرێ‌و تا تەواو هیچ ئاسەوارێکی نامێنێ ریسوا کرێت. پێویستە لەسەر هەموو ئاستێ چاو بکەینەوە نەبادا بە بەرگ‌و رەنگێکی دیکەوەو لە درزو کەلێنێکی دیکەوە پێدزکێ بکاتەوە نێو چەمك‌و "مفردات" ی خەبات‌و جێی خۆی بکاتەوە....

دەشبێ ئەوە بزانین ئەم کارە هەروا بە ئاسانی پێك نایەت. لە سەرێکەوە چاوکراوەیی‌و ئاگاییەکی بوێرانەی خۆمانی دەوێ‌و لە سەرێکی دیکەوە ئەوان بە ئاسانی ئەو چەکە دانانێن‌و بە ناوی دیکەو بە بەچەترساندمان، لەوانەیە پاشەکشەمان پێ بکەن. دوور نەڕۆین زاراوەی بڕسکاو بێتام‌و بۆی "الانعزال القومی" کە توومەتێکی سوواوی ریسوای بە هەڵە بەکار بردووی کۆنە بەرانبەر هەر جۆرە داواکاری ە قەد بەرزگرتنێکی کوردایەتی دەبینرێ ئەم رۆژانە زۆر بەکاردێنرێ....بەڵام ئێمە نابێ چاوی بزی گورگئاسایی ئەو ورێنەو زاراوە زەرەوەبوانە بمانترسێنێ‌و دەبێ خۆی‌و خاوەنەکانیان بە توومەتی "رەگەزپەرستایەتی"و هەستی خۆبەزلزان‌و شۆڤێنیستیی شاردراوەو ناهۆشیارییانەیان بکێشینە دادگای مێژووەو تۆڵەی بەرودوایان لێ بکەین.

دەبێ لەمەودوا بناغەی پتەوی یەکسان‌و هاوتاو چوونیەکی خەباتی هاوبەش‌و ناوکۆیی دابرێژینەوەو ئەو (هاوبەشی‌و ناوکۆیی) یەش پتر تایبەتمەندیی تایبەت‌و ناسنامەی نەتەوایەتیمان دەوڵەمەندو بەرجەستە بکات‌و هۆکارێ بێ بۆ بەسەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازیمان. بۆ بەدیهێنان‌و موماڕەسەی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی" ئازادانەی خۆمان لەو شێوەو چوارچێوەیەی کە کورد خۆی دەیەوێ‌و هەڵی دەبژێرێت‌و بەسوودی خۆی دەزانێ. ئەوسا برامان برایی‌و کیسەمان جیایی.

# هەستی نەتەوایەتی

هەستی نەتەوایەتی هەستی خۆناسینو ئینتیمایە بۆ کۆمەڵگەو نیشتمانێ،کە لەگەڵ خەملێنو گەڵاڵەبوونی سیماو پێکهێنەرەکانی نەتەوەیەك دەڕسکێو لە هەستی نێزیکیو هاوچارەنووسیو واقیعی ماددیی ژیانی نێو ئەو کۆمەڵەوە زەنە دەکات. هەستی نەتەوایەتی هەستێکی خۆرسکی بیروباوەری نەتەوەییو هەستکردن و- بەرجەستەبوونی ئەو هەستی نەتەوایەتییە- لە لایەن تاکە تاکەو کۆمەلانی ئەو نەتەوەیەوەو رەنگدانەوەی ئەو هەستە بەرجەستەبووەیەو ژیانی تایبەتی کۆمەڵایەتیدا.

بیروباوەری نەتەوەیی تا نەبێتە باوەڕێکی گشتی جەماوەرییو لە چوارچێوەیەکی گشتیو دیاریدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی- سیاسی، کۆمەڵایەتی- بەگەڕنەخرێ، هەر لە دۆخی ساکاری سەرەتاییو عەفەویدا دەمێنێتەوەو لە پەراوێزی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە تێپەرناکاتو سیمای لە ژیانی فکری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا بەدەرناکەوێتو تینو تاوەکەشی

هەر لە پەراوێزدا خۆی دەنوێنێ. بەڵام کە بووە هێزێکی ماددیو بزۆکی لە سەر بنچینەو بنەما گشتییەکانی، ئەوسا کاریگەرێتیی پراکتیکی بەدەر دەکەوێت (تاریخ الحرکات التوریه).

کورد نەتەوەیەکی کۆنە لە مێژوودا، خێڵو هۆزەکانی- لۆلۆ، کاسی، گوتیو لیدی- کەلە بەڵگەنامەو پاشماوە بەجێماوەکانی ئاکادیو ئاشوریو بابلیاندا ناویان هاتووەو — میدی- یەکان کە گەلێکی گروپی هیندو ئەوروپایی کۆچکردوویی خۆراواو سەرووی خۆراوای بانی ئێران بوون پێکرا هەڵشێڵراونو ئەم (نەتەوەی کوردەی) ئیمرۆیان لێ کەتۆتەوە. زیاتر بە پێی بەڵگەو نوسراوەکانی دەوڵەتی سەردەمی ئیسلامیو بە تایبەتی- عەباسییەکان- دەردەکەوێ کە نەتەوەی کورد لەو سەردەمانەدا وەك نەتەوە خەملیوەو خۆی ناسییوە. لە تەك گەلانی عارەبو فارسو دواتر تورکدا ناویان هاتووە. کەم تا زۆر رۆڵی خۆیان لە رووداوەکانی ئەو سەردەمانەداو هەتا لە بینای مادیو فیکریی شارستانێتیی ئیسلامیدا دیتوەو یەك لەو نەتەوانەش بووە کە خەسڵەتو تایبەتمەندی خۆی هەر پاراستووە. هەستی خۆناسینو خۆ بە کورد زانین دەبێ لەو سەردەمانەش کۆنتر بێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە کورد وەکی گەل ونەتەوەکانی دیکەی رۆخی خۆراوای دیجلە تا ئۆقیانوسی ئەتڵەسی لە ناو بۆتەقەی عارەبایەتی یا ئیسلامەتی عارەبیدا نەتواوەتەوە، بوونەتە ئیسلامو ئاینو بڕواکەیان وەرگرتووەو تێکەڵی سەرودەری ژیانی دەوڵەتی فرە نەتەوەیی ئیسلامیش بوون، بەڵام هەر خەسڵەتو تایبەتمەندی

کوردبوونی خۆیان پاراستووه. هەندێ جار لێرەو لەوێ بە تایبەتی لە سەدەکانی دوایی تەمەنی دەوڵەتی عەبباسییانداو توندوتیژبوونی ململانێو شەرەچەپۆکی گەلانی نێو ئەو ئیمپراتۆرییەتە ئیسلامییەو بە تایبەتی لە نێوان –عارەبو تورکو فارس- دا کوردیش سنگی خۆیان هێناوەتە پێشو دەبێ بەجۆرێ لە جۆرەکانی بەشداریی هەستی نازو فیزی ئینتیمای نەتەوایەتی خۆشیان کردبێ. وەکی لە (.........الاسلام- احمد امین)دا دیارە.

بەڵام پێدەچێ لەبەر ئەوەی کورد لە ناوەندی خەلافەتەوە دووربوون، وولاتەکەیان سەختو دوورەدەست بووبێو هەر خۆیان بەسەر کاروباری خۆیاندا راگەیشتبنو وەکو فارس لە سەرەتاوە ئەوجا تورك لە سەردەمی (...........)و لەسەدەی (هەشتەمی- ز)دا تێکەڵاوی ژیانی سیاسیو کێشمە کێشی دەسەڵاتو ململانێ نەبووین، بۆیە نە بەزەقی ململانێی کوردو هیچ کام لەو نەتەوانە بەدەرکەوتووەو ئیسلامەتیەکەشیان لەوان بەراستترو بەهێزتر گرتبێ، بۆیە کە دەسەڵاتو چارەنووسی هەموو ئیسلام کەوتە بەردەستی کوردان لە سەدەی (یانزەهەمینی- ز)دا بە هۆی سەلاحەدینو بنەماڵەی ئەیوبییانەوە هەوڵی ئەوەیان نەدا چ وەکو فرس یا دواتر تورك ئەو دەسەڵاتە پاوان بکەنو خۆیان بسەپێنن. بەڵام هەر کاتێ مەسەلە هاتبێتە سەر مەسەلەی خۆناسینو خۆ بە کورد زانین، یا لەلایەن خەڵکانی دیکەوە تەنگیان پێ هەڵچنرابێ، دیارە دەمارە کوردەکەیان لە شێوەو

شێوازە خۆرسکەکەیشیدا بووبێت ئەستووربووەو خۆیان بەسەر خەڵکیدا هەڵداوەتەوە. بەڵام ئەو هەستە هەرگیز لە هەستی خۆرسوورکی ساکار تێپەڕانەدووەو نەبۆتە بیروباوەڕو بزوتنەوەیەك، یا هەتا لە دەفری فیکریشدا (کە کوردستان زۆر مەڵبەندی زانستیو رۆشنبیریی- کە ئەوسا هەر دیانەتو ئیسلامی بووە- تێیدابووە) خۆی نەنواندووە.

سەرەتا قاڵببەستنو دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی وەکو بیروباوەڕو هەستێکی بەرهەستو ماددی بە جۆرێکی دەمەتەقێ هەڵنەگرێتو هەتا نێزیك لە هەستی نەتەوایەتی سەردەم لە- دێپاچە- کەی شاعیرو فەیلەسوفی مەزنی کورد ئەحمەدی خانی لە سەدەی حەڤدەدا بەدەردەکەوێ. ئەگەرچی دەنگێکی دیکە بە قەڵافەتی خانی (١٨-١٨٩٢) ساڵو سەردەمی حاجی قادری کۆیی بە دووی- خانی- دا نەهات، بەڵام بەڵام ڕاپەڕینو بزوتنەوەی ناوەرۆك نەتەوایەتی ساکارو خۆرسکی لە ژێر تینوتاوی ڕاپەڕینو یاخیبوونو شۆرشەکانی گەلانی بن دەستی عوسمانیان بە تایبەتی گەلانی نا موسڵمانی یۆنانیو باڵکانیو هەندێ موسڵمانی دوورە دەستی عوسمانییانیش گێرمەو کێشەی روسیای قەیسەریو ئەوروپاو دەوڵەتی عوسمانیو ئەوجا زوڵمو زۆری عوسمانیانو هەستی چووز کردوویی کوردێتی شێخو میرو خانەکانی ئەمارەتە کوردییە نیمچە سەربەخۆکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی سیمای هەرە دیاریی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کورد بووە.

دەکرێ رەگو ریشاڵی هەستی نەتەوایەتیو بیری

نەتەوایەتی کورد بۆ دوو سەدە پێش لە شۆرشی فەرەنسای مەزن (یانزدەهەمینی ز) ببڕێتەوەو شۆرشی شێخ عوبەیدڵڵای نەهری لە هەموو روویەكو لە ناوەرۆكیدا، شۆرشێكی رزگاریخوازی نەتەوایەتی سەردەم حسێب بكەین. بەڵام بیری نەتەوایەتی وەكو بیروباوەرِێكی دیارو سیستەماتیكیانەی وا كە لە قەوارەیەكی رێكخستنی سیاسیدا تا سەدەی بیستەم شوێنەواری نییە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ژێر تینو تاوی شۆرشە رزگاریخوازە نەتەوایەتییەكانی (یۆنانو باڵكانداو دەمار ئەستوور بوونی هەستی نەتەوایەتی خالیسی توركچێتی لاوانی توركو تەواو دەنگدانەوەی بنەماو سەرەتاكانی- ئازادی، برایەتی، یەكسانی- شۆرشی مەزنی فەرەنساو ئەو ئاڵو گۆرەی بەسەر خودی كۆمەڵگەی جامیعەی عوسمانیو بە گشتیو نێوەندی دەسەڵاتدارێتی لە ئەستەمبوڵدا هاتو یادو یادگاریی نیمچە سەربەخۆییە لە دەست دەرهاتووەكەی خانو میرە كوردە دوور خراوەكانو نەوەكانیانو تێكەڵاویان بە ژیانی ئەستۆانەی تا رادەیەك پێشكەوتوو و تێكەڵ لەگەڵ ئەوروپاییاندا، وای كرد كە ئەنتلەگێنسیاو رۆشنبیرو ئەفسەرو میرو میرزادەو بە ئیستیلاح- منور- ین) كورد بكەونە حاڵی خۆیانو بە چاولێكەریش بێت لە عەرەبو تورك رێكخراوی سیاسی كوردیی سەربەخۆیان دروست بكەن. یەكەمین رێكخراوی كوردی (١٩٠٨- كۆمەڵەی تەعالیو تەرەقی كورد) دابمەزرێو ئامانجە نەتەوایەتییەكانی كورد بە بیروباوەرێكی نەتەوەیی كوردییەوە دەرببرِێت. لەو رۆژەوە هەرچی

رێکخـراوو کۆمەڵـەی گچـکەو گـەورەی لێـرەو لـەوێ هاتبنـە بـوون، رێکخــراوو کۆمەڵــەی نەتــەوەیی بــوون. دیــارە ئەوانــە زادەی ســەردەمو واقعــی ئــەو رۆژە بــوونو تــەواو گوزارەبەخشــی بــیری نەتەوایـەتی کـوردیی تـازە خـەملێوو سـەقامگیربوون.(ژ.كو هیـوا) دوو گەورەترینو دوا رێکخراوی نەتەوەیی بێگەردی کـوردی بـوون. بـەڵام لەبـەر زۆر هـۆی خـودیو بابـەتی بـاڵا دەسـتی کـوردو ئـەو رێکخراوانە نـەکرا ئامانجـەکانی کوردایـەتی نـە بێتـە دیو نـە بـەو ناوەرۆكو رەوتەوە بەردەوام بن.

- ســەقامگیربوونی ئــەو کیانــە سیاســیانەی کوردســتانیان بەسەردا دابەشکرابوون.

- چەسپانو ئیقراری واقعـی سیاسـی لـە ناوچـەکەدا لەلایـەن هێزە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکانەوە.

- هێزو بڕشت لەبەر بڕانی هێـزی شۆرشـگێری کـورد لـە دوای ئەو شکستە یەك لە دوای یەکانەی پاش یەکەم جـەنگی جیهـانیی تـا جـەنگی جیهـانی دووەمو دواتـریش پوکانـەوە بـۆوە، دەرفـەتی لەسەرکەوتنێکی یەکسەریدا لە ئاسۆ بڕیبوو.

- هاوکــارییو هەماهــەنگیی داگیرکــەرانی کوردســتان لــە سەرکوتکردنی هەموو بزووتنەوەیـەکی سـەر بـە کوردایـەتی. جگـە لە رێکەوتنی زمنیو فعلیان لـە پـەیمانی- سـەعد ئابـادی ١٩٣٧- دا دواتر لە - سەنتۆ-دا رەهەندێکی نێونەتەوەیی درابوویە.

نەرسکانی رێبەرایەتییەکی جەماوەریی پێشـکەوتووی ئـەوتۆ کـە واقیـع لەســەر حسـابی کـورد قـەبوڵ نـەکاتو لەسـەر ئاسـتی

لێپرسراوی‌و قۆناغەکە بێت.

ـ گەشــەو نمـای هێـزو دەوری –یـەکێتی سـۆڤیەت‌ـو هێـزە دیموکراتیکـەکانی دنیـا لەسـەر ئاسـتی سیاسـەتی نێونەتـەوەیی‌و گەرمبوونی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی خەرهەڵات‌و خۆرئاوا.

ـ ئیعتبار پەیداکردنی ماددی‌و مەعنەوی خـەباتی هاوبـەش‌و دژ بە ئیستعمارو کۆنەپەرستی، سەرکەوتن‌و بەرگـەکردنی خـەباتی بـەرەیی‌و نێوکـۆیی گـەلانی چەوساوەو چینە چەوساوەکانی نێـو کۆمــەڵ، بڵاوبوونــەوەی بیروبــاوەری دیمــوکراتی‌و پێشــکەوتوو سۆسیالیســـتخوازانەو قوڵبوونـــەوەی نـــاوەرۆکی دیموکراتیـــك‌و کۆمەڵایەتی خەباتی رزگاریخوازی‌و نەتەوایەتی گەلانی بن دەست.

ئەمانــــەو کۆمـــەڵێ هـــۆو هۆکـــاری خـــودیی کۆمەڵگـــەی کـوردەواری‌و نێـو دەروونـی کوردایـەتی‌و ناوچـەکەو سـەرتاسـەری دنیـا، واقیـع‌و بـارێکی نـوێی رەخسـاند کـە کوردایـەتی‌و بـیری نەتەوایـەتی کـوردیی نـەیتوانی خۆیـان لەگەڵـدا بگـونجێنی‌و سـەنتەرو رەوتــە بنچــینەییەکەی ئەگــەر قــوڵیش نەکاتــەوە (بەتایبەتی بـە هـۆی دوو پێشـهاتی دواییـان) نـەدۆرێنی!. دۆرانـدن بە مانا رێ گۆرکی‌و رەوتی سروشتی‌و مێژوویی لـە دەسـت نـەدات. کـە تـا ئیمـرۆش شکسـتی خـەباتی کوردایـەتی لـەو بەلارێـدا چوونەدایە. چـەمکە پێشـکەوتوو و دروسـت‌و رەواکانی‌ـ خـەباتی هاوبـــەش، دژایـــەتی ئیســـتعمارو کۆنەپەرســـتی، پێکـــەوتنی کۆمەڵایـەتی‌ـو چـەکەرەکردنی بـیری دیموکراتیـك‌و پێشـکەوتوو و سۆسیالیستخواز لە دەروونی بیری کوردایەتیدا لەباتی ئەوەی رۆڵی

کاملْکردن‌و گەشـەدانیان لـە خـەباتی رزگاریخوازانـەی کوردایەتیـدا هـەبێت، لەبـەر چەواشـەو چەواشـەکارییەکی واقیعەکـەو ئەسـڵیی هەناسەی راڕاو سازشکارانەی بیری وورده بـورژوای شـەپڵەلێدراوی کـورد کـە ببـوه دینـەمۆی بـیرو چواچـێوەی کوردایـەتی، رۆڵـی تێکـدان‌و خۆخواردنـەوەی سـێڵی سـەرەتانیان لـە بـەدەن‌و بـیری کوردایەتیدا دیت.

گــەورەترین ســیمای ئــەو دیاردەیــەش ســرِبوون‌و لــە بیرچـوونەوەی ئینتیمـای کوردسـتانێتی‌و راهـاتن‌و ملـدان بـوو بـۆ واقعێکی ئیقلیمچێتی‌و جگەر سۆزی-**ولاء**- بۆ ئەو کیانە سیاسییە ئیسـتعمارییانەی کوردسـتانیان داگیرکردبـوو. ئـەوجا خـەباتی هاوبـەش‌و نێوکـۆیی کـوردو ئـەو گەلـە سەردەسـتانەی کرابوونـە جێگێـر-بـدیل- ی خـەباتی رزگاریخوازانـەی کـوردی‌و سـەروو پێویستی‌و ئەسڵێتی کوردایەتی خرابوونەوە. تا ئیمرۆش ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی یا چینایەتی خەباتی هێـزە سیاسـییەکان‌و کۆمـەڵانی خەڵك بە تەواوی‌و وەکو واقیع دەخوازێ ئاوێتەی خەباتی سیاسی نەتەوایەتی کورد بۆ رزگاری‌و سـەربەخۆیی نـەکراوە. لـە باشـترین حاڵدا وەکو دوو هێڵی تەریب بەرێوە دەبرێن، کـە هەمیشـە لەسـەر حسابی خەباتە نەتەوایەتییەکە تەواو دەبێت. ئەم ئاوێتە کردنـە، یـا دابەشـبوون‌و سـەربەخۆیی لـە دەسـت دانـەی بـیرو خـەباتی کوردایـەتی حاڵـەتێکی دوو رەگـی زڕە نـەزۆکی لـە خـەتی گشـتی کوردایەتیدا رسکاندووە. بیرە نەتەوایەتییەکە زۆر لە جاران وەکو بەرتـەك-رد الفعـل-و لـە بنەرِەتیشـەوە لەبـەر گەشـەنەکردنی

خـــوديی‌و قه‌ڵنه‌كردنـــه‌وه‌ی ناوه‌رۆكـــه (ديموكراتيـــك‌و كرۆكـــه كۆمه‌ڵايه‌تييه‌كه‌ی) به‌و ناوه‌رۆك‌و چه‌مك‌و ناواخنه ساده‌و به‌تاڵـه سياسييه‌ی سـه‌ره‌تای ئـه‌م سـه‌ده‌يه لـه باريـدا نـه‌بووه‌و نيشـه كه ببێتـــه هێزێكـــی جـــه‌ماوه‌ريی گۆڕانكـــه‌ر. بـــڕه ديموكراتيـــك‌و پێشكه‌وتوو و كۆمه‌ڵايـه‌تی‌و سۆسياليسـتخوازه موتوربه‌كراوه‌كـه‌ش (بـه ده‌سـت رێبـه‌رانی ناكارامـه‌و ره‌ودووكـه‌وتووی هێزه‌كـانی گه‌لـه سـه‌رده‌سته‌كانيشـــه‌وه) وه‌كـــو پـــۆرك‌و قـــه‌وزه به‌ســـه‌ر روخســـاری كوردايه‌تييه‌وه بۆگه‌نيان كردوه. حاڵه‌تی ئاوێته‌بوونی ته‌فاعولێكی ئـه‌وتۆيی دروسـت نـه‌بووه، كـه ئـه‌و نـاوه‌رۆك‌و ره‌هه‌نـده فيكرييـه پێشـــكه‌وتوو و ديموكراتيكـه كۆمه‌ڵايه‌تييـه پـاڵ بـه چوارچـێوه‌و دورييه نه‌ته‌وايه‌تييه‌كه‌وه بنێ‌و بزوتنه‌وه‌يه‌كی فيكـری‌و سياسـيی نـاوه‌رۆك‌و ديموكراتيـك‌و پێشـكه‌وتووی سـه‌ربه‌خۆی كوردسـتانێتی بـۆ رێبه‌رايـه‌تيكردنی خـه‌باتی نه‌ته‌وايـه‌تيی كـورد بڕه‌خســێنێ‌و بيكاته هێزێكی ماددی‌و به‌شه‌ری خه‌باته رزگاريخوازه‌كه‌مان.

ئه‌م حاڵه‌ته‌ش هه‌ر به‌رده‌وام ده‌بێت، يا لـه بناغـه‌وه نايه‌تـه گـــۆڕين‌و راســـتبوونه‌وه هـــه‌تا هێزه‌كـــانی كوردايـــه‌تی (بـــه هـــه‌موو باڵه‌كانييه‌وه) له نامۆبوون‌و لـه ده‌ستچوون لـه چوارچـێوه‌ی بـڕو واقيعـی ئـه‌و ده‌وڵه‌تانـه رزگـار نه‌كـه‌ن‌و سـه‌ربه‌خۆيی‌و تايبـه‌تێتی مه‌سه‌له‌ی كوردو كوردستانێتی نه‌كه‌نه خاڵی ده‌رچوونيان.

مه‌ســه‌له‌ی كـورد، كێشـه‌ی تيراويـی سـه‌دان سـاڵی ميللـه‌تێكی ژێرده‌سته‌و داگيركراوی چه‌وساوه‌يه، كـه بـه‌و سياسـه‌ته ئاشـكرا – جينۆسايد-

یانەی زۆربەی داگیرکەرانی گرتوویانەتە بەر لە بەردەم مەترسیی لە نێوبردنی نەتەوایەتیو سڕینەوەی نیشتمانەکەیدایە. کوردایەتی خەباتی رزگاریخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردە بۆ بەدەستخستنی مافی چارەنووسی ئازادانەی خۆی، بە یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی کوردستانو پێکهێنانی کیانی سەربەخۆی سیاسیشەوە. ئەو خەباتو داوا رەوایەش نە دژی گەلانی تورکو عارەبو ئێرانییەو نە لە سەر حسابو دژی سوودو بەرژەوەندی ئەوانە.

کوردایەتی لە بنەڕەتەوە یەك دوژمنی سەرەکی هەیە، ئەویش شۆفێنیستی دەسەڵاتداری ئەو میللەتە سەردەستانەن. کە خۆیان لە گروپە رەگەز پەرستو رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا دەنوێنن، کە لە هەمان کاتدا چەوسێنەرانو سەرکوتکەرانی ئەو گەلانەشن.

مەسەلەی کوردو خەباتی کوردایەتی مەسەلەو خەباتێکی تایبەتیو سەربەخۆیە، تایبەتمەندیو خەسڵەتو هەڵکەوتی تایبەتیان هەیە. خەسڵەتی (چەندایەتیو چۆنایەتی) نەتەوایەتی، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، چینایەتیو فەرهەنگیی خۆی هەیە. لە بنەڕەتو جەوهەردا مەسەلەیەکی نەتەوایەتییە بۆ پارێزگریی لە بوونی نەتەوایەتیو بەدەستخستنی ئازادیی میللی، مەسەلەی یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی نیشتمانێکی داگیرکراوی پارچەپارچەکراوە، بۆ یەکگرتنەوەو سەربەخۆبوونو بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی، بە پێی هەڵکەوتو لە

چواچـێوەی شـیاو بوویـدا، تـا لـە پلـەی هــەرە باڵاكەیـدا لــە دروســـتكردنی كیـــانی ســــەربەخۆیدا، نــاوەرۆك دیموكراتیـــكو كۆمەڵایــەتی چــینایەتی مەســەلەو خەباتەكــە بــۆ پێشــكەوتنی كۆمەڵایــەتیو مــاددیو فەرهــەنگیو رۆحیــی كۆمــەڵانی خــەڵكی كوردستانەو بۆ پاكتاوكردنی چەوساندنەوەی چینایەتیو زوڵمی كۆمەڵایەتییە لە بەدیهێنانی ئامانجو داوا رەواكانی چینو توێژو تاقمــە زەحمـــەتكێشو رەنجدەرەكانیـــدا بـــە بەرقـــەراركردنی كۆمەڵگایەكی یەكسانی بە لە نێوبردنی چەوساندنەوەی مرۆڤو دەرفەتی چوون یەك خستنە بەردەم تاكە تاكەكانی كۆمەڵ.

كوردســتانی ســەربەخۆو ئــازاد بــۆ بەختــەوەریو ئاسوودەیی نەتـــەوەی كـــوردە، زۆربـــەی هـــەرە زۆری نەتـــەوەی كـــوردیش رەنجـدەرانو چـینو تـوژە چەوسـاوەو زەحمەتكێشـەكانێتی، بۆیـە زەحمەتكێشــانو رەنجـدەرانی بناغـەیو كەرەســەی خەباتەكـەنو ئامــانجیش هــەر ئــەوانو هــەوێنی مەســەلەكەش دیموكراســیو سەرەتای دیموكراسیێتییە.

دیموكراســـی بـــە هەرســـێ رەهەنـــدی ئاوێتـــە بووەكـــانی (دیموكراسی سیاسی- تاكو كۆمـەڵ-، دیموكراسی كۆمەڵایـەتیو دیموكراسـی ئـابووری) كـە كـەلكردنیو ئیلغـاكردنی هـەر كامیـان دەكاتە پوچاندنەوەی سەرەتای-دیموكراسیێتی- نە ژیانی مرۆییو نــە خــەباتی رەواو نــە بینــای یەكســانی كۆمەڵگــەو نــە هــیچ ســەرودەرێكی ژیــانی كۆمەڵایــەتی بــێ دیموكراســی راســتەقینە (بەهەرســێ دوورییــە پێكەڵپێكەكــەی سیاســی، كۆمەڵایـــەتیو

ئـابووری) پێکـدێنن‌و بەرقـەرار دەبـێ. بۆیـە دینـەمۆی مەسـەلەو خەباتەکەمان دیموکراسیی راستەقینەیە.

ئەگـەر چـی هەڵکـەوت‌و خەسـڵەتی نەتـەوەیی‌و نیشـتمانی، کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی‌و فەرهـەنگیی مەسـەلەی کوردو خـەباتی کوردایـــەتی هەڵکـــەوت‌و خەســـڵەتێکی پێکـــەڵپێك‌و ئاوێتـــەو دیالیکتییانەیـە، نــە پارچــە پارچــە دەکــرێن‌و نــە لێــك جــوێ دەکرێنـەوە (یەکەیـەکی یەکپارچـەی لـە کـەرت نـەهاتووە)، بـەڵام مەسەلەی نەتەوایـەتی‌و نیشـتمانەکەی بنکـەو بنخانی مەسـەلەو خەباتەکـەن. تـەنیا بـە چارەسـەرکردنی مەسـەلە نەتەوایـەتی‌و نیشـتمانییەکەیەتی لـە سـەربەخۆیی کوردسـتان‌و ئـازادیی کـوردا، رێــی پێکهێنــان‌و بــەدیهێنانی‌و داوا کۆمەڵایــەتی‌و چــینایەتی‌و فەرهەنگییــەکانی دەرەخســێنێ. بــەبێ چارەســەرو بــەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌و نیشـتمانییەکانی بـەدیهێنان‌و جێبـەجێکردنی ئامانج‌و داوا کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی‌و فەرهەنگییەکەی مەحاڵە.

بێ ئاگانـەبوون‌و نەسـەلماندن‌و بەڕێوەنـەبردنی ئـەم سـەرەتا زانســـتییە بەڵگەنەویســـتە یـــا تێکەڵوپێکـــەڵکردنی پێویســـتی‌و پێداویسـتییەکانی خـەبات‌و ئامـانجی کوردایـەتی، یـا جێگـۆڕکێ‌و چەواشـــەی (ئـــەوەلیات)و زنجـــیرەی واقیعیـــی‌و مـــەنتیقیی بززوتنەوەکە لە ناکامی‌و شکسـت بـەولاوە هیچی دیکـەی لێ شـین نابێتەوە. هەر بەتەنیا تێگەیشتن‌و بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسێسـەیە کەبەر لەو ناکـامیی مێـژوویی‌و خەباتەکـەمان دەگـرێ‌و کۆتـایی بـە باوەخولێی تراژیدیای نەهامەتی‌و شکستەکانمان دێنـێ‌و هێزەکـانی

کوردایەتی یەك دەخاو بەرەو ئامانجی سروشتی خۆی دەبات، لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتن‌و کارپێکردنەشدا، ئیمکانی خڕکردنەوەو یەکخستن‌و خستنەگەڕی کاری هاوبەش‌و نێوکۆیی هەموو هێزەکانی شۆڕش‌و کوردایەتی‌و کۆمەڵانی خەڵکیی لە نێو دەروونی کوردەواری‌و ڕێکخراوو هێزە سیاسییەکانیدا هەیەو پێك دێت. هەر بەتەنیاش لەم چوارچێوەیەدا ئیمکانی دیاریکردن‌و دانان‌و پێڕەوکردنی ستراتیژو تاکتیکی زانستانەو واقیعبیانەی- عملی- بۆ کوردایەتی‌و شۆڕش پەیدا دەبێت.

بیری نەتەوایەتیی کوردی کە هەڵقوڵاوو ڕەنگدانەوەی پێویستی‌و پێداویستی‌و خواست‌و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، جیهانبینی‌و بیروباوەڕو ئایدۆلۆژییەتی خەتی ڕەسەنی کوردەواری دەنوێنێ. (دیموکراسی، سەربەخۆیی، ئازادی‌و یەکسانی) چوار سەرەتاو ئەسڵەکانی چوار دیواری بینای ئەو جیهانبینی‌و بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیەتە پێکدێنێ.

(پاسۆك) کە چوارچێوەی ئەو بیروباوەڕەیە، بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیاو ڕێبازو سیاسەتی لەسەر ئەو چوار پایەیە هەڵستاوە.

- دیموکراسی، بەهەرسێ ڕەهەندە ئاوێتەبووەکانی- دیموکراسی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری- سەرەتا هەرە پیرۆزو گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتییە، بۆیە بەبیری نەتەوەیی هەم هەوێنی بزوتنەوەو خواستە ڕسکاوەکانی نێو دەروونی کۆمەڵگەی کوردەوارییەو هەم پردو چەمکی ناوکی جووتە ڕووی نەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتیەکەتی. ئەوە تەنیا دیموکراسییە وەك-

باوەڕو کـردەوەو مومارەسـەـ کەبـەهاو دووری مرۆڤانـە دەدا بـە بـوونو مانـای ژیـانو خـەباتی مرۆڤایـەتی بـە گشـتیو خـەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتی میللەتێکی ژێردەستە بە تایبەتی، هەم ڕێبازو خەباتەکە لە بەلاڕێدا بردنو لادان دەپارێزێ، هەم ئامـانجو داواکارییـەکانی ئـەو خەباتـەی لـەبن بۆشـکردنو بەتاڵـەوەبوون دەپـارێزێ. هـیچ کـارێکی مرۆیـیو جوڵانەوەیـەکی سیاسـیـ کۆمەڵایـەتیی ئابروومەندانـەی مـرۆڤ لـە ئاسـتی پێویسـتییەکانی سەردەمدا بێ هەوێنی دیموکراسی پێك نایـەتو پێکیش بێت لـە زیان (زیانی ماددیو مەعنەویو رۆحیی) زیـاتر لێ شـین نابێتـەوەو بەردەوامیش نابێت.

رۆڵی مرۆڤ،رۆڵەفیکرییەکەی، کە رۆڵەـ زاتـیـ یەکـەی مرۆیـە، لـە پێکهێنـانی دیموکراسـیدا لـە رۆڵو هەلومەرجـە مادییەکـەی مەرجی پێکهێنانی کـەمتر نییـە، بـەڵکو ئـەویان رێـی بەرقـەراریو بەرگـەگرتنی ئـەمیان سـاز دەکـات. بـام ئـەمیش بـە دەوری خـۆی ئاسـۆی ئـەویان فـراوانتر بکـاتو ئیـدی پێکـەڵپێك کاربکەنـە سەریەکەی، بەڵام بەوەدا کەـ مرۆڤ تاکە عامیلی ئیجابیی گۆڕانو گەشـەی ژیـانی کۆمەڵایەتییـە لەسـەر گۆی زەویـ رۆڵەکـەی هـەر رۆڵـی سـەروەرو یەکەمینایـەتی دەبێـتو لێپرسراویەکەشـی لـە ئەسـتۆی ئەودا.لەمـەوە لێپرسـراویو ئـەرکی سـەرەکیو بنجیـی مرۆڤەکـە لـە بـاوەڕو کـردارو هەڵسوکەوتی لـە ژیـانی کەسـیو نێـو خێـزانو نێـو کۆمـەڵو سیاسـیدا ئـەركو مەسـئولیەتێکی کۆمەڵایـەتیو ئەخلاقییـە، بـۆـ نەتـەوەییـ یـەکانی کـورد ئـەو

ئـەرك‌و لێپرسـراوییە دەبێتـە ئـەرك‌و لێپرسـراوی نەتـەوەیی- سیاسـی‌و ئـەخلاقییان‌و دەبـێ لـە هـەموو بـوارێکی بـاوەڕو چالاکییانەدا رەنگی پـێ بدەنـەوە. ئـەوە تـەنیا بنخـان‌و زەمینـەی دیموکراسـییەتە، کـە ئیمکـانی پێکهێنـانی سـەربەخۆیی‌و ئـازادی‌و یەکسـانی راسـتەقینەی لەسـەر هەڵدەسـتێ‌و بـیری نەتەوایـەتی کـوردی لـە بنکـەکانی- دواکـەوتن‌و کۆنەپەرسـتی‌و فاشـیەت- دەپـارێزێ‌و رێـی ئـەوەی بـۆ خـۆش دەکات، کـە چـەند لـە قۆنـاغی رزگاری‌و سەربەخۆییدا کاریگەرو بنچینەییە لـە قۆناغەکـەی پـاش رزگاریـدا لـە بینـای کۆمەڵایەتیشـدا خـۆی سـەروەرو پێشـەنگی خواسـتە سروشـتی‌و رەواکـانی کۆمـەڵانی خـەڵك‌و کۆمەڵگـە بێت. ئەمـە ئـەو وانـەو راهێنانەیـە کە"پاسـۆك" لـە سـەرجەمی بـیرو بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانی، لـە دوای قۆنـاغی رزگـاری‌و لـە بینـای کۆمەڵایـــەتی رۆچـــوەکاندا دۆزیوەتەوە.لـــە بیروبـــاوەڕو ئایدۆلۆژیەکەیدا رەهەندێکی مرۆیی‌و بەردەوامیی بایی ئەوەنـدەی لەگەڵ تێهەڵکێشـانی ژیـان‌و پـێ‌و بـەپێی قۆناغـە جوێ جوێکـانی، نەتەوەییـەکانی کـورد بتـوانن لەگـەڵ ژیـان‌و کۆمـەڵ‌و جوڵانـەوەی مێـژوودا هـەنگاو هـەڵگرن‌و هاوشـان بـڕۆن. جگـە لـەوە دەبـێ چاوەڕوانی دانە دواوەو بەسەرچوون‌و لەکارکەوتن بن.

# بڕیاری هەرەس و
# مەسئولییەتی ڕێبەرایەتی شۆڕش

بــە زۆر شــێوەو جــۆری لایــەنگرانی کوێرانــەو ناحەزانــەی کۆنەقینانە لە بڕیاری هـەرەس پێهێنـانی شـۆڕش باسـکراوە. بـەڵام هەرگیز بابەتانەو واقیعانە چیرۆکەکە وەکو هەیە نەگێردراوەتەوە، بۆیــە هــەر ئــەوە ســاڵانێکی زۆر سەرچــاوەی گــومراکردنی خەباتکـەران و جـەماوەری گەلەکـەمان بـووە. هـۆ یا بەهانەیـەکی حـەڵاڵ کـردن و ڕەوایـەتی پێـدانی پێکداکـەوتن و شـەڕی براکـوژی بـووە، شـێواندنی مێـژوو و واقیـع و بـەرگرتن لـە خەرمانـەی ئـەو تاقیکردنەوەش بووە. دەستی چەور سوین بە ڕێبەرایەتی شۆڕش و بـارکردنی هـەموو گونـاح و ناتـەواوی و (سـلبیات) یـك لـە ئەسـتۆی ســەرۆك بــارزانی یــا جورئــەت نــەکردنی بــەخۆدا چــوونەوەو دەرخســـتنی راســـتییەکان ســـیمای هـــەرە گرنگـــی و خـــەباتی ئایــدۆلۆجیی قۆنــاغی پــاش هــەرەس بــووە، کەبــە قــازانجی

داگیرکەرەکە (بەوەی سوود لەو تاقیکردنەوەیە وەرنەگیراوە بۆ بینای پەیوەندیی هێزە سیاسییەکانو خەتو ڕێبازو سیاسەتی بزوتنەوەی کوردایەتی)و زیانی کوردایەتی (بەوەی هۆو بەهانەیەکی پێکداکەوتنو بەربەستی یەکێتی ریزەکانی کوردایەتی بووە) تەواو بووە.

ئەسڵی چیرۆکەکە ئەوەبوو کە ڕێکەوتنی ٦ی ئازاری ئەلجەزائیر لە نێوان حکومەتی بەعسو شای ئێرانداو بەوجۆرەش کە عێراق بۆ ئێران هاتبۆوە سەر چۆك بەوەی کە داواکارییە دێرینەکانی ئێران لە هاوبەشی (........) ە چەند جومگەیەکی سەر سنوور کە کێشەیەکی دێرینەی نێوان عێراقو ئێران بووەو ماکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێك لەمەوبەر. هەتا لەو سەردەمانەشدا کە عێراقو ئێران لە یەك ئۆردوگاو یەك فەلەکیشدا بوونو ئەندامی پەیمانی سەعد ئابادی ١٩٣٧و پەیمانی سەنتۆی ١٩٥٤یش بوونو هیچ حکومەتێکی عێراقی ئەو داواکاریو داخوازیانەی ئێرانی نەسەلماندووە وەکی (سەدام حوسەین) بە دە پەنجە بۆ شای ئێرانی مۆرکرد. کە ئەمە گەورەترین سەرکەوتنی ئێرانو هاتنەدی خەونێکی مێژووی بووە. ئەو ڕێکەوتنەی بۆ ڕێبەرایەتی شۆرش چاوەڕواننەکراوو لە حیسابدا نەبووە بوو. دەبێ ڕێبەرایەتی شۆرش لە کۆنەوە ئەگەری ڕێکەوتنی عێراقو ئێران، یاپشت بەردانی ئێران بەرچاوگرتبێو دەرکی بە ناسکیو مەترسیی پەیوەندیو دۆستایەتیو هاوکاریی نا سروشتیو تاکتیکی ئێران بۆ شۆرشی کوردستان کردبێتو هەمیشە دڵەڕاوکێی

بووبێت: بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی بۆ خۆی لەرێی سۆڤیەتەوە هەوڵی دا کە لەگەڵ بەعسیاندا رێکەوێت‌و رێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی بێ پرس‌و ڕاو ڕاوێژی ئێران کردو ئەو رێکەوتنە لە رێکەوتنامەکەی ئەلجەزائیری ١٩٧٥ چاوەڕوانەکراوترو لەناکاوتر بوو بۆ ئێران‌و شا ئێرانییەکانی زۆر تووڕە کردبوو. بەڵگەی بێ دەمەتەقەی متمانە نەبوونی سەرۆك بارزانی بە شاو ئێرانییەکان لە بەڵگەنامەکانی (پایك)دا دەخوێنینەوە، کە پاش هەرەس گۆڤاری (The Village Voice) بڵاوی کردنەوە. کەباس لە سەرودەری پەیوەندی شۆرشی کوردستان‌و ئەمەریکا دەکات. لە یەکێ لەو دانیشتنانەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ (کیسینجەر) ە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو ئەندازیاری سیاسەتی ئەمەریکیی ئەو سەردەمە ڕەپوراست بارزانی پەردە لەسەر گومان‌و متمانەنەکردنی بە (شا) ی ئێران هەڵماڵیوەو بە کیسینجەر دەڵێ: من متمانەم بە شای ئێران نییە، ئێمە چۆن دڵنیابین کە (شا) لێمان هەڵناگەرێتەوەو لە پشتەوە خەنجەرمان لێ نادات؟ کیسینجەر پێی دەڵێ شەرەفی ئەمەریکا (............) تان بێت. بۆیە سەرۆك بارزانی لە ١٩-٣-١٩٧٥ لە دوا بروسکەی هانابردنە بەر ئەمەریکا بۆ بەرگرتن بە کارەساتێکی لە پێشە ئەو قسەیە دەداتەوە بە رووی کیسینجەرداو دەڵێ: کوا شەرەفی ئەمەریکا کە (............) بوو؟!. دیارە هیچ (..........) ێ لە سیاسەتدا بەگشتی‌و لە پەیوەندیی‌و رێکەوتنی سیاسیتدا نییە، جگە لە توانای خۆت‌و بارێکی کە بەرانبەرەکەت ناچار بکات ئیلتیزام بەو

ڕێکەوتنەوە بکات. بەڵام ئەو ڕۆژە بارزانی پیادەو ئەمەریکا سوارو شۆڕشی کوردستان بۆ خۆ تەیارکردن بۆ ڕۆژێکی بەعسیان شەڕ دەگلێننەوە کوردستان بە (.........)و بیّ (........)و مەمان پێویستی بە ڕێکەوتنیو هاوکارییەکی ئەوتۆیی هەبوو (دیارە قسەمان لەسەر ڕاستیو ناڕاستیو پێویستیو ناپێویستی ئەسڵی ئەو هاوکاریو ڕێکەوتنە نییە، تەنێ بۆ دەرخستنی ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی شۆڕش بە پێی پەتی نەکەوتۆتە پەیوەندیو هاوکاریی نێوان شۆڕشو ئێرانەوە. وەك واقعێکی ناچاریی بەملیدا کەوتبوو و لە هەموو ڕەهەندەکانیشی بە ئاگابووە، بەڵام چی کردووە چ تەکبیرو ئیحتیاتێکی بۆ بەرگرتن (..........-ێکی زاتی) بە کارەساتێکی لەشوسایدا دەستی لەسەر دڵ بووە کردووە یا نەکردووە. باسێکی دیکەیەو کەلێنی ئەوڵو ئاخری ئەو ڕێبەرایەتییە مێژووییە بووە).

ئەسڵی مەقسەد لەو هاتنە سەرچۆکەی عێراق تێشکاندنی شۆڕشی کورد بووە. ئەمەش بۆی هاتە دی، بە جۆرێکی واش کە نە(شا)و نە (سەدام)و نە دۆستو نە دوژمنو نە هیچ کەسیّ ڕامانی بۆی هەبێت.

خوێندنەوەی تێگەیشتنو بیروڕاو قەناعەتی سەرۆك بارزانی ڕەحمەتی کلیلی کردنەوەو تێگەیشتنی- نەك سەلماندن، یا بەڕاست یا بە هەڵەی بڕیارەکە- ئەو مەتەڵەی هەرەس پێهێنانی شۆڕشو بڕیارە کوتوپڕیەکەی سەرۆك بارزانی دەداتە دەستەوە، کەبە کورتییەکەی ئەوە بووە:

"بارزانی پێی وابووه کە سۆڤیەتو بەرەی سۆسیالستخواز دۆستو هاوکاری بەعسن، ئەمەریکاو خۆرئاو دۆستانیشیان شای ئێران بۆ ئەو ناگۆڕنەوەو لە ڕێی ئەو ڕێکەوتنەوە ڕەزامەندیی خۆیان لە دیزە بەدەرخۆنەی مەسەلەی کوردو بە قوربانیکردنی کورد بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئێرانی دۆستیان دەبێتە سەرباربوونەوەیان بۆ بەعس- وەکی دواتر هەر لەو بەڵگەنامانەی (پایك)دا لە سەردەمی کیسینجەرەوە بەدەرکەوت کە ئەوان ئەوەندە یارمەتی کوردان دەدەن تا ئامانجی ئێرانی دۆستیان پێك دێت- بۆیە شۆرشی کوردستان بەو حاڵو بارەیەوە ناتوانێ لەبەر ڕژێمێکدا خۆی بگرێت کە کوڕە تاقانەی سۆڤیەتو بەرەی خۆرهەڵاتی بێو لای بەرەی خۆرئاواو ئەمەریکاش (لە ڕێی دۆستایەتییان لەگەڵ ئێراندا) پەسەند بن. بەدەستو پێی سپیو بێ پشتو پشتیوان، ئاوا گەمارۆ دراو وەتاق کەوتووەوە خۆی لەبەر ڕژێمێکدا ناگرێت کە ساڵانەی نەوتی بیستو دوو ملیارد دۆلار بێو خاوەنی یەك لە بەهێزترینو مۆدێرینترین سوپای مەشق دادراوی پڕ چەك بە تازەترینو پێشکەوتووترین چەكو زەڕاتخانە... ئەوجاش ئەگەر پیلانەکەی بە ناوی (ئەکسیۆنی تایگەر- عملیە دجلە)ی ساڵی ١٩٦٣ ی نێوان سێ دەوڵەتی ئێرانو تورکیاو عێراق دووبارە نەبێتەوە. کە تەنیا چاوسوورکردنەوەو بەدەنگهاتنی یەکێتی سۆڤیەت بوو لەو سەردەمەدا ئەگینا کوردو شۆرشەکەیان لە خوارووی کوردستان لە قاڵب دابوو ... بارزانی ئەو شەڕەی بە شەڕی خۆترێنو پێشەکی دۆراوو خۆتێچوان دانابوو،

بۆیه پێی وابوو هەر ئەبێ ئەو ڕۆژە ڕۆژی (............)و زیان له نیوه گێڕانەوه بوو. بەوەی كه هێزی بەشەریی كورد لەتیاچوونو لەناوچوونی بێ چەندوچوون "محقق" ڕزگار بكات. ئەو هێزه مرۆییەی ئەگەر بەو جۆره له بەین بچێ جارێكی دیكه چەندیش فرسەتو هەلی تر لەداهاتوودا بێته پێش ڕێی ڕاستبوونەوەی كورد نامێنێو هەر وەكو میللەتێ له بەین دەچێ....وەك كشانەوەو هەڵاتنی ناچاریو كاتیو تەكتیكی له شەڕێكی دۆڕاوی له بەینچوون، بۆ خۆ دانوساندنو مانەوه بۆ تێهەڵچوونەوەو دەرفەتێكی دیكه، (كەئەمه هەر له كۆنەوەو لەساڵانی چلەوه له كشانەوەیان بۆ دیوی ئێران له شۆرشی به ئاكام نەگەیشتوو و شكستخواردووی ١٩٤٥ داو پاشان كشانەوەیان لەپاش هەرەسی كۆماری كوردستان له مەهاباد سیاسەتو تەكتیكی سەرۆك بارزانی بووه، پارێزگاریی هێزی مرۆییو خۆلادان له شەڕی دۆراوو خۆترێنو مانو نەمان....). ئەوجا پێشی وابوو لەوانەیه شۆرشی كوردستان ساڵێ، دوو ساڵیش بتوانێ خۆی ڕابگرێ پێش ئەوەی له سەنگەردا سەرنەگرێ ببێ. كه ئەمه بۆ خۆی خزمەتی به مسۆگەركردنی هاتنەدی ئامانجەكانی ئێرانو مەوو بەموو جێبەجێكردنی ڕێكەوتنی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ ی ئەلجەزائیر دەكردو عێراقی ناچار دەكرد بیر له پاشگەزبوونەوه نەكات لەو ڕێكەوتنەو، ئەو ڕێكەوتنەی عێراقو ئێران به تەواوی دەچەسپێو سەقامگیر دەبێ. لەبەر ئەوه عێراق ناتوانێ فسكه بكات له ترسی ئەوەی كه ئێران بابداتەوه سەر هاوكاریو كۆمەك به شۆرشی كوردستان. به

کورتییەکەی بارزانی پێی وابوو لەوەودوا بەردەوامی شۆرش جگە لەوەی کە هیچی لێ شین نابێتەوە بۆ خۆی دەبێتە کارتو (..........)ێکی دەستی ئێران بۆ سەپاندنی مەرجەکانیو بەدیهێنانو سەقامگیربوونی دەستکەوتەکانی لەو ڕێکەوتنەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر. بۆیە پێی وابوو ئەگەر شۆرشی کوردستان وەکو چقڵی لاقەبرغەی عێراق نەمێنێ ئەوسا زەمینەی ئەو پێکهاتنە قرچۆك دەبێو عێراق چیدی خۆی بەناچار نابینێ بە جددیو راستی لەسەری بڕوات، ئەسڵەن پاساوی ڕێکەوتنەکە نامێنێو عێراق کارێ دەکا. لە شوێنو کاتێکدا کیسینجەر کە دەڵێ: بۆ ئەوەی شۆرشی کورد بیتوانیایە بەرانبەر حکومەتی عێراق خۆی بە پێوە بگرێ، پێویست بوو ٣٠٠ ملیۆن دۆلارو هەندێ چەکی قورسو پێشکەوتووی وەکو هۆكو تانكو شتبنگەرو ئەمانەیان بدەینێو دوو تیپ سەربازی ئێرانیش بە کارایی لەو جەنگەدا بوونایە، کە ئەمە خەرجییەکی گرانەو نەدەکرا، بۆیە پشتمان بەردان.

ئەوانە هۆیەك بوون بۆ ئەوەی ئەمەریکا ئەگەر هانی (شا)ش نەدا بۆ ڕێکەوتنێکی ئەوتۆیی وەکو ڕێکەوتنی ئەلجەزائیر خۆ بەهانەببون بۆ شان شلکردن بۆیو بەدەنگ نەهاتنیان ئەوجا شایەتیەکیشە بۆ ئەوەی کە بۆ بەرەنگار بوونەوەی حکومەتی عێراقو خۆ لەسەرپێ ڕاگرتن پێویستە بەو هەموو شتانەی سەرێ سەرباری ئەوەش کەبووە دەبوو....دیارە کە ئەو شتانە نەبێت بەرەنگاربوونەوەو لەسەرپێ ڕاوەستانیش مومکین نییە، یاهیچی

لێ شین نابێتەوە لە ناوچەی تێبردن بەولاوە. یەك نموونەی زیندووی رۆژانی تەمەنی شۆرش ئەوەیە کەلە ناوچەی (سەیدصادق)و شارەزوورو سێ گەورەترین هێزی لەشکری شۆرشگێرپی کوردستان بەرپرسیار بوون (هێزی خەبات، هێزی زمناکۆ، هێزی ئەزمەڕ) کە حکومەت بەهێزی دیاریکراویشەوە پەلاماری سەیدصادقو شانەدەریو ناوچەکەی دا بەهەرسێ هێزەکە کە نەیانتوانی پێشی پێبگرنو دەتوانین بڵێین بەئاسانیەکی ئاسان ناوچەکانی گرتەوەو قوربانیەکی چاوەڕواننەکراویش لەلایەن پێشمەرگەوە درا. لەوانە بەدەستی خۆ خۆکوشتنی شێخ محەمەد سەید عەلی ئامر هێزی ئەزمەڕو تەرمەکەشی کەوتە دەستی دوژمن... ئەوجا ئێرە جێی ناتەباییو ناهاوکارییو ململانێو هەتا پاشقولگرتنی نێوان سەرانی ئەو هێزانەش بوەستێ کە خۆرکەی نێو ریزەکانی شۆرش بوو. وەك ئەوەی کە "هاوبیر ملازم کەریم ئەوی گێڕایەوە، کەئەوو چەند سەرلقو فەرماندەی بەتالیۆنێکی هێزی زمناکۆ ویستویانە(دژە هێرش) ێ بۆ سەیدصادق بکەن بەر لەوەی هێزەکانی دوژمن خۆیان دابکوتن، فەرماندەی هێزی زمناکۆ بێ پێچانەوە پێی ووتبون یەکێکتان جوڵە بکات زیندانی دەکەم. بابزانین مارشاڵ فەتاح چ دەکات. مەبەستی شەهید فەتاحی رەحمەتی بووە. ئەو فەرماندەی هێزی خەبات بوو. کە رکەبەرایەتیو ململانێی لە کۆنەوە لەگەڵ عەبدولوەهاب شەتروشیدا بووە". ئەوە وەك نموونەیەکی سادە کە دەلالەتی پیاو لەمەشەوە ئەوە بفامێتەوە

کە کەڵەکەبوونی ناکۆکیو ناتەبایيو ململانێو هەرچی نەرێتی ناو دەروونی ئەو سێزدە ساڵەی شۆرش بووەو بەو حاڵ بارەوە لێی چاوەڕوان دەکرا ببێتە کەرەسەی بەرەنگار بوونەوەی رژێمو لەسەرپێ خۆگرتنو ئەوجا سەرکەوتنیش (چونکە ئاو لە دنگدا کوتانە). کەبارزانی هەموو ئەوانە بێتو کەرەسەی خۆی بناسێو بزانێ. وەك رابەرو لێپرسراوێ دەبێ حیسابی واقعیی، نەك خەیاڵو ئەندێشە بکاتو لەبەر رۆشناییاندا بڕیار بدات. بۆیە کە هەندێکیان پێیان ووتبوو شەڕی (پارتیزانی) دەکەین. ووتبووی: بەکام حاڵتانەوە! بۆ دڵی کەستان بە خۆتانەوە هێشتووە. ئەو میللەتەتان وا بێزار کردووە، کە قودیلکەیە ئاوتان بە خوایشت ناداتێ!.

٣- گوایە"ئێرانییەکان لەوانە دەربارو لێپرسراوی ساواکو زۆرێ لە لێپرسراوانی ئێرانی پێیان ووتبون: ئێمە وەکو جاران بە ئاشکرا ناتوانین یارمەتییتان بدەین، بەڵام خۆ سنوور بست بە بست ناگیرێو کونو کەلەبەر هەر دەمێنێتەوە!!.. ئەوجا داوایان کردبوو کە تا ماوەی ڕێکەوتنەکە چییان دەوێ لە هەر شتێ خۆراكو پۆشاكو دەرمانو پێویستیی دەتوانن بیبەنە ئەو دیوو زەخیرەی کەنو بەراستیش دەرکی خەزنەیان خستبۆ سەر پشت!...

**ئەمە چ دەلالەتێکی هەیە؟!.**

ئەگەر ئێرانییەکان رێك وەك بیرکردنەوەو بۆچوونی سەرۆك بارزانی لە دڵەوە نەیانخواستایەو ئەوەیان بەرچاو نەگرتایە کە

لەمــەودا شۆرشــی کـورد وەکـو کـارتێکی فشـار هێنـەرو پارێزگـاریی جێبـەجێکردنی رێکەوتنەکـە بـەکاربهێنن. بـەجۆرێ لـە جۆرەکـانی شـۆرش بـە مـەمرەو مـەژی بهێڵنـەوە، تـا یـەك دووسـاڵێ تاتـەواو سـەرەنگری دەبـێ. بـۆ دەبـێ وا رەحمیـان تلیسـابێتەوە؟!!. هـەر ئەوەش بوو کە سـەرۆك (بـارزانی) لـە سـەرەتاوە بـە رواڵـەت رووی ئەوەی پیشانداو شانۆی ئەوی گێڕا گوایە لەسەر شۆرش بـەردەوام دەبـن. بـە زۆر هـەنگاویش نـرا کـە هـەر بـۆنی ئـەوەی لێهـات، بـۆ ئـەوەی زۆرتـرین کەسـێکی دەیـەویٚو پێویسـتە بچـنە ئێرانـەوە (چـونکە ئـەو نەیدەویسـت هـەمووی وەك رانـە مـەڕ بچـنەوە بەردەستی عێراق) بگەنە ئێرانو ئەوسا بـوونی بەشـی هـەر زۆری خەڵکەکـە- وەك ئـەمری واقیـع لـە ئێـران جـێگیربن.. ئەوسـا بڕیارەکـە (بـەرای ئێمـە لـە یەکـەم رۆژی رێکەوتنەکـەوە لەگـەڵ خۆیدا بووە) کتوپڕ بدات، بۆیە تا ١٧- ئازاری ١٩٧٥ یش بڕیـار هـەر بەرگریکردن بوو. بڕیاری هەرەسو کۆتاییهێنان بـە شـۆرش لـە ١٩-٣- ١٩٧٥درا.

وەك کارتێکی زیادە ئەوسا رێی بە (مەکتەبی سیاسی) پارتی دیموکراتی کوردستان دا. کە بروسکە بەناوبانگەکە بۆ حکومەت لێ بدەنو پێشنیاری گفتوگۆو پێکهاتن- حەتمەن بـە مەرجـەکانی بـە عـس خـۆی- بکـەن. دیاریشـە ئەگـەر ئـەوە سـەری بگرتایـە بـێ سەرۆك بارزانیو دەوروبەرو لەسەر حسێبکراوەکان دەبوو. ئەوسـا بـە ئاسـانترو ئابڕومەندانـەترو زیـان لـە نیـوەی نیـوەی نیـوەی گێڕاوەتـر لـە دیـدی ئێـران بـە دەسـتی کاربەدەسـتانی (پـارتی)

کارەساتەکە لەسەرخۆتر دەبۆوە. بەڵام بەعس نەیکرد.

بڕیاری هەرەس پێهێنانی شۆرش بووبێ یا هەڵەو بەهەر (حساب الفرح) یان ە هەر چۆنێکی لێك بدرێتەوەو کتێبی خەیاڵ ە سەر سکی تێرو پشووی (............) انەی بۆ بکرێت و هەرچۆنێ بکرێت و هەرچۆنێ دەرچێ لەبەر ئەوە نەبوو:

(بارزانی)- لەهەموو ئەو شتانەی دەیڵێین خوانەخواستەو پەرژینێکی قایم بێت

-نا دڵسۆزو بەکرێگیراو بووبێت. بەقسەو ویستی شا یا ئەمەریکای کردبێ.

- شایستەو لێنەهاتوو و لێنەوەشاوە بوو بێت.

- لەبەر پارەو زێڕو موڵك و ماڵەکەی خۆی، یا ژیانی خۆی و کوڕو کەس و کارەکەی نەیکردبێ.

- یا هەر هۆیەکی دیکەی زیهنی بەلای نالایەقی و بێ عوزریدا بەرێت.

**تێبینی:**

- بەداخەوە ئەم نوسینە کە دەکرێت بە پانتایی و قولایی بایەخ و ماناو پایەی شۆرشی ئەیلوول تا ئێستا دانسقە بێت لە رووی هەڵسەنگاندن و بابەتییانە چوون بۆ مەسەلەکەی لێرەدا کۆتایی پێهاتووە. هەڵبەتە دەردی نەخۆشی و ئەو بارودۆخە

نائارامەی دوایی تەمەنی کاك ئازاد دەرەتانی ئەوەیان نەهێشتووە بە تێروتەسەلی ئەم پرسە گرنگەو ئەم قۆناغە هەرە دیارو گەش‌و ناسکەی مێژووی نەتەوەکەمان‌و رێبەرایەتییەکەی بە کامی دڵی خۆی تەواو بکات‌و کۆمەکێکی دروستی ئێمەو هەموو ئەوانە بکات کە دەیانەوێ سەرەداوێ لەو پرسە ئاڵۆزو شێوێندراوە، بدۆزێتەوە تا بیکاتە دەروازەیەکی دروست بۆ چوونە نێو ووردەکاریی‌و لایەنە شاراوەکانی دیکەی شۆرشی ئەیلوول‌و کارەساتی هەرەسی ١٩٧٥.

ئێمە وەك پرۆژەیەك بڕیاری کۆکردنەوەو لەچاپدانی هەموو بەرهەم‌و نووسینە بڵاونەکراوەکانی هاوبیری نەمرمان کاك ئازادمان راگەیاندووە. دڵنیاشین ئەم بابەتە بەو شێوەیەی دەیبینن، دیسانەوە ئامانجی ووردی خۆی پێکاوەو لە دووتوێیدا کۆمەڵێ بیروبۆچوونی گرنگ‌و نوێ هەن، کەئەوە هەڵدەگرن زیاتر لەسەریان گفتوگۆ بکرێت.

ئاشکراشە ئەو شۆرشە مەزنە هەتا ئێستاش مافی خۆی نەدراوەتێ، ئەم نووسینی بەشی سێیەم لە کتێبی (بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد) لەلایەن کاك مسعودە بارزانیەوە. دیارە بەم بەرهەمەش هێشتا گەلێ لایەنی ئەو شۆرشە بەنادیاری هەر ماوەتەوە.

- بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراون، بەشێوەیەك وەك وەلامدانەوەی بیروڕای نووسەرەکانیان بێت.

- کتێبەکەی دکتۆر مەحمود

- ئەوەی یەکێتی

- ئەوەی قیادە موقەتە

- کاژیکنامەو نكسە الثورة الكردية

- ژمارەکـانی هەڵوێسـت ـــ رای سـەباحی غالـب/ ووردە بیرەوەرییەکانی د.شەفیق قەزاز

- نامیلکەکەی جرجیس فتح الله

وە هەروەها کاك ئازادی رەحمەتی لە پەراوێزێکدا دەنووسێ: ئاماژە بکە بۆ ئەم سەرنجانە:

ئاماژە بکە بۆ شایەتییەکەی کیسینجەر کە دەڵێ "شۆرشی کورد بۆ ئەوەی لە بەرانبەر بەعسدا بە پێوە بوەستایە پێویستی بە:

١- ٣٠٠ ملیۆن دۆلار

٢- دوو فیرقـە عەسـکەری ئـالی ئێرانـی کـە بـە فعلی لەشەڕەکەدابن.

٣- هەندێ چەکی پێشکەوتوو بدەن وەك (هۆك)ی فرۆکەو تانكو ستینگەر.

کە ئەمەش مەسرەفێکی قورس بوو!! دیارە ئەمە بەڵگەیە بۆ ئیمکانییەتو خۆڕاگرتنی شۆرش بەرانبەر بەعس پاش رێکەوتنی ئەلجەزائیر.

# نامەیەکی شەهید ئازاد مستەفا
# بۆ هاوبیرەکانی

**هاوڕێیانی هێژا**

هیچ شادیو سەروەرییەك بۆ من باڵاتر نییە کە تا بارگەو بنەم لەم دنیایەدا دەپێچمەوە لەگەڵ ئێوەو هاوڕێیانمدا پێشمەرگەی ئەم کاروانەو خەباتی نەتەوایەتی رزگاریخوازیانەی نەتەوەکەم بم، جگە پۆپەی شادیشم ئەو کاتانەی توانیبێتم، بەوەی لەدەستم دێتو لە توانامدایە، ئەرکی نەتەوایەتیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی خۆم ئەنجام دابێو ئەم تروسکاییەی بیری نەتەوایەتی لە تریسکانەوەو گەشانەوەدا ببینم، چونکە چارەنووسو پاشەڕۆژی نەتەوەکەم لە بیروباوەڕو حیزبەکەمانو ئێوەدا دەبینم.

ئێوە پیاوی پاشەڕۆژی میللەتەکەمانن، ئێوە شۆڕشگێڕی نەتەوەیین، دەبێ لە تیۆرو پراکتیکدا لە ئەمرۆو سبەیو داهاتووشدا خزمەتگوزارو داهێنەر بن، ئەرکی ئێوەو حیزبەکەتان گەلێك گرانەو، شەرەفێکە گەر شایستەی بنو بتوانن تا سەر پارێزگاری بکەن، لە تەواو ئەنجامدانی ئەو ئەرکەتان، پێتان دەبڕێ بەرانبەر ئەو ئەرکەو بایی ئەوەیە هەموو شتێکی پێ بدەن.

# وەسیەتی شەهید بۆ هاوسەرەکەی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

لالەخانی بەڕێز...

سڵاوی خۆشەویستیو ئەمەکداریم لێ قبووڵ بکە، پێت وانەبێت تازە بەتازە قەدرو حورمەتت دەزانمو تازە "پاش قەبرەکەی ئەلی گێزو گوڵینگ" من هەمیشە لە ناخەوە هەستی رێزو قەدرزانیم بەرانبەر ئەو هەموو قوربانیو خۆبەخشیو چاکەیەی تۆ هەبووە. پێم وابووەو جاربارێ لای هەندێ هاوەڵی زۆر دڵسۆزو خۆیی ئەو هەستەم دەربڕیوە، کە ئەگەر من پیاوەتیو چاکەو باشییەکم هەبێت پشکی هەرە زۆرو هونەرییەکەی هی تۆیە، چونکە ئەوە تۆ بوویت وەكو هاوسەرێ ـ بێ ئەوەی سەرت لەم سیاسەتو کوردایەتییە دەربچێت ـ قانیعو بێدەنگو رازی بە بەختو بەشی کەمت رێی ئەوەت بۆ خۆش کردووم کە بە تەواوی خۆمو هەموو حەواسم تەرخانی ئەو رێگەیە بکەم کە گرتوومەتەبەر، بۆیە من زیاد لە زۆر کەس هەموو ئەوراقەکانی خۆمم لەسەر کوردایەتیو خەبات داناوەو هەر زوو دەرفەتم بۆ هیچ گەڕو گولو بوودەڵەیەك نەهێشتبووەوە کە نێزیك لاقەکانم

بکەونەوە. جا ئەوە ئێوەن، بەتایبەتی تۆو منالّـەکان کـە شـانازی بـە رابردووی تۆزلێنیشتووی خەباتمەوە بکەنو سەربڵندو سـەرفراز بـن کـە ئێـوەش وەكو زۆری دیکـە مۆمێکتـان لـە سـەرەڕێی کوردایـەتی داگیرساندووە.

لالـە گیـان، گلـەیم لێ مەکـە کـە نـەمتوانیوەو دەرفـەتی ئـەوەم نەبووە لانەیەکی چکۆلانەی بەختـەوەریت بـۆ پێکـەوە بنـێمو وەكو ئـەو هـەموو خەڵکـە خواپێـداوە تـۆش لـە کۆشـی نـازو نیعمـەتی هاوسەریدا بژیو ئاواتە گەورەو بچوكو پڕ ماناو سوکەڵەکانیشت بۆ بێنمـەدیو بتـوانم کامـەرانت بکـەمو ئۆخـەی لـە مـاڵو مێـردت بکەیت... بەداخەوە نەك هـەر بـۆم نـەکراوە ئەوانـەت بـۆ پێکبهێـنم هەتا بە قسەش نـەمتوانیوە کۆشـکت لـە هـەوادا بـۆ دروسـت بکـەمو کەمێك دڵت بدەمەوە، بەڵکو لەو رۆژەوە نسیبو چارەنووس یـەکی خستووین هـەر مایـەی زەحمـەتو نارەحـەتیو ناخۆشی بـووم بـۆت، بـەلام خـوا دەزانـیو تـۆش دەزانـی کـە ئەمـە بـە ئەنقەسـت نـەبووە، منیش حەزم دەکردو حەز دەکەم لە خۆشیو نازوبـازی نێـو باوەشـی خێـزانو نـاو مـاڵو منـداڵی خۆمـدا تـا بنـاگوێ غـەرق بمو دەسـتم ئاوێزانی گەردنو ئەستۆی تۆو ئەو منداڵە نازدارانەم بکردایە، بەلام قـەدەرەو چارەنووسـی مـن وەكو کـوردێ شـتێکی دیکـەی جیـا لـەو ئارەزووانـەی تـۆو مـنو بـاری ئاسـایی لـە نێوچـەوان نووسـیبوومو دەبووایە ملی ئەو رێیـەم بگرتایـە کـە گـرتمو هەموو بوونو ژیـانی خـۆمم بـۆ تـەرخان کـردو وەكو زەیوانـێ خـۆم کـردە قەبـەڵی کوردایـەتی... مـن جـا بـەلای تـۆوە راسـت بم یـان نـا کـە بـەلای

خۆمـەوە... لـە سـەدا سـەد راسـتەو ئـەركی سەرشـانم بەرانبـەر میللەتەكـەم لـە هـەموو ئـەركێكی دیكـەی كۆمەڵایـەتیو تایبـەتیو شەخصیو خێزانی بە گرنگترو لـە پێشـترو پیرۆزتـر بـووە. چـیبكەم ئەوە هەڵكەوتی منە! مـن ئـەو بـاوەڕە داچۆڕاوەتە هـەموو سـێڵێكی لەشمو تاسـەر مـۆخم رۆچـووە، بـڕوا بفـەرموو لالـەخان نـاتوانم بـۆ یەك ساتیش بیر لەوە بكەمـەوە كـە ئـەم رێگایـە بگۆڕم، خـۆ دەزانم لەمەدا هەقی ئێوە تێدەچیو بەشێكی لەسەر هەقو حسابی ئێوەیـە، بـەڵام ئـاخر ئـەو رەنـجو ئەركـەی لـەم رێیـەدا دەیـدەم ئەگـەر خـوا كردیو لەگەڵ رەنجو ئەركی سەدانو هەزارانی دیكەی وەكو خۆمدا هاتە بەرهەم بەشو پشكی ئێوەشی پێوە دەبیو ئێوەش لێی دەخۆن، خـۆ هـەر هـیچ نـەبی تـۆو منداڵـەكانمو كـەسو كـارم، لـەڕووی مەعنەویو ئەدەبییەوە، سەربڵندو سەرفرازن بـەوەی كـە كەسـێكتان بۆ كوردو كوردستانو كوردایەتی خۆی تەرخان كردووەو دەسـتی لـە هـەموو شـتی شـتووە... گیانەكـەم بمبـوورە، هـەرگیز بـە مەبەسـتی خوانەخواستە ئەوە ناڵێم بەڵام وابزانم ئەم بەیتو باڵۆرەیـەی منـت بە مێشكدا ناچی، باشە ئەگەر واش بێـت ئەوەنـدەم لێ قبـووڵ بكـەو بـڕوا بكـە لـە نـاخی ناخمـەوە خۆشـم ویسـتویتو رێـزو قـەدرو حورمەتت لام هەبووە، جاروبـار هـەر هەڵەیـەكم كردبـی ئـەوە بـووە باری سەر ئەستۆم شانی قورس كردوومو كەسم شك نـەبردووە لـەتۆ نێـزیكتر بـاری سەرشـانمی پـێ سـووك بكـەم. تـۆ دەزانـی ئێمـە لـە كۆمەڵگەیـەكی زۆر عەنتیكـەدا دەژیـن، بەتایبـەتیو بـەجۆرێك كـە منی تێدا بووم پیاوەتی لەوەدا بووە كە پیـاو تـا چ رادەیـەكو چـەند

پلــه بــه کــەمیی مامەڵــه لەگــەڵ خێزانیــدا دەکــات، کــەم تــا زۆرێ مەحکومی ئەو دەوروبەرە بووم‌و ویستوومە کە پێکەوە بین‌و خوا لــه بەینــدا بــووە کــە ئاســت‌و بارســتایی‌و ئەنــدازەی خۆشەویســتی یــا چاتر بڵێم ڕێزو قەدرزانینی خۆمت بۆ دەربڕم‌و چۆن چۆنی لــەوەت دڵنیــا بکــەم‌و تــۆش خــوا بێقــەزات بکــات. نــازانم نەمــدەزانی یــا نەمدەتوانی یا نەتدەویست تێم بگەیت... ئەوەندەی بیرم بێت چوار پێــنج جارێــك ئــەو (توافــق)ە ڕۆحییــە بــۆ ماوەیــەك لــە نێوانمانــدا دروست بووە، کە خوا ئاگادارە سەردومێکی زۆر کەم نەبێت کە گێژاو رایــدابووم، هەمیشــەو بــە درێــژایی ئــەو نــۆزدە ســاڵەی تەمــەنی هاوسەریمان تۆ لەبەر دڵی مندا، لالە خانە پڕ ڕێزەکە بوویت، هەر ئەو کاتانە پەست‌و بێزار دەبووم کە دەمدیت نێوانی تۆو ماڵی باوکم ناخۆشە، لەوانەیە ئێوە هەرلایەکتان پێتــان وابووبێــت کــە دەبــێ هــی ئەوەتان بم... هەردوو لاتان لەوەدا بەهەڵەدا چووبوون، ئێــوەش لــەو بەهەڵەچــوونەدا بــێ گونــاه بــوون، چــونکە نەئــەوان کــوڕی بەلانــەو داڵدەی دیکەیان بووە جگە لەمن کە ڕەشمــاڵی ســەر شــەش خوشك‌و دایك‌و باوکە پیرەیــەك بــووم، ڕەشمــاڵێکیش ــ ئــەوانیش وەك‌و تــۆ ــ هەرگیز هەرگیز ساتێ لە سایەیدا نەحەساونەتەوەو ئــاهێکی پــڕ بــە حــەزو ئــارەزوی خۆیانیــان تیــا هەڵنەکێشــاوە، بــەڵام هــەر هەســتی موڵکایــەتی ئــەو ڕەشماڵــە بــاری دەروونــی‌و مەعنــەوی ئاســوودە دەکــردن‌و هیواشــیان وابــووە ڕۆژێ دادێــت بــەو خەونــە بگــەن‌و لەسایەیدا بحەسێنەوە... ئەتۆش وایت بۆ نەگبەتی‌و کلۆڵیت تەنها منت هەبووەو، من بەتەنها هاوسەرت بەڵکو براو باوك‌و مام‌و خاڵ‌و

هەموو ئەو کەسانە بووم، بۆیە تۆش ئەوەت چاوەڕوان دەکرد کە من جێی هەموو ئەوانەت بۆ بگرمەوەو، ئەوکات هەر بەشی تۆم دەکردو شەراکەتو شەریکایەتیم پێ هەڵنەدەگیرا.

بەهەر حاڵو زۆر بەداخەوە بۆ هیچتان نەبووم، بەڵام لەسەرێکی دیکەوە چونکە بۆ میللەتو وڵاتەکەم بووم، دەشێ حسابی ئەوەم بۆ بکەن کە بۆ هەردوولاتان بووم. پیاو چۆن ناتوانێ جیاوازی نێوان چاوی راستو چەپی بکاتو هەدوکیانی لا ئازیزە، منیش هەردوولاتانم لا ئازیز بووەو هیوادارم لێم تێبگەن.

لالە گیان لە کورتی بیبڕمەوە سەرباری هەموو ئەو مەینەتیانەی سەرەوە، خوا بارێکی قورستری هێناوەتە پێشێو مەگەر هەر خۆی رەحم بکات ئەگینا داخو سەد حەیف دیاروئاخریشتان دەبم. بەڵام پیاو دەبێ بە قەدەرو چارەنووسو ئیرادەی خوا رازی بێت، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ عسى ان تكره شيئا وهو خير لكم﴾ کێ دەڵێت ئەم زوو ماڵئاواییەی من خێری پێوە نییە، کاری خودا جوانەو دەبێت رازیو شوکرانەبژێری بین، هەر وەك ئینسانیش دەبێ مرۆڤ لەبەردەم چارەنووسیدا چاوقایم بێتو ملکەچی قەدەری بێت.

# وەسیەتی شەهید ئازاد مستەفا

بمبوورە گیانەکەم پیاو بە وەسیەت نامرێتو بەکورتی ئەمە وەسیەتی منە:

١ – خۆزیا لێم دەبووورایتو گەردنمت ئازاد دەکرد، جا تۆ ئەوە بکەیتو نەکەیت، من لای خۆمەوە لە هەموو هەقێکی شەرعیو ئینسانیو هاوسەرێتی خۆم خۆش دەبمو هەرچییەکت کردبێتو نەکردبێت لە چاکەو خراپە، گەردنت ئازاد بێت.

٢ – تکا دەکەم کەمێ لەو جێ چۆڵییەی من بۆ باوکمو دایکمو خوشکانم پڕ بکەرەوەو، بۆنی من بنێ بەوانەوەو ئەوانیش بۆنی من بنێن بە تۆوە. ئەگەر دەتانەوێ لە گۆڕەکەمدا ڕۆحم شاد بێت ئەوە بکەن.

٣ – هەرچیەکم هەیەو نییە، کە هیچم نییە موڵکی حەڵاڵو موتڵەقو بێ چەندو چوونی تۆیە. کەس مافی بەسەر هیچەوە نیەو هەموو بە منداڵەکانیشەوە هی تۆنو تۆ لەجێی منیشی بۆ ئەوان.

٤ – ئەوەی تۆ زویر بکات، لە گۆڕدا من دەڕەنجێنێ. تەنیا گلەیم لێت هەبێ ئەوەیە بە قسەم نەکەیتو لەگەڵ ماڵی باوکمدا ڕێك نەبیت، ئینشاالله واش نابێت.

٥ – خۆتان بەبێ کەس مەزانن، خوای گەورە کەسی هەمووانەو،

ئێوەش سەرباری ئەوە حیزبتان هەیەو، حیزب براو باوكو كەسی ئێوەو منداڵەكانم دەبێت‌و، لە شەرەفی ئەو هاوبیرانەم ئەوەندە رادەپەرمووم كە وابن‌و حەتمەن هەر واش دەبن.

٦ – توخوا، بۆ یادی من لە سنووری مەعقول بەدەر خۆتان مەڕەنجێنن‌و، با لەباتی شین‌و شەپۆڕی بێ مانا یادو یادگارییەكانم سەبووریتان بداتێو ورەی بەرزو گەورەیی پیشانی دۆست‌و دوژمن بدەن.

٧ – ئاگاداری منالەكان بە. تۆ لەباتی منیش بەسەریاندا رادەگەیت‌و هەر منداڵێ لە ویست‌و خواستت دەربچێ لە گۆڕدا لێی تەبریە دەبم‌و دەبێ بە هەموانیان لە خزمەتتدا بن. توخوا فێری رەوشتی بەرزو چاكەو پیاوەتی‌و، لەسەروو هەموویانەوە فێری كوردایەتی‌و خۆشەویستی كوردو كوردستانیان بكە، بەلام چ رێبازێ بۆ ئەو خزمەتە هەڵدەبژێرن ئەوان ئازادن هەرچەند حەز دەكەم هەر پاسۆك بن.

ئەملاولاتان ماچ دەكەم‌و خوا عومری درێژی منیش بە ئێوە ببەخشێت‌و خوا بە میهرەبانی خۆی ئاگادارتان بێت.... خواحافیز.

هاوسەری دڵسۆزت

ئازاد

# هەندێ یادگاری وێنەیی شەهید ئازاد مستەفا









دانیشتنێکی شەهید ئازاد لەگەڵ مام هەژاری شاعیر


لای چەپ. شەهید ئازاد


سەرکردایەتی ( داوداوێ ) ١٩٨٢



کۆمەڵێ پێشمەرگەی ( پاسۆك )  ١٣ ـ ٢ ـ ١٩٨٢



چناره. نەورۆزی ساڵی ١٩٨٢



ئەشكەوتی ( خاخ ئەحمەد خان ) ساڵی ١٩٨٤



پێنج شەهیدی پاسۆك. لای راستەوە... شەهید بێستون. شەهید بەرزان. شەهید ئازاد مستەفا. شەهید جەمال. شەهید شێرکۆ







نەخۆشخانەی ( کارۆلینسکا ـ ستۆکهۆڵم ) ١٩٨٩




شەهید ئازادو لالەخانی هاوسەری لە نەخۆشخانەی سوید ـ ١٩٨٩